سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست:


١- ڕەهەندە نادیارەکانی توندوتیژی دژی ژنان ........................................................................ ٤

٢- ژنان و چالاکیی مەدەنی ........................................................................................... ٧

٣- هۆکارەکانی بەشدار نەبوونی ژنان لە دەسەڵاتی سیاسیدا ........................................................ ١٠

٤- هەوڵەکانی ژنان و ئاستەنگەکانی بەردەمیان بۆ پێشکەوتن لە کۆمەڵگای ئێران دا.......................................... ١٤

٥- هەڵبژاردنی رواڵەتی هیچ مافێکی ئێمە دەستەبەر ناکا .......................................................... ١٦

٦- ئاکامەکانی بە شوودانی کچان بێ ویستی خۆیان و لە تەمەنێکی نەگونجاودا .............................................. ١٨

٧- بەندیخانەی ژنان و یاسا پێچەوانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ............................................................ ٢٠

٨- هەفپەیڤین رەحمان نەقشی بەبۆنەی ٨ی مارس ................................................................ ٢٤

٩- ژنان بەشداری بزووتنەوەی ژنان بن یان بزووتنەوەی نەتەوایەتی؟ ................................................ ٢٧

١٠- داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لە دروشمەوە تا کردەوە .......................................................... ٣٠

١١- ئێران و هاوسەرگیری لە تەمەنێکی نەگونجاودا .............................................................. ٣٢

١٢- ژن و خراپی رەوشی ئابووری لە ئێران دا.! ........................................................................ ٣٥

١٣- خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی مافی بێ ئەملا و ئەولای هەر مرۆڤێکە ................................................ ٣٨

١٤- پەروەردە لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ............................................................... ٤٠

١٥- کێشەی ژنان لە دوو توێی رۆمانی (کۆڵانەکەمان) دا ................................................. دیمانە ...... ٤٣

١٦- ئارێز رۆژهەڵاتی: هۆی سەرەکیی خۆکوژییەکان لە ئێران سیاسەتەکانی دەسەڵاتە .................... دیمانە ...... ٤٧

١٧- ئەحمەد مەکلاوەیی: رچەشکێنییەکەی هەمزە سارتکەیی لاپەڕەیەکی نوێ بوو لە خەباتی حدک ....... دیمانە ...... ٥١

١٨- ئاکام زرێبار: موعتادکردنی لاوانی کورد و ئێعتیاد لە کوردستان پیلانی حکومەتە ................... دیمانە ...... ٥٤

١٩- خۆکوژی نەمان و مانەوەی پرسیار و هۆکارەکان ................................................................ ٥٩

٢٠- وتووێژی "کوردستان" لەگەڵ سکرتێری گشتیی حدک ............................................................... ٦٢

٢١- وتووێژی "کوردستان" لەگەڵ ئەنوەر و کوردستان عەزیزیـان ..................... ٦٩

٢٢- وتووێژی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەگەڵ سەعید بەگزادە ..................... ٧٤

٢٣- وتووێژی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەگەڵ مستەفا شەڵماشی ..................... ٨١

٢٤- ژنان و پێگەیان لە بازاڕی کار و ئابووریی ئێراندا ..................... ٨٧

٢٥- وتووێژی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەگەڵ عەلی بداغی ..................... ٩٠

٢٦- ناسر باباخانی: ڕێژیم دووانەی «حوسێن - یەزید»ی کردووەتە ..................... دیمانە ........ ٩٨

٢٧- ویستی ژنان و هێز و توانایان لە مافخوازیدا ..................... ١٠٨

٢٨- ژنان و شوناسخوازیی نەتەوەیی لە کۆمار ڕا تا ئێستا ..................... دیمانە ........ ١١٣

٢٩- وریا مامڵێ: ویستمان موکریان و کرماشان لێک گرێ بدەین ..................... دیمانە ........ ١٢٠

٣٠- وتووێژی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەگەڵ خالید حەسەنپوور ..................... ١٢٥

٣١- کامران باڵنوور: بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران ئەتککردنی ڕێژیمی ئێران بوو ..................... دیمانە ........ ١٣١

٣٢- مستەفا مەولوودی: ڕێژیم لە بەرامبەر فشاری دەرەکی و نێوخۆییدا ناچارە پاشەکشە بکا ..................... ١٣٦

٣٣- کەسایەتیی شەهید د. قاسملوو لە ئیلهام بەخشین بە ژنانی نێو ڕیزەکانی شۆڕشدا ..................... دیمانە ........ ١٤١

٣٤- ژنی کورد و خەباتەکەی لە دوو سەنگەری بەبایەخدا ..................... ١٤٩

٣٥- مستەفا مەولوودی: تاوانە پشتی ڕۆژاوا چۆڵ بکرێ ..................... دیمانە ........ ١٥٣

٣٦- ژنان و خۆدیتنەوەیان لە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ..................... ١٥٩

٣٧- مەیدانداریی ژنان و ترسی ڕێژیم لە گۆڕانی کلێشەکان ..................... ١٦٢

٣٨- کیژی شۆڕش، گوڵی سەنگەر ..................... دیمانە ........ ١٦٤

٣٩- خەڵکی ئێران و دوژمنەکەی! ..................... ١٦٩

٤٠- هەڵسەنگاندنی دۆخی ژنان لە وتووێژ لەگەڵ شلێر مەحموودی سکرتێری یەکیەتیی ژناندا ..................... ١٧١

٤١- ژنان و پتر لە چل ساڵ دەسەڵاتی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی ..................... ١٧٧

٤٢- مافی ژن، مافی مرۆڤە (٨ی مارس) ..................... ١٨٠

٤٣- بزووتنەوەی ژنان و دینامیزمی دەسەڵات لە ئێراندا ..................... دیمانە ........ ١٨٢

٤٤- نەورۆزی کـــوردەواری ..................... ١٩٢

٤٥- ژینۆسایدی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ..................... ١٩٤

٤٦- وتووێژی ماڵپەڕی کوردستان و کورد لەگەڵ پێشەوا عەلیپوور ..................... ١٩٧

٤٧- تروسکە سادقی: ئەرکی میدیاکاران بۆ پرسی ژن زۆر سەختترە ..................... دیمانە ........ ٢٠٠

٤٨- مۆتەکەی بێکاری لە وەیشوومەی کۆرۆنادا ..................... ٢٠٥

# ڕەهەندە نادیارەکانی توندوتیژی دژی ژنان

توندوتیژی دژی ژنان بابەتێکە کە هەر ساڵە لە بەرەبەری ٢٥ نوڤەمبر (ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان) دەبێتە ڕۆژەڤی میدیاکان و هەر کەس بە جۆرێک باس لەو توندوتیژییانە دەکا کە لەلایەن بنەماڵە، کۆمەڵگە و قانوون بەرانبەر بە ژنان دەکرێت. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردو ودا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەک گشتگیر بوون، دەبینین کە لاپەڕەکانی فەیسبووک و تویتر و... لە بەرەبەری ٢٥ی نوڤەمبر پڕ دەبن لە وێنەی ئەو ژنانەی کە بەهۆی توندوتیژییەوە جەستەیان بریندار بووە و کۆمەڵێک دروشمی بریقەداریش دەخنە پاڵی بۆ ئەوەی ئەو توندوتیژییانە نەمێنێ، هەرچەند بابەتی توندوتیژی دژی ژنان بابەتێکی نوێ نییە و لەمێژە چالاکانی بواری مافی ژنان لە دونیا کار دەکەن، بۆ بنبڕ کردنی بەڵام لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەتی، کەمتر لە دوو دەیەیە کە بووەتە ڕۆژەڤ، ئەویش زۆرتر بە هۆی ئەو کرانەوە سیاسی - کۆمەڵایەتییە بوو کە لە لایەن دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازی خاتەمی هاتە ئاراوە. لەو کاتەوە تا ئێستا ژنان توانیویانە بەشێکی زۆر لە ڕەهەندە دیارەکانی توندوتیژی دژی ژنان بهێنە بەرباس و دەنگی یەکسانیخوازی خۆیان بەرز بکەنەوە.

ژنان لە ماوەی دوو دەیە بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان توانیان دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان بیناسێنن و بیکەن بە بابەتێکی کۆمەڵایەتی، لە یەکەم هەنگاوی ئەم سەلماندن و ناساندنە تەنیا ڕەهەندە دیارەکانی توندوتیژی دژی ژنانی گرتوتەوە و باسی لێ کراوە، ئەم هەوڵانە زۆرتر جەخت لەسەر ڕخنەگرتن لە یاساو ڕێسایەک دەکا کە بووەتە هۆی پەرەگرتنی توندوتیژی دژی ژنان لە بنەماڵە و کۆمەڵگە کە بریتین لە: نەبوونی مافی تەڵاق بۆ ژن، نەبوونی مافی سەرپەرشتی لە منداڵان، نەبوونی مافی سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات بە بێ ئیزنی مێرد، نەبوونی دەرفەتی کارکردن بۆ ژنان بە بێ ئیزنی هاوسەر، قبوڵ کردنی بێ ئەملاوئەولای خواستە جنسییەکانی مێرد، بەزۆر بە مێرد دان، خەتەنە کردنی کچان، خۆسوتاندن، قەتڵی نامووسی، سزای سەنگسار، بەربەستە وەرزشی، فەرهەنگی وکۆمەڵایەتییەکان و هتد...

ئەو بابەتانەی کە ئاماژەی پێ کرا ڕەهەندگەلی دیاری توندوتیژی دژی ژنانە کە چالاکانی بواری ژنان هەوڵیان داوە بە کۆمەڵگەی بناسێنن. لە سەردەمی ئێستادا هیچ گومانیک لەوەدا نیە کە پیکهێنانی ڕێفۆرم لە پێکهاتەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی هەر وڵاتێک کاتێک دەستەبەر دەبێ کە لە ڕێفۆرم لە بنەماڵەوە دەست پێ بکا، تەنیا کاتێک دەتوانین هیوامان بە داهاتوویەکی گەش بۆ کۆمەڵگە بێ کە پێوەندی ژن و مێرد لەبنەماڵەدا بە پێی پێوەری مافی بەرابەر و وەک یەک بێ. ڕەهەندە دیارەکانی توندوتیژی دژی ژنان لە سەردەمی ئێستادا تا ڕادەیەکی بەرچاو بۆ کۆمەڵگە ناسراون و ڕەنگە لە هێندیک بواریشدا کاری بۆ کرابێ بۆ سڕینەوە یان کەم ڕەنگ کردنەوەیان، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئاگادارنەبوونی زۆربەی کۆمەڵگە بە تایبەت ژنان خۆیان، لە لایەنە نادیارەکانی توندوتیژی دژی ژنانە. توندوتیژییەک کە کەمتر بە چاو دێن بەڵام ئاسەوارەکانی تەواوی کومەڵگە دەخاتە ژێر باندۆری خۆیەوە، بۆ ناسینی ئەم چەشنە توندوتیژییانە دەبێ دەردی دڵی ژنانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ببیسی تا بەرەبەرە لایەنە شاراوەکانی بۆت دەر بکەوێ.

یەکێک لە چالاکانی مافەکانی ژنان لە ئێران، توندوتیژی نادیار دژی ژنان بە» زەوییەکی سەخت دەشوبهێن کە دەبێ لایەکانی سەرەوەی هەڵ قەنێ تا لایەکانی ژێرەوەی بۆت دەرکەوێ "بینینی لایەکانی خوارەوە تەنیا بە لابردنی لایەکانی سەرەوە مسۆگەر دەبێ ئەولایەنانە لە منداڵیەوە لە ناخی ژن دا دروست دەبێ وهەتا کۆتایی ژیانی لەگەڵیدا دەبێت".

لەراستیدا توندوتیژی دژی ژنان بووەتە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی کە ئەگەر دەست بدەینە پاتۆلوژی ئەو نەخوشییەوە دەبینین کە بەرۆکی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە، ئەم نەخۆشییە بێ ئەوەی خۆمان بزانین بووەتە بەشیک لە ژیانمان، لەگەڵی راهاتووین و گۆشە گۆشەی بیروهۆشمانی گرتووتە بەر و فەرمانمان پێ دەکا.

رەنگە ئێستا کاتی ئەوە هاتبێت کە ژنانی وشیار و بە ئاگا بێنە دەنگ و، باس لە لایەنە نادیارەکانی بکەن کە بە هۆی توندوتیژی دژی ئەوان ژیانیانی خستۆتە مەترسییەوە، لە رابردوودا زۆرتر خەڵک پێیان وابوو کە توندوتیژی دژی ژنان زۆرتر لەلایەن پیاوانی نەخوێندەوار و کەم داهات بەرانبەر بە ژنان روودەدا و توندوتیژی دژی ژنانی چینی ناوەنجی و سەرەوەی کۆمەڵگە ئەوەندە لە بەر چاو نەدەگیرا، ئەوەندەی کە بایەخ بە توندوتیژی فیزیکی بەرانبەر بە ژنان دراوە بە توندوتیژی نادیار و دەرونی بەرانبەر بە ژنان بایەخ نەدراوە. زۆربەی خەڵک توندوتیژی ئابووری بەرانبەر بە ژنان تایبەت بە بنەماڵە دەست کورت وفەقیر دەزانن بەڵام لە راستیدا لە بنەماڵە دەوڵەمەندیش ئابووری ژن بە پیاو بەسراوەتەوە و پیاو لە چەکی ئابووری بۆ سەرکووتی ژن کەڵک وەردەگرێ و ژن تا کاتێ کە فەرمانبەری بێ ئەملاو ئەولای خواستەکانی پیاو بێت دەتوانێت چێژ لە خوشی (رواڵەتی) ژیان وەربگرێ.

زۆربەی ئێمە پێمان وایە کە توندوتیژی جنسی بەرانبەر بە ژنان تایبەت بە پیاوانی دەستکورت، نەخوێندەوار نائاگای کۆمەڵگەیە، بەڵام لە راستیدا زورن ئەو پیاوانەی کە لە باری ئابوورییەوە دەست رۆیشتوون، خۆیان بە خوێندەوار و رەنگە روناکبیریش دەزانن بەڵام بە خراپترین شێوە بەرەوڕوی ژنەکانیان دەبنەوە و دەست دەدەنە ئازاری رۆحی و جنسی ژنەکانیان و لەم بەینەشدا ژنەکانیان لە ژێر ناوی دیاردەی "پاراستنی ئابڕوو" دەنگ هەڵناهێنن و وەکوو مۆم لە ناخی خویان دا دەتوێنەوە.

توندوتیژی لە یەکەم قوناغدا لە زەینی مرۆڤەکان دروست دەبێ و لە گوتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگە جێ دەگرێ. بۆ ناسینی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی دەبێ لێکۆڵێنەوە لە کلتور و مێژووی کۆمەڵگە بکرێ هەرچەند توندوتیژی رەگەز ناناسێت و دەتوانێ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە بەڵام لە راستیدا ژنان و منداڵان دو چینی کۆمەڵگەن کە زۆرتر دەکەونەوە بەر توندوتیژی، رەنگە بتوانین توندوتیژی بەرانبەر بە منداڵان لە خانەی جیاوازی و توانایی جەستەی و فیکری لێک بدەینەوە، بەڵام نواندنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەچێتە خانەی مرۆیی و کۆمەڵایەتییەوە کە سەرچاوەکەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەیە، مێژووی رەگەزی نێرا لەناخی خویدا پەرەی بە توندوتیژی دژی ژنانی داوە و ژنی کردوتە کۆیلەی دەستی پیاو و لەم نێوانەدا لێدان بووتەوە ئامرازیک بۆ گوێڕایەڵی و تەربیەتی ژن. بەڵام لەگەڵ پەرەگرتنی کلتوروشارستانییەت بەرە بەرە توندوتیژی رووت و دیار کەم رەنگ دەبێتەوە و جێی خوی دەدا بە توندوتیژی نادیارو شاراوە، پەسند کردنی یاساو رێسا بۆ کۆنترۆلی توندوتیژی فیزیکی بۆتە هۆی پەرەگرتنی توندوتیژی زمانی و رەوانی دژی ژنان، توندوتیژییەک کە کرامەتی ئینسانی ژن دەخاتە ژێر پێ و هەزاران جار کاریگەری خراپتری هەیە لە سەر دەروونی ژنان، هەروەک پێشینیان وتویانە برینی خەنجەر چاک دەبێتەوە بەڵام برینی زمان نا. ئەم

چەشنە توندوتیژییە لە واقێعدا نەخۆشییەکە کە نیشانەکانی نادیارە، کەوا بوو درنگتر دەناسرێ و چارەسەر پێکهێنانی ژیانی هاوبش کردنەکەی کاتێکی زۆرتری دەوێ و بەشێکی زۆرتر لە ژنان دەگرێتەوە.

ئاکامی لێکۆڵینەوە لە نێو ژنانی ئێران نیشانێ داوە کە بەشێکی زۆر لە ژنان پاش بەرەوڕووی توندوتیژی لە چەشنی قسەی ناخۆش، دەمەقاڵە، ڕێگری لە درێژەدان بە خوێندن و کار کردن، ئازاری جنسی (بە شێوەی چاولێکردنی زۆری بە وێنە و فیلم سێکسی و سێکس کردن بە شێوازگەلی نەگونجاو (غیر متعارف))، ڕێگری کردن لە گەشەکردنی فیکری و کۆمەڵایەتی (بەشێوەی کۆنترۆلی پێوەندی لەگەڵ کەس و کار و نەهێشتنی بەشداری کردن لە کار و چالاکی مەدنی و کۆمەڵایەتی) و... بوونەوە و ئەو توندوتیژییە زەبرێکی سەختی لە ژیان و بەختەوەری ئەوان داوە و تەنانەت لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیانیشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە.

ئەوی کە جێ داخە ئەوەیە کە پیاوانی خوێندەوار و بە ناو ڕووناکبیر زۆرتر ڕوو دەکەنە توندوتیژی نادیار دژی ژنان، چونکە پرستیژی کۆمەڵایەتی ئەوان ڕێگە نادا ئەو توندوتیژییەی لە ناخیاندا هەیە بە شێوەی فیزیکی دەری ببڕن، لەم نێوانەشدا ژنانی ئاگاو خوێندەوار زیاتر لە ژنانی دیکە لەم چەشنە توندوتیژییە زەرەرمەند دەبن و خەمی پێوە دەخون، چونکە ئەوان وردتر لە ژنانی دیکە چاو لە هەڵسوکەوت و زمانی پیاوان دەکەن. ڕەنگە هۆی ئەوە بێ کە دایکانی ئێمە لەگەڵ کلتوری پیاو سالار و توندوتیژییەک کە لەلایەن پیاوانەوە بەرانبەریان دەکرێ ڕاهاتبن.

بە هیوای ئەوەی کە ڕۆژێک بێ کە کلتوری توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێمەش نەمێنێ و ئەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە بە تەواوی بنبڕ بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٢

-----------------------------------------------------

# ژنان و چالاکیی مەدەنی

چالاکی مەدەنی یەکێک لە ڕێگاکانی گەیشتن بە ماف و داخوازیە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانە بە ڕێگەیەکی دوور لە توندوتیژی و خوێن ڕشتن.

واتە ئەو کەس و لایەنە سیاسیانەی کە باس لە خەباتی مەدەنی دەکەن هزری ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان گرینگیدان بەم چەشنە لە خەبات و بردنە پێشی هاوکات لە گەڵ شێوازەکانی دیکەی خەباتە و زۆر کەسیش هەن کە تەنیا پشت بەم شێوازە لە خەبات دەبەستن.

ئەگەر بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە دەکرێ ئاماژە بە چەندین نموونە لە ئاستی جیهانی دا بکەین کە چەندین کەسایەتی و لایەن هەوڵیان داوە لە ڕێگای چالاکی مەدەنی بە ویست و داخوازیەکانیان بگەن کە بێگومان لەم پێوەندییەشدا ژنان ڕۆڵ و دەوری بەرچاویان هەبووە.

لە ڕۆژی ٨ی مانگی مارسی ١٨٥٧ی زائینی، ژنانی نیویورک خۆپیشاندانێکی گەورەیان دژی چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەر و کاری تاقەت پرۆکێنی ١٢ کاتژمێری و هەروەها بۆ وەدەست هێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان وەڕێ خست و دەنگی خەباتگێرانە و پڕ خرۆشی خۆیان بە گوێی هەموو خەڵکی دونیا گەیاند. ئەگەرچی داخوازیەکانی ئەوان لەو قۆناغەدا وەدی نەهات، بەڵام سەرەتایەک بوو کە لە بەردەوام بوونی خۆیدا، ئەم ڕۆژە مەزنەی کردە خاڵێکی گرینگ لە مێژووی خەباتی ژنان لە جیهاندا.

یەکێک لەو ژنەخەباتکارانەی کە زۆربەی تەمەنی ژیانی بۆ خەبات لەدژی چەوساندنەوەی ژنان و دەستەبەر کردنی مافی یەکسانی ژنان تەرخان کرد "کلارا زێتکین" بوو، کلارا زێتکین لە یەکەمینی ئەو ژنانە بوو کە خەباتیان بۆ دەستەبەرکردنی مافی یەکسانیی ژنان دەکرد.

هەروەها دەتوانین ئاماژە بکەین بە خاتوو ڕۆزا پارکسی خەڵکی شاری مۆنتگمری ولایەتی ئەلبامای ئەمریکایە کە کاری بەرگدروو بوو، ڕەش پێست بوو.

خاتوو روزا لە (١ - ١٢ - ١٩٥٥) کاتێک کە سواری پاس دەبێت یەکێک لەو ژنانە بوو ملکەچی یاسای دەسەڵاتی ناوندی نەبوو، کەدەبوایە ڕەش پێستەکان ئەو کورسیانەی لەسەری دانیشتوون بۆ سپی پێستەکان چۆلی بکەن. کە بووە هۆکاری دەستگیر کردنی ڕۆزا، کە دەرئەنجامی بایکۆتی پاسەکانی لێ کەوتەوە و، چەندین چالاکیی مەدەنی لە لایەن ڕەش پێستەکان وەڕێ خرا کە یەکێک لەم چالاکیانە بڕیاریاندا کە سواری پاسەکان نەبن و بە پێیان هاتووچۆ بکەن. کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەشێک لە شوفێرەکان

کارەکانیان لە دەست بدەن و بەم جۆرە ململانێکی دوور لە توندوتیژی بۆ پیادەکردنی مافی مرۆڤ دەستی پێ کردو لە سالی ١٩٥٦ دادگای بالآی ئەمریکا یاسای جیاکردنەوەی رەش و سپی بە پێشێل کردنی دەستوور دانا.

بە ئاوڕدانەویەک لە ئێران، بە هۆی ئەوەی کە بە درێژایی مێژوو ئەو دەسەلاتانەی کە هاتوونە سەر کار، کەش و هەوایەکی ئازادانەو دیموکراتیکیان نەبووە کە کاروباری خەلکی ولاتەکەیان بەڕێوە ببەن.

دەسەلات هەر نارەزایەتییەکی ئاشتیخوازانەو مەدەنیی خەلکی، بەتوندترین شێوە وەلام داوەتەوە، بەلام خەلکی مافخوازی ئێران هەولی ئەوەیان داوە بە درێژەدان بە چالاکی مەدەنی، نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە دەسەلات بنوێنن و بتوانن بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و بە کەمترین تێچووی مادی و مەعنەوی، کاریگەری زیاتر بخەنە سەر ناوەندی دەسەلات.

ئەگەر دەهەی ٧٠ی هەتاوی بە قوناغێکی دەسپێک بزانین بۆ گەشەی خەبات وچالاکیی مەدەنیانە لە رۆژهەلاتی کوردستان بە شێوەی بەربلاو و شوێندانەر، بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا دێتە دەستمان کە لە چوارچێوەی دەسەلات و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی نیشان لە بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری و ویستی کۆمەلانی خەلکی کوردە .

دوابەداوی هاتنە سەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئیران، رێگەی هەرچەشنە جموجۆلی سیاسی و مەدەنی و فەرهەنگی داخرا. بەلام لەسەردەمێکی هاتنە سەرکاری رێفۆرمخوازەکان بە هاتنە ئارای کەشێکی بە نیسبەت سالانی پێش خۆی کراوەتر، کۆمەلێک رێکخراو و ngo ناحووکمی هاتنە ئاراوە . کە لە زۆر بارەوە کاریگەریی وشوێندانەرییان لەسەر بیرو هزری کۆمەلگە دانا کە چالاکانی ناوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان بە باشی لەم دەرفەتە کەلکیان وەرگرت و توانییان ئاراستەیەکی نوێ بە خواست و ویستی میللی و فەرهەنگی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ببەخشن.

لەم پێوەندییەدا ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و ژینگە پارێزیەکان رۆلێکی بەرچاویان لە کاریگەری و شوێن دانان لە بیرو هزری تاکەکانی کۆمەلگادا هەبوو.

بێ گومان لەم بزاڤەدا هاتنە مەیدانی کچان و ژنان لە ئەوپەری بەربەستی کۆمەلایەتی وسیاسی ناکرێت نادیدە بگیرێت کە دەتوانین بلێین بە بەشداری بەرچاویان پشکی شێریان بەرکەوت. لەگەل ئەوەی ژنان جگە لە کێشەی سیستماتێکی دەولەتی لەگەل چەندین کێشەی کلتوریی داخراوی کۆمەلگا دەست و پەنجە نەرم دەکەن. بەلام توانیان ئەوە بسەلمێنن کە گەیشتن بە ئاسۆیەکی روون بە بێ بەشداری و هاوبەشیی ژنان بەدی نایەت.

ئەمرۆکە رۆلی بەرچاوی ژنان لە چالاکیە جەماوەری و مەدەنیەکانی رۆژهەلات، لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی و فەرهەنگی و ژینگەپارێزی و هتد، سەلمێنەری ئەو راستیەیە کە ژنانی کورد لە ئێراندا چیتر بە نیسبەت چارەنووس و گەیشتن بە مافەکانیان کەمتەرخەم نین و بە شێوەیەکی ئاکتیڤ لە مەیدان دان.

دەتوانین بڵێین کوردستان پێشەنگی چالاکی مەدەنی‌یە کە بێ شک هیچ یەکێک لەم چالاکیانە بێ بەشداری و رۆڵی بەرچاوی ژنان بەڕێوە نەچووە. وەکو نموونەی هەنووکەیی دەتوانین ئاماژەیەک بکەین بە بەرخۆدانی ژنانی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان کە دژی یاساکانی کۆماری ئیسلامی وەستانەوە. ژنان و کچانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە زۆرێک لە بوارەکانی ئەدەبی، فەرهەنگی، ژینگەپارێزی و وەرزشی و جموجۆڵی خوێندکاری و بەشدارییان لە خەباتی سیاسی نەتەوەیی لە ریزی هێزە سیاسییەکان‌دا دەرکەوتنی بەرچاویان هەیە .

لەم پێوەندییەدا ئاماژەدان بە هاتنە مەیدانی کچان و ژنانی شاری مەریوان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا جێی دڵخۆشی و هیوا هومێدە کە یەکگرتووانە و بە شێوازێکی مەدەنی و جەماوەری هاتوونە مەیدان. بۆ نموونە بەشداری بەرچاویان لە هەوڵە ژینگە پارێزییەکان، شانۆی سەر شەقام و راوەستان بەرانبەر بە فتوایەکی کۆنەپەرەستانی پیشنوێژی ئەم شارە بەرانبەر بە دووچەرخەسواریی کچان، نیشانەی چالاکبوون و لەمەیداندا بوونی ژنان و کچانی ئەم شارە هەردەم پێشەنگەیە.

کەمپەینی "سێشەممەی بێ ماشێن" لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا هەوڵێکی چالاکانی ژینگەپارێزیی مەریوان بووە بۆ رێزگرتن لە ژینگە و هەوای خاوێن. کە بەشداریی بەرینی کچان و نارەزایەتیی کچانی دوچەرخەسواری ئەم شارە کە بۆ دژایەتی بەرانبەر بە قسەکانی ئیمامجومعەی شار، دەسەلاتدارانی تورە کرد، تا دوا جار هێزە ئینتزامیەکان بەرەنگاری ئەو هەنگاوە مەدەنی‌یە بوونەوە و پێشیان بە بەشداریی ژنان لەو کەمپەینەدا کرد.

سەبارەت بە گرینگیی چالاکی و بەشداری ژنان لە رێکخراوە مەدەنییەکان، دەتوانین بڵێین؛ هەستانەوەی ژنانە لە سەر ئیرادەو ویستی خۆیان بۆ گەشەی فەرهەنگ و هونەرو هەروەها هێنانە سەرشەقامی داواکارییە رەواکان بە شێوەی مەدەنیانە.

رێژی بەشدرایی ژنان و کچانی کورد لە شێوازەکانی خەباتی مەدەنی لە رۆژهەلاتی کوردستان دڵخۆشەکەر و جێی هیواو هۆمێدە. بەلام پێویستە زیاتر لەوە خۆیان دەربخەن و بیسەلمێنن کە لە خەبات دژ بە کۆنەپەرەستی و سیاسەتی سەرکوت و داپلۆسین دا شان بەشانی پیاوان خۆیان بە خاوەن ئیرادەو باوەڕ بە بەختەوەری دەزانن.

لە ژمارەی ٤٥ی نوێی گۆڤاری ژنان بڵاوبۆتەوە

-----------------------------------------

# هۆکارەکانی بەشدار نەبوونی ژنان لە دەسەڵاتی سیاسیدا

سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتن و گۆڕانکاریەی لە بواری زانست و شارستانیدا کەجیهان بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام مافی ژنان وئاستە نگەکانی بەردەمیان هەر ماوە، بەشداری ژنان لە پرۆسەی سیاسی وڵات، بە تایبەتی لەسەر ڕێژەی بەشداربوونی لە دەسەڵاتی سیاسی نەک تەنها لە وڵاتانی دواکەوتوو بەڵکوو لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا بەرەورۆی ئاستەنگ و لەمپەرە ئەو لەمپەڕانە ڕەنگە لە جیهانی مودێرن ڕەنگ وبۆنی یاسایی بە خۆی نەگرتبێت بەڵام کاتیک بۆ گەیشتن بە پلەیەکی بەرز لە ئاستی سیاسی وڵات پێویستی بە دەنگ ومتمانەی خەڵک هەبێت ئەوکات کلتوری دژە ژن لەو ووڵاتانەش خۆی دەنوێنێت و ژنان سەرەڕای هەبوونی دەرفەتی بەرانبەر لە گەڵ پیاوان بەختێکی کەمتریان هەیە بۆ سەرکەوتن لە کێبەرکێیە ئینتخاباتیەکان.

بەشداری ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا هۆکارێکە بۆ بەهێز کردنی بریار وەرگرتن لەسەر پرسەکان و هەروەها گۆڕانکاریەکان و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگادا،بێگومان ژنانی خوێندەوار و کارناس و شارەزا وەک هەر تاکێک لە کۆمەڵگادا دەتوانن ڕەنگدانەوەی بەرچاویان هەبێ. بەشداری ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا وەک بەشداری لە ئاستی جەماوەریدا، بەشداریان لە هەڵبژاردن و مافی دەنگدان، کە بە خۆشحاڵیەوە لە زۆرێک لە وڵاتان مافی دەنگدانی وەک یەکیان هەیە، هەروەها بەشداربوون و ئەندام بوونیان لە ڕێکخراو و ئەحزابی سیاسی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، بەشداریان لە چالاکی و ڕوداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و شەرو یارمەتی بە شەر دۆستانەوە زۆر چالاکی تر کە دەتوانرێت کۆمەڵگایەکی پتەوتر بنیاد بنرێت.

لێکدانەوەی بارودۆخی ژنان لە بەشداری کردنیان لە کاروباری سیاسی و دەسەڵاتدا لە هەندێ کات دا جێگای سەرنجەو لە هەندێ بواریشدا دڵتەزێنە، بە خۆشحاڵیەوە ژنان گەیشتوونەتە ئەوە ئاستە کە تا ڕادەیەک ڕووبەڕوی ئاستەنگەکان ببنەوە و وەک تاکێک بەشدار بوونیان لە کاروباری سیاسیدا بە مافی ڕەوای خۆیان بزانن.

ئەگەر لە ئاستی جیهانیدا باسێک لەم لایەنە بکەین دەبینین کەم نین ئەو ژنانەی کە توانیویانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت لە هەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاتداو، لە پۆستی جیا جیا لە دەسەڵاتدا خۆیان بینیوەتەوە بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی پێشکەوتوودا.

لە نموونەی بەرچاوی ئەو ژنانە وەک کۆندا لیزا رایس وەزیری دەرەوی ئەمریکا، ئەنگێلا مێرکل کە ژنێکی سیاسی بەدەسەلات لە وڵاتی ئەڵمانیا کە بۆ ماوەیەک لە پۆستی وەزیری دابووە لە پاشان وەک ڕاوێژکار دانرا، وە ئیستا بەرزترین دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتەدا بەدەستەوەیە،) دیلما روسیڤ (کە یەکەم سەرۆکی ژنە لە مێژووی بەڕازیل دا،) کردستینا فرناندیز (کە ساڵی) ٢٠٠٧ (پاش مێردەکەی بە سەرۆکی ئەرژەنتین هەڵبژێردرا، کە ڕۆڵی بەرچاوی لە چارەسەری کێشەی گەندەڵی و چاکسازی وڵاتدا بووە،) کارجا هالتون (وەک سەرۆکی فنلەندا کە لە بنەماڵەیەکی چینی کرێکار گەورە بووە، لە زۆر کارو باری سیاسی بەشداری کردووە لە ساڵی (٢٠٠٠) گەیشتە

پێگەی سەرۆکایەتی و کە هەڵمەتێکی توندی دژ بە ئەندام بوونی فنلەند بە هاوپەیمانی باکوری ئەتلەسی بەرپا کرد،(لۆرا تشینتشیلا) سەرۆکی کۆستاریکا و (جوهانا سیگوردادرویتر) سەرۆک وەزیرانی ئایسلەند. هەروەها ژنە کۆچ کردوی مرۆڤ دۆست (دانیال میتران) ئەمانەو چەندان ژنی تر نموونەی ژنانی سیاسەتمەدارن کە ڕۆڵی بەرچاویان لە بەرەوپێش بردنی کاروبارەکانی وڵاتدا هە بووە.

بەڵام بەداخەوە ڕۆڵ و ڕەنگدانەوەی ژنان لە وڵاتانی دواکەوتودا بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیدا زۆر کەم دەبینرێت، بێگومان لە کوردستانیشدا وەک وڵاتێکی پارچە کراوو بەشێک لە وڵاتانی دواکەوتوو ڕۆڵ و کاریگەریان زۆر کەمە،هەرچەند لەم نێوەشدا ژنی سیاسەتمەداری وەک گولتان کشناک و لەیلا زانا هێرۆ خان بوونیان هەیەو تەنانەت کەسانیک وەکوو لەیلاقاسم بوون بە هێما و سەمبولێک بۆ بەرخودان، بەڵام بەداخەوە ژمارەی ئەو کەسانە لە پەنجەکانی دەست تێپەر ناکا.

لێرەدا دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری بەشداری نەبوونی ژنان بۆ وڵاتەکان بگەڕێنینەوە کە تا چ ئاستێک ڕێگە خۆشکەرن و تا چ ئاستێک پێگەی دیاریکراویان لە پۆستە سیاسیەکان دا بۆ ژن دیاری کردووە، یان تا چ ڕادەیەک باوەڕیان بە کاریگەریەکانی ژنان لەسەر کاروباری وڵاتدا هەیە، ئەوە بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو وڵاتاندا تێبینی دەکرێت، بە تایبەت وڵاتانی دواکەوتوو، ئەو وڵاتانەی کە بە هەموو شێوەیەک مافەکانی ژنان پشت گوێ خراوە، ئەگەر وەک نموونە وڵاتێکی وەک ئێران وەرگرین دەتوانین بڵێین لە حکومەتی ئیسلامی ژن تەنیا ئامرازی جینس کردن و بەرهەم هێنانی منداڵە، نەک مرۆڤێک کە دەتوانێ و دەبێ شان بە شانی پیاوان لە بەرهەم هێناني کۆمەڵایەتی بەشداری بکات و لە ماف و جێگا و شوێنیی کۆمەڵایەتی یەکسان لە گەڵ ئەوان بەهرەمەند بێت.

کە ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە ژن بە تەواوەتی لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵات دوور بکەوێتەوە، بە جورێک کە لە دەست پێ کردنی ئەوەڵین خولی پاڕلمانی کۆماری ئیسلامی لە سالی "١٣٥٨" لە کۆی ٢٧٠ نوێنەر تەنیا دوویان ژن بووە کە تا هەنووکەش ئەم بەشداریە لە دەکەس تێنەپەریوە .ئەوە لە حاڵێکدایە کە ژنان رۆڵێکی بەرچاویان لە خۆپێشاندانەکانی شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ هەبوو. لە یاسای بنەڕەتی ئێران مەرجی ئەوە دانراوە کە سەروک کۆمار دەبێ "رجاڵی سیاسی" واتا پیاو بێت، ئەم رێک بەو مانایە کە ژنان لە گەیشتن لە بەرزترین دەسەڵاتی سیاسی وڵات بە پێی یاسا بێ بەشن.

دەتوانین بەشدار نەبوونی ژنان بۆ زۆر هۆکاری تر، وەک بەستراوەیی ژیانی ژنان بە پیاوان لە باری ئابوریەوە، داب و نەریتی کۆن و تەعەسوبی فەرهەنگی عەشیرەتی، نەخوێندەواری و ناشارەزای زۆربەی ژنان بە مافی خۆیان و ڕێگای گەیشتن بە مافەکانیان، هەست پێنەکردنی ژنان بە چەوساندنەوەیان لە نێو ماڵ و کۆمەڵدا بە ڕادەی پێویست و... هتد

کە کۆمەڵگا بە گشتی کار دابەشکردنێکیان ڕێکخستووە کە پیاوان پێویستە کارە گرینگەکان بگرنە دەست، وەک دەسەڵاتە سیاسیەکان و دەسەڵاتە ئابوریەکان،وە کاری ناو ماڵ و پەروەردەو تەندروستی وەک کارێکی ئاسان و سادە بۆ ژنان داناوە،هەروەها پەراوێز خستنی ژنان لە کاروبارەکاندا بۆ نموونە لە کۆبونەوەیەک دا یان لە کارێکی لەم شێوەدا هەموو کات بە باشی بواری قسە کردن بە ژنانناندرێت

و بگرە ئەگەر ڕایەکی باشی هەبێت، هەروەها دەم ڕاستی پیاوان لە کێشەکانی ژنان دا کە زۆربەی کات ڕێگە چۆل دەکەن کە پیاوان نوێنەریان بکەن، تەنانەت لە مەسەلە تایبەتیەکانیشدا، ئەوەش وا لە پیاوان دەکات کە هەست بکەن کێشەی ژنان کێشەی ئەوانە، وەشەرم کردنی ژنان لە کۆڕو کۆبونەوەکان لە دەربڕینی ڕای خۆیان کە زۆر کات ڕای خۆیان دەدەن بە پیاوان تاوەکو بۆیان گەلاڵە بکەن. وە بە کەم زانینی ژنان و گاڵتە پێکردنیان لە لایەن کۆمەڵگاو پیاوانەوە هۆکارێکی ترە لەبەردەم پێشکەوتن و بەشداری ژنان دا، هەروەها ڕەها بوونی دەسەلاتی پیاو بەسەر ناوەندە سیاسیەکان بە گشتی و بە ڕەوا نەزانینی ئەو ڕۆلە بۆ ژنان لە لایەن کۆمەڵگاوە، کە وشەی هێز دەدرێتە پاڵ پیاوو وشەی خۆشەویستی و میهرەبانیش بۆ ژن، کە لە زۆربەی وڵاتان دا سیاسەت موڵکی پیاوانە لەبەر ئەوەی پیاوان زۆرتر چەکیان لە شان کردووە و بەشداریان لە جەنگ دا کردووە، کە ئەوە سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵاتیان بووە، بەڵام پێویستە ئەو راستیە بزانین کە ئێستا مرۆڤەکان تیایدا دەژین، ئەگەرچی مەیدانی سیاسەت و بە دەسەڵات گەیشتن لە ڕابردودا لەسەر بنەمای هێز بوبێت، بەڵام ئێستا لەسەر کەرەستەو تەکنیکی سیاسەت بەندە، لە بەگەرخستنی توانا فکریەکان و قسە کردن لە و بوارانەدا.

بەڵام بە خۆشیەوە دەبینین ژنان رۆژ بە رۆژ سورترو قایمترن لەسەر داواکانیان چونکە هەستیان بەوە کردووە کە ژن نیوەی کۆمەڵگایە و کاریگەری دیاریان هەیە لەسەر ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگادا، بێگومان ئەم کارانە هیچیان لەوی تریان کەمتر نیە لە ژیانی سیاسیدا، هەر بۆیە پێویستە ژنان چالاک بن و بجولێن لەسەرجەم چالاکیەکان دا بەڵام وەک خۆی نەک لە ڕوانگەی لاسایی کردنەوەی بەشداری پیاوانەوە، بە جۆرێک سەلمێنەری ئەوە بن کە کار کردن لە بواری سیاسیدا تەنیا کاری پیاوان نیە، هەر وەک دەزانین کە ڕۆڵ و بەشداری ژنان لە هەندێ بواری سیاسیدا بووە، بەڵام بۆ هەموومان ئاشکرایە کە تا ڕادەیەکی زۆر تەنیا بە شداریبونێکی ڕواڵەتیانە بووە.

لە کۆتاییدا دەکرێت بەشداری ژنان بە شیوەیەکی گشتی و بە تایبەت لە کۆمەڵگای دواکەوتوو بۆ چەند قۆناغێک دابەش بکرێت وەک (ویستن، توانین، وێران، هێشتن).

ئایا ژنان چەندە خوازیاری بەشداری بونیان لەم بوارەدا هەیە، چونکە هۆکاری سەرکەوتن لە هەر بوارێکدا بونی خواستە لەسەر ئەو کارە، ئەگەر گریمان خواست هەبوو ئایا تا چ ڕادەیەک توانایان هەیەو تا چ ڕادەیەک هەوڵی سەرکەوتن لە بوارەکەدا دەدەن، ئەی ئەگەر خواستی بوو توانای بوو ئایا تا چەند ئاستی بوێری هەیەو متمانەی بە خۆی هەیە، ئەگەریش لە هەموو ئەو لایەنانە توانی خۆی ببینێتەوە، ئایا تا چ ڕادەیەک داب و نەریت و کۆمەڵگاو دەسەڵات ڕێگەی چونە ناو ئەم کارانەیان پێ دەدات.

--------------------------------------------------

## هەوڵەکانی ژنان و ئاستەنگەکانی بەردەمیان بۆ پێشکەوتن لە کۆمەڵگای ئێران دا...

بە سەرنج دان بە ڕابردوو و بەراورد کردنی لەگەڵ سەردەمی ئێستادا دەبینین گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هەموو بوارەکانی خوێندن و چالاکی دا دروست بووەو تاکەکان لە زۆر بواری جیادا خۆیان بینیوەتەوە، هەوڵدانیش بۆ پێشکەوتن بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت و پەرەی سەندووە، کۆمەڵگای ئێرانش وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر بەدور نیە لەم چەشنە گۆڕانکاریانە، ژنانیش وەک و هەر تاکێک لە کۆمەڵگا بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان هەوڵیان داوەو ڕوبەڕووی ئاستەنگەکانی بەردەمیان بونەتەوەو پێشکەوتنی بەرچاویان لە بوارە جیا جیاکاندا بەدەست هێناوە.

هەروەک بۆ هەموومان ئاشکرایە کە ژنان لە ڕابردوودا وەک چەکێکی دەستی پیاوان بەکارهێنراون و لەهەر چەشنە پێشکەوتنێک ڕێگریان لێکراوە،کارو پیشەیان لە چوارچێوەی ماڵدا بۆ خزمەت کردنی پیاوو وەچە خستنەوەو کاروباری ناو ماڵ و هەندێ کاری تری وەک کشتوکاڵ و مەڕو ماڵات بەخێو کردن بووە، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئامانجەکانی خۆی کە یەک لەوان کۆمەڵگایەکی نەخۆش و بێ جووڵەیە، وە هەموو شتەکان بە پێی ئایینی ئیسلامیی شیعەی ویلایەتی فەقیە لێکدەدرێنەوە.

یەکێک لەو شتانەی لە یەکەمین ڕۆژەکانی بە دەسەڵات گەیشتنیانەوە پەرەیان پێدا روانینی پڕ لە سووکایەتییان بوو بۆ ئافرەت و مافەکانی ژنان ئەوان کە هیچ باوەڕێکیان بە ئازادی نییە و بەڵکو دوژمنی ئازادیشن بەهەموو شێوەیەک بەرەنگاری ئازادی و ئازادیخوازان بوونەوە و لەو نێوەدا ژنان بە دوو لایەنەوە ناهەقییان لێ کرا:

**یەکەم**: وەک مرۆڤ چونکە لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا ئینسان نرخ و ڕێزی نەما.
**دووەم**: وەک ژن کە ئیتر ژنیش لەو سیستەمەدا بەو پەڕی بێڕێزییەوە سەیری کرا.

بێ نرخکردن و بێڕێزکردنی ئینسان لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی گرتەوە و پەلی کێشایە نێو ژیانی شەخسیی تاکەکانیشەوە.

لێکدانەوەی بارودۆخی ژنان وکچان لە ئێران لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو لە هێندێک بوار دڵخۆش کەرە وجێی سەرنج و تێرامانە و لە هێندێک بواریش دڵتەزێنە، بە خۆشیەوە ژنان و کچانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە تەنیا بە چەکی زانست دەتوانن خۆیان لە داوی کولتووری پیاو سالاری کوردستان رزگار بکەن، هەروەک ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە بەرچاوەی رادەی قبوولی کچان لە زانستگاکانی ئێران ٧٠ لە سەد زیادی کردوە و بە خۆشیەوە ئێستا دەبینین کچان جگە لە باری چەندایەتی(تعداد) و لە باری چۆنییەتی (کیفیت) یش توانیویانە هەنگاوێکی باش هەڵبگرن. بۆ وێنە لە ١٢ کەسێک کە لە تاقیکردنەوەی ئەمساڵ(٩١) لە چوار گرووپی ئامووزشی بوونەتە خاوەن پلەی یەکەم تا سێهەم، ٧ کەسیان کچن و بۆ یەکەم جار

دەبینین کچێکی کورد توانیویەتی پلەی یەکەمی گرووپی علوومی تەجروبی بە دەست بێنێ. بە پێ ئاماری ڕێکخراوەی یونێسکۆ، ئێران باڵاترین ڕادەی کچانی خوێندکار لە بەراورد لە گەڵ کوڕەکان لە ئاستی جیهاندا هەیە کە ٦٠ لە سەدی کۆی دەفرایەتی(ظرفیت) زانستگاکانی ئێران دەگرێتەوە. بەرزبوونەوەی ڕادەی قبوولی کچان لە زانستگاکان بە داخەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو مەترسییەک لە قەڵەم دەدرێ، هەر بۆیە لە چەند سالی ڕابردوودا بە گەلالە کردنی تەرحی جیاکردنەوەی ڕەگەزی(تفکیکی جنسیتی) زانستگاکان و بێ بەش کردنی کچان لە هێندیک لە ڕشتەکان هەوڵ دەدەن پێش بە چوونی کچان بۆ زانستگاکان بگرن. ئەمساڵ پێش لە کرانەوەی زانکۆکان لەلایەن"کامرانی دانشجو" وەزیری خوێندنی باڵای ئێران ڕاگەیندرا کە ٣٦ دانە لە زانستگاکان ٧٧ ڕشتەی خوێندن تەک ڕەگەزی دەکەن بەم واتایە کە لەم ڕشتەگەلە کە بریتییە لە: شیمی، حیسابداری، ئەندازیاری، کارگێری هۆتیل و هتد، ژنان ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن. ئەو جۆرە کەند و کۆسپانە بۆ کچان لە زانکۆکان زۆر توندتر بۆتەوە و لە کاتێکدا کە لەو ساڵانەدا گەلاڵەیەک بە ناوی جیاکردنەوەی ڕەگەزی لە زانکۆکان هاتۆتە بەر باس و خەریکی جێبەجێکردنە، بەرپرسانی حەراسەتی زانکۆکان بە وردی پێوەندی نێوان خوێندکارانی کوڕ و کچ دەخەنە ژێر چاوەدێرییەوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە زۆر جار هەواڵگەلێک لە فەسادی ئەخلاقی بەرپرسانی حەراسەتی زانکۆکان بڵاو بۆتەوە کە بە شێوەکی قێزەون و ناشیرین خوێندکارانی کچیان بە کاری ناحەز وادار کردوە.

دەسەڵات بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ فەرهەنگە باشەکانی خەڵک بەربەرەکانێی کردوە و ویستوویەتی گۆڕان بە سەر فەرهەنگ و بیرکردنەوەی خەڵکدا بێنێ، ئەمانەش هەمووی ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتنی ژنان و سەرکەوتنیان لە بوارە جیا جیاکان دا. ڕوانینی دوواکەوتوانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئێسلامی سەبارەت بە ژن و یاسای حیجابی ئیجباری، بووەتە هۆی ئەوەی کە چالاکی نواندنی کچان لە زۆربەی بوارەکاندا ئاستەنگی تێ بکەوێ، ڕەنگە بەرچاوترینی ئەو بووارانە بواری وەرزش بێ. کچان و ژنان لە ئێران ناتوانن لە وەرزشگاکان بۆ دیتنی کێبەرکێ وەرزشییەکان وەکوو پیاوان بەشدار بن، لە بەشداری لە زۆربەی ڕشتە وەرزشییەکانیش لە ئاستی ناوخۆ و جیهانی بێ بەشن. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو پولیس لە ژێر سێبەری تەرحی ئەمنییەتی ئەخلاقی لە وەرزی هاوین پۆل پۆل ژنان و کچان دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان دەکەن. لە ئاستی کاری ڕێکخراوەیی ژنان، لە چەن ساڵی ڕابردوو دەسەڵات لە هیچ کارێک بۆ داخستنی ڕێکخراوەکانی ژنان خۆی نەپاراستووە، بەداخەوە ئێستا دەبینین لە ناوخۆی ئیران ڕادەی ڕێکخراوەکانی چالاک لە بواری ژنان لە ئاستی قامکەکانی دەست کەمترن، گۆڤارەکانی تایبەت بە ژنان کە لەلایەن ئەو ڕێکخراوانە چاپ و بڵاو دەکرانەوە تووشی دا خران بوون، گۆڤاری ڕاسان کە تەنیا گۆڤاری تایبەت بە ژنان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو داخراوە و هەر ئێستاش بەشێکی زۆر لە ژنانی چالاک لە بواری مەدەنی و ژنان لە زیندانن. بارودۆخی ژنان لە کوردستان بە بەراوەرد لە گەڵ ناوەندی ئێران زۆر خراپترە، کولتووری پیاو سالاری کۆمەڵگەی کوردەواری گەورەترین بەربەست لە بەر کار و چالاکی ژنانە، کە لابردنی پێویستی بە کاری ڕێکخراوەیی وکولتوورسازی لە ئاستی خوارەوەی کۆمەلگەیە، هەروەها کاری میدیای لەو بەشەدا زۆر پێویستە بەڵام بە داخەوە میدیاکانی کوردی و بەتایبەت تیڤیە کوردیەکانی حیزبەکانی ڕوژهەڵات لەو بارەیەوە زۆر کەم کارن و ئەگەر بەرنامەیەکی هەفتانەش بڵاو دەکەنەوە تەنیا تایبەتە بە هەواڵ و ڕاپۆرت، بەداخەوە میدیای فارس بە باشی ئەم دەرفەتەی قوستۆتەوە و بە نیشاندانی ڕوخسارێکی نەرم ونیان و باش لە پیاوی فارس لە فیلم و سریالەکاندا وای کردووە کە کچان و ژنانی کورد حەزیان بە زەماوەندکردن لە گەڵ پیاوی فارس بێ. دەرئەنجامی ئەمانە هەمووی دەبێتە لادانی کۆمەڵایەتی و نائومێد بوون لە ژیان هیچ لایەنێک و

ڕێکخراوێکش نیه بۆ پشتیوانیکردنیان، که زۆربەی کات دەبێته هۆی جێهێشتنی وڵات و ڕوو کردنه هەندەران و هەڵاتنی مێشکەکان، هەروەها له دەرئەنجامی نائومێدبونیشیان تووشی تێکچونی باری دەرونی دەبن و پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن،

ئێستاشی له گەڵ بێ بەرزترین ئاماری خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنان تایبەت به بەشێک له ناوچه کوردنشینەکانه، خەتەنه کردنی کچان له بەشێک له ناوچه کوردنشینەکان نەریتێکی ناشایستی دژ به ژنانه که ئێستاش هەر بەردەوامه. لەم هەلومەرجەدا ئەوەی که تاڕادەیەک دڵخوشکەره ئەوەیه که له دو ساڵی رابردوو هاوپێوەندیەکی باش له نێوان چالاکانی ژنانی رۆژهەڵات له دەرەوەی کوردستان و بەتایبەت له باشووری کوردستان پێک هاتووە، یەکدەنگی ژنانی رۆژهەڵات له رەوتی کونگرەی نەتەوەیی کورد له هەولێر و بەڕیوەچوونی کۆنفرانسی ژنانی روژهەڵات له باشوور و له وڵاتی سوئید تا ڕادەیەک دەتوانێ هیوابەخش بێ بۆ ئەوەی هەوڵ بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم ژنان به گۆڕتر بێ.

---------------------------------------------------------

## هەڵبژاردنی رواڵەتی هیچ مافێکی ئێمە دەستەبەر ناکا

یەکێک لە مەرجەکانی نیزامێکی دێموکراتیک کە لەودا مافەکانی خەڵک لەبەرچاو دەگیرێ و بە واتایەک خەڵک لە رێگای نوێنەرانیانەوە خۆیان لە دەسەڵات دا دەبیننەوە، هەڵبژاردنە، لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازدو بێ هەڵاواردن دا هەر کەسێک بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئایین و بیرورا دەتوانێ خۆی بۆ نوێنەرایەتیی خەڵک بپاڵێوێ و متمانەی ئەوان وەدەست بێنێ.

نوێنەرانی خەڵک لە پارلمان قانوونەکان پەسند دەکەن و لە پەسندکردنی ئەو قانوونانەدا نوێنەرایەتیی خەڵک دەکەن تا وەکوو مافی هەموان لەبەرچاو بگیرێ. یەکەم مەجلیسی نیشتمانیی ئێران لە کاتی شۆڕشی مەشرووتە دامەزراو و فەرمانی دامەزرانی ئەو لە رۆژی ١٤ی گەلاوێژی ١٢٨٥ لەلایەن موزەفەرەدین شا، شای ئەو کاتی ئێران ئیمزا کرا. ئەو مەجلیسە لە ساڵی ١٢٨٥ تاوەکوو ساڵی ١٣٦٨ بۆ ماوەی ٨٣ ساڵ درێژەی هەبووو دوای پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوەکەی بۆ مەجلیسی شۆرای ئیسلامی گۆڕدرا.

بناغەی سەرەکی دانانی قانوون لە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئێرانە، نوێنەرانی ئەو مەجلیسە لە رێگای هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک هەڵدەبژێردرێن، هەر قانوونێکیش لە مەجلیس پەسند بکرێ دەبێ شۆرای نگابان پەسندی بکاتەوە و دوای ئەویش بۆ جێبەجێ کردن دەکەوێتە بەردەستی دەزگای ئیجرایی و دەزگایی قەزایی وڵات، بەڵام لەڕاستیدا چ جۆر هەڵبژاردنێک و چۆن دەنگدانێک ئەو نوێنەرانەی خەڵک دەنێرێتە مەجلیس؟.

بە پێی قانوونی هەڵبژاردن لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا تەنیا کەسانێک دەتوانن خۆیان بۆ نوێنەرایەتیی خەڵک بپاڵێون کە باوەڕی راستەقینەیان بە نیزامی کۆماری ئیسلامیی و یاسای بنەڕەتی ئەوو هەروەها ئیلتزامیشیان بە ئیسلام و بناغەی ویلایەتی فەقیە هەبێ. بۆیە لەو دەسەلاتەدا کەسانی جیابیر و مافخواز هیچ رێگەیەکیان بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی مافخوازی و بەشخوراوی خەڵک پێ نادرێ.

لە ماوەی چەندین خولی هەڵبژاردنی مەجلیس دا تا هەنووکە زۆر کەم بووە کە نوێنەرانی راستەقینەی خەڵک بتوانن رێگەیان بکەوێتە مەجلیس و بەرگری لە ماف و ئازادیەکانی خەڵک بکەن، ئەگەریش نوێنەرێک بەڕاستی دەنگی خەڵکی لە پشت بووبێ، قانوونە پڕ لە هەڵاواردن و بەرتەسکەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو دەفەتەیان پێ نەداوە. بێبەشبوونی خەڵکی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لە زۆر خزمەتگوزاری و مافی بێ ئەملاوئەولای خۆیان پیشاندەری ئەو راستیەن.

خەڵکی کوردستان لە ماوەی ئەو چەند دەیە دەسەڵاتەی کۆماری ئیسلامی بە سەر ئەواندا هەستیان بەو راستیانە کردووە دژایەتی و

بەربەرەکانێی ئەوان لەو ماوەیەدا لەگەڵ وەها نیزامێک و بەشداری زۆر کەمیان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن دا پیشانی داوە کە خەڵکی کورستان هیچ متمانەیەکیان بەو دەسەڵاتە نەماوەو لە هەڵبژاردنی رواڵەتی دا بەشداری ناکەن. هەڵبژاردنێک کە هەموو دەرفەتەکان بۆ بەشداری ئازاد و ناردنی نوێنەری راستەقینەی خەڵک بۆ پارلمان دەسڕێتەوە. خەڵکی کوردستان ئەوەش باش دەزانن کە ئاکامی ئەو هەمۆ نادادپەروەری و هەڵاواردن و کپ کردنی دەنگی مافخوازیەی خەڵک لە ئێران شتێکی جگە لە هەژاری و بێبەشبوون و پەرەسەندنی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بە هۆی بەڕێوەبەری خراپی وڵات بەدواوە نەبووە.

یەکێک لە پڕ هەراترین هەڵبژاردنەکان لە ئێران کە ناڕەزایەتی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی لێ کەوتەوە دەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ٢٢ی جۆزەردانی ٨٨ لە ئێران بوو کە تێیدا بە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانی و پێشبینیەکان دەنگەکانی خەڵک بۆ لای ئەحمەدینژاد وەرسووڕان و دیسان ئەو کەسە نالایق و سەرەڕۆیە بوو بە سەرکۆمار. بە هەزاران کەس لە خەڵک لە رۆژەکانی دوای هەڵبژاردن دا رژانە سەر شەقامەکان و هاواریان دەکرد دەنگەکانی ئێمە کوا؟ بە توندترین شێوەکان بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵک سەرکوت کرا و بە سەدان کەس کوژران و بریندار بوون و خرانە نێو بەندیخانەکانەوە. خەڵک لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنەدا بۆیان دەرکەوت کە ئەوە تەنیا شتێکی رواڵەتیە و هیچ کات نوێنەری راستەقینەی خەڵک ناتوانێ نوێنەرایەتیی ئەوان بکا.

رۆژی ١٢ی رەشەمەی ئەو ساڵیش دیسان هەڵبژاردنێکی رواڵەتی دیکە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی نۆیەمین خولی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لە ئێران بەڕێوە دەچێ. ئەزموونەکانی ئەو چەند ساڵەی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردن دا ئەوانی وریا کردۆتەوە کە چی دی فریوی پڕوپاگەندەکانی دەسەڵات و پاڵێوراوەکانی هەڵبژادن نەخۆن و لە رێگای بایکۆت کردنی هەڵبژاردن و نەچوونە بەر سندووقەکانی دەنگدان، هاواری ناڕەزایەتی و رق و بێزاری خۆیان لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربڕن.

زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی ئێران و کوردستان ئەو هەڵبژاردنەیان بایکۆت کردوەو حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە بەیاننامەیەکدا هەڵوێستی بایکۆت کردنی هەڵبژاردنی بە خەڵک راگەیاندو داوای لێ کردن کە لەو رۆژەدا خەڵک لە ماڵەکانی خۆیان بمێننەوەو بە مەبەستی بەشداری لە دەنگدان نەچنە دەرێ. بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لەو هەڵبژاردنەدا درێژە پێدان بە خەباتی بێ وچان و شێلگیرانەی ئەوان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیەکانیانەو گەیاندنی ئەو دەنگە بە دەسەڵاتدارانە کە ئەوان چی دی لە هەڵبژاردنی رواڵەتی دا بەشداری ناکەن.

-------------------------------------------------------------

## ئاکامەکانی بە شوودانی کچان بێ ویستی خۆیان و لە تەمەنێکی نەگونجاودا

هەر کۆمەڵگایەک خاوەنی کۆمەڵێک نەریتی جوان و بە جێیە کە وەک میراتێک بۆ ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایە دەمێنێتەوە، لە پاڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک نەریت و سوننەتی نابەجێ و کۆن لە نێو بیرکردنەوە و مێشکی کەسانی نێو کۆمەڵگادا دەبن بە پێوەری ژیانی کۆمەڵایەتی. کەم نین ئەو سوننەتە خراپانەی کە تا ئێستاش کۆمەڵگای ئێمە نەیتوانیوە لە یەخەی خۆی بکاتەوەو هەروا ئاکامی خراپ و ناخۆشی چ بۆ ئێستا و چ بۆ داهاتوو لێ دەکەوێتەوە.

یەکێک لەو سوننەتانە بەشوودانی کچان بێ ویستی خۆیان و لە تەمەنێکی نەگونجاو دایە، یەکەم شت کە پێویستە باسی بکەین باوەڕێکی ناشیرینە کەبەشێک لە خەڵکی ئێمە خوویان پێوە گرتووە بە پێی ئەم باوەڕە ئیزن نادەن کچەکانیان وەک کوڕان درێژە بە خوێندن بدەن و دەڵێن کە کچان وا باشترە پێش تەمەنی ٢٠ ساڵان یان زووتریش ژیانی هاوسەری پێک بێنن و کاروباری ماڵان بکەن و بە واتایەک ژنیان نەگوتوە خوێندن وکار کردن لە دەرەوە. زۆر جار بیستوومانە کە فلان کەس یان فلان بنەماڵە کچەکەیان بە پلەیەکی باشەوە بۆ زانکۆ دەرچوە بەڵام گەورەکانی ئیزنیان پێ نەداوە درێژە بە خوێندنەکەی بداو داوایان لێ کردوە کە زووتر شو بکا و پێیان گوتوە خوێندن بۆ ژنان بێ کەڵکە. هەرچەند بەشێکی ئەو باوەڕە دەسەڵاتی زاڵ بە سەر وڵاتەکەمان وای کردوە بچێتە نێو بیرو زەینی خەڵکەوە بەڵام حاشا لەوەش ناکرێ کە ئەوە لە کۆنەوە لە کۆمەڵگادا هەبووەو ئێستاش ماوەتەوە. دووهەم شت کە تا رادەیەک ئێستا لە نێو خەڵکی ئێمە زیاتر بۆتە باو ئەوەیە کە بنەماڵەکان بۆ بەشوودانی کچەکانیان کۆمەڵێک بەربەست و لەمپەری سەخت و دژوار بۆ داواکارەکان دادەنێن و دەبنە هۆی ئەوەی کچەکەیان لەو تەمەنەی کە تەمەنێکی گونجاوە بۆ هەنگاو هەڵێنان بەرەو ژیانی هاوبەش نەتوانن ئەو کارە بکەن و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە داهاتووی ژیانیان تووشی کێشە بن. بە تایبەت ئێستا کە قەیرانی بێکاری بە سەر کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان دا زاڵەو خەڵک لە باری ئابوورییەوە توانایەکی زۆریان نیە، ئەو سەختگیریانەی بنەماڵەکان هیچ چەشنە قازانجێکی بۆ منداڵان نابێ و تەنیا دەبێتە هۆی دڵسارد کردنەوەیان لە ژیان دا. لە پاڵ ئەوانەشدا کێشەیەکی سەرەکی دیکە کە زۆر باسی لێوە دەکرێ ئەوەیە کە زۆر جار مافی ئەوە بە کچان نادرێ خۆشەویستی بکەن و بە دڵی خۆیان هاوژینەکەیان هەڵبژێرن. هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان گرینگترین بڕیارێکە کە هەر کەسێک بۆ ژیانی داهاتووی خۆی دەیداو ئەگەر ئەو بڕیارە کەسانێکی دیکە بۆی دەر بکەن بە دڵنیاییەوە نە تەنیا ئەو کەسە لە ژیانی دا بەختەوەر نابێ بەڵکوو کۆمەڵێک حاڵەتی دەروونی خراپ و دڵساردی لە ژیان لەو کەسەدا دروست دەکا.

هەمووی ئەم جۆرە کردەوانە دەرحەقی کچان لە کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان نەتوانن لە ژیانی هاوسەری دا سەرکەوتوو بن و ژیانێکی زۆر ناخۆشیان لەگەڵ مێرد و منداڵەکانیان لە داهاتوو دا هەبێت. رێژەی کەسانێک کە بە هۆی ئەو شتانەوە ژیانیان لێک دادەبڕدرێ و ناتوانن درێژە بە ژیانی هاوسەری بدەن بە باشی ئەو راستیە دەسەلمێنن کە ئەو کارانە نە تەنیا ناتوانێ خزمەت بە منداڵەکان بکا بەڵکوو غەدرێکی گەورەیە کە بنەماڵەکان لە کچەکانی خۆیانی دەکەن و لە پاڵ ئەوەش زەبرێکی گەورە لە کۆمەڵگاکەیان دەدەن. کاتێک کچ و کوڕێک بێ ئەوەی هیچ هەستێکیان بۆ یەک هەبێت یان ئەوەی کە لە رووی هێندێک پێوەری دیکەوە

کە بنەماڵەکان بە سەریاندا دەیسەپێنن بچنە نێو ژیانی هاوبەشیەوە دەبینین کە ئەو ژیانە ژیانێکی پڕ لە بێ هیوایی و رق و قین و ناخۆشی دەبێت کە بەداخەوە زۆر جار بە هۆی ئەوەی تەڵاق بە شتێکی ناحەز لە کۆمەڵگادا دادەنرێ کەسەکان تا کۆتایی ژیانیان بە ناچار بێدەنگ دەمێنن و تەحەمولی دەکەن. لەو ژیانەدا هیچ کات ناتوانرێ منداڵێک پەروەردە بکرێ کە لە داهاتوودا ببێتە کەسێکی سەرکەوتوو و بەکەڵک بۆ خۆی و کۆمەڵگاکەی، هەموو لێک هەڵبەزینەوەو کێشەکانی نێوان هاوسەران کاریگەریی زۆر خراپی دەبێت لە سەر منداڵێک کە هیچ گوناحێکی لەو نێوانەدا نیە. زۆربەی کاتەکان دڵخۆش نەبوونی ژیانی هاوسەری بۆ ژنان لەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەوان نەیانتوانیوە شوو بە کەسێک بکەن کە خۆشیان ویستوەو بەو هۆیە هیچ عەلاقەیەکیان بە مێردەکەیان نابێ و بە ناچاری ژیانی لەگەڵ دەکەن، هەموو ساتێکیان پڕ لە خەم و ناخۆشی دەبێت و بەردەوام بیر لە چارەنووسێک دەکەنەوە کە بێ ئیرادەی خۆیان تووشیان هاتوە. ئەگەر بنەماڵەکان بە روونی بڕواننە ئەو ئاکامە خراپانەی کە هۆکارەکەیان ئەم جۆرە ژیانانەیە، ئەو کات باشتر تێ دەگەن کە چ زوڵمێک لە منداڵان و کۆمەڵگای خۆیان دەکەن. بەشێک لە خەسارە کۆمەڵایەتیەکانی وەک هەڵاتنی کچان لە ماڵ و رۆیشتن بەرەو کارگەلێکی وەک لەشفرۆشی، خۆ سووتاندنی ژنان و چوونە سەری رێژەی تەڵاق لە نێو هاوسەرەکان دا لەو نەریتە ناحەزانەوە سەرچاوە دەگرن.

کاتێک منداڵەکەمان کۆمەڵێک ئەزموون و تێگەیشتنی لە رێگای خوێندنەوە دەستەبەر کرد ئەو ئەزموونە هەم دەتوانێ بۆ ژیان و هەمیش پەروەردەکردنی منداڵانی داهاتووی کۆمەڵگاکەمان رێگە خۆش بکات. هەموومان دەزانین کە خوێندەواری تێگەیشتن دروست دەکا و تێگەیشتنی کەسەکانیش دەبێتە هۆی پێشوەچوونی کۆمەڵگاکەمان ئەگەر وایە بۆ ئەو سوننەتە خراپە وەلا نەنێین و ئیزنی خوێندن بە کچەکانمان تا ئاستی دڵخوازیان لە پاڵ ئەوەی کە ژیانی هاوسەریش بە دڵخوازی خۆیان هەڵدەبژێرن نەدەین.

ئەوانەی کە باسمان کرد تەنیا بەشێکی کەمن لەو سوننەت و بیرکردنەوە خراپانەی کە تا رادەیەک لە نێو خەڵکی ئێمەدا باون و زەبر لە داهاتووی کچانی کۆمەڵگاکەمان بە تایبەت و فەرهەنگی وڵاتەکەمان بە گشتی دەدەن، هەڵبەت لە پاڵ ئەوانەشدا زۆر کێشە و گرفت لەو بوارەدا بۆ کوڕانیش هەیە کە بەو شتانەوە گرێ دراون و کاریگەریی لە سەر ئەوانیش دەبێ، بە هیوای لابردنی هەموو ئەو کێشە و گرفتانە و سڕینەوەی هەر چەشنە نەریتێکی ناحەز و نابەجێ.

---------------------------------------------------------------------

## بەندیخانەی ژنان و یاسا پێچەوانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران

بەندیخانەی ژنان ئەو دەزگایەیە کە ژنان تێیدا بەند دەکرێن بە مەبەستی سزادانی لە ڕووی یاسایی یەوە، کاتێک کە تاوانبار دەکرێن بە ئەنجامدانی تاوانێک، کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە پێی تاوانەکەی دادگا سزاکەی دیاری دەکات.

بە پێی بڕیارێک کە لە ڕێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی بڕیاری لەسەر دراوە، ناوی بەندیخانە گۆڕدراوە بۆ دەزگای چاکسازی، بۆ ئەم مەبەستەش بەندیخانەی ژنان گۆڕدرا بۆ دەزگای چاکسازی - کۆمەڵایەتی ژنان،مەبەست لەوەش ئەوە بووە کە بەندکراوەکان کێشەکانیان چارەسەر بکرێت.

ئەنجومەنی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی خۆیدا لە ساڵی (١٩٧٠) بڕیارێکی دەرکرد کە کۆمەڵێک خاڵی تایبەتە بە پارستنی مافی ژنان لە دەزگای چاکسازیدا.

من لێرەدا مەبەستم خستنە رووی هەندێک لەو خاڵانەیە کە لە یاسای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر دراوە کە پێویستە بەرامبەر ژنان ڕەچاو بکرێت،هەروەها یاسا پێچەوانەکانی کۆماری ئیسلامی، لە پشت گوێ خستنی مافەکانی ژناندا.

#### لە گرینگترین ئەم خاڵانەی کە پەسند کراون:

١- پێویستە دەزگای چاکسازی ژنان یان بەندیخانەی ژنان سەربەخۆ بێت واتە ڕگەزی نێرو مێ لە یەک بنکەی چاکسازیدا نەبن.

٢- بە پێی یەکێک لە برگەکانی تر نابێت بە هیچ شێوەیەک کارمەندانی دەزگای چاکسازی ژنان لە ڕەگەزی نێر بن بە تایبەتی کارمەندە گرینگەکان وەکو بەڕێوەبەر، توێژەری کۆمەڵایەتی، پزیشک، ئەفسەر، پاسەوان،... هتد.

٣- پێویستە ژنانی بەندکراو بە پێی تەمەن و جۆری سزاکانیان دابەش بکرێن بەسەر ژووری جیاوازدا.

٤- لە ڕەوشی زۆر ئاساییدا نەبێت نابێت ژنی سکپڕ(دووگیان) بخرێتە بەندیخانەوە ئەگەر دەستگیریش کرا ئەوا نابێت هیچ توندوتیژیەکی بەرامبەر ئەنجام بدرێت و سەرجەم پێداویستی تەندروستی و دەروونی بۆ دابین بکرێت،وە لە گشت حاڵەتەکان دا نابێت لە بەڵگەنامەی ڕەسمی لە دایک بوونی ئەم منداڵەدا بەندیخانە وەک شوێنی لە دایک بوونی تۆمار بکرێت.

٥- دوای ئەوەی منداڵێک لە بەندیخانە لە دایک دەبێت لە دەستووری هەندێک دەوڵەتدا بە درێژی ماوەی سزاکەی لەگەڵ دایکیدا

دەمێنێتەوە، بەڵام هەندێک لە دەوڵەتانی دیکە پاش(٩) مانگ منداڵەکە لە دایکی وەردەگرنەوە و ڕەوانەی شوێنی بەخێو کردنی منداڵان دەکرێت کە دایکەکە ڕۆژانە مافی هەبێت چاوی بە منداڵەکەی بکەوێت. واتە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت.

بەڵام لە دەستووری یاسای "یەکیەتی سۆڤیەتەتی" پێشودا ژنی دوو گیان بە هیچ شێوەیەک دەستگیر نەدەکرا تا منداڵەکەی لەدایک دەبوو. دوای منداڵ بوون لە لایەن دادوەری گشتی بڕیار لەسەر تاوانەکەی دەدراو ئەگەر تاوانەکەی ترسناک نەبا لێبوردنی یاسایی بۆ دەردەچوو، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر تاوانێکی ترسناک با، دەستگیر دەکرا.

٦- پێویستە خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە ژنانی بەندکراو بکرێت چونکە ژنانی بەندکراو لە هەموو کەسێک زیاتر پێویستیان بە چاودێری پزیشکی هەیە، چونکە لە ناو دەزگای چاکسازیدا بڵاو بوونەوەی نەخۆشی ترسناک و کوشندە هەڕەشە لە ژیانی بەندکراوەکان دەکات.

٧- پێویستە لەسەر دەزگای چاکسازی ژنان ژووری تایبەت دابین بکات بۆ ئەو ژنانەی کە ئالودەی مادده بێهۆشکەرەکان بوون و بە هیچ شێوەیەک نابێت ئەم ژنانە لەگەڵ بەندکراوەکانی تر تێکەڵ بکرێن.

٨- پێویستە لەسەر دەزگای چاکسازی بەردەوام خولی پیشەیی بۆ ئەم ژنانە دابین بکات بە مەبەستی فێربوون و ئیش و کاری جیاواز.

٩- زۆر جار هەندێک لە ژنی بەندکراو دوای تەواو بوونی ماوەی سزاکەی ناچێتە دەرەوەی دەزگاکە لەبەر هەندێک کێشەی کۆمەڵایەتی،لەگەڵ خێزانەکەی بێت یان لەگەڵ کۆمەڵگا بێت. بۆیە پێویستە سەنتەرێک بکرێتەوە بۆ ئەم ژنانە وەک ماڵێکی دووەم وابێت لە دوای دەزگای چاکسازی بۆ ئەوەی لە سەرجەم کێشە کۆمەڵایەتیەکان بیانپارێزن.

ئەوانەی کە لە سەرەوە باس کران تایبەت بوو بە دەزگای چاکسازی ژنان وپێویستە ئەم مەرجانە بە گشت بنەماو پرەنسیپیەکانەوە پەیرەو بکرێن. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لە زۆر لە وڵاتانی جیهان بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بەشێکی زۆری ئەم خاڵانەیان فەرامۆش کردووە ئێرانیش وەک و یەکێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی و دواکەوتویی جیهان و پێچەوانەی یاساکانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو پێشێلکاریانە لە یاساکانی دا دەبینرێت و بە خراپترین شێوە ڕووبەڕوی بەندکراوەکانی دەبێتەوە بە تایبەت ژنان بە هەموو شێوەیەک دەبنە قوربانی ئەو یاسایانەی کۆماری ئیسلامی.

لێرەدا دەبینین کە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە لایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامیەوە دەستبەسەر دەکرێن. بێگومان ژنانیش لەمە بێبەش نین و ئامارێکی زۆر لە بەندکراوەکانی بەندیخانەکانی ئێران پێک دەهێنن. جا بە مەبەستی هۆکاری سیاسی یان دزی یان هەر جۆرە ڕفتارێکی تری لادانی کۆمەڵایەتی و یاسایی بێت. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا جیگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەو ژنانەی دەکەونە ناو

بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی ڕەفتار کردن لەگەڵیاندا تەواو پێچەوانەی یاسا نێو دەوڵەتیەکانە کە بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان لە بەندیخانەکان دا ڕەچاو کراوە.

لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەبینین سەرەڕای نەبوونی شوێنی تایبەتی بە خۆیان و نەبوونی چاوەدێری تەندروستی بۆیان کە یەکێک لە خاڵە سەرەکیەکانە کە پێویستەژنان بە باشترین شێوە چاوەدێریان بکرێت ڕووبەڕوی گەلێک گرفتی تر دەبنەوە.

لەم بەندیخانانەدا نموونەیەکی زۆر بەرچاوی ژنانمان هەیە بە تایبەتی ژنانی تاوانباری سیاسی کە تووشی ئازارو ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە بە بێ گوێدانە یاساکانی پاراستنی مافی مرۆڤ،یەکێکی تر لەو ئەشکەنجانەی کە ڕووبەڕوی ژنانمان دەبێتەوە لەم بەندیخانانەدا دەستدرێژی سێکسی یە کە کاریگەری خراپ لەسەر لایەنی دەروونی ئەم ژنانە دروست دەکات کە بە شێوەیەکی زۆر خراپ یاری بە جەستەی ئەم ژنانە دەکرێت، کە زۆر جار ئەم ژنانەی دەکەونە ناو ئەم بەندیخانانەوە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی سزاکەیان، هەوڵ دەدەن خۆیان لە کۆمەڵگاکەیان بە دوور بگرن بە هۆی ئەو بیرکردنەوانەی کە لە سەریان دەکرێتەوە، کە ئەمانە کاریگەری خراپ لەسەر لایەنی دەروونی ژنان پەیدا دەکات و زۆر جار وا دەکات بۆ ڕزگار بوونی لە داب و نەریتەکانی کۆمەڵگاکەی پەنا بۆ خۆکوشتن و هەڵاتن و شتی تر ببات.

جگە لە هەموو ئەو شتانەی کە باس کران کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات ئەم ژنانە بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان بە کار بهێنن و تێکەڵ بە کاری ئیتلاعاتی خۆیانیان دەکەن و بە شێوەیەکی وەها هەڕەشە لەسەر ژیانیان دادەنێن کە ناچاریان بکەن ملکەچی هەموو داواکاریەکانیان بن.

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە لە بەندیخانەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی لەبەر چاو ناگیرێ کە ئێرانیش یەکێک لە دیارترینی ئەم وڵاتانەیە کە ئەم دیاردەیە بەرچاوە تێیدا، ئەویش ژنانی دوو گیانە کە زۆر جار هەواڵی گیان لەدەست دانی ژنانی دوو گیان یان منداڵەکانیان دەبیسترێت لە ناو بەندیخانەکاندا کە بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی پاراستنی نەکراوە.

سەرەڕای ئەمانە دەتوانرێت هەر لەو بەندیخانانەی کۆماری ئیسلامی دا ئاماژە بە دیاردەیەکی تری زۆر بڵاو بکەین ئەویش تووشبوانی بە مادده هۆشبەرەکانن کە بە پێی هەر یاسایەکی نێو دەوڵەتی پێویستە تووشبوان شوێنی تایبەت بە خۆیان ببێت و تێکەڵ بە کەسانی تر نەکرێن و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی چارەسەر کردنیان بدرێت.

بەڵام بەداخەوە لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا تەواو پێچەوانەی ئەوە خۆیان ڕێگە خۆشکەرن بۆ تووشبونیان و زیاتر وادارکردنی جەوانان بەم دیاردەیە.

گوشار، ئازار وئەشکەنجە لەسەر بندکراوانی ژن لە بەدیخانەکانی کوماری ئیسلامی تا رادەیەکە کە بە دەیان و رەنگە سەدان ژنی بەندکراو گیانی خۆیان لە بەندیخانە لە دەست داوە.

"زهرا بنی یعقوب" یەکێک لەو کەسانەیە کە هەواڵی گیان لەدەستدانی بە هۆی ئەشکەنجە لەساڵانی رابردو دزەی کردە راگەیاندنەکان و رۆخساری ڤیزەونی کۆماری ئیسلامی بۆ رای گشتی دەر خست. کۆمەڵێکی زۆر لە بەندکراوانی ژنی دەیەی شەستی ئێران پاش ئازادبوونیان کاتێک بەسەرهاتی خۆیان دەگێرنەوە ویژدانی هەر مرۆڤێک دەهەژێنن، کچانی زیندانی کە بەسێدارە مەحکووم کرا بوون پێش لە سێدارەدانیان بۆ پاسدارەکان سیغە کرابوون و کچێنیان لا برابوو، کاتێک بنەماڵەکانیان بۆ وەرگرتنی تەرمەکانیان چوبوون ١٠٠ تمەن پۆڵی وردە وەکوو مارەیی کچەکانیان لەگەڵ تەرمەکە پێیان درابوو تا جگە لە داخی لە دەستدانی کچەکەیان، غەمێکی گەورە تر لە سەر دڵیان دا بنێن. لەمێژ نیە کە شەش ژنی بەندکراوی سیاسی لە بەندیخانەی "اوین"ی تاران بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بە باردۆخی ژنان لە زینداندا دەستیان بە مانگرتن لە خواردن دا و باردۆخی جەستەییان تا نزیکەو مردن چوو!

ئەمانەی کە باس کران ەندێک لە یاسا و هەڵسووکەوتە پێچەوانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو کە ڕۆژانە ڕووبەڕوی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە نێو بەندیخانەکاندا دەبێتەوە.

لە کۆتاییدا بەو هیوایەی کە لە داهاتویەکی نزیکدا بتوانرێت سەرجەم بنەماو پرەنسیپەکانی دەزگای چاکسازی کۆمەڵایەتی ژنان پەیڕەو بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی جانێوێری ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## هەڤپەیڤین: ڕەحمان نەقشی بەبۆنەی ٨ی مارس

**پرسیار**: تكایەخۆتان بناسێنن و بفەرموون كەلەكەیەوەتێكەڵ بەخەبات و چالاكی سیاسی و كۆمەڵایەتی بوون؟

**شەونم هەمزەیی**: من شەونم هەمزەیی دەرچوی زانكۆی ئابوری، من بەهۆی ئەوەی كەباوكم ڕێگەی پێشمەرگایەتی گرتەبەر و حیزبی دێموكڕاتی كوردستانی هەلبژارد، منیش لەو ڕێبازەدا لەدایك بووم و كەم تا زۆر دەوروبەر و ئەو فەزایەی تێیدا ژیاوم كاریگەری هەبووەلەسەر ژیانم، چالاكی سیاسی و كۆمەلایەتی تێكەل بەژیانمان بووەو كاریگەری لەسەرمان بووە، من كەسێكی سیاسی نیم،بەلام وەك ژنیك هەول دەدەم ژنێكی چالاك بم بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی كە ژنان هەولی بۆ دەدەن.

**پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی كۆمەڵی كوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**شەونم هەمزەیی**: بەخۆشیەوەئەمرۆكەدەبینین ژنی كورد توانیویەوەكوو توێژیك لەكۆمەڵگا خۆی بناسێنێت و بەدامەزراندی كۆرو كۆمەڵ و ڕێكخراوەوەكوو بزوتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی خۆی پێناسەبكات، هەرچەند كۆمەڵگەی پیاوسالاری كوردستان و كولتووری چەن هەزارساڵەی پیاو سالار لەمپەریكی گەورەیەلەم نێوانەدا و تێپەر نەكردنی قوناغی رزگاری نەتەوەیی تارادەیەك بزوتنەوەی ژنانی كوردستانی خستوتەپەراوێزی بزوتنەوەی نەتەوەیی. بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێن كەبزوتنەوەی ژنانی كوردستان لەسەردەمی ئێستادا رەوتیكی باشی لە بەر گرتووەو گوتاریكی هاوبەش خەریكەلەنێوا ژنان دا پێك دێت، رەنگەر بەرهەمی ئەم هەوڵ و تێكووشانە ئێستا زۆر بەر چاو نەیت بەڵام لە داهاتوویەكی نزیكدا دەبینین كە بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری ژنانی كورد لەسەر ماف و ویستەكانی خۆیان بەرەبەرە رەنگدانەوەیەكی باشی لەكۆمەڵگەی كوردستان دەبێت.

**پرسیار**: چ لە ڕێزی حیزبەكان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا كار و چالاكی ژنان و رۆڵ و كارتێكەریان لە ناو حیزبە كوردیەكان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

**شەونم هەمزەیی**: بزوتنەوەژنان بزوتنەوەیەكی كارا، چالاك و ئەكتیڤەكەلەماوەی چەند دەیەی رابردوودا قۆناغ گەلی جۆراو جۆری تێپەڕ كردووە، ئەوەی كەروون و ئاشكرایە ئەوەیە كە كارو چالاكی ژنان چ لەناو حیزبە كوردیەكان و چ وەكوو ڕێكخراوەگەلی سەربەخو لەناخی كۆمەڵگا كاریگەری خۆی هەیە. بۆ وێنە ئەگەر براوانینەكۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی كوردستان دەبینین كە رادەی ژنانی خوێندەوار لەیەك دوو دەیەی رابردوو گەشەیەكی بەرچاوی كردوەو ئاستی وشیاری كومەڵگەبەگشتی سەبارەت بەپرسی ژن و مافی ژن رو لەگەشەبووە، لەئاستی حیزبە كوردیەكانیش دەبینین كە ژنەكان چالاك تر لەجارانن و تا رادەیەك زۆر بەبەراورد لەجاران یەكگرتوو تر و هاودەنگ تر لەجاران داكۆكی لەمافەكانی خۆیان دەكەن كە بۆ وێنە دەتوانین بەكونفرانسی ساڵانەی ژنانی كوردی رۆژهەڵات بكەین كەلەیەك دوو ساڵی رابردوو بەرێوەچووە،

بەگشتی ناتوانیین کاریگەری چالاکی ژنان لەسالانی رابردوو لەبەرچاو نەگرین بەلام سەرەڕای ئەو کارانە کە کراوە کۆمەڵگەی کوردستان هێشتا لەدەستپێکی ڕێگەدایە. لە کوردستان کچان خەتەنە دەکرێن، ژن کوشتنی ناموسی هەر بەردەوامە، ڕادەی خۆ کوژی ژنان بەهۆی کێشە کۆمەلایەتیی و بنەماڵەییەکان لەئاستیکی بەرزدایەو بەشدار کردنی ژنان لەپرۆسەی سیاسی کوردستان کەرەنگدانەوی لە حیزبەکوردیەکان بەدی دەکرێت هێشتا لەئاستیکی خوارەوەیە، کەوابوو بۆ ئەوەی بتوانین لەکۆمەڵگەی کوردەواری یەکسانی و بەرابەری راستەقینەی ژن و پیاوی ببینین ڕێگەیەکی دوورو درێژمان لەبەردەمدایەو ئەمەش ئەرک و تێکوشانی زۆرتری ژنانی پێویستەتا لەپێناو گەیشتن بەمافەکانیان هەنگاو هەلگرن.

**پرسیار**: زۆر جار لەزمان پیاوان و یا بەشێک لەژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

**شەونم هەمزەیی**: کەم تەرخەم بوونی ژنان سەبارەت بەمافەکانیان بۆ ئەوەدەگەرێتەوە کەئەساسەن ئاگاداری مافەکانی خۆیان نین. ژنی کورد ئەرکەکانی خۆی باش دەناسێت دەزانێت دەبێ دایکیکی باش بێت بۆ منداڵەکانی، هاوسەریکی باش بێت بۆ مێردەکەی و... بەلام کەمتر ژنیکە کەئاگاداری مافەکانی خۆی بێت. مرۆڤ دەتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەباشی بەرێوەنەبات یان پشت گوێیان بخات بەلام ناتوانێ مافەکانی پشت گوێ بخات. ژنی کەئاگای لەمافەکانی خۆی نەبێت لەبنەماڵەدا دیسان دەبێت هۆی بەرهەم هێنانەوەی کولتوری پیاو سالاری، بۆیەبەڕای من دەبێت بزوتنەوەی ژنان لە سەردەمی ئێستادا هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان لەپێناو وشیار کردنی ژنان لەمافەکانی خۆیان بخەنەگڕ و بەبردنەسەری ئاستی وشیاری کۆمەلایەتی ژنان،بزوتنەوەی ژنانی کوردستان گشتگیرتر لەجاران بەرەو پێش ببەن.

**پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزەو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بەناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیرورای گشتی و یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لەمافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زوڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بەژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

**شەونم هەمزەیی**: ئەو ڕێکخراوانەی ژنانە کە لەنێو حیزبە کوردیەکان پێک هاتوون هەرچەن رەوڵ و کاریگەری خۆیان هەیە بەلام بە داخەوە بەبەراورد لەگەڵ ئەو ئازادیەی وا هەیانە هێشتا نەیان توانیوە لە چەند بواردا هەنگاو جیدی هەڵبگرن، بۆ وێنە لەبواری توانا سازی ژنان دا کۆمەڵێک ڕێکخراوەی نێو نەتەوەیی هەن کەلەباری ئابوریەوە پشتگیری لەپرسی ژن لە ولاتە دواکەوتووەکان دەکەن بەداخەوە ڕێکخراوە سەربەخۆەکانی ژنان لەناوخوی رۆژهەلاتی کوردستان بەهوی مەسایلی ئەمنیەتی ناتوانن کەڵکی لێ وەر بگرن، ڕێکخراوەکانی ژنان لەنێو حیزبە کوردیەکان دەتوانن ببنەپردی پێوەندی ڕێکخراوەکانی ناوخو و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، کاریک کەتا ئێستا بەشێوەیەکی بەرچاو نەکراوە! دیسان لەباری توانا سازی ژنان ئەم ڕێکخراوانە بەنیسبەت ئەندامەکانی خۆیانیش تا رادەیەک کەم تەرخەمن و هێندیک نەریتی کۆنی کوردەواری هەن کەوەکوو تابۆ چاویان لێ دەکرێت و ئەم ڕێکخراوانە تا ئێستا نەیان توانیوە تابۆ شکن بن بەگشتی ئەم ڕێکخراوانە لەجیاتی ئەوەی دەستپێش خەر بن و بەکومەڵگا رێ نیشان دەر بن وەکوو هێندی

کەحیزبەکان لەجیاتی ئەوەی خەڵک بەشوێن خۆیاندا بێنن، خۆیان بەدوای خەڵک دەکەون و ئەمە بەقازانجی بزوتنەوەی ژنان نیە، لەباری کەڵک وەر گرتن لە مێدیایشەوە ئەم ڕێکخراوا نەهێشتا نەیان توانیوە کاریگەریکی ئەوتۆیان لەسەر کۆمەڵگا هەبێت.

**پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

**شەونم هەمزەیی**: زۆر جار ئەم ڕەستەمانە بیستووەکە: " ژنان نیوەی کۆمەڵگان" بەڵام ڕەنگە کەمتر ماناکەیمان لەبەرچاو گرتبێت بۆ نەتەوەیەکی ستەم لێ کروا کەهێشتا قۆناغی ڕزگاری نەتەوەیی تێپەڕ نەکردوە، پشت گوێ خستنی نیوەیەک لەکۆمەڵگا کەدایکی ئەو نێوەکەی تریشە دەتوانێت گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانیش تووشی ناکامی بکات. پرسی ژن لەکۆمەڵگەی کوردەواری زۆرتر لەوەی کەپرسیکی یاسایی و مافخوازا نەبێت پرسیکی کولتووریە، کلتووری هەڵەی پیاوسالار کەچەن هەزار ساڵەباڵی بەسەر کورد کێشاوە تەنیا بەهەوڵ و تێکوشانی ژنان بنبڕ نابن و دەبێ پیاوی کوردیش لەم پێناوەدا بۆ گەیشتن بەکۆمەڵگەیکی تەندرووست هەنگاو هەڵبگرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی مارچی ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## ژنان بەشداری بزووتنەوەی ژنان بن یان بزووتنەوی نەتەوایەتی؟

لەساڵانی رابردوو وڵام دانەوەبەم پرسیارەبووەتەجێ مشتومڕ و ناکوکیی نێوان چالاکانی ژنان و پیاوانی ناسیونالیستی کورد، بەشیکی زۆر لەپیاوانی ناسیونالیستی کورد و رەنگەی بەشێکیش لەژنانی چالاک لەبواری ژنان و نەتەوایەتی پێیان وایەگەلی کورد چۆن هێشتا قۆناغی رزگاری نەتەوەیی تێپەر نەکردوە، دەبێ هەموو هێزی و توانای کۆمەڵگەتەرخان بکرێت بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتیی و دەستەبەر کردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس، و هەرکات کورد بەمافەنەتەوایەتییەکانی گەیشت ئەوکات ژنانیش دەتوانن بەدوای مافەکانی خۆیاندا بچن، هاوکات بەشێکی زۆر لەژنانی چالاک و بەشدار لەبزووتنەوەی ژنان بەفاکت هێنانەوە لەهێندیک هەڵسووکەوت و قسەی رێبەرانی کورد کەتێدا سوکایەتی کردن بەژن دیارە لەو باوەڕە دان کە بزوتنەوەی ژنان بزوتنەوەیەکی جەماوەری کۆمەڵایەتییەکەدەبێ لەگەڵ رەوتی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگادا بەرەو پێش بچێت و مافەکانی ژنان تەنیا بەلابردنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر نەتەوەی کورد دەستەبەر نابێت و ئەو قسەی پیاوانی ناسیونالێست بەبەڵێنی سەر خەرمان دەزانن. بۆ ئەوەی کەبتوانین قەزاوەتیکی دروستمان لەهەمبەر ئەم بابەتەدا هەبێت، سەرەتا دەبێ پێناسەیەکمان لەبزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و پێشمەرجەکانی لەبەردەست هەبێت.

### بزوتنەوەکۆمەڵایەتییەکان:

لەزانستی کۆمەڵناسیدا هەر چشنە تێکوشانی هاوبەش بۆ گەیشتن بەئامانجی هاوبەش لەدەرەوەی پێکهاتەی دەسەڵات بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ناو دەگرێت. گەورەیی و چوکەیی بزووتنە کۆمەڵایەتییەکان بەپێ پێوەری ئەنداماکانیان بەراوەرد دەکرێت، بزووتنەوە چوکەکان ئەندامەکانیان رەنگەکەمتر لەسەد کەس بن لەحاڵێکدا کەهێندێک لە بزووتنەوەکان رەنگە ئەندامەکانی لەمیلیونها کەسیش تێپەڕێت.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەباری ئامانج و پێکهاتەدا بەسەر چەند بەش دابەش دەکرێن کەلەوانەدا دەتوانین بەبزووتنەوە کۆمەڵایەتییە رفورمیستییەکان، بزووتنەوە بونیات رۆخینەکان (بزووتنەوە ئینقلابییەکان) و بزووتنەوە رزگاری خوازەکان ئاماژەبکەین.

بزووتنەوە بونیات روخێنەرەکان هەروەک لەناوەکەیان دیار ئامانجیان گۆڕانی یەکجاری پێکهاتەی سیاسی یان کلتوری و کۆمەڵایەتییە، ئەم گۆڕانە لەناکاو و یەکجار بەچەشنیک کە گەیشتن بەئامانج، بەکارهێنانی توندوتیژیش پاساو دەدات ئەم بزووتنەوانە بەشۆرش کۆتای پێدێت و پێکهاتەی کۆمەڵگا دەگۆرێت.

بزووتنەوە رفۆرمیستییەکان زۆرتر بەدوای پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی نەرم لە کۆمەڵگادان، ئەم چەشنە بزووتنەوە گەلە جەخت لەسەر لابردنی نا بەرابەری و هەڵاواردن لەکۆمەڵگەدا دەکەن و بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ئامانجە بەرنامە و پرۆژەی درێژخاین دادەرێژن.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی، بەو دەستە لەبزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەوترێت کەئامانجیان لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و دابین کردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەستە، بزووتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەیی دەتوانێت بەشێوازیکی جەماوەری و مەدەنی روو بدات یان رەنگ و بۆنی چەکدارانە بەخۆ بگرێت وەیان تێکەڵاوێک لەهەر دووکیان بێت.

بەئاوڕ دانەوەیەک لەکۆمەڵگەی کوردستان بۆمان دەردەکەوێت کەبەپێی رەوتی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا لەیەک دوو سەدەی رابردوودا سەرهەڵدانی پرۆسەی نەتەوە - دەوڵەت، بەداخەوە کوردستان بوو بەقوربانی سیاسەتەکانی وڵاتانی زلهێز و لەسەرەتایی ترین مافی خۆی کەپێک هێنانی نەتەوە - دەوڵەتەبێبەش کرراو و وڵاتەکەی لەنێوان چەند نەتەوە - دەوڵەتی ساختە دابەش کرا، هەربەم هۆیەوە بزووتنەوەیەک لەکوردستان سەری هەڵدا کەئامانجی دابین کردنی مافەنەتەوایەتییەکانی گەلی کوردە، ئەم بزووتنەوە هەرچەند بزووتنەوەیەکی سەراسەری نییە و بەپێی دابەش بوونی خاکی کوردستان بزووتنەوەکەش دابەش کراوە، بەڵام لەهەر باردۆخێک دا ئەم بزووتنەوانەکاریگەریان لەسەر یەک هەبوو و بەخۆشیەوەرۆحێکی نەتەوەیی لەنێوان کوردان درووست بووە بەچەشنیک کەتاکیکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دڵخۆشە بە سەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد لەبەشەکانی دیکە و بەپێچەوانە.

ئەوەی کەلێرەدا جێ ئاماژەیە ئەوەیە کە بزووتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەیی پشت ئەستورە بەبڕیارە نێونەتەوەییەکان، لەبەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان مافی نەتەوەکان بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی، خودمۆختاری و مافی دیاری کردنی چارەنووس لەبەرچاو گیراوەو لەبەندی ۲ی مادەی ۱ی جاڕنامەی جیهانی رێکخراوی نەتەوەیە کگرتووەکان و هەروەها مادەی ۱ی پەیماننامەی نێونەتەوەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، جەختی لەسەر کراوە.

بەم پێیە بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەست بنەماییترین ماف، مافی دیاری کردنی چارەنووسەو بۆ دابین کردنی ئەم مافەرەوایە پێویستە کە رێکخستنیکی کشتگیر هەبێت کەهەمووی تاکەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوەهەر بەم هۆیە زۆربەی پارتە سیاسیەکانی کوردستانیش بۆ بەشدار کردنی ژنان لەخەباتی نەتەوایەتی بەش یان رێکخراوەیکیان تەرخان کردوەبۆ رێکخستنی ژنان، لەم سۆنگەوەئەگەر بڕوانینەئەم بابەتە دەتوانین بڵێن کەلەراستیدا بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەست، بزووتنەوەی دایک، بزووتنەوەی رزگاری خوازیەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەلەراستیدا دەتوانن وەکوو باڵێکی بەهێز لەبزووتنەوەی نەتەوایەتی رۆڵ بگێرن کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی خوێندکاری بکەین، هاوکات ئەگەر ئاوڕیک لەبزووتنەوەی ژنان لەکوردستان بدەینەوە دەبینین کە بزووتنەوەی ژنان لەکوردستان دەچێتەخانەی بزووتنەوە رفۆرمیستیەکانەوەو زۆرتر جەختی لەسەر لابردنی هەڵاواردن و نابەرابەریە، لەواقێعدا فمێنیزمی چەپی رادیکاڵ کەلە بزووتنەوەیەکی بۆنیات رۆخێنەوە ئامانجی شۆرشگێڕانەی هەیەو دەیهەوێ پێکهاتەی کۆمەڵگا لەگەڵ هەموو نۆرم و نەریتەکانی بگۆرێت، هێشتا هێچ رەنگدانەوەیەکی لەنێوان ژنانی کوردستان نەبووە، هەڵبەت لێرەدا مەبەست کاری گرووپیی و رێکخراوەییە دەنا رەنگە لە کوردستانیشدا تاک مان هەبێت کەباوەڕی بەفمێنیزمی چەپی رادیکاڵ هەبێت. بەم پێە داخوازیەکانی بزووتنەوەی ژنان لەکوردستان تا جێگەی کەبۆ ماف بگەرێتەوە دەتوانێت لەئەگری بەئاکام گەیشتنی خەباتی نەتەوایەتی لەچوارچێوەی یاسا و رێسایەکی دێموکراتیک دابین بکرێت لەم نێوانەدا ئەوشتەی کەدبێ لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە کێشەی ژنان لە کوردستان تەنیا و تەنیا بەپشت بەستن بەیاسا چارەسەر نابێت، کولتووری پیاوسالار کەهەزاران ساڵەباڵی بەسەر کۆمەڵگەی کوردی کێشاوەو بووتەنەریت و کولتوور شتێک نیەکەتەنیا یاسای شیاو بتوانێت بنبڕی بکات. هەرچەند پەسەند کردنی

یاسای شیاو کاریگەری هەیەبەڵام بەتەنیانی ناتوانێت هەموو مافەکانی ژنان گەرنتی بکات، پەس دەتوانین بڵێین ژنان لەرێکخستنی کۆمەڵگادا دەتوانن باڵی بەهێزی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد بن و دڵنیاش بن لەداهاتوودا و پاش دابین کردنی مافی چارەنووس داواکارییەکانیان دەستەبەر بێت بەمەرجیک:

١- رێکخراوەکانی ژنان ئەوەندە بەهێز و یەکگرتوو بن کەهەر لە ئێستاوە بەرنامەوەپرۆژەی یاساییان بۆی هەبێت و لەم پێوەندییەشدا لەگەڵ پارتەسیاسیەکانی کردستان رێکەوتنامەی ئیستراتژیک واژۆ بکەن و هەوڵ بدەن پارتەسیاسیەکانی کوردستان داخوازیەکانیان لەبەرنامە و پێرەوی خۆیاندا بگونجێنن.

٢- هاوکات لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی کار بکەن بۆ ئەوەی کەئاستی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان و پیاوان لەکۆمەڵگا بچێتەسەرەوە، هەتا ئەو جێگەیەک کەداب و نەریتی پیاو سالار لەکۆمەڵگەی کوردستان بسرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لە دروشمەوە تا کردەوە

هەروەک بۆ هەموومان ئاشکرایە گۆڕانو پێشکەوتنەکان لە کۆمەڵگادا بەردەوامن، لە دونیای پڕئاڵۆزیدا کە پێوەرەکان ئاوەژوو بوونەتەوەو ڕاستییەکان بوونەتە قوربانیی کاردانەوە نالەبارە مێژووییەکان. زۆر کێشەو مەسەلە هەن کە بەرۆکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگایان گرتووەو لەسەر یەک کەڵەکە بوون، یەکێک لەو کێشانە کە بۆتە کێشەیەکی سەردەمییانە کێشەی تایبەت بە مافەکانی ژنانە، کە وەک زۆر لە کێشەکان ئاڵۆز کراوەو لە ڕاستیدا لە ماهیەتی دابڕێنراوە.

لە سەردەمانێکی کۆنەوە ژن لە کۆمەڵگادا وەک مرۆڤ سەیری نەکراوە یان بە نیوەی مرڤ دانراوەو لە سادەترین مافەکانی بێبەش کراوە کە تا هەنوکەش لە زۆربەی وڵاتان ژنان لە چوارچێوەیەکی داخراو دەرنەچوونو ڕێگەی بەشداری لە هیچ چالاکییەکی سیاسیو کۆمەڵایەتییاندا پێ نەدراوەو زۆربەی کات مافی خۆهەڵبژاردنو زۆر جار مافی دەنگدانیشیان نەبووەوتەنانەت میراتیان بەرنەکەوتوە، لە کارو کارگەکاندا نیوەی مووچەی پیاوانیان پێدراوە. هەروەک بۆ هەموومان ئاشکرایە پاش ڕوودانی جەنگە جیهانییەکان کاتێک ژمارەی پیاوان ڕوو لە کزبوون بوو، ژنان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان پەنایان بۆ زۆر کارو کارگە بردوە کە زۆر بەشێوەیەکی ناشیرنو بە جیاوازییەکی زۆری ماددییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.

باسکردن لەو هەڵاواردنو جیاوازیدانانە کە دژ بە ژنان کراوە لەم مەجالە کورتەدا ناگونجێ، مەبەست لەم نووسینە ئەوەیە کە بزانین ئاخۆ گواستنەوی هەندێ کێشەو دەرئەنجام وەک پلانو دروشمو میکانیزم لە وڵاتێکی ڕۆژئاواوە بۆ وڵاتێکی دیکە تا چڕادەیەک لە گەڵ ڕاستیدا دەگونجێ؟

ژن لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا شۆرشی پەرپا کردو توانی تاڕادەیەکی بەرچاو مافەکانی خۆی لە چوارچێوەی یاساو ڕێساکانو هەروەها کەلتووردا مسۆگەر بکا. ڕەنگە نموونەی هەرەبەرچاوی ئەو شۆڕشە خۆپێشاندانی ژنانی شاری نیۆیۆرک لە ٨ی مارسی ساڵی ١٨٥٨ی زایینیدا بێ کە سەرەنجام ڕۆژی جیهانیی ژنانی لێ کەوتەوەو بوو بە هەوێنی زۆر ئاڵوگۆری دیکە لە ئاستی مافەکانی ژناندا. بەڵام لە وڵاتانی دوا کەوتوو یان لە حاڵی گەشەدا ژن هێشتا دروشم دەدا، لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا ژنان دابونەریتی دواکەتوویان گۆڕیو بوون بە داهێنەر، سیاسەتوان، ڕاوێژکارو تەنانەت سەرۆک کۆمار، بەڵام بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگاکەی دیکەدا ژن دروشم دەڵێتەوە، چۆتە مەیدانی کێشەکانەوە، پیاو ڕێگەی بۆ دادەنێ، ئەمانە هەمووی ئەوە دەگەیەنن کە هاوکێشەکان جیاوازنو بارودۆخەکە جۆرێکی دیکەیە.

لێرەدا مەبەستی من تەنیا کوردستان نیەو بەڵکوو وڵاتانی جیهانی سێیەمو خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتییە، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ژن حوکمداری دەکا، لە بەرهەمهێناندا بەشدارە، پلان بۆ چەند ساڵی وڵاتەکەی دادەنێ، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوودا

پرسی ژن بۆتە دروشمێک کە زۆرتر بواری پرۆپاگاندا دەگرێتەوەو بەردەوام لە ڕاگەیاندندا لە زمان پیاوانەوە دەگوترێتەوە، بەداخەوە لە کۆمەڵگە دواکەتووەکاندا مافەکانی ژنانو داکۆکیکردن لە ژنان تەنیا بووەتە سیمبولێک بۆ خۆبەرووناکبیردەرخستن، ئاخۆ ژمارەیەکی زۆر لەو چالاکو یەکسانیخوازانە تا چەند باوەڕیان بە دروشمەکانیان هەیە؟ لە بواری پراکتیکدا ئەو کەسانە تا چرادەیەک حازرن بۆ گەیشتنی ژنان بە مافەکانیان لە خۆبووردوویی نیشان بدەن. بە دڵنیاییەوە بە چاوخشاندنیکی کورت بە سەر ماڵپەڕە ئینترنێتییەکانو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕادەی پیاوانی بەناو داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان دەیان بەرانبەری ژنانی داکۆکیکارە، ئەوەی جێی پرسیارە ئەمەیە کە سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو چالاکە یەکسانیخوازە، چی بۆتە هۆی ئەوەی کە کێشەکانی ژنان هەر وەکوو جاران لە کۆمەڵگادا بەردەوام بن؟. بە پێی ئاکامی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان گەورەترین لەمپەڕی بەردەم ژنان بیرۆکەی زاڵی پیاوسالار لە سەر کۆمەڵگایە. پرسیار ئەوەیە ئاخو چەند لەسەدی پیاوانی بە ناو داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان، دایک، خۆشک یان ژنەکانیان لە پرۆسەی سیاسی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن؟

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانرێ کە گرینگیدان بە کێشەی ژنان گرینگیدانە بە نیوەی مرۆڤایەتی، کە بۆ ئەوە کارو پلانو خەمخۆری پێویستە، چارەسەری ئەم کێشانە بە دروشمو هیواو ئاواتخواستن تەواو نابێ، پێویستە بزانرێ کە کێشەو گرفتی کۆمەڵگایەک تا کۆمەڵگایەکیدیکە جیاوازە. هەروەها دەبینین زۆر ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان هەن کە داوای مافەکانی ژنان دەکەن، بەڵام ئاخۆ تا چەند لە چوارچێوەی دروشم هاتوونە دەرەوە، تا چەند توانیویانە کاریگەری لەسەر گۆڕینی بیرورا دواکەتووەکانو بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگیی تاکەکان کە چارەسەری سەرەکی زۆربەی کێشەکانە دابنێن. ئەگەرنا گوتنەوەی دروشمی وڵاتانی دیکە خزمەتێک ناکا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە سوود لە ئەزموونی کۆمەڵگاکانی دیکە وەرنەگرین، یان کێشەی لەیەکچووومان نیە، بەڵام هەر کێشەیەک لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازەو هەریەک دابونەریتو توانای خۆی هەیە.

ڕەچاوکردنی ئەمانە هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگیو هۆشیاری لە کۆمەڵگادا، سەرەنجامیش بۆ بەرەوپێشچوونی هەموو پرۆسەکان لەبارەی خزمەتکردن بە نیوەی کۆمەڵ.

لە ژمارە ٦٠٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٣

---------------------------------------------------

# ئێران و هاوسەرگیری لە تەمەنێکی نەگونجاودا

هەر کۆمەڵگایەک خاوەنی کۆمەڵێک نەریتی جوان و بەجێیەکەوەک میراتێک بۆ ئەو نەتەوەو کۆمەڵگایەدەمێنێتەوە، لە پاڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک نەریت و سوننەتی نابەجێ و کۆن لەنێو بیرکردنەوەو مێشکی کەسانی نێو کۆمەڵگادا دەبن بە پێوەری ژیانی کۆمەڵایەتی. کەم نین ئەو سوننەتەخراپانەی کەتا ئێستاش کۆمەڵگای ئێمە نەیتوانیوە لەیەخەی خۆی بکاتەوەو هەروا ئاکامی خراپ و ناخۆشی چ بۆ ئێستا و چ بۆ داهاتوو لێ دەکەوێتەوە.

بۆ هەموو لایەکیش ئاشکرایە کەخێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتیەو کۆمەڵگای لەسەر دروست بووە، مرۆڤ و ژیان پێویستیان بە هاوسەریەتی هەیە، مرۆڤ دەبێ ئازاد بێ لەهاوسەر گرتن، بەشێوەیەک کەئیرادەی خۆی تێدا بەرجەستەبکات، چونکە لەبنەڕەتدا هاوسەرگیری بریتیەلە یەکگرتنی ئیرادەی ژن و پیاوو رەزامەندیان لەسەر پێکهێنانی خێزان.

یەکێک لەو سوننەتانە بەشوودانی کچان بێ ویستی خۆیان و لەتەمەنێکی نەگونجاو دایە، کەهاوسەرگیری کچان و کوڕانی خوار تەمەنی قانونی لەزۆربوون دایەو بۆتەقەیران و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بە پێی ئامارەکان بەردەوام لەتەشەنەکردن دایە.

یەکێک لەو شتانەی کەپێویستە باسی بکەین باوەڕێکی ناشیرینە کە بەشێک لەخەڵکی ئێمەخوویان پێوەگرتووە بە پێی ئەم باوەڕەڕێگەنادەن کچەکانیان وەک کوڕان درێژە بەخوێندن بدەن و پێیان وایەدەبێ لەتەمەنێکی زوودا ژیانی هاوسەری پێک بێنن و کاروباری ماڵان بکەن و بەواتایەک ژنیان نەگوتوە خوێندن وکار کردن لەدەرەوە، کەدەتوانین ئەوەزیاتر بگەڕێنیەوە بۆ هەژاری بنەماڵەکان کەلەجیاتی ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە ڕەوانەی ماڵی شوویان دەکەن یان کچەکانیان دەفرۆشن، کە زۆر جار لەم نێوەدا ژمارەیەکی زۆر کچ هەن کەبەپلەیەکی باش لەخوێندن دەرچووەو ڕێگەیان نەداوە درێژە بەخوێندن بدا، پێیان گوتووە کەزوتر شوو بکا چونکە خوێندن بۆ ژنان بێکەڵکە. وەبەپێێ زۆرێک لەلێکۆڵینەوەو ئامارەکان دەرکەوتووە کەلەم دواییانەدا جگەلە کچان ژمارەی ئەو کوڕانەش زیادی کردووە کەلە تەمەنی خوار (١٠) ساڵی هاوسەرگیری دەکەن.

هەرچەندە حاشا لەوەناکرێ کەئەوە لەکۆنەوە لەکۆمەڵگادا هەبووەو ئێستاش ماوەتەوە، بەڵام بەشێکی ئەو باوەڕە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر وڵاتەکەمان وای کردوە بچێتە نێو بیرو زەینی خەڵکەوە.

کەبە پێێ زۆرێک لەئامارەکانی ئیدارەی سەبتی ئەحواڵ(دەزگای تۆمارکردنی لەدایک بوون و هاوسەرگیری و تەڵاق) ژمارەیەکی زۆر لەکچان و کوڕانی ژێر تەمەنی یاسایی هاوسەرگیریان کردووە.

وەهەر لەم بارەوە یەکێک لەئەندامانی ئەنجومەنی پاراستنی مافی منداڵانی ئێران دەڵێت، ژمارەی هاوسەرگیری لەتەمەنێکی کەم داو

بەزۆر بەشودانی کچان بێ خواستی خۆیان و لەتەمەنێکی نەگونجاودا، بەردەوام لەگەشەکردن دایەو مەترسیەکی گەورە لەسەر داهاتووی کۆمەڵگای ئێران دروست دەکات.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرجنجە کەلەیاسای کۆماری ئیسلامیدا ڕێگە دراوە کە منداڵانی خوار تەمەن (١٠) ساڵ هاوسەرگیری بکەن بەسەردانی کردنیان بۆ دادگا، کە لەدادگادا بەشێوەیەکی فەرمی ئەم هاوسەرگیریانە ئەنجام دەدرێت.

هەروەها لەیاسای کۆماری ئیسلامیدا، هیچ ماددەیاسایەک نیەکەڕێگر بێت لەبەردەم بەزۆر بەشودانی کچان و هاوسەرگیری کچان و کوڕانی خوار تەمەنی یاسایی، کەبەردەوامیش دەزگاکانی پاراستنی مافی منداڵان داوا دەکەن کەڕێو شوێنی گونجاو لەم بارەوەبگیرترێتەبەر.

کەئەگەر بێت و ئاماژەیەک بەیاسا جیهانیەکان بکەین چەندین خاڵ ڕەچاو کراوە لەهاوسەرگیریدا، کەبەهیچ شێوەیەک لەیاساکانی کۆماری ئیسلامیدا کاری لەسەر نەکراوە ئەوانیش:

- بەپێی یاسا کاتێک هاوسەریەتی دروست دەبێت کەبەرەزامەندی هەردوو لا (واتەکچ و کوڕ) بێت و زۆرەملێی تێدا نەبێت.

- تەمەنی هاوسەریەتی لە(١٥) ساڵ کەمتر نەبێت، لەڕووی یاساییەوە هاوسەرگیری دروست نابێت ئەگەر لەو تەمەنەکەمتر بێت.

بەپێی ئامارەکان بەزۆری ئاماژە بەوە کراوە کەزیاتر بڵاو بوونی ئەم دیاردانە لەباشوری ئێران بەربڵاوە واتە ناوچە گەرمەسێرەکان ئەویش بەهۆی زوو باڵغ بوونیانەوە، کە بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، زۆر جاریش هۆکاری ئەمە دەگەڕێندرێتەوە بۆ پەیوەندی سێکسی ناشەرعی کەلەزۆرێک لەم ناوچانەدا لە تەشە نەسەندن دایە. یان لەهەندێ گوند و شارەکانی ئێراندا هاوسەرگیری هەیە کەلەلایەن مەلاکانەوە لەسەر کاغەزێک دەنوسرێت و لەپاشان لەشوێنی فەرمی تۆمار دەکرێت.

لەهەندێ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەدا کەلەسەر چەندین شاری پارێزگاکانی بوشەهر و بلوجستان و سیستان و خوزستان و لورستان کراوە، دەرکەوتووە کە ژمارەی هاوسەرگیری کچان و کوڕانی لەم تەمەنەدا لەزیاد بووندایە، وە بەداخەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەم لایەنەوە پشکێکی زۆری بەرکەوتووە بەتایبەت لەپارێزگاکانی ئیلام و لورستان و گەلێک ناوچەی تر.

جگە لەهەموو ئەوانەی کەباس کرا قەیرانی ئابوری و بێکاری، نەتوانینی دابین کردنی بژێوی ژیان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی بەزۆر بەشودانی کچانە کە لەبەرامبەر بڕێکی پارە کچەکانیان دەفرۆشن و بێ ویست و ئارەزووی خۆیان لەتەمەنی زۆر نەگونجاودا هاوسەرگیریان پێ دەکەن.

هەمووی ئەم جۆرە کردەوانە دەرحەقی کچان و کوران لەکۆمەڵگادا دەبێتە هۆی ئەوەی کەئەوان نەتوانن لەژیانی هاوسەری دا

سەرکەوتوو بن و ژیانێکی زۆر ناخۆشیان لەگەڵ مێرد و منداڵەکانیان لەداهاتوو دا هەبێت. ڕێژەی کەسانێک کەبەهۆی ئەو شتانەوە ژیانیان لێک دادەبڕدرێ و ناتوانن درێژە بەژیانی هاوسەری بدەن بەباشی ئەو راستیە دەسەلمێنن کەئەو کارانە نەتەنیا ناتوانێ خزمەت بەمنداڵەکان بکا بەڵکوو غەدرێکی گەورەیە کە بنەماڵەکان لەکچەکانی مندالەکانیان دەکەن و لە پاڵ ئەوەش زەبرێکی گەورە لە کۆمەڵگاکەیان دەدەن. کاتێک کچ و کوڕێک بێ ئەوەی هیچ هەستێکیان بۆ یەک هەبێت یان ئەوەی کەلەرووی هێندێک پێوەری دیکەوە کە بنەماڵەکان بەسەریاندا دەیسەپێنن بچنە نێو ژیانی هاوبەشیەوە دەبینین کەئەو ژیانە ژیانێکی پڕ لەبێ هیوایی و رق و قین و ناخۆشی دەبێت.

دەرئەنجامی ئەوانە هەمووی کێشەی کۆمەڵایەتی زۆری لێ دەکەوێتەوە، کەزۆر لەدەروونناسان پێیان و وایەزۆرینەی ئەوانەی توشی نەخۆشیە دەرونیەکان دەبنەوە هاوسەرگیری کچانی منداڵ لەگەڵ پیاوانی بەساڵاچووە، کەزۆر کێشەی وەک لێکترازانی خێزانەکان و هەروەها زیادبوونی دیاردەی لەشفرۆشی و خۆکوشتنی لێ دەکەوێتەوە، کە بەداخەوە دەبینین ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیەن لەزیاد بووندایە، واتە لەگەڵ بەرز بوونەوەی ئاماری هاوسەرگیری لەئێران دا ئاماری تەلاقیش بەرزبوونەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها خاڵێکی تری کەجێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە لەم نێوەدا کچانی منداڵ زیاتر کاریگەری خراپ لەسەریان دەبێت ئەویش بەهۆی منداڵ بوونەوە، چونکە لەوانەیە توانای جەستەیی لەو تەمەنەدا بۆ منداڵ زەحمەت بێت کەزۆر جار گیان لەدەست دانی دایکەکەی لێ دەکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپا - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوولای ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## ژن و خراپی ڕەوشی ئابووری لە ئێران دا.!

ئابووری و دابینکردنی بژێوی ژیان یەکێک لە پێداویستیەکانی سەرەکی هەموو مرۆڤێکە، هەموو مرۆڤێک بۆ مانەوە و بەردەوامی لە ژیان و گوزەرانی باش پێویستە لە لایەنی ئابوورییەوە بێ گرفت بێ و بژێوی ژیانی بە ئاسانی دابین بکا.

گومانیش لەوەدا نیە، کە بەهێزی سیستەمی ئابووری لە هەر وڵاتێکدا کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر بەرز کردنەوەو بەهێز کردنی ئاستی خۆشگوزەرانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە.

لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان و ئەو وڵاتانەی بەرەو گەشە و پێشکەوتن دەچن، لە ڕێگای بەرنامەگەلی گونجاو و بێ هەڵاواردن و نایەکسانی ڕێگا بۆ ئەوە خۆش کراوە کە هەموو مرۆڤێک بتوانێ ژیانی خۆی دابین بکا، هەموو خەڵک هیوایان بەوە هەیە کە ئەگەر ڕۆژێک تەمەنیان گەیشتە ئەو ئاستەی توانایان نەمێنێ، لەلایەن دەوڵەتەوە پێیان ڕابگەن و کێشەیەکیان لە ژیان دا نەبێ.

مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ لە باری ئابووریەوە سەربەخۆ بێت پێویستیی بە کارو هەڵسووڕان هەیە، جا ئەگەریش بە هەر هۆیەکەوە ڕێگای ئەوە نەبێ کار بکا یان لە سەر کارەکەی دەرکرابێ و تووشی هەر گرفتێک بووبێ دیسانیش مافی خۆیەتی کە لەلایەن قانوونەوە پشتیوانی لێ بکرێ و ژیانی دابین بێت.

ئەمە شتێکە کە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان و ئەو وڵاتانەی دەسەڵاتی دادپەروەری لەوێ حاکمە لەبەرچاو دەگیرێ و تا ئەو جێگایەی ڕێگە هەبێت بوارەکان بۆ خۆش بژێوی خەڵک ئامادە دەکەن.

بە پێچەوانەی هەموو وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، کە لەواندا دەسەڵاتی خەڵک سەروەرە، لە زۆربەی وڵاتانێک کە دیکتاتۆری بە سەر خەڵکدا زاڵە و دەسەڵات بۆ پتەوکردنی جێگە و پێگەی خۆی، خەڵک بە هەموو شێوەکان مافی خەڵک پێشێل دەکا، ئابووری و خراپبوونی باری ژیان گەورەترین کێشەیەکە کە سەرەڕای کێشە و گرفتەکانی دیکەی خەڵک بەرۆکی ئەوان دەگرێتەوە.

وڵاتی ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە، کە دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ لەوێ حاکمە و ئەو دەسەڵاتە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ هیچ چەشنە مافێکی خەڵک و نەتەوەکانی نێو ئێران بۆ ئەوان بەڕەوا نابینێ و پێشێلی دەکا.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئاوڕدانەوەیەکە لە ژنان لە کۆمەڵگای ئێران دا، کە لە سەرەتاییترین مافەکانی ژیانیان بێ بەشن، یەکێک لەو مافانەش سەربەخۆ نەبونیان لە بواری ئابووریدایە، هەرچەندە تا ڕادەیەک ژنان هەوڵیانداوە ڕووبەڕووی بەربەستەکان ببنەوە، بەڵام لە هەمانکاتێشدا هەوڵەکان بۆ ڕێگە گرتن لە پێشکەوتنیان بەردەوامە.

لێرەدا دەتوانین بێبەشبوونی ژنان لەو مافە لە کۆمەڵگایەکی وەک ئێران دا بگەڕێنینەوە بۆ زۆر هۆکاری وەک، ڕێگریە کلتوریەکان و سیستەمی پیاو سالاری، چونکە ئاشکرایە کە بەهێز بوون لە رووی ئابووریەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە بوونی دەسەڵاتەوە، ئەوەش لە کۆمەڵگای دواکەوتووی ئێمەدا بۆ ژنان نەرەخساوەو هەموو کات ئەم پێگانە بە پیاو دراوە.

دەتوانین هۆکارێکیدیکە بگەڕێنینەوە بۆ سەرقاڵی بەردەوامی ژنان بە کاروبارەکانی ناو ماڵ و منداڵ بەخێو کردن، ئەو کارانەی؛ کە لە ڕووی ئابووریەوە پێگەیەکی بەرزیان نیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە هەر لە سەرەتاوە ڕێگریکراوە لەبەردەم ژنان بۆ ئەوەی بخوێنن و بڕوانامەی بەرز بەدەست بهێنن و شوێن و پێگەی خۆیان لە ناو کۆمەڵگادا باشتر بکەن.

خراپی باری ئابووری زۆرجار بەردەوام کێشەو گرفتی تاکەکانی لە دوایە، بە تایبەت ژنان لە کۆمەڵگایەکی وەک ئێران دا هەموو کات قوربانی یەکەمن.

خراپی بژێوی ژیان زۆر جار هۆکارێک بووە بۆ پەنا بردنە بەر گەلێک کاری نەشیاوو لە توانا بەدەر. بۆ نموونە پرسی ژنانی کۆڵبەر لەئێران دا بە تایبەت لە کوردستان پرسێکە کە بە داخەوە زۆر کەمتر لە لایەن چالاکانی مافی مرۆڤ ئاوڕی لێدەدرێتەوە، ئەو ژنانە کە زۆربەیان لە ناوچە سنووریەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت لە شارەکانی مەریوان، شنۆ و پیرانشار بە کۆڵبەریەوە خەریکن، زۆربەیان بە تاوانی ئەوەی کە سەرپەرشتیی بنەماڵەکانیان دەکەن و بژێوی ژیانیان دابیندەکەن، مەترسیگەلێکی زۆریان لە سەرە، هیچ چەشنە مافێک بۆ ئەوان و بنەماڵەکانیان لە بەر چاو ناگیرێ و هیچ یاسایەکی کۆماری ئیسلامی پشتیوانیان لێناکا، کە ئەگەر لە لایەنی مافناسیەوە لێک بدرێتەوە و چاو لە هەڵسووکەوتەکانی دەسەڵات لەگەڵ ئەم جۆرە ژنانە بکەین، لە چوارچێوەی هیچ پەیمانێکی جیهانیی و ناوچەیی مافەکانی مرۆڤدا نابیینین.

چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو ژنانە بە کۆڵبەریەوە خەریک بن؟، ئەوە زۆر روون و دیارە و زەقترین هۆکاری، ئاوڕ نەدانەوەی دەسەڵاتی ئێران لەوانە.

ئەگەر ئەوان دەلاقەیەکی روونیان لە لایەن دەسەڵاتەوە بۆ بەڕێوبردنی ژیانیان بۆ دابینبکرێت هیچکات ئامادە نین ئەو هەموو مەترسیە گیانیە قبووڵبکەن و بۆ بە دەستهێنانی پاروویەک نان بۆ منداڵەکانیان، بارێکی قورسی سیگار یان هەر شتێکی دیکە بە کۆڵ تا ڕێگایەکی دوور هەڵگرن.

جگە لەمانە دەتوانین ئاماژە بە زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و لێکترازانی خێزانەکان بکەین کە دیسانەوە زۆر کات خراپی باری ئابووری کاریگەری بەرچاوی هەیە، پیاوانێک کە لەوانەیە توانای کار کردنیان نەبێت، یان ئەو کارەی دەیکەن لە ئاست پڕ کردنەوەی ئاستی بژێوی دا نەبێت و لە هەمانکاتیشدا هاوکاری هاوژیانەکانیان کە ژنانە نیە.

ئاماژە کردن بە زیادبوونی ژمارەی لەشفرۆشان لە کۆمەڵگای ئێراندا نمونەیەکی دیکەی خراپی ئابووریە، کە بەهۆی بێکاریەوە بەرۆکی

زۆرێک لە ژنانی گرتووەو بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان پەنایان بۆ ئەم دیاردە ناشیرنە بردووە،هەروەها زیادبوونی ڕێژەی توشبووانی ژن بە ماددە هۆشبەرەکان و زیاد بوونی نەخۆشی ئایدز دیسانەوە دەتوانین بە یەکێک لە هۆکارەکانی خراپی باری ئابووری دابنێین.

هەموو ئەو هۆکارانەی، کە باسکرا هۆکارێکن بۆ لاواز کردنی ژن لە کۆمەڵگادا، کە ئەمە لە داهاتوودا کاریگەری خراپ لەسەر کۆمەڵگا دادەنێت، هەروەها کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر سیستەمی ئابووری، چونکە بۆ ئەوەی سیستەمێکی ئابووری سەرکەوتوو هەبێت پێویستمان بە هێزی کار هەیە لە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ بە بێ جیاوازی تاوەک و بتوانرێت سیستەمی ئابووری بەرەو گەشەسەندن بڕوات.

لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەم کە لە گرنگترین ئەو مافانەن کە لە ڕووی ئابوورییەوە بە ژنان دراوە:

- مافی کار کردنی ژنان بە دەستکەوتنی کرێ  بە یەکسانی لەگەڵ پیاو.
- کار کردن لە پێناو نەهێشتنی بازرگانیکردن بە ژنان و بەکارهێنانیان لە کاری بەدرەوشتی.
- مافی ژن بە یەکسانی لەگەڵ پیاو لە کار کردن و هەڵبژاردنی کار.

ئەمانەوە چەندین خاڵی دیکە، بەڵام دەڵێم ئاخۆ لە یاساو دەسەڵاتی پڕ لە هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ژنان لە کام یەکێک لەو مافە سەرەتایانەی، کە مافی هەر تاکێکی کۆمەڵگایە بەشدارە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە  -  ڕێکەوتی: ٢٤ی جوولای ٢٠١٣

-------------------------------------------------

## خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی مافی بێ ئەملا و ئەولای هەر مرۆڤێکە

زمان سەرەکی ترین پێناسەی هەر مرۆڤێکە و یەکەم دەرگای پێوەندی مرۆڤ لە گەڵ دونیای دەرەوەیە، مرۆڤ بۆ یەکەم جار توانی لە ڕێگەی زمانەوە ڕاو بیروبوچوونی خۆی دەربڕێت و ژیانی بە کۆمەڵ بۆ خۆێ ئاسان بکاتەوە، فێربوون، فێرکردن و داهێنان لە ڕێگەی زمانەوە پەرەی گرتووە دونیای سەردەم تا ئەم قۆناغە گەشەی پەیدا کردوە.

لەم نێوانەدا هەر کۆمەڵ و کۆڕێکی مرۆیی لە دونیادا بۆ خۆی زمان و پێناسەی خۆی هەبووە کە گوزەرانی زمانی و داگیرکاری بۆوەتە هۆی ئەوەی بەشیکی زۆر لە ئەم کۆمەڵە مرۆییانە بە لە بیر کردنی زمانی خۆیان لە کەلتوور و زمانیکی دیکە بتوێنەوە و تەنانەت لە مێژوێشدا هێچ ناوو نیشانیکیان لێ نەمێنێت.

ئەو کۆمەڵە مرۆییە کە توانیانە بە هەوڵ و تێکوشانی خۆیان تا قۆناغی ئێستا زمانەکەیان بپارێزن هێشتا مەترسی لە ناوچوونی زمانەکەیان هەر هەیەوە سیاسەتی توانەوەو ئاسمیلاسیون هێشتاش هەر لەلایەن نەتەوەکانی باڵا دەست بەرانبەر بە کۆمەڵە نەتەوەیی و ئیتنیکییەکانی ژێر دەست بەرێوە دەچێت.

هەر بەم هۆیەوە کۆمەڵگەی جیهانی بە هەست پێ کردن بەم مەترسیە بە دەر کردنی دەیان بڕیارنامە و کونوانسیون مافی پاراستنی زمان و کەلتوری کەمە نەتەوەکانی بە فەرمی ناسیوە،ڕێکخراوەی یونیسکۆ کە بەشێکە لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دانیشتنی گشتی خۆی لە ساڵی ١٩٩٩ی زایینی ڕۆژی ٢١ فوریەی بۆ پەرە بێدان بە فرەچەشنی کولتوری و زمانی لە جیهان، بەناوی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی دیاری کردوەو ئەم ڕۆژە دەرفەتیکی تا ئەو کۆمەڵە نەتەوەییانەی وا زمانەکەیان لە مەترسی لە ناوچوونە خۆیان بە دونیا بناسێنن و دەنگی ماف خوازی خۆیان بەرز بکەنەوە، جگە لەم ڕۆژە، مافی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی لە بەڵگە و دیکۆمێنتە نێونەتەوەییەکان وەکوو مەنشوری زمانی زگماکی، مادەی ٤ی جاڕنامەی جیهانی مافی کەمینە نەتەوەیی، زمانی،ئایینی، کەلتورییەکان، مادەی ٣٠ی کونوانسیونی مافی منداڵان و مادەی ٢٧ی جارنامی گەردونیی مافی سیاسی، مەدەنیی و... جەختی لە سەر کراوە.

بێبەش بوون لە مافی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی و خوێندن و نوسین بە زمانی بێگانە دەبێتە هۆێ پەرەگرتنی بێسەوادی و کەم سەوادی لە کۆمەڵگە و دواکەوتووی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی بە دوای خۆی دێنێت.

منداڵانێک کە ناچار دەبن بە زمانیک جگە لە زمانی زگماکی خۆیان لە قۆتابخانە دەرس بخوێن زۆرتر لە مندالانی دیکە تووشی بێزاری لە خوێندن دەبن. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، مافی خوێندن و نووسین بەزمانی کەمە نەتەوەکانی غەیرە فارس

لە یاسای بنەڕەتی بە فەرمی نەناسراوە و تەنیا لە لە ئەسڵی ١٥ بە خوێندن و نووسینی کەمەنەتەوەکان لە پەراوێزی خوێندن و نووسین بە زمانی فارسی ئاماژە کراوە.

پشت گوێ خستنی ئەم مافە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیەوە بۆتەوە هۆی ئەوەی کە پارێزگاکانی پەراوێزی ئێران کە شوێنی نیشتەجێ بوونی کەمە نەتەوەکانی ئێرانە زۆرترین رادەی بێ سەوادی و کەم سەوادی بە خۆیەوە ببینێت و هاوکات لە گەڵ ئەوە ئەم ناوچە گەلە زۆرترین رادەی دواکەوتویی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی یان هەبێت.

بە پێ ئاماری سەرچاوە حکوومییەکانی ناوخۆی ئێران کە بەردەوام لە گۆرانکاریدایە ٤٠ میلیون نەفەر لە ٦٧ میلیون دانیشتویی ئێران یان نەخوێندەوارن یان خوێندەواریان لە ئاستی سەرەتاییە کە زۆربەیان دانیشتوویی پارێزگاکانی بەلووچستان، کوردستان و خوزستان و خوراسانن. هەر ئەو ئامارە جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە زۆرترین رادەیبێکاری، ئیعتیاد و دواکەوتوویی سیاسی کۆمەڵایەتی تایبەت بەم پارێزگایانەیە.

چاوخشاندنیک لەو ئامارانە دەرخەری ئەو راستییە کە دەسەڵات لە ئێران نەتەنیا هێچ هنگاوێک بۆ فەرمی ناسیینی و بە کار کردنی خوێندن و نووسینی کەمە نەتەوەکان هەڵ ناگرێت بەڵکوو بە دەیان بەرنامەو پیلانی دارێژراو خەریکە کەمە نەتەوەکانی ئێران ژینوسایدی سپی دەکاو بە ئاسمیلاسیونی زمانی و کەلتووری هەوڵ ئەدات زمان و کولتوری ئەوان لە ناو ببات.

بێ بەشی منداڵانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆێندن و نووسین بە زمانی کوردی هەرچەند دەبێتە هۆی کەم بوونەی ئۆگری ئەوان بە فێر بوون و زانست بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە بە گشتی زمانی کوردی روبەروی مەترسی لە ناوچوون دەکات تا رادەیەک کە بنەماڵەکان بۆ کەم رەنگ کردنەوەی بێزاری منداڵەکانیان لە خۆێندن تەسلیمی سیاسەتی پیسی کۆماری ئیسلامی بوون و تێدەکۆشن لە منداڵیەوە لە گەڵ منداڵەکانیان فارسی قسە بکەن.

لە هەلوومەرجی ئێستادا بە تایبەت لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان کە ئاسمیلاسیون زمانی پڕڕەنگترە دەبێ میدیا کوردیەکان، ئەحزاب و چالاکانی مەدەنی لە ناوخۆی کوردستان زۆرتر لە جاران هەوڵ بدەن کە بنەماڵەکان ئاگا بکەنەوە و زمانی کوردی لە مەترسی لە ناوچوون بپارێزن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

---------------------------------------

# پەروەردە لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا

١- هەر سیستەم یان حیزبێک کە بەرنامەی بەڕێوەبەری وڵاتی هەبێ، دەبێ ئاستی پەروەردەی کۆمەڵگا لە بەرچاو بگرێ پاشان پلانی بۆ قوناغی پێکهێنانی گۆڕان هەبێ. بە تایبەت لە کۆمەڵگا نەریتییەکان، کە باس لە کۆمەڵگای نەریتی و عەقڵی خێڵەکی دەکرێ یەکەم پرس کە دەبێ گۆڕانی بە سەردا بێت لایەنی پەروەردە وفەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایەیە. کۆمەڵگای نەریتیش بە بێ پلان و پەروەدەی زانستی ئەستەمە بتوانێ کێشەی پەروەردە و قوناغی تێپەڕ بوون بە پێی ویستی سەردەمیانە تێپەڕ بکا، چونکە پەروەدرە بە هەر شێوەیەک بێت شتێکی زانستی و تایبەت بە سەردەمی مودێرنە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە یەکەمین یەکەی سیاسی مودێرن بووە لە کاتی دامەزراندنی لە هەموو کوردستان، لە کۆمەڵگایەک دەست بە چالاکی سیاسی خۆی دەکا، کە ئەو کۆمەڵگایە وەک باقی بەشەکانی دیکەی ئێران نامۆ بووە، ژیانی مودێرن کە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگایەکی مرۆیی دەگرێتەوە، هەر بۆیە ئەو حیزبە بە پێویستی زانیوە سیاسەتی پەوردەی تایبەتی هەبێ بۆ ئامادە کردنی کۆمەڵگای کوردستان بۆ دەسپێکی ژیانێکی نوێ کە سیمای کۆمەڵگا بگۆڕێ.

دامەزرانی حیزبی دێموکڕات لەسەر بنەمای بەڕێوەبردن، بیری نیشتمانی و ئیدارەدانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بوو لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان،بۆیە لە یەکەم ڕۆژەوە ئەو حیزبە بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت دامەزرا، بە زووترین کات کەوتە واری دروست کردنی دامەزراوە نیشتمانیەکانی وەک سوپا. خوێندنگە، وەزارەتەکان... هەر ئەوەشە وای کرد لە ماوەی ١١ مانگی تەمەنی گەشەو جوڵە بداتە کەرتە جیاوازەکانی سیاسی، کلتوری و ئابوری. بە شێوەیەک جێلێک کە ئەو سەردەمەیان دیوە چەندین دەیە دواتریش لە بژاردە هەرە باڵاکانی نەتەوەی کورد هەژمار دەکرێن و بە جۆرێک هێژمۆنی کۆمار و گوتاری حیزبی دیموکرات دوای ٧٠ ساڵ لە دامەزران بە سەر هەموو ڕەهەندەکانی بیرکردنەوەی تاکەکانی جڤاتی کوردستانی دیارە. بە شێوەیەک نووسینەوەی مێژووی سەدەی هاوچەرخی کوردستانی گەورە و ئێران بە بێ نێو هێنانی حیزبی دیموکڕات، نووسێنێکی ناتەواو دەبێ.

٢- بەرنامەو سیاسەتی پەروەردەی حیزبی دێموکرات کە دواتر کۆماری کوردستان وەک فۆرمی پێشکەوتووتری ئەو حیزبە، ئەو بەرنامەگەلە جێ بە جێ دەکا، دەتوانێ وەک دەسکەوتێکی سیاسی و مێژوویی ڕەنگ بداتەوە. لە یەکەم هەنگاوەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە بواری پەروەردە دیاری کردن و دانانی لێژنەیەکی پەروەردەیی بووە بە سەرۆکایەتی برایم خانی نادری، بە مەبەستی دانان و دەستنیشان کردنی کتێبە دەرسییەکان،و بۆ ئەو مەبەستە کەڵک لە مامۆستاکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک مامۆستا قانیع وەرگیرا.

لە سەردەمی کۆمار دانانی چەند مەدرەسە لە نێویان دا یەکەم مەدرەسەی کچانە لە ئاستی کوردستان دەستپێشخەرییەک بوو، چەندین لاو ئەو سەردەم بە مەبەستی خوێندن ڕەوانەی سۆڤییەت کران کە دواتر ١٣ کەس لەوانە گەیشتنە ئاستی زۆر بەرزی خوێندن، زمانی کوردی بۆ یەکەم جار بوو بە زمانێکی فەرمی و مندالانی کورد بە زمانی زگماکی خۆیان قوتابخانەیان بۆ کرایەوە.

قۆناغی دووەمی پەروەردە لە دوای ساڵی ٥٨ بە دامەزرانی مەدرەسەکانی شۆڕش لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دەست پێدەکات،بە دابین کردنی مامۆستاو بە چاپ گەیاندنی کتێبەکانی خوێندن لە لایەن حیزبی دێموکڕات، کە دەیان هەزار قوتابی و سەدان مامۆستا بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ پەروەردەی کوردییان بینی بە شیوەیەک بوو بە سەرەتای فێربوونی گشتگیری زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت لە ناوچە سنوریەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٣- کە باس لە چۆنیەتی دامەزراو و ئامانجی حیزبێکی سیاسی دەکرێ، دەبێ بەو شێوەیە پێناسە بکرێ، کۆمەڵی مرۆڤی خاوەن فکر و ئامانجی هاوبەش بە مەبەستی بەڕێوەبردنی وڵات. بەڵام ئەوان بە تەنیا ناتوانن کۆمەڵگا بەو شێوەیە کە مەبەستە بەڕێوە ببەن هەر بۆیە پێویست بە هەبوونی فەرهەنگی بەرز و پەروەردەی زانستی هەیە کە بتوانێ خۆێ لەگەڵ چەمکە مودێرنەکان ڕێک بخا، بە مەبەستی دەرباز بوونی کۆمەڵگا لە فەرهەنگی نەریتی. پێشەوا قازی محەممەد کە تایبەتمەندی مرۆڤێکی پێشکەوتوو و هەروەها ڕێبەرێکی ناوازەی هەبووە، زۆر بە وردی هەنگاوی بۆ ئەو کارە گرنگ و پڕ بایەخە هەڵگرتووە، بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بدەین بە دامەزرانی ڕیکخراوێکی سێنفی بۆ ژنان لە ژێر نێوی"یەکیەتیی یایان" لە ٢٤ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، کە بۆ ئەو کاتی کۆمەڵگای ئێران و ناوچە هەنگاوێکی کەم وێنە بووە. گرنگی و پڕبایەخ بوونی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوگەلە تەنیا بۆ کاتی خۆی نەبووە، بەڵکوو کەسێک وەک د. قاسملوو دەسپێکی چالاکی سیاسی بە ئەندام بوون لە یەکیەتیی لاوانەوە، دەبێتە بناغەدانەری کەسایەتیی سیاسی کە وەک ڕێبەرێکی مودێڕن و ناوازە و خاوەن بەرهەمی فکری سەردەمیانە توانی سیمایەکی نوێ بە بزاڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدا.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان جارێکیتر حیزبی دێموکڕات ئەم ڕێکخراوانە دادەمەزرێنێتەوە، بۆ دروست کردنی پەیوەندی لە نێوان ئەوانەی لە نێوخۆ دێن بۆ نێو ڕیزەکانی پیشمەرگەو بنەماڵەکان کە لە دوو سیستەمی جیاواز پەروەردە بوون هەر کامیان خاوەن گوتارو تایبەتمەندی خۆیانن. گوتاری حیزبی دێموکڕات لە بواری دامەزرانی ڕێکخراوەییدا لە ماوەی ٧٠ ساڵ لە کار کردنیدا،بووە هۆی دامەزرانی ڕێکخراوەکانی تری وەک خوێندکاران منداڵان... هتد.

٤- حیزبی دیموکڕاتی کوردستان کە بەرنامەی بەڕێوەبردنی وڵاتی هەبوو تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بۆ قوناغی پاش ڕزگاری، لە هەموو کاتێکدا و بە پێی هەل و مەرج، گرنگی بە لایەنی پەروەردەی ئەندامانی خۆی داوە لە ئاستی پێشمەرگە و بگرە تا کادری ڕێبەری خۆی. پەروەدرەی حیزبی دێموکرات بۆ ئەو کەسانەی کە بە فەرمی دەبنە پێشمەرگەی ئەو حیزبە لە قوناغی دەسپێکی کاری سیاسی و تەشکیلاتی، هەنگاوی کردەیی بە خۆی دەگرێ. پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی حیزبی دێموکرات، مامۆستای بۆ قوتابخانەی سەرەتایی پەروەردە دەکرد کە لە گوندەکان مامۆستایەتییان دەکرد و پاش گرتنەوەی شارەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کۆتایی بەو قوناغەش هات. هەر لەو سەردەمەدا بوو کە لە لایەن چەندین مامۆستا لە یەکیەتیی لاوان کۆرسی زانستی گشتی بەڕێوە چووە، سەبارەت بە مێژوو، کۆمەلایەتی و ئابووری، بە گرتنەوەی سەردەشت، دەرفەت بۆ درێژە پێدانی ئەو قوناغەش نامێنێ. لە هێندێ ناوچەی دیکەش ناملیکە ئامادەو چاپ کراوە لە ژێر ناوی "زانیاری پێشمەرگە". ئێستاش حیزبی دێموکرات بە کەڵک وەرگرتن لە کەسایەتی گەلێ ئاکادمێک و پرۆفیشناڵ لە ئاستێکی بەربلاوتر هەوڵێ داوە کادری شارەزا لە زۆر بواردا بە تایبەت ڕاگەیاندن پەروەردە بکا.

٥- جێگەو پێگەی "ڕاگەیاندن" لە سیاسەتی پەروەدەیی حیزبی دێموکرات یەکێکی دیکە لە بوارەکانی پەروەردە لە حیزبی دێموکرات وپاشان کۆماریی کوردستان کە لە لایان جێی سەرنج و گرنگی پێدان بووە بواری راگەیاندن بووە کە لە هەموو قوناغێک لە خەبات دا دەتوانێ وەک کۆڵەیەکی ئەسڵی و بنەمایی لە قەڵەم بدرێ. لە سەردەمی کۆماری کوردستان راگەیاندن زیاتر خۆی لە چوارچێوەی چاپ و بڵاو کردنەوەی رۆژنامە، گۆڤار و نامیلکە رۆڵی گێراوە. هەر چەند لەو سەردەمەشدا کۆماریی کوردستان خاوەن رادیۆ بووە کە لە بەشێک لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار بەرنامەی خۆی بڵاو کردووتەوە. پاش شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ حیزبی دێموکڕات چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە بڵاو دەکاتەوە ،کە ڕۆژنامەی کوردستان تاوەک و ئێستاش وەک زمان حاڵی ئەو حیزبە ماوەتەوە،ڕادیۆ دەنگی کوردستان دادەمەزرێنی کە لایەن چەندەها کادری دڵسۆز بەڕێوەچووە. کەرەستەیەکی دیکە کە لەم سەردەمە بۆ هەموو دەوڵەت و حیزبێک پێویستە "تەلەفزیۆن" یان تی ڤیە، حیزبی دێموکراتیش بە مەبەستی کارتێکەری باشترو زیاتر لە خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان، تی ڤی تایبەت بە سیاسەت و سیستەمی کۆمەڵگای رۆژهەڵات داناوەو بەرێوەی دەبا، کوردکاناڵ لەم هەل و مەرجە لە خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان، توانیویە بە شێوەیەکی زانستی و کەڵک وەرگرتن لە پێرسۆنلی دەروەست وبە توانای خۆی، ببێتە دەلاقەیەک بۆ هەموو ماڵێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان واتە دەنگ و ڕەنگێکی نەتەوەیی بۆ هەموو فکر وچینە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا. پەروەردەی نیشتمانی و نەتەوەیی لە خەباتی حیزبی دێموکرات.

سەبارەت بە پەروەردەی حیزبی دێموکرات لە بواری بیری نیشتمانی و نەتەوەیی سەبارەت بە پارێزگاری لە بایەخە مرۆییەکانی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەکرێ لە دوو رەهەندەوە سیاسەتی پەروەدەی ئەو حیزبە هەڵوەستەی لە سەر بکرێ.

١- کەرامەتی مرۆڤ

٢- لایەنی مێژوویی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی میللی - دێموکراتیک هەم گرنگی بە ئاگاهی نەتەوەیی بوون و بە دەزگایی کردنی ئەو بایەخە لە وجوودی ئەندامی خۆیداو هەم پرەنسیپی شۆڕشگێرانەی کردوەتە فەرهەنگێکی بەرز بۆ ئەندامی خۆی، بەڵگەش بۆ ئەو پرەنسیپە، "کەرامەتی مرۆڤە" کە لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات بە روونی گرنگی پێ دراوە، واتە پرسی مرۆیی تەوەرێکی گرنگ لە سیاسەتی پەروەردەیی ئەو حیزبەیە.

٣- لایەنی مێژوویی: یەکێک لە دەسکەوتە سیاسی و مێژووییەکانی کۆماری کوردستان پێک هێنانی "سپای میللی" بووە بە مەبەستی پارستنی کۆماری کوردستان و شوناسی تاکی کورد کە ئەویش خزمەت بە ڕەهەندی یەکەم واتە کەرامەتی مرۆڤەوە دەکا. گرنگی بە لایەنی سەربازی لە مێژووی ئەو حیزبە خۆی لەوە دا دەبینێتەوە کە رۆژێک بە نێوی ئەو مرۆڤە شۆڕشگێڕانە ناوزەد بکرێ ئەویش ٢٦ی سەرماوەز واتە رۆژی "پێشمەرگەی کوردستان". پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە بزاڤی میللی - دێموکراتیک لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو قوناغێکی دژوار دەڕوا، ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە بە مەبەستی بارهێنانی هێزی مرۆیی خۆی" فێرگەی سیاسی - نیزامی دادەمەزرێنێ و هێزی سەربازی خۆی لە چوارچێوەی هێزێکی رێک و پێک هەم لە بواری سیاسی و هەمیش لە بواری سەربازی پێک دێنێ و کارایی باش و شوێن دانەریان هەبووە لە خەباتی ڕەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی جووڵای ٢٠١٥

## کێشەی ژنان لە دوو توێی ڕۆمانی "کۆڵانەکەمان" دا




**دیمانە لە گەڵ نەسرین یووسفزادە**

سەرەڕای هەموو ئەو ستەم و ناهەقیانەی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەرهەق بە ژنان کراوە، ژنانی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان بێپسانەوە هەوڵیان داوە و تێکۆشاون لە گشت بوارەکاندا چالاک بن، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە بە پێی چاوەڕوانیەکان نیە و ژنان دەبێ چەندین ڕێگای جیاوازتر بگرنەبەر بۆ ئەوەی بتوانن هاوشانی پیاوان لە گشت ڕەهەند و بوارەکانی کۆمەڵگەدا ئەکتیڤ بن. یەکێک لەو بوارانەی کە ژنان دەبێ هەوڵ بدەن کارا و دیار بن، نووسین یان وەرگێڕانە و مخابن لەم بوارەدا ژنانی کۆمەڵگەی ئێمە کەمتر دیار و بەرچاون و بە دەگمەن ژنێک هەڵدەکەوێ کە لەو بوارەدا هەوڵ بدا. یەکێک لەو خاتوونانەی بە ورەیەکی بەرز و بڕوایەکی پتەو بە خۆ، دەستی داوەتە خامە و بە بێئەوەی تەنگوچەڵەمە و کەندوکۆسپە لاوەکییەکان دیواری ورەی بڕووشێنن و دڵساردی بکەنەوە، توانیویەتی دەست بۆ قەڵەم بەرێ و دوو ڕۆمان بنووسێ، خاتوو نەسرین یووسفزادەیە کە لە هەمان کاتدا پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات و دیزاینێری ڕۆژنامەی کوردستانە.

**پرسیار**: نەسرین خانم هەروەک لە پێشەکیی باسەکەدا باسم کرد، ژنانی کورد زۆر بە کەمی حەزیان لە نووسین و وەرگێڕانە، هۆکاری ئەوەی جەنابت پەنات بۆ قەڵەم و نووسین بردووە، چیە؟

**وەڵام**: دەتوانم بڵێم هەروەک چۆن لە زۆربەی وڵاتان کار و هەڵسووڕانی ژنان سەلماندوویەتی کە ئەوانیش دەتوانن لە گشت بوارێکدا پێ بە پێی پیاوان کار و ئەرکی خۆیان ڕاپەڕێنن، بە دڵنیاییەوە، ئەگەر ئەو دەرفەتە بۆ ژنانی کوردیش بڕەخسێ، ئەوانیش دەتوانن هاوشانی پیاوان کاری گەورە بکەن و دەور و کاریگەرییان هەبێ. هەموو ژنێک بەهرە یان ئیستعدادی هەیە و ئەگەر بواری بۆ بڕەخسێنرێ و پاڵپشتیی لێبکرێ، دەتوانێ وەک ژنێکی سەرکەوتوو دەربکەوێ.

نووسین شتێک بوو کە من لە منداڵییەوە عەلاقەم پێی بوو، لە منداڵییەوە حەزم لە چنینی وشە و سازکردنی ڕستە بوو؛ ئەوەش

دەگەڕاوە سەر ئەوەیکە زۆرم چاو لە فیلم دەکرد و یان زۆرم گوێ بۆ چیرۆکەکان دەگرت، بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی کە باس لە خۆشەویستی و شتی وای تێدا بوو، وەک چیرۆکی لەیلی و مەجنوون و شیرین و فەرهاد و لەو جۆرە چیرۆکانە. بەردەوام ئەو چیرۆکانەم لە مێشکمدا دێنا و دەبرد و لە بیر و زەینی خۆمدا چیرۆکی لەو چەشنەم دادەڕشت، بەڵام لەو کاتەدا کەس نەبوو ڕێنوێنیم بکا بۆ ئەوەی چی لە زەینم دایە بیهێنمە سەر کاغز.

**پرسیار**: داخوا لەو سەروبەندەدا ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵگەی خۆماندا دەتبینی، واتە ژیانی خەڵک لە کۆمەڵگەدا، کاریگەری لە سەر تۆ دادەنا؟

**وەڵام**: ئەو کات بابەتێک کە زیاتر بیرم لێ دەکردەوە، زیاتر بابەتی خۆشەویستیی ناو ئەو فیلم و چیرۆکانە بوو و ئاواتم ئەوە بوو کە ڕۆژێک دابێ منیش بتوانم چیرۆکێکی لەو چەشنە بنووسم و هەر ئەو کارەشم کرد و ئەو حەز و خولیایە سەرەنجام بوو بەهۆی هەوێنی داڕشتنی چیرۆکی بەسەرهاتی ئەوینێک یان "ماجرای یک عشق". هەڵبەت من پێش نوسینی ئەو کتێبە چەند ڕۆمان و کورتە چیرۆکی دیکەم نووسیبوو بەڵام لە راستی دا هیچیانم بە شیاوی ئەوە نەزانی کە چاپیان بکەم. پێویستە ئەوەش بڵێم کە بەداخەوە ئەو کات نەمدەزانی بە کوردی بنووسم و ئەو ڕۆمانەم بە فارسی نووسی.

**پرسیار**: هەر وەکو ئاماژەت پێکرد ئەو دوو کتێبەی کە ئێستا لە بەر دەستمانە یەکیان کە "ماجرای یک عشق"ە و بە فارسی نووسیوتە، بەڵام قوتابخانەی دیمۆکرات هاندەرێک بوو بۆ تو کە دووهەم کتێبت بە ناوی "کۆڵانەکەمان" بە زمانی کوردی بنووسی، دەکرێ ئاماژەیەک بەوە بکەی کە بۆچی ئەو ناوەت هەڵبژاردووە؟

**وەڵام**: ڕۆمانی "کۆڵانەکەمان" لەگەڵ ئەوەدا کە گوتم بە کوردی نووسیومە و کوردی نووسینم وەک گوتم مەدیونی قوتابخانەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانم و هەر لە ناو ئەم حیزبەش دا زیاتر هەستم بە چەوسانەوە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە بە داخەوە بەرۆکی کۆمەڵگاکەمانی گرتووە، کردووە و لە ڕێگای ئەو زانیاری و هەواڵانەی کە گوێبیستی دەبووم هەستم بەو ئازارانە دەکرد کە کۆمەڵگای خۆمان پێوەی دەناڵێنێ و زۆرم پێخۆش بوو هەر یەک لەوانە بکەم بە چیرۆکێک و بیاننووسمەوە، هەڵبەت من نەمدەتوانی هەموو ئەو ماڵانە و هەموو ئازاری ئەو ژیانانە بنووسمەوە، هەر بۆیە دیتم وا باشترە هەموو ئەوانە کۆبکەمەوە ناو چیرۆکێک و بە قەرا توانایی و بەرینایی بیر و زەینی خۆم ئەو جۆرە ژیانەم خستە ناو بازنەی کۆڵانێکەوە و ناوی "کۆڵانەکەمان"م لێنا.

**پرسیار**: بەشی زۆری بابەتی ڕۆمانەکەت، خستنە بەر باسی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە، هەر وەکوو دەزانین ژنان زۆر جار قوربانی ئەو کێشەو گرفتانەن. لە ڕۆمانەکەتدا باس لە دوو بنەماڵە دەکرێ کە لەگەڵ ئەوەی هاتوچۆی بنەماڵەیی زۆر باشیان هەیە. بەڵام خیانەت بە یەک دەکەن، لێرەدا تۆ هۆکاری خیانەت کردن بۆچی دەگەڕێنییەوە کە ویستووتە لەم کتێبەدا باسی بکەی؟

**وەڵام**: زۆر هۆکار هەیە، هۆکارێک ئەوەیە کە کوران و کچانی ئێمە بە نابەدڵی ژیانی هاوبەش پێکدێنن! بەکورتی ئەگەر پیاوێک بەزۆری یان بە نابەدڵی خۆی ژنی بۆ بێنن، ڕەنگبێ ڕۆژێک خیانەت بە هاوسەرەکەی بکا و ئەگەر واش نەبێ لەوانەیە زۆر کاردانەوەی

خراپی دیکەی لێ بکەوێتەوە. من پێموایە زۆربەی خیانەتەکان دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە کوڕێک بەدڵی بابی ژن دێنی یان بە منداڵی و کەمتەمەنی ژیانی هاوبەش پێکدێنێ، من بۆ خۆم زۆر جار شاهیدی ئەوە بووم کە کوڕ هەر کە لە سەربازی هاتەوە ژنی بۆ دێنن، جا وایدانێین کە بە دڵی خۆشی ژنی بۆ دێنن و ئەوەی بۆی دێنن خۆشەویستەکەی خۆیەتی، بەڵام بیر لەوە ناکەنەوە کە ئایا ئەو کوڕە دەرەقەتی دابین کردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی ژیانی هاوبەش دێ!؟

**پرسیار**: ئەوەی باست کرد لە لایەنی پیاوەوە بوو، بەڵام چۆن باسی ژنان دەکەی؟

**وەڵام**: سەبارەت بە ئافرەتانیش، ئەو کچانەی کە بۆ نموونە بەزۆری بە مێرد دەدرێن، پێموابێ خیانەتیان هەر لێدەکردرێ، چون بەرامبەرەکەیان دەزانێ و هەست بەوە دەکا کە ژنەکەی دڵی لەگەڵی نییە، پیاویش بە هەرحاڵ ئازادترە، هەر بۆیە ئەگە بۆ قەرەبووی ئەوەش بێ لە جێگایەکی دیکەوە شوێن خۆشەویستیی دەکەوێ و، زۆر جاریش ژنەکە بەهۆی ئەوەیکە لە ژیانی ڕازی نییە پەنا بۆ خیانەت دەبا.

**پرسیار**: لەو ڕۆمانەدا دەبینین کە ژنێک هەیە لەگەڵ ئەوەیکە خیانەتی لێدەکرێ، بەڵام چاوپۆشیی لێدەکا و پێی وایە ئەو پیاوەی لە گەڵی دەژی خۆشی دەوێ و لە درێژەدان بە ژیانی هاوبەشیی بەردەوامە، چ شتێک هۆکارە کە ژنەکان ئاوا بە شاراوەیی لە گەڵ ئەو کێشە و گرفتانە بەردەوام بن؟

**وەڵام**: جاری وایە هەندێ فاکتەری وەک ئابڕوو، نامووس و شەخسیەت و جاری واشە فاکتەری خزمایەتی دەبنە هۆکارگەلێک بۆ درێژەدان بەو جۆرە ژیانە و هەر بۆیە پیاوەکە زۆر جار دەست بۆ خیانەت دەبا، هەروەک پیاوەکە لە پاراگرافێکیش دا دەڵێ: "تۆ پێتوانەبێ من کاتێک لەگەڵ تۆ دەژیم ئیتر تەواوە، ژیان هەر ئەوە نییە کە دوو کەس لە جێگایەک لەگەڵ یەک بن، من تا ئێستا تەنیا لەبەر خاتری فلان و فلان و فلان لەگەڵ تۆ ژیاوم دەنا خۆشەویستییەکەم بۆت نەبووە".

لەوانەیە ژنەکەش هەر ئەو هەستەی بووبێ، بەڵام ژن لە بەر ئەو چەند فاکتەرەی باسم کردو، لەبەر خاتری منداڵەکانیشی بووە، ناخۆشی و ناتەباییەکانی ژیانی تەحەموول دەکا و دەیهەوێ لەو ژیانەدا بمێنێتەوە، تەنانەت کاتێک کە خیانەتیشی لێدەکرێ، سەری خۆی هەڵناگرێ، بەڵام ئەو کات ئیتر هیچ خۆشەویستی و هۆگرییەکی بە ژیان و مێردەکەیەوە نامێنێ و تەنیا خۆی ئازار دەدا کە ئاکامەکەی دەبێتە ئەوەی کە خۆی دەسووتێنێ و کۆتایی بە ژیانی دێنێ.

**پرسیار**: لە ڕۆمانەکەدا باسی دوو ژن دەکەی کە یەکیان ناتوانێ یان ناوێری باسی مافی خۆی بکا، بەڵام ژنێکیتر لەو نێوەدا هەیە کە ئەو هەقە بە خۆی دەدا کە لە بەرامبەر ناهەقییەکاندا دەنگ هەڵبڕێ و تەنانەت بۆ خۆی خۆشەویستەکەی هەڵبژێرێ، لێرەدا دەتەوێ چ مەبەستێک بپێکی؟

**وەڵام**: بەڵێ، فریشتە ژنێک بوو کە خۆی سووتاند، هۆکارەکەشی خیانەتی هاوسەرەکەی بوو. لە بەرامبەردا خەرامان کچێک بوو لەسەر

پێی خۆی راوەستا، من خەرامانم خۆش دەوێ، شەخسیەتی خەرامانم خۆش دەوێ، خەرامان کچێک بوو لە دژوارترین ساتەکانی ژیانی دا کۆڵی نەدا، چۆکی دانەدا و لە پێ نەکەوت. خەرامان تەنیا هاواری خۆشەویستەکەی نەبوو بەڵکوو ئەو کچێک بوو کە لە دوای مردنی بابی بوێرانە لەسەر پێی خۆی راوەستا و بوو بە بناوانی دایکی نەخۆشی و براکەشی، تەنانەت کە خۆشەویستەکەشی لە دەست دەدا، بەڵام دووبارە هەڵدەستێتەوە و ئەوەش چۆکی پێ دانادا.

**پرسیار**: لە ڕۆمانەکەدا باس لە کەسێکیتر بە ناوی شۆڕش دەکرێ کە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ خەرامان یەکتریان زۆر خۆش دەوێ، بەڵام شۆرش خۆشەویستەکەی خۆی بەجێدەهێڵێ.

**وەڵام**: زۆر کەس هەن لەبەر خاتری کوردایەتی مەجبورن زێد و وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵن. شۆرش دەبێتە تەشکیلاتی یەکێک لە حیزبە سیاسییەکانی دژ بە ڕێژیم، هەر بۆیە کاتێک هەست بەوە دەکا کە مەترسی لە سەرە ناچار دەبێ هەڵێ و زێدی خۆی و بەتایبەت تاقانە خۆشەویستەکەی بەجێبێڵێ، دەنا ئەگەر ئەوە نەکا دەبێ وەک سیخورێک یان کەسێک کە کۆمەڵگا وەخۆی ناگرێ، بژی و ئەگەر ئەوەش نەکا، ئەوا زیندان و ئێعدامی لە بەردەم دایە؛ کەوایە باشترین ڕێگا بۆ ئەو دەرباز بوون و ڕۆیشتن و بەجێهێشتنی ئەو کەسانە و ئەو شتانەیە کە خۆشی دەوێن، بە واتایەکیتر ویستوومە ئەوەش بگەیەنم کە شۆڕش لەگەڵ ئەوەیکە ئەو کچەی خۆش ویستوە، بەڵام کوردایەتی و نیشتمانپەروەریی لە پیش خۆشەویستەکەی داناوە.

**پرسیار**: لە ڕۆمانەکەدا باسی زۆر کێشە و گرفتی کۆمەڵگای کوردەواریت کردووە کە بێگومان دەکرێ زۆر بە دوور و درێژی باسی هەر کامیان بکرێ، ئایا بەڕێزتان دەتانەوێ لە سەر ئەم بابەتانە درێژە بە نووسین بدەن؟

**وەڵام**: "کۆڵانەکەمان" درێژەی دەبێ، چونکە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوامن و زۆر شتی دیکە هەن، وەکوو ئیعتیاد و دەیان دیاردەی دیکەی وەکوو خراپ بەکارهێنانی مووبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ناو دونیای مەجازی و هتد؛ هەر کام لەوانە دەتوانن بابەتێک بن بۆ ئەوەی کە "کۆڵانەکەمان" درێژەی هەبێ.

لە ژمارە ٦٩٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٧

---------------------------------------------

## ئاریێز ڕۆژهەڵاتی: هۆی سەرەکیی خۆکوژییەکان لە نێران سیاسەتەکانی دەسەڵاتە



### دیمانە: لە گەڵ ئاریێز ڕۆژهەڵاتی

لە مێژە ئیدی هەواڵی خۆکوژییەکان لە کوردستان موچرک ناخاتە لەشی ئینسانەوە. ئەو ڕووداوانە هێندە دووپات بوونەتەوە خەریکە دەبنە نۆرمێکی کۆمەڵایەتی و بە تەواوی ئاسایی دێنەبەرچاو.
هۆکارەکان چین کە دیاردەیەکی ناسروشتیی وەک زۆربوونی خۆکوژییەکان نابنە خەمی خەڵک و دەسەڵات؟ بۆ ئەو لایەنە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک ئاوڕی لێ نادرێتەوە؟ کاریگەریی خۆکوژییەکان لەسەر کۆمەڵگا و بیرکردنەوەی خەڵک چین؟

لە وتووێژ لەگەڵ ئاریێز ڕۆژهەڵاتی، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی لە نێوخۆی کوردستان بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێین:

**پرسیار**: ماوەیەکە دیسان شەپۆلێکی نوێ لە خۆکوژییەکان لە کوردستاندا دەبینین. ئەوە کە چەندی ئەو حاڵەتانە بە میدیایی دەکرێ و چەندی دیکەش خەڵک پێی نازانن لە جێی خۆی، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەو شەپۆلە نوێیە هیچ پێوەندیی بە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگاوە هەیە؟

**وەڵام**: خۆکوژی وەکوو کردە و ڕەفتارێکی ئینسانی و کۆمەڵایەتی شتێکی تازە نیە و بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بەردەوام، کەم و زۆر ئامادە بووە. بوونی ڕادەیەکی قەبووڵکراو لە خۆکوژی یا هەر کێشەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگایەکدا نۆرماڵ و ئاساییە و ناسروشتی بوون و ئابنۆرماڵ بوونی کۆمەڵگایەک بە نیسبەت هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کاتێک دەست پێ دەکا کە ئەو کێشەیە لە زەمەنێکی تایبەتدا چ لە باری چەندایەتی و چ لە ڕووی چۆنایەتییەوە جیاواز بێ و بەجۆرێک لە جۆرەکان تۆخ ببێتەوە.

دیاره لێره مەبەست تەنیا زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانە نیە کە خۆیان دەکوژن، بۆ نموونه، بۆ ئەوەی خۆکوژی بە قەیرانێکی کۆمەڵایەتی دابنێین پێویست ناکا حەتمەن ژمارەی قوربانییەکان زۆر بن، جاری وا هەیە ژمارەی قوربانیانی کێشەیەک لە کۆمەڵگا زۆر لەوەندەش زیاتره، وەک مردن بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر؛ کەچی خەڵک ئەو هەستیارییەی بە خۆکوژی هەیەتی، بۆ ئەوی نییە.

«ئیمیل دورکیم»، کۆمەڵناسی بەناوبانگ پێی وایە هەر کێشە و دیاردەیەک تەنیا کاتێک دەتوانێت ببێ بە قەیرانی کۆمەڵایەتی کە «ویژدانی کومەلایەتیی» ئەو کۆمەڵگایە بهەژێنێ. هەڵبەت ڕوانگەی کۆمەڵناسەنەی تازەتر و جیاوازتریش بەنیسبەت خۆکوژی هەیە، بەڵام ئەوەی لێره بەلای منەوە گرینگە ئەوەیە کە؛ بەداخەوە ئەگەرچی ڕێژەی خۆکوژی لەم ساڵانەدا لە کوردستان بەردەوام زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بووە کەچی نەمانتوانیوە بیکەین بە هۆیەک بۆ فشارخستنە سەر دەسەڵات تا بە سیاسەتەکانیدا بچێتەوە.

من وادەزانم لە ئێستای کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دوو بنەمای کێشە ساز هەیە کە دوو جۆر قوربانی تایبەت بە خۆی لێ دەکەوێتەوە، یەکەمیان بنەما سوننەتییەکانە و ئەویتر خەسارەکانی مۆدێرنیتەیە. دیاره هوێ کێشە ساز بوونی ئەم دوو بنەمایەش، سیاستە هەڵەکانی دەسەڵات لانیکەم لە چل ساڵی ڕابردوو دایە.

**پرسیار**: ئەوەی ئێمە دەیبینین لە خۆکوژییەکاندا تەنیا بڵاوبوونەوەی هەواڵی کەمێک لەوان و هەندێ لێکدانەوەی ڕواڵەتیی دیاردەکەیە. دەمەوێ بڵێم ئایا خۆکوژییەکان لە کوردستان بوونەتە خەمێکی گەورە و جیددی؟ ئەگەر بوون تا ئێستا چی کراوە؟

**وەڵام**: نە بەداخەوە نەبووە بە خەمێکی چکۆلەش، بۆیە کارێکی جدیشی بۆ نەکراوە، تەنانەت ئامارێکی ورد و راستیش لەو پێوەندییەدا لەبەردەستدا نیە.

هەڵبەت ئاماری خۆکوژی لە هەر کۆمەڵگایەکدا و بە تایبەت ئەگەر کۆمەڵگاکە وەکوو کوردستان سوننەتی بێ، زۆر ناڕوونە، لە گەڵ ئەوەشدا بەنیسبەت ئێران دەبێ بە ئەمنیەتی کردنی ئەو ئامارنەشی لێ زیاد بکەی.

دیاره ئەوە ئەرکی کۆمەڵگای مەدەنییە کە لە ڕێگەی چالاکیی مەدەنی و میدیاوە، ئەو جۆره کێشانە بکا بە باسێکی کۆمەڵایەتی و لە دواجاردا بە کێشەی دەسەڵات، تاکوو لە بیری چارەسەردا بێ.

**پرسیار**: ئەگەر ئەو خۆکوژییانە ئەو خەمەیان دروست نەکردوە، هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: لەکۆمەڵگای ئیمەدا هێشتا وەکوو قوربانیبوون سەیری خۆکوژیی تاک ناکرێ. لەپێشدا وەکوو کەسێکی دۆڕاو و هێندی جار کەم بایەخ و سەربار سەیری دەکەن و بڕیاری لە سەر دەدەن. دیاره لە ڕوانگەی شەرعیشەوە خۆکوژی کردەوەیەکی باش نیە.

جیا لە هەمووی ئەمانەش لەمپەری گەورە کە لە ئێستادا بووەتە هۆی تۆخ نەبوونی دیاردەی خۆکوشتن لە کۆمەڵگادا، ئەوەیە کە لەم کاتەدا زیاتر لە هەر کاتێکی دی، کوژران و کوشتن و خۆکوژییە جۆراوجورەکان لە جیهان و بە تایبەت لە ناوچەدا و ڕەنگدانەوەی لە میدیا و بە تایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بۆ خەڵک ئاسایی بووەتەوە. بۆ نموونە لە کاتێکدا خەڵک ڕۆژانە فیلمی کوشتارە ترسناکەکانی داعش دەبینێ، ئیدی خۆکوژیی تاکێک نایهەژێنێ.

جیا لەوەش ئێمە کۆمەڵگای مەدەنی و میدیایەکی سەربەخۆ و قەدەرمان نیە کە بتوانێ و بیەوێ جەرەیانساز بێ.

**پرسیار**: ئەسڵەن لە بنەڕەتدا ئەوە دەتوانێ و دەبێ خەمی کێ بێ؟

**وەڵام**: لە بنەڕەتدا مادام دەڵێین کێشەی کۆمەڵایەتی، ئەوا دەبێ کێشە و خەمی گشت کۆمەڵگا و بە تایبەت بنەماڵەکان وکۆمەڵگای مەدەنی بێ. هەروەها بەزۆر یا ڕەزا لە ڕێگەی گوشارە مەدەنییەکانەوە بکرێتە کێشە و خەمی دەسەڵاتیش.

**پرسیار**: مەترسییەکانی زۆربوونی خۆکوژی چین؟ کاریگەریی لەسەر ژیان و فەرهەنگ و هەڵسوکەوتی خەڵک چین؟

**وەڵام**: کەسانێک پێیان وایە کێشە کۆمەڵایەتییەکان لایەنی باشیشیان هەیە، بۆ نموونە ڕادەی قووڵ بوونی کێشەکان و مەترسییە شاراوەکانی کۆمەڵگە ئاشکرا دەکەن یا وەکوو سووپاپی کۆمەڵگا عەمەل دەکەن، هەروەها سنوورێک دەکێشن لە نێوان بەشی ساغ و بەشی نەخۆشی کۆمەڵگادا، تەنانەت کەسانێک پێیان وایە ئەو کێشانە لە دواجاردا دەبنە هەوێنێک بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و...

بەڵام بابەتی گرینگ، ئەو مەترسیانەیە کە دەیخوڵقێنن بۆ نموونە؛ فەرهەنگی ژیاندۆستی و خەبات و هەوڵدان و بەرگری بۆ ژیان، لاواز دەکەن و لە بەرامبەردا برەو بە فەرهەنگی تەسلیمبوون و کەمهێنان و دۆڕاندن لە ژیاندا دەدەن. ئەوان پەنا بردن بۆ خۆکوشتن ئەکەن بە باشترین مێتودی چارەسەری یەکجاریی کێشەکان، خۆکوژییەکان هەوڵ بۆ گۆڕان و داهێنان لە ژیاندا لاواز دەکەن و هیوا بەژیان لە نێو خەڵکدا دادەبەزێنن و جومگەکانی کۆمەڵگا و شیرازەی بنەماڵەکان تێک دەدەن. لەگەڵ ئەوانەشدا ڕێگە بۆ پەروەردەبوونی مرۆڤی لاواز و کوێلە بۆ خزمەت کردن بە جۆرەکانی ستەمکاری خۆش دەکەن.

**پرسیار**: بێینەوە سەر پرسیاری یەکەم، گرینگترین هۆکارەکانی خۆکوژی لە کوردستان چین؟ لە نێو ژناندا، لە نێو پیاواندا؟

**وەڵام**: ڕەنگە بکرێ بڵێین گرینگترین هۆکارەکانی خۆکوژی لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستاندا، بەگشتی گەشەنەکردنی پێویست لە هیچ بوارێکدا و بە تایبەت دۆخی نالەباری ئابووری و بێکاری لە ڕادەبەدەر و هەروەها رکوود و چەقبەستوویی کۆمەڵگایە لە زۆربەی بوارەکاندا.

نەبوونی هیچ چەشنە گۆڕانێکی سیاسیی کۆمەڵایەتی و چەقبەستوویی و مانەوە لە بازنەیەکی قەیراناویدا هیوای بە ژیان و تەنانەت

بە پێی ئامارەکان ئاستی لێبوردەیی خەڵکی هێناوەتە کەمترین ڕادە لە جیهاندا، دیارە ئەمانە و نەریتە خراپەکانی دژ بەژن لە گرینگترین هۆکارەکانی خۆکوژین.

**پرسیار**: چارەسەر چین؟ کێ و لایەنەکان هەر کام چیی دەکەوێتە ئەستۆ؟

**وەڵام**: لە پێشدا دەبێت لایەنە پێوەندیدارەکانی دەسەڵات ئامار و داتای دروست بەبێ سانسۆر بخەنە بەردەست و هەوڵ بدەن ڕاپۆرتی هەموو شێوەکان و حاڵەتەکانی خۆکۆژی بە تایبەت خۆکوژییە ناسەرکەوتووەکان بدەنەوە.

هەروەها دەبێ وەکوو کەیسی جیاجیا لە سەر حاڵەتەکانی خۆکوژی تۆژینەوە بکرێ. بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێراندا ئاستی ڕاهێنان و پەروەردەکردن بۆ چوونە ژیان و چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشە جوراوجۆرەکانی ژیان، لە کەمترین ڕادەێ پێویست دایە. دەکرێ بڵێین ئەرکی سەرەکی لە سەر شانی دەوڵەتە کە هەم بە سیاسەتەکانیدا بچێتەوە و هەم دەرفەت بۆ خەڵک و کۆمەڵگای مەدەنی بخولقێنێ کە هەوڵ بدەن بۆ بەرەو پێشچوونی باشتری ژیانی کۆمەڵایەتی و وەدی هاتنی کۆمەڵگایەکی تەندروست.

**تێبینی**: ئەم وتووێژە ماوەیەک لەوە پێش لەگەڵ کورد کاناڵ کراوە و تەنیا پوختەیەکی لێرەدا بڵاوبۆتەوە و خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن دەقی ئەم دیمانەیە لە سایتی www.kurdch.tv چاو لێبکەن.

لە ژمارە ٧٠٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٧

-----------------------------------------

## ئەحمەد مەکڵاوەیی: ڕچەشکێنییەکەی هەمزە سارتکەیی لاپەڕەیەکی نوێ بوو لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**دیمانە: لە گەڵ ئەحمەد مەکڵاوەیی**

لەبەرەبەری ٢٣ی گەلاوێژ، نۆهەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی سێ پێشمەرگەی بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەهیدان هەمزە سارتکەیی، قادر قادری و قادر نەزمی کە هاوینی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی لە شەڕێکی نابەرامبەر لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ڕەبەت شەهید بوون، کتێبی «بابە گیان کەی دەگەڕێیەوە؟» چاپ و بڵاوبوویەوە.
ئەحمەد مەکڵاوەیی، کادری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نووسەری ئەم کتێبە دەڵێ بە مەبەستی وەفا بۆ شەهید هەمزە و هاوڕێیانی و هەروەها لەبەر گرینگیی ئەو حەرەکەتە سیاسی و نیزامییەی لە هاوینی ١٣٨٧دا بە فەرماندەیی شەهید هەمزە کرا، دەستی داوەتە نووسینی ئەم کتێبە.

«کوردستان» بەباشی زانی لەو پێوەندییەدا وتووێژێک لەگەڵ بەڕێزیان بکا:

**پرسیار**: چۆن بوو لە بەرەبەری ٩ ساڵەی شەهید بوونی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژدا ئەو کتێبەت چاپ و بڵاو کردەوە؟

**وەڵام**: ساڵێک دوای شەهید بوونی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی، بە مەبەستی ڕێزگرتن لە کاک هەمزە سارتکەیی و هاوڕێکانی کە ڕێچکەی خەباتێکی نوێیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە، من ئەم کتێبەم نووسی و، داوام لە چەند بەرپرسی حیزب کرد کە وەک حیزب چاپی بکەن و بڵاو بکرێتەوە، بەڵام نەکرا، لەبەر ئەوەش کە ئیمکانی ئەوەم نەبوو لە سەر گیرفانی خۆم چاپ و بڵاوی بکەمەوە، کارەکە دواخرا. بەڵام ئەمساڵ بە هیممەتی چەند ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوە و باشووری کوردستان چاپ کرا و بڵاوبوونەوەی کەوتە ئەم ڕۆژانە. مەبەستی سەرەکیم لە ئامادەکردنی ئەو کتێبە ئەوەیە ئەم پەیامە بە دوژمن بدەم کە شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ لە نێو دڵی کچ و کوڕانی دێموکرات و بە گشتی نەتەوەی کورد

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەروا زیندوون و لە بیر نەچوونەوە و ناچنەوە. ئەوان مەشغەڵی هیوا بە داهاتوویەکی ڕوون و پڕ شانازییان داگیرساند و بوونە ڕچەشکێن و سەرمەشق بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی دی و نوێ لە خەباتی حیزبەکەمان.

**پرسیار**: لەو کتێبەدا زیاتر گرینگیت بە چی داوە و باسە سەرەکییەکانی چین؟

**وەڵام**: ئەمن زۆرتر گرینگیم بە قارەمانەتی و لە خۆبوردوویی، ئازایەتی و فیداکاری، ماندوویی نەناسی و ڕەچەشکاندنی ئەو شەهیدانە لە وەرزێکی نوێی خەباتی حیزبەکەمام داوە و لەگەڵ ئەوەشدا هاتووم باسم لە خۆشەویستیی هەمزە لە نێو خەڵک و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا کردوە.

باسە سەرەکییەکانیش بە گشتی بریتین لە ژیانی سیاسیی فەرماندە هەمزە و تیشک خستنە سەر ڕابردووی تێکۆشان و خەباتی ئەو فەرماندە هەڵسووڕە لە ناوچەکانی ڕەبەت، بانە، سەقز و سەردەشت.

**پرسیار**: پێش شەهید هەمزە فەرماندەی شەهیدی دیکەش لە ناوچەی خۆتان کەم نەبوون. بۆ شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژت هەڵبژارد، ئایا ئەوە هۆکاری تایبەتیی هەبوو؟

**وەڵام**: بەڵێ هۆکاری تایبەتیی هەبوو، ئەویش ئەوەی ٢٣ی گەلاوێژ لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێگەیەکی تایبەتیی هەیە، لەو ڕۆژەدا فەرماندەیەکی ئازا و فیداکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوو هاوڕێی شەهید بوون، پێش شەهیدبوونی ئەوان ئەم تیمەی کە هەمزە سارتکەیی فەرماندەیی دەکرد توانیبوویان دوڕگەی ئارامی کوردستان لە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم و سپای پاسداران بشڵەقێنن، کەشێک کە بە زەبری چەک و پۆستاڵ بەسەر کوردستاندا زاڵ کرابوو. ئەوان توانییان جووڵەیەکی زۆر گرینگ بکەن و تینێکی تایبەت بدەنەوە بە خەبات و تێکۆشانی حیزب. ئەوەش وایکردوە کە ئێستاش دوای ٩ ساڵ بە چاوێکی تایبەتەوە سەیری ئەو حەماسەیە و ئەم لاپەڕە تایبەتییە لە مێژووی نوێی خەباتەکەمان بکرێ؛ لاپەڕەیەک کە بە خوێنی شەهید هەمزە و هاوڕێکانی نەخشاوە.

**پرسیار**: «بابەگیان کەی دەگەڕێیەوە؟» ئەوە ناوی کتێبەکەتە. لە بەر چی ئەو ناوەت بۆ هەڵبژاردوە؟

**وەڵام**: بەیانیی ئەو ڕۆژەی شەهید هەمزە بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتبوو، ئەمن بۆ هەندێ کاروبار دەچووومە شاری کۆیە. کە بە بەر دەرکی ماڵی هەمزەدا تێپەڕیم، گوێم لێ بوو «ژیما»ی کچی دەگریا و دەیگوت: بابە گیان کەی دەگەڕێیەوە؟ جگە لەوەش، ئێوارەی ٢٥ی گەلاوێژ، دوو ڕۆژ دوای شەهیدبوونیان کە هەواڵی کارەساتەکە هات، دیسان هەر لە بەر دەرکی ماڵی خۆیان «ژیما» دەگریا و دەیگوت: «بابە گیان کەی دەگەڕێیەوە؟ ئەخە تۆ چەند ڕۆژ پێش لە ناوچەوە بە تەلەفوون بەمنت نەگوت کە بەم زووانە دەگەڕێمەوە، ئەدی بابە گیان کەی دەگەڕێیەوە؟» ئەو قسانە ئێستاش لە گوێمدا دەزرینگێنەوە. جیا لەوە هەر ئەم قسەیە و هەر ئەم داوا و پرسیارە بۆ کچەکانی شەهید قادر نەزمی و تەنانەت دایکی شەهید قادر قادریش هەر ڕاستە.

زۆر جاران کچ و خۆشک و دایکان کە کەسێکیان لێ دوور دەکەوێتەوە یا دەمرێ یان شەهید دەبێ، پێی هەڵدەڵێن و دەڵێن بابە گیان کەی دەگەڕێیەوە، ئەمنیش پێم وابوو ئەم چاوەڕوانییە هێشتا تەواو نەبووە و ناتوانێ تەواویش بێ.

**پرسیار**: ڕابردووی ئاشنایەتی و دۆستایەتیی جەنابت و شەهید هەمزە سارتکەیی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: دوستایەتی و ئاشنایەتیی ئەمن و شەهید هەمزە سارتکەیی بۆ بەهاری ١٣٦٠ی هەتاوی دەگەڕێتەوە کە لە نێو گوندی نستان لە ناوچەی ڕەبەت یەکتریمان دیٚ. لە گەڵ هەمزە زۆر پێکەوە بووین، لە زۆر عەمەلیات و سەرکەوتن و شکاندا پێکەوە بووین، زۆرمان خۆشی و ناخۆشی دیٚ، بەڵام قەت نائومێدیم لە هەمزە نەدیٚ. ئەو کەسێکی بەبیر و باوەڕ و خەباتگێڕێکی بە ئیمان بوو کە گیانی پاکی لە سەنگەری خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیدا بەخشی.

***

**ئەحمەد مەکلاوەیی لە چەند ڕستەدا:**

* ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە گوندی مەکلاوێ لە ناوچەی ڕەبەت لە دایک بووە و هەتا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندوویەتی.
* ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکۆشانی خۆی لە ڕیزی یەکیەتیی لاواندا دەست پێکردوە. ساڵی ١٣٦٠ بۆتە پێشمەرگە و ماوەی ٣٦ ساڵە بێ وچان و دابڕان لە خزمەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی نەتەوەکەیدا بووە.
* سەرپەل، جێگر دەستە، سەردەستە، ئەندامەتیی کۆمیتە شارستانی ڕەبەت، بەرپرسی کۆمیتەی ناوچە و ئەندامەتیی ناوەندی ٢ی کوردستان چەند بەرپرسایەتییەکی پێشمەرگانە و تەشکیلاتیی ئەحمەد مەکلاوەیی لەو ماوەیەدا بوون.

* **تا نێستا شەش بەرهەمی چاپکراوی هەیە کە بریتین لە:**

* قاسملوو سوار چاکی خەبات بۆ ئاشتی و دێموکراسی.
* لە شارەکەم ڕەبەت بۆ ئازادی خوێن باریوە.
* لە شاری خۆر (ڕەبەت) تا کۆیەی ئەدیبان.
* مەشخەڵی ئازادیخوازی.
* پەپوولەکان باڵ دەگرن.
* بابە گیان کەی دەگەڕێیەوە؟.

لە ژمارە ٧٠٨ ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٧

# ئاکام زرێبار: موعتادکردنی لاوانی کورد و ئێعتیاد لە کوردستان پیلانی حکومەتە



**دیمانە لە گەڵ ئاکام زرێبار**

خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێران کە جاری وایە دەکەونە بن سێبەری پرسە سیاسی و ئەمنیەتییەکان، وەک ئاگری بن خۆڵەمیشن کە هەر ئان و ساتێک مەترسیی تەقینەوەیان لێدەکرێ.

ئیعتیاد بە ماددەی هۆشبەر یەک لەو خەسارە کۆمەڵایەتییانەیە کە تێچوویەکی زۆری خستۆتە سەر کۆمەڵگادا و نیزامی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵاتیش بە شێوەی دووفاقە مامەڵەی لەگەڵ ئەو دیاردەیە کردوە.

دیاردەی ئێعتیاد لە کوردستان ڕوخسارێکی سیاسی و ئەمنیەتیشی هەیە و زۆربەی خاوەنڕایان کۆکن لە سەر ئەوەی پەرەسەندنی ئێعتیاد لە کوردستان پیلانی حکومەتی لە پشتە و دەوڵەت کەمترین بەرنامەی بەرەنگاریی بووە و ئەو کەسانەش کە لە سێدارە دەدرێن، تەنیا کەسانێکن کە لە خوارترین ئاستی بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکانن؛ چونکە لە ڕاستیدا، سپای پاسداران، گەورەترین مافیای ماددە هۆشبەرەکانە لە ئێراندا و خۆیان بە سەدان بارهەڵگر، ماددە هۆشبەرەکان لە سنوورەکانەوە دێننە نێو ئێرانەوە.

«کوردستان» بۆ تاوتوێی زیاتری ئەو بابەتە وتووێژێکی لەگەڵ ئاکام زرێبار، چالاکی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە:

**پرسیار**: کێشەی ئێعتیاد لە چ دەرەجەیەکدا بە گرفتی کۆمەڵگای کوردستان دادەنرێ. ئایا ئیعتیاد بە مادەی هۆشبەر لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کوردستانە یان کێشەیەکی بەلاوەترە؟

**وەڵام**: لە مێژە ئێعتیاد ئیتر کێشە نییە و لە ڕاستیدا بووەتە قەیرانێکی زۆر گەورە؛ هەروەها لە ئێستادا، ئێعتیاد نەک لە

کوردستان، بەڵکوو لە هەموو ئێراندا، حەشیمەتێکی زۆری گرتۆتەوە و دەتوانین بڵێین ڕەنگە کوردستان لە چاو پارێزگاکانی دیکەی ئێران لە دۆخێکی تا ڕادەیەک باشتردا بێ. ئەڵبەت ئەم دۆخەش لە شارە جیاجیاکانی کوردستان پێکەوە جیاوازە؛ بۆ نموونە لە کرماشان، تووشبووان بە ماددەی هۆشبەر زۆر دەبینرێ، بۆیە پێم وایە ئێعتیاد لە قەیرانە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کوردستانە و شان بە شانی بێکاری لە پەرەسەندنی زیاتر دایە و لە ئاستێکی بەرزدا بە گرفتێکی گەورەی کوردستان دادەنرێ، چونکە تایبەتی وەک گەلاڵەیەک کاری لەسەر دەکرێ.

**پرسیار**: ئامارەکان لە کوردستان دەڵێن چی؟ ئایا ئامارێکی دەقیق و بڕواپێکراو هەیە کە دەربخات کۆمەڵگای کوردستان چەندە دەرگیری ئەو کێشە و قەیرانەیە؟

**وەڵام**: بەداخەوە ئامار و ڕێژەیەکی دروست و بڕواپێکراومان نییە، نەتەنیا لە بواری ڕێژەی موعتادانی ئێران و کوردستان، بەڵکوو لە هەر بوارێکی دیکەدا. هەموو کاتیش ئامارێکی درۆ لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە دەخرێتە ڕوو کە هەموویان هەڵەن. حکومەت دەیەوێ بڵێت دۆخەکە باشە و خەریکی چەواشەکارییە و ڕووخسارێکی ئارایشکراو دەخاتە بەرچاو خەڵکی جیهان، بەڵام بەداخەوە بەگشتی لە ئێراندا زیاتر لە شەش ملیۆن کەس موعتاد هەیە، کە ئێران خۆی دەڵێ نزیک سێ ملیۆن کەس! لە کوردستانیش (پارێزگاکانی سنە، ورمێ، کرماشان و ئیلام)، بەپێی ئامارەکان ئێران نیزیک ١٣٦ هەزار کەس موعتادن.

**پرسیار**: ئێعتیاد لە کوردستان دیاردەیەکی پیاوانەیە یان ژنانیشی تێوەگلاون؟ ژنان لە کوێی ئەو خەسارەن و چەندی و چۆنیی تووشبوونی ژنان بە ماددەی هۆشبەر چییە؟

**وەڵام**: پێشتر ئێعتیاد دیاردەیەکی پیاوانە بوو و زۆر بە دەگمەن ژنانی موعتاد دەبینران، بەڵام ئێستا دۆخ زۆر گۆڕاوە و ڕۆژ بە ڕۆژ دۆخەکەش خراپتر دەبێ و ژنان و کچانێکی زۆرتر دەکەونە داوی ئێعتیادەوە. لە ئێستادا بەهۆی خراپیی باری ئابووری کە بووەتە هۆی تێکچوونی بنەماڵەکان؛ کچان و ژنانیش بوونەتە نێچیری باندە مەترسیدارەکانی بڵاوکەرەوی ماددە هۆشبەرەکان. واتە لە ژنانی تایبەت کەڵک وەردەگرن و جگە لەوەی موعتادیان دەکەن، ماددەشیان پێ ڕادەگوێزن و بۆ ڕاکێشانی گەنجەکانیش کەڵکیان لێ وەردەگرن. لە پاڵ ئەم کەڵکوەرگرتنە ئامرازییە لە ژنان، دەستدرێژی و لەشفرۆشیش زۆر بووە و ئەوانە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە.

**پرسیار**: پێوەندیی ئابووری، پێوەندیی تۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و پێوەندیی سیاسەت بە ئێعتیاد و ماددەی هۆشبەر لە چی دایە؟ ئەو گرێدراوییە لە چیدا و چۆنی دەبینن؟

**وەڵام**: حاشاهەڵنەگرە کە باسی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسەت، پێوەندییەکی زۆری بە ئێعتیادەوە هەیە. هەروەک ئاماژەم پێکرد، دۆخی ئابووریی ئێران و کوردستان بەتایبەتی زۆر خراپە و بێکاری یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئێعتیادە. بۆ نموونە ئەو لاوانەی بێکارن، یان ئەوانەی زانکۆیان تەواو کردووە و ئێستا بێکارن، زۆرێکیان تووشی خەمۆکی دەبن و هەندێک جار بۆ

حەشاردانی ئەو ڕاستییە تاڵە، ڕوو دەکەنە مادده هۆشبەرەکان؛ لە پاڵ ئەوەشدا بۆ بەدەستهێنانی تێچووەکەی، ڕەنگە ڕوو بکەنە فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی مەوادیش؛ بۆیە دۆخی ئابووری، پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ ئێعتیادە و سەرجەم خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەشدا هەیە. دیارە کۆمەڵگا لەم نێوەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ و دەتوانێ پێش بە پەرەسەندنی ئێعتیاد بگرێ یان زۆرتر پەرەی پێ بدا؛ بەڵام لێرەشدا دۆخی ئابووری لەسەر کۆمەڵگا کاریگەرە و بنەماڵەیەک کە لەژێر گوشاری ئابووری دایە، زۆرتر لە مەترسی دایە و سەرنجەکان لەسەر منداڵان و تازەلاوان کەمتر دەکاتەوە و ئەو تازەلاوانەش کە پشتگوێ دەخرێن، ئەگەری زۆر هەیە بکەونە داوی باندە مەوادفرۆشەکان.

سیاسەتی وڵاتانیش جیاوازە و لێرەش کە باس لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، لەهەمبەر کوردستان زۆر جیاوازترە! واتە بەپێی ئەو گەڵاڵەیە کە حکومەتی ئێران بەڕێوەی دەبا، ئامانج ئەوەیە کە لاوانی کورد بەرەو ئێعتیاد ببا تاکوو کاتی بیرکردنەوەیان لێ بسێنێ و بەم جۆرە کۆڵەکەی کورد لاواز بکا.

**پرسیار**: یانی پێوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان حکومەت و پەرەسەندنی ئێعتیاد لە کوردستاندا هەیە؟

**وەڵام**: پێوەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی حکومەت و مەوادفرۆشان زۆر ڕوونە؛ بەتایبەت لە کوردستان، جاشمان هەیە مەوادفرۆش نەبێ، بەڵام مەوادفرۆشمان نییە کە جاش نەبێ.

مەوادفرۆشە گەورەکانی کوردستانیش ڕاستەوخۆ لە لایەن سپا و ئیتلاعاتەوە پشتیوانی دەکرێن. بۆ نموونە، «هیوا تاب»، بەرپرسی پێشووی ئیتلاعاتی مەریوان، یەکێک لە گەورەترین مەوادفرۆش و مافیاکانی مادەی هۆشبەر لە کوردستان بوو! هەروەها تا کاتێک کە ئەم حکومەتە بە سەر ئێران و کوردستاندا زاڵ بێ، ئەم قەیرانە هەر پەرەدەسێنێ، چونکە هۆکاری سەرەکی خۆیانن.

**پرسیار**: ئامارەکان دەڵێن ئێعتیاد لە ئێران ساڵ بە ساڵ زیاتر بووە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ساڵدا سەدان و بگرە هەزاران کەس بە تاوانی بازرگانی و بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر لە دار دەدرێن و هەزاران کەسیش دەگیرێن و حوکمی دیکە دەدرێن، هۆکار یان هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئەو قەیرانە چین؟

**وەڵام**: ساڵانە لە ئێران و کوردستان، کەسانێکی زۆر لەم پێوەندییەدا دەگیرێن و بەند دەکرێن و لە سێدارەش دەدرێن، بەڵام پەرەسەندنی ئەم قەیرانە حاشاهەڵنەگرە. ئەو کەسانەش کە لە سێدارە دەدرێن، تەنیا کەسانێکن کە لە خوارترین ئاستی بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکانن؛ چونکە لە ڕاستیدا، سپای پاسداران، گەورەترین مافیای مادده هۆشبەرەکانە لە ئێراندا و خۆیان بە ترانزیت مادده هۆشبەرەکان لە سنوورەکانەوە دێننە نێو ئێرانەوە. هەروەها زۆر لەو کەسانەی کە بە هۆکاری پێوەندی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان لە سێدارە دەدرێن، بازرگانی مادەی هۆشبەر نین و زۆر جار کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکانیش هەر بەم ناوە ئێعدام دەکەن. پێوەندیی سەرکردە باڵاکانی سپای پاسداران لەگەڵ قاچاخچییە گەورەکانی ماددەی هۆشبەر، ڕوون و ئاشکرایە و هەروەها سپا

خۆی دەستی هەیە لەو کارگە سەنعەتییانەی ماددەی هۆشبەر کە لە نێوخۆی ئێراندا ماددە هۆشبەرە سەنعەتییەکان وەک «شیشە»، دروست دەکەن.

**پرسیار**: وەک دەگوترێ جیا لە هێزە ئینتزامییەکان و ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ ماددەی هۆشبەر دەیان ناوەند و ڕێکخراوی دیکە هەن کە لە ڕواڵەتدا ئەرکی بەربەرەکانی لەگەڵ پەرەسەندنی ئێعتیاد لە ئێرانیان لە ئەستۆیە و بودجەی زۆریشیان دەخرێتە بەر دەست. بەو پێیە هۆکاری شکستی دەوڵەت و حکومەت لەو مەیدانەدا بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: قسەیەکی نەستەق هەیە کە دەڵێ: «تەور کلکی خۆی نابڕێتەوە». لە ئێران، هەر چی هەی، ببە، بەڵام سیاسی و دژبەری حکومەت مەبە. ئەم هەموو دەزگا و هێزە، جگە لە شانۆیەک هیچی دیکە نیە، چونکە ئێران وەکوو حکومەتێکی دیکتاتۆر، پەرەسەندنی ماددەی هۆشبەر لە بەرژەوەندیی خۆیدا دەبینێ، بە تایبەت لە کوردستاندا. زۆرێکیش لەو کەسانەی کە لە نێو ئەو هێزانەدان، خۆیان مەواد دەکێشن و جگە لەوەی لەگەڵ قاچاچییەکان دەستیان لە یەک کاسەدایە، پارەشیان لێ وەردەگرن هەتا ئێسکۆرتییان بکەن. بۆ نموونە هەر لە شارەکانی سنە و مەریواندا، مەوادفرۆشەکان بۆ خەڵک و حکومەتیش ئاشکرا و ناسیاون، بەڵام هەر بە ئاشکراش مەواد دەفرۆشن و حکومەتیش کاری پێیان نییە. دەمەوێ حکومەت شکستی نەخواردوە، بەڵکوو خەریکی بارهێنانی کۆیلەیە و تا ئێستایش زۆر بەهێز ئەو کارەی بۆ خۆی کردووە.

**پرسیار**: وەک دەزانین لە زۆربەی وڵاتان، کەسانی تووشبوو بە ماددەی هۆشبەر، ناوەند و شوێنی چارەسەرییان لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە بۆ دەکرێتەوە؛ ئایا لە کوردستان لەو ناوەندانە هەن؟ ئەی ڕۆڵی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان لەو پێوەندییەدا چۆن دەبینیت؟ لە کوردستان ژمارە و کارکردی ئەو ڕێکخراوانە چەندە و چۆنە؟

**وەڵام**: بەڵێ لەو ناوەندانە هەن، بەڵام زۆر جیاواز و ڕێژەیان زۆر کەمە. واتە خزمەتگوزاری لە ئاستێکی زۆر نزم دایە و زۆرتر ڕواڵەتییە و ئەوەی کە پێویستە بکرێ بۆ چارەسەری تووشبوان لەو ناوەندانەدا زۆر لە ئاستێکی نزم دایە.

سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێکخراوەکان بە دڵنیاییەوە، ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوە خەڵکییانە زۆر گرینگە و کاریگەرە. لە کوردستانیش لە زۆربەی شارەکان ئەنجومەنی خەڵکی لەمبارەوە لە لایەن دڵسۆزانەوە پێکهاتووە کە لەگەڵ ئەوەی دەسەلاتێکی کەمیان هەیە و یان زۆرجار ڕێگرییان دەکرێ بەڵام زۆر چالاکن، بەڵام حکومەت لە نزمترین ئاستدا پشتیوانیانە و کۆسپیش دەخاتە بەردەمیان؛ چونکە ئەم ئەنجومەنانە خوانی کاسپیی حکومەتیان لە کوردستان تێک داوە و بوونەتە کۆسپێک لەبەردەم چوونەپێشەوەی گەڵاڵەکەیان. ئەم ئەنجومەنانە بەداخەوە بەبۆنەی کەم دەسەڵاتییان زۆرتر لە بواری ڕێگری لە توشبوونی گەنجان بە ئێعتیادەوە چالاکن و لە بواری دوای ئێعتیادەوە بۆ چارەسەریی موعتادەکان زۆربە توانا نین و حکومەتیش پشتگیرییان ناکا.

**پرسیار**: ئەدی هەرزانیی ماددەی هۆشبەر و لەبەردەستدابوونی چییە؟

**وەڵام**: ماددەی هۆشبەر دوو دەستەن: سوننەتی و سەنعەتی. سوننەتی نرخی گرانە و زۆرتر دەوڵەمەندەکان کەڵکی لێ وەردەگرن؛ بەڵام سەنعەتی، نرخی هەرزانە و زۆریش بە ئاسانی بەدەست دێ. لە ئێستادا، زۆرینەی لاوەکان بەبۆنەی بێکاری و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بێ پارەیی، ڕوویان کردووەتە ماددە سەنعەتییەکان، کە هەم هەرزانترە و هەم ئاسانتر دەستیان دەکەوێ. هەرزانبوونی ماددەی سەنعەتیش، دەگەڕێتەوە بۆ گەڵاڵەکەی حکومەت و ڕاکێشانی لاوانی زۆرتر بۆ تووشبوون بە ئێعتیاد. لاوانی بێکار و تووشبوو، بۆ وەدەستهێنانی مەواد، هەر کارێک دەکەن کە پێیان ڕادەسپێردرێ و ئەمە هەر ئەو کۆیلەدارییەیە کە حکومەت دەیەوێ. هەروەها سەنعەتییەکان وەک شیشە، هەر لە ئێراندا دروست دەکرێ و وەک پێشتریش باسم کرد سپا خۆی یەکێک لە گەورەترین بەرهەم هێنەرەکانیەتی و دوو سەرە قازانجی لێدەکا.

**پرسیار**: کارە نەکراوەکان، پرسە لەبیر کراوەکان لەو پێوەندییەدا چین؟ ئەرکە دواخراوەکان کامانەن و لەسەر شانی کێن؟

**وەڵام**: کارە نەکراوەکان زۆرن و پرسە لەبیر کراوەکانیش هەروەها. خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش هیچ متمانە و بڕوایان بە حکومەت نییە و زۆر شتیان لا ڕوونە و دەزانن کە حکومەت نەک پێش بە پەرەسەندنی ئێعتیاد ناگرێ، تەنانەت ڕێگەخۆشکەرە بۆ مەوادفرۆشەکان و خۆیشیان بەڕێوەبەری ئەم گەڵاڵەیەن. ئەوەی ئێستا بە ئەرکە دواخراوەکانی دەزانم ئەرکی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتە کە زیاتر لەم پەیوەندییەدا هەوڵ بدەن. جاران ئەگەر کەسێک مەوادی فرۆشتبا، لە ترسی حیزبەکان لە هەزار کوندا خۆیان دەشاردەوە، بەڵام ئێستا لە ڕۆژی ڕووناکدا بڵاوی دەکەنەوە. بۆیە پێویستە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش لە حیزبەکانیان چاوەڕوانییان هەیە کە وەک جاران ڕۆژی ڕووناکیان لێ بکەنە جەهەندەم و ئەوە بزانن کە لەلایەن خەڵکیشەوە ئەو شەرعییەتە بە حیزبەکان دراوە کە بازرگانانی ماددەی هۆشبەر سزا بدەن.

لە ژمارە ٧٠٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

--------------------------------------------------------

# خۆکوژی نەمان و مانەوەی پرسیار و هۆکارەکان

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ١٠ی سێپتامبر(١٩ی خەرمانان)ی هەموو ساڵێکی بە ڕۆژی جیهانیی پێشگرتن لە خۆکوژی ناودێر کردوە.

دیاریکردنی ڕۆژێک لە ساڵ بۆ پێشگرتن لە خۆکوژی لە حاڵێکدایە کە لە کوردستان ڕۆژ نییە کەس یان کەسانێک بەهۆی جۆراوجۆر و لە ڕێگەی جۆربەجۆرەوە هەوڵی خۆکوژی نەدەن کە بە داخەوە بەشی زۆریشیان سەرکەتوو دەبن و کۆتایی بە ژیانیان دەهێنن.

دڵسۆز سەلیمی لە بانە، نیگار شەریفی لە بۆکان، گەلاوێژ وەیسی لە ڕوانسەر، ئەسرا میرزایی لە سەقز، جەعفەر ئەحمەدتاش لە شنۆ، عەبدوسەلام خوشامەن لە مەریوان تەنیا چەند ناوێکن کە لە مانگی خەرمانانی ئەمساڵدا خۆیان کوشتوە. ئامارەکان ئەگەرچی ورد و دقیق نین، بەڵام دەگوترێ لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا ٦٥ کەس لە کوردستان بەهۆی خۆکوژی کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە. کچ و کوڕ، ژن و پیاو، پیر و لاو، خوێندەوار و نەخوێندەوار قوربانیی ئەو قەیرانەن کە لە کوردستان زۆر زیاتر لە ناوچەکانی دیکە بەرچاو دەکەوێ.

زۆر لە چاوەدێرانی کۆمەڵایەتی دەڵێن پانتایی ئەو قەیرانە زۆر لەوە زیاترە باسی دەکرێ، بەڵام شاڵاوی گرتن و بەندکران و ئێعدامەکان و کوشتوبڕی کاسبکاران وایکردوە پرسی خۆکوژییەکان بخرێتە پەراوێزەوە. پرسی بە ئەمنیەتیکردنی ئەو بابەتە لەلایەن دەسەڵاتیش چەند قات وادەکا خۆکوژییەکان کەمتر لایان لێبکرێتەوە و خۆکوژییەکان هەم لەلایەن دەسەڵات و هەم لەلایەن بنەماڵەی قوربانیان - بەبیانووی پاراستنی کەرامەتی خێزان - پووش بەسەر و دیزە بەدەرخۆنە بکرێن.

دوکتور شەیدا ئەمینی، دەروونناس باس لە شوێنکاری بارودۆخی کۆمەڵگا لەسەر هەڵکشان و داکشانی خۆکوژییەکان لە کوردستان دەکا و دەڵێ: «بەشی زۆری خۆکوژییەکان ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگان. بێکاری، هەژاری و دەسکورتی، ڕمێنی زۆر داب و نەریتی دواکەوتوانە لە خێزان و کۆمەڵگا، بوونی قانوونەکانی دژ بە ژنان و هەروەها باڵادەستیی پیاو لە سەر زۆربەی جومگەکانی ژیانی خێزانیی ژنان بارودۆخێکی ڕەوانیی خراپ بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت ژناندا دەسەپێنێ، بە جۆرێک کە زۆر لەوان پێیان وایە پەنابردن بۆ خۆکوژی چارەسەری کێشەکانیانە.»

خۆکوژییەکان لە کوردستان ئەگەرچی بە ئامار زۆر و لە ڕووی چۆنایەتیش گەلێ جار دڵتەزین و تراژیدیکن -خۆکوژیی دوو خوشک پێکەوە لە دێولان - بەڵام هێشتا نەبۆتە خەمێکی گەورە و جیددی، نەلای خەڵک و چالاکانی مەدەنی و کۆمەڵایەتی؛ نە لای دەسەڵات و دامودەزگا پێوەندیدارەکان.

دوکتور شەیدا ئەمینی دەڵێ: «بەشێوەیەکی کارناسانە کار لەسەر ئەو دیاردەیە نەکراوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە حکومەت نایهەوێ باسەکەی لێ گەورە بێتەوە و خەمخواردن لە کێشەکەی لەسەری بیێتە ماڵ؛ هەروەها لە کۆمەڵگاش روانینکی سادە و ڕواڵەتی بۆ ئەو بابەتە هەیە و خۆکوژی بە شتێکی کەم بایەخ و تەنانەت کێشەیەکی ئاسایی دادەنرێ.»

کۆمەڵناسان پێیان وایە ئەوانەی هەوڵی خۆکوژی دەدەن نوقمی کێشە و دالغە دەروونییەکانی خۆیانن و دەکرێ بە یارمەتیدانیان لە مردن و لە خەیاڵی خۆفەوتاندن رزگاریان بکەن، چونکی ڕایان وایە ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن ڕێگای بەردەوامیی ژیانیان لێ ون بووە. بۆیە کۆمەڵگا و هەروەها نیزامی سیاسی و ئیداری و بەڕێوەبەریی وڵات خەمی جیددی لێ بخۆن. خۆکوژی خەمی کۆمەڵگایە و هەر لە نێو کۆمەڵگاشدا دەکرێ بەدوای چارەسەردا بگەڕێین.

بەڕۆژکردنی سیستمی پەروەردەیی، وشیاریی خێزان و ڕاوەستان لە بەرامبەر نەریتە زیانبارەکان، سڕینەی قانوونەکانی ناتەبا لەگەڵ روحی یەکسانی و بەرامبەری ژن و پیاو، باشکردنی دۆخی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک و دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام و دڵنیا بۆ تاکەکانی کۆمەڵ ڕێگەچارەی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ خۆکوژی وەک خەسارێکی کۆمەڵایەتییە.

خۆ ئەگەر رەگ داکوتانی کلتووری توند و تیژی لە کۆمەڵگای کوردی، بێ ئیرادەیی ژنان و کچان لە بەرەوەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکانیان و کەمی و کەمایسیی هەوڵەکان بۆ بردنە سەریی ئاستی تێگەیشتوویی خەڵک بە تایبەت ژنان لە بواری ماف و چەمکەکانی کۆمەڵایەتی لە تەنیشت کۆمەڵە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و ئابوریی دیکە بەستێنی لەبار بۆ روودانی ئەو هەوڵە خۆکوژییانە لە کوردستانن، بەڵام جۆری بینین و خەسارناسیی ئەو دیاردەیە لە لایەن حکومەت و، خەمساردیی ئەوان بە نیسبەت ئەو کێشانە وای کردوە کە ئەو دیاردەیە زیاتر لە چوارچێوەی کێشەیەکی خێزانی دا بمێنێتەوە و بە هێشتنەوەی ئەو قەیرانە لە چوارچێوەی کێشەیەکی خێزانیدا ڕێگا بۆ خودزینەوە و لە کۆڵ خۆکردنەوەی هەموو بەرپرسیارەییەک لەو پێوەندییەدا لە لایەن ناوەندە حکومییەکان و دەزگاکانی دەسەڵاتەوە خۆش بکرێ.

زۆربەی کۆمەڵناس و خەسارناسە کۆمەڵایەتییەکان دوو ڕێکاری سەرەکی بۆ بەرەوڕوو بوونەوەی ئەو قەیرانە دەستنیشان دەکەن، ئەوانیش دەکەونە خانەی ئەو ئەرک و بەرپرسیارەتییانەی کە هەموو دەوڵەت و حکومەتێک دەبێ لە بەرامبەر خەڵکەکەی خۆیدا هەیبێ.

وەک بە کورتیش ئاماژەی پێکرا گرینگی پێدان بە فێرکردن و پەروەردە و پلاندانان بۆ بردنە سەریی ئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتوویی تاکەکانی کۆمەڵگا لە هەمبەر پرسە گرینگەکانی کۆمەڵایەتی و خێزانی، ئەویش بە مەبەستی بەرجەستەکردنی بەهاکانی مرۆڤ و ماف و ئازادییەکانی یەکێک لەو ئەرکانەیە کە دەبێ دەوڵەت و دامودەزگا حکومییەکان لە تەنیشت ناوەند و ڕێکخراوە مەدەنییەکان پلانی بۆ دابنێن.

هاوکات هەوڵدان بۆ باشتر کردنی ئاستی بژیو و کەمکردنەوە لە کێشە ئابوورییەکانی خەڵک وەک پاڵنەر و بەستێنیک بۆ

سەرهەڵدانی دیاردە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێکی دیکە لە ڕێکارە کردەییەکان بۆ ئەو ئامانجەیە کە ئەویش ڕاستەوخۆ پێوەندی بە سیستەم و دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەوە هەیە کە پێویستە بە بەردەوامی لەلایەن خەڵک و نوێنەرانیان و کۆمەڵگای مەدەنییەوە گوشاری بخرێتە سەر.

لە ژمارە ٧١٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---------------------------------------

## وتووێژی "کوردستان"
## لەگەڵ سکرتێری گشتیی حدک لەبارەی گۆڕانکارییەکانی کوردستان و ناوچە



**ڕەوتی گۆڕانکارییەکان دەبێ بە ئاراستەیەکدا بڕواتە پێش کە نە بە زیانی دەوڵەتی کوردستان بشکێتەوە و نە بەربەست دروستکردن بۆ بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێ بکەوێتەوە**

**"بەڕێز کاک مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مانگەکانی گەلاوێژ و خەرماناندا سەفەرێکی دوو مانگەی بۆ دەرەوەی وڵات کرد. ئەوەی لەو ماوەیەدا لە میدیاکانی حیزبدا دەماندی، بەشداریی بەڕێزیان لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمیتەکانی حیزب لەو وڵاتانە بوو کە بەڕێزیان سەردانی کردبوون. هەروەها کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە و وتووێژ لەگەڵ میدیا و ڕاگەیەنەکانی چەند وڵاتێک.**

**«کوردستان» دوای گەڕانەوەی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ کوردستان، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێزیان پێک هێناوە"**

**پرسیار: کاک مستەفا سەرەتا بەخێرهاتنەوەتان پێدەڵێین. جەنابتان سەفەرێکی چەند مانگەتان بۆ دەرەوەی کوردستان کرد، بفەرموون سەفەرکەتان بۆ مەبەستێکی سیاسیی تایبەت بوو، یان هەر بۆ بەسەرکردنەوەی کۆمیتەکانی حیزب لەو وڵاتانە؟**

**وەڵام: سەرەتا سپاس بۆ کارگێڕانی ڕۆژنامەی «کوردستان» بۆ ڕێکخستنی ئەم وتووێژە. زۆر سروشتییە سەفەری بەرپرسی حیزبێکی سیاسی لە کوردستانەوە بۆ دەرەوی وڵات، پێویستە سەفەرێکی سیاسی بێ و سەفەرەکەی ئەمنیش هەر بۆ ئەو مەبەستە بوو. دیارە پاش هەڵبژاردنم بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم سەفەرەم زیاتر لایەنی تەشکیلاتیی بەخۆوە گرت، لەبەر ئەوەی بە پێویستم دەزانی سەردانی کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات بکەم و لە نیزیکەوە و ڕاستەوخۆ لەگەڵیان دانیشتن و کۆبوونەوەم هەبێ.**

بۆ خۆشتان دەزانن کە بە خۆشییەوە حیزبی دێموکرات تەشکیلاتێکی زیندوو، بەربڵاو و لەسەر هەستی هەیە و، بۆ ئەوەی ئەم تەشکیلاتە لە دروستبوونی بڕیاری سیاسی و تەشکیلاتیدا نەخش و دەوریان هەبێ؛ پێکهێنانی کۆڕ و سمیناری تەشکیلاتی و کۆبوونەوە لەگەڵیان پێویستە. بەشێک لە مەبەستی سەفەرەکەم وەڵامدانەوە بەو پێویستییە بوو.

**پرسیار**: وەک لە هەواڵەکاندا هاتبوو، جەنابت سەردانی چەند وڵاتێکی وەک سوئیس، ئوتریش، دانمارک، فینلاند، سوئێد، نۆروێژ و ئاڵمانتان کرد. ئەگەر بکرێ بفەرموون گرینگترین کار و بەرنامەکانتان لە سەردان بۆ ئەو وڵاتانە چ بوو؟ تەوەری باس و خواسی کۆبوونەوەکانتان چ بوون؟

**وەڵام**: وەک باسم کرد ئەمن لە سەفەر و سەردانم بۆ ئەو وڵاتانەی ناوت هێنان، لە ڕێگەی کۆمیتەکانی حیزب لەو وڵاتانە کۆبوونەوەی سیاسی و تەشکیلاتیم لەگەڵ ئەندامانی حیزب بووە. شیکردنەوەی سیاسەت و هەڵوێست و ڕوانگەی حیزبی دیموکرات لە سەر گۆڕانکارییەکانی ئێران و ناوچە، لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و قەیرانخوڵقێنییەکانی لە ناوچە، لەسەر جووڵە و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات بە تایبەت لە کوردستان؛ ئەوانە تەوەری سەرەکیی ئەو باسە سیاسییانە بوون کە وێڕای باسە تەشکیلاتییەکان لەگەڵ ئەندامەکانی خۆمان و لە کۆڕ و کۆبوونەوکاندا کردوومانن. لەو کۆبوونەوە و سمینارانەدا بە ڕاشکاوی باسمان لە هەل و دەرفەتەکانی بەردەم خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان و هەروەها کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێی جووڵانەوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە.

لە باسی کۆبوونەوە تەشکیلاتییەکانیشدا جیا لە باسی نەخش و ڕۆڵی تاک لە کاری ڕێکخراوەیی و ئەرک و بەرپرسایەتیی ئەندامانی حیزب لە هەر ئۆرگان و بەشێکی حیزبدا، باسمان لە پلاتفۆرمی کاریی پەسندکراوی پلینۆمی شەشەمی حیزب کرد کە دەستنیشانی ئەرکی ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی حیزبی کردوە. باس لە سروشت و تایبەتمەندیی ژیانی ئەندامان لە ئورووپا و جۆری تایبەتیی کاری ڕێکخراوەیی ئەوان تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو کۆبوونەوانە بوون کە کردوومانن و ئاکامی باشیشمان لێ وەرگرتوون.

هەڵبەت جیا لەو کۆبوونەوە و دیدار و چاوپێکەوتنانە لەگەڵ کۆمیتەکان و ئەندامانی حیزب، لەگەڵ کوردەکانی تاراوگە و لایەنە سیاسییە کوردییەکانی بەشەکانی تری کوردستانیش دیدار و چاوپێکەوتنم بوو و لەسەر پرس و باسە پێوەندیدارەکانی کوردستان و نێوان حیزبەکان ئاڵوگۆڕی بیروڕامان بوو.

**پرسیار**: ئێوە لە وڵاتانی دانمارک، فینلاند، سوئێد و نۆروێژ جیا لە کۆبوونەوە سیاسی و تەشکیلاتییەکان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەتان کردوە و لەگەڵ چەند پارلمانتارێکیش دیدار و چاوپێکەوتنتان بووە، ئەو دیدارانە لەسەر چ تەوەرێک ڕێک خرابوون و ئێوە لەگەڵ ئەوان باسی چیتان کرد؟

**وەڵام**: لەو دانیشتنانەدا لەگەڵ ڕاوێژکاری سیاسیی وەزیرانی دەرەوە و کاربەدەستانی بەشەکانی دیکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە کە لەسەر کەیسەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کار دەکەن، دیدار و باسمان بووە.

لە هەموو ئەو دانیشتنانەدا لەلایەن ئێمەوە باس لە حەوت دەیە مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزب کراوە، باس لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کراوە کە دابینکردنی مافە نەتەوەیی، سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە لە نیزامێکی سیاسیی دێموکرات و فیدراڵدا لە ئێران؛ باس لە جۆر و شێوازەکانی خەباتی حیزبەکەمان کراوە کە بەپێی هەلومەرج گرتوومانەتە بەر و لێی بەردەوامین. باسمان لەوە کردوە کە کورد خەباتێکی ڕەوا بۆ مافێکی ڕەوا دەکا و هەموو داواکانی کورد لە چوارچێوەی ئەو مافانەدا جێدەگرن کە وڵاتە دێموکراتیکەکان و کۆمەڵگای جیهانی سەلماندوویانە، بەڵام وەڵامی خەباتەکەمان نەک هاتنە سەر مێزی دانوستان، بەڵکوو ئاگر و ئاسن و سەرکوت و سیاسەتی حاشالێکردن بووە.

لەو دانیشتنانەدا بە وردی باسمان لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گشتی کرد و گوتمان کە کۆمەڵگای جیهانی و وڵاتانی دەرەوە دەبێ ئەو ڕاستییانە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا ببینن و هەڵوێست و دژکردەوەی پێویستیان لەبەرامبەریدا هەبێ، بۆ ئەوەی تێچووی بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی لەو جۆرە سیاسەتکردنەوە لەسەر ڕێژیم زیاتر بێ.

**پرسیار**: ئەوان چی؟ خوێندنەوەی لایەنە بیانییەکان بۆ پرسی کورد لە ئێران و گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەو وڵاتە چین؟ ئەوان چۆن سەیری پرسە سیاسی و مەدەنییەکان و بەرەنگاربوونەوەی خەڵک و دەسەڵات لە ئێراندا دەکەن؟

**وەڵام**: لە هەموو کۆبوونەوەکاندا باسەکانمان بەباشی وەردەگیران، دیارە ئەوانیش شارەزایی باشیان لەسەر سیاسەت و شێوەی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبوو، بەدواداچوونیشیان بۆ کێشەی ئێتنیکی و مافی نەتەوە پەراوێزخراوەکان لە ئێراندا کردوە و ئاگایان لە بزاوتە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی نێوخۆی ئێران و دەنگی شەقامیش هەیە.

ئەوان حاشایان لەوە نەدەکرد کە دەزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران حکومەتێکی نادێموکراتیک و سەرەڕۆیە، مافی مرۆڤ بە بەربڵاوی پێشێل دەکا و دەشزانن پێکهاتە نەتەوەییەکان لە ئێراندا لە مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەشن، هەروەها پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان بە ڕەوا دەزانن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایان وابوو کە دەکرێ بە بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەم بۆ گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی تێبکۆشن، هەم ڕەچاوی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆشیان کردبێ.

ئەوان ئەوەشیان دەگوت کە هەم لە چوارچێوەی تەعامولی یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ ئێران و هەم لە چوارچێوەی پێوەندیی وڵاتان بۆ خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافی کەمە نەتەوە و کەمایەتییە ئایینییەکان لەو وڵاتە ڕەخنەیان لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گرتوە و ئەو بابەتانە لە چاوی ئەوان ون نین.

**پرسیار**: یەک لە ڕووداوە گرینگەکانی ئەم دواییانە ڕاپرسیی سەربەخۆیی بۆ باشووری کوردستان لەو هەرێمە بوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆری فشار هێنا و پیلانی زۆر گێڕا کە ئەو ڕاپرسییە نەکرێ، بەڵام کرا. ئێوە نیگەرانییەکانی ئێران لە چیدا دەبینن؟ پێتان وایە هەنگاوی دواتری ئێران چ دەبێ؟

**وەڵام**: ڕاپرسی لە خەڵکی هەر وڵاتێک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆی، مافێکی ڕەوای ئەو میللەتەیە. ئەوە بە ڕوونی لە جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا هاتووە. خەڵکی هەرێمی باشووری کوردستان قانوونی و لە ڕێگەیەکی زۆر مەدەنی تەعبیریان لە ئیرادەی سیاسیی خۆیان کردوە کە دەبێ هەموو لایەک ڕێزی لێ بگرن و ئێمەش وەک حیزبی دێموکرات پیرۆزباییان پێ دەڵێین و هیواداریین هەنگاوەکانی دواتریش بە سەرکەوتوویی ببڕن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کۆماری ئیسلامی، دیارە کە حکومەتێکی وەک ئەم ڕێژیمە بەو نێوەرۆکە و بەو ماهییەتەی هەیەتی دژی ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستانە و پێی ناخۆشە کە کورد لە باشووری کوردستان بە نواندنی ئیرادەی سیاسیی خۆیان بەم شێوازە مەدەنی و سەردەمیانەیە چارەنووسی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن. هۆکارەکانیش ڕوون و ئاشکران: کۆماری ئیسلامیی ئێران حکومەتێکی نادێموکراتیکە و زیاتر لە ٣٨ ساڵە ئیرادەی سیاسی لە خەڵکی ئێران زەوت کردوە و مادام ئەوە ڕەفتار و سیاسەتی لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەیەتی کە بەسەریاندا حاکمییەت دەکا، بڵێی چۆن دژایەتی خەڵکی هەرێمی باشووری کوردستان بکا کە دەیبینین چۆنی دەکا.

هۆکارێکی دیکەی ئەو دژایەتییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێران پێی وایە ئەگەر کورد لە باشووری کوردستان بە سەربەخۆیی بگەن، ئەوە ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی هاندانی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆ مافخوازیی زیاتریان و ڕادیکاڵبوونی خەباتەکەیان. دیارە ئەمن لام وایە حکومەتی ئێران هەر وەک بەڕاشکاوی دژی ڕاپرسییەکە بوو، لە ڕێگەی جۆراوجۆری سیاسی و دیپلۆماتیک، دوایەش هاندانی حکومەتی عیراق و میلیشا چەکدارەکانی حەشدی شەعبی، فشاری تایبەت لەسەر سنوورەکان، دروستکردنی کێشە و گەمارۆدانی ئابووری و ڕاگرتنی بازرگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەموو کارێک دەکا ئەو پرۆسەیە بەو شێوەیە سەر نەگرێ. بەڵام ئەگەر سەری گرت مەرج نییە پشت لە بەرژەوەندییەکانی دیکەی بکا و وەک ئەمری واقع نەیبینێ. بۆیە دەتوانم بڵێم ئەگەری زۆر گۆڕانکاری هەیە کە لە داهاتوودا ڕوو دەدەن.

**پرسیار**: تورکیە و ئێران کە لە دژبەرانی سەرەکیی ڕێفراندۆمەکەی باشووری کوردستانن، دەڵێن دژایەتییەکانیان بەوە ناوەستێ. پێشبینیی ئێوە لە پێشهاتەکانی دوایە چییە؟

**وەڵام**: دەبێ جیاوازی دابنێین لە نێوان چۆنیەتیی دژایەتیی ئەو لایەنانە لەگەڵ ئەو بڕیارە سیاسییەی هەرێمی کوردستان داویەتی. لە پێشدا ئێران. ئێران لە وڵاتەکەی خۆیدا زیاتر لە دە میلیۆن کوردی هەیە و پانتایەکی زۆر لە خاکی ئێران کوردستانە، هەروەها کورد لە ئێران ئێستاش لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان بۆ دەستەبەری مافە سیاسی و نەتەوەیی و مەدەنییەکانیەتی، بۆیە کۆماری ئیسلامی زۆر لەوە نیگەرانە. نیگەرانی شوێنکاری ئەو گۆڕانکارییانەیە لەسەر ڕەوشی کورد لە ئێران.

هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئیران و عێراق مێژوویەکی پڕ ئاڵۆزی و شەڕی خوێناوییان لەگەڵ یەکتر هەیە، بەڵام ئێستا بەهۆی پێوەندیی پتەوی حکومەتی ئێران لەگەڵ دەسەڵاتدارانی شیعە لە عێراق، دەستی کۆماری ئیسلامی زۆر ئاوەڵا کراوە بۆ دەستێوەردانی هەمە جۆرە لەو وڵاتە. لەم ڕووەوە ئێران نایهەوێ کوردستان وەک بەشێک لە عێراق جیا بێتەوە و ببێ بە وڵاتیکی سەربەخۆ. بەڵام ئەگەر ئەو

دوو هۆیە بنێینە ئەو لاوە کە بە زیانی حکومەتی ئێرانن، ئەمن پێموایە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە باشوور بە زیانی ئێران نیە و بەڵکوو زۆریش بۆ ئەو بە قازانجە. چ لە ڕووی سیاسی و چ لە باری ئابووری و چ لە ڕووی ئەمنییەتی و دڵنیایی، چونکی نزیک بە ٩٠٠ کیلۆمیتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ ئەو کوردستانە هەیە.

بەڵام تورکیە؛ حکومەتی تورکیەش ئەو نیگەرانییە هاوبەشەی هەیە کە سەربەخۆیی کوردەکان لە باشووری کوردستان دەبێتە هۆی هاندانی کوردەکانی باکووری کوردستان. لەو ڕوانگەیەوە تورکیە دژی ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی باشووری کوردستانە، بەڵام لە درێژخایەندا و تەنانەت ئیستاش حکومەتی کوردستان دەتوانێ زۆر بە قازانجی ولاتی تورکیە بێ. هەر وەک ئێستا تورکیە سنوورەکانی لە سۆنگەی حکومەتی کوردستانەوە کەم کێشەن و لە باری ئابوورییەوە ئەو هەمووە گرێبەستە و هاوبەشییەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە کە لە زۆر بواری دیکەشدا پەرەیان پێ بدرێ. ئێستا دەبینین کە هەرێمی کوردستان بازاڕێکی گەورەی بۆ ورد کردنەوەی بەرهەمەکانی تورکیە دەستەبەر کردوە و تورکیە ئەو ڕاستییە زۆر باش دەبینێ. بۆیە پێموایە کاردانەوە و دژایەتیی دەوڵەتی تورکیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر پرسی سەربەخۆیی بۆ ماوەیەکی کەم دەبێ ئێستا زیاتر بە مەبەستی تەبلیغاتی دەکرێ و مەسرەفی نێوخۆیی هەیە.

**پرسیار: بەڵام ئێوە وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن باس لە کاریگەرییە ئیجابی و سلبییەکانی ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر پرسی کورد لە ئێران و، هەروەها ژیانی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و بە ڕوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەن؟**

**وەڵام**: سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە کورت ماوەدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێ، بەڵام دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەست و سۆزی نەتەوایەتیی کورد، وەک چۆن ئەوە بە خرۆشانی خەڵک و شەپۆلی شادی و خۆشیدەربڕینەکانیانەوە دیار بوو. ئەو کارناڤاڵانە وەک بینیمان ئەگەر لەلایەک بۆ پیرۆزبایی و هاوسۆزی لەگەڵ خوشک و براکانیان لە باشووری کوردستان بوو، خەڵک وەک دەرفەتێکیش بۆ هێنانەگۆڕێی ماف و داواکان کەلکیان لێ وەرگرت.

لە پێوەندی لەگەڵ کاریگەریی نەرێنییەکانی جارێ زووە بۆ قەزاوەت کردن و نابێ وەپێش ڕووداوەکان بکەوین. سروشتییە دەوڵەتی کوردستان ئەگەر لە باشووری کوردستان ڕابگەیەندرێ کۆمەلە مەسئولییەتێکی قانوونی و سیاسی و ئەمنییەتی و هاوسنووریی بۆ دروست دەبێ و، پێویستە وەک جیرانی باش لەگەڵ دەوڵەتانی جیران ڕەچاویان بکا. ئەوە لە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شاراوە نییە و ئەوان بە هەستکردن بەو بەرپرسایەتییە مێژووییەی بوویانە و لە دوو دەیەی ڕابردووشدا بە نیسبەت هەرێمی کوردستان نواندوویانە، ڕەچاوی هەلومەرجی دەوڵەتی تازە دروستبووی کوردستان دەکەن. دڵنیام بەرپرسانی بالای حکومەتی کوردستانیش کە دەزانن بزاوتی سیاسی و خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات لە چ قۆناغێک دایە و لە چ بەستێنێکدا ڕوو لە گەشەیە، ئەو پرسەیان بۆ گرینگە. بۆیە بە خەم لێخواردنی هەموو لایەک ڕەوتی گۆڕانکارییەکان دەبێ بە ئاراستەیەکدا بڕواتە پێشێ کە نە بە زیانی دەوڵەتی کوردستان بشکێتەوە و نە کپکردن و بەربەست دروستکردن بۆ بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێ بکەوێتەوە.

**پرسیار: چۆن باس لەو جۆش و خرۆشەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان**

دەکەن؟ وەک هێزێکی سیاسیی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندە بەشتان بەو شەپۆلە لە مافخوازی و لەسەر هەستبوونەوەی خەڵکەوە هەیە؟

**وەڵام**: جۆش و خرۆشی خەڵکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەرکەوتنی ڕاپرسییەکەی باشووری کوردستان لە واقعدا خرۆشانی هەستی نەتەوەخوازیی خەڵکی کوردستانە. خەڵکی کوردستان یەک نەتەوەی لێک دانەبڕاوە و چارەنووسیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گرێدراوی چارەنووسی یەکترە. ئەوان لە خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکتردا هاوبەشن، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە کاتی کۆڕەوە ناخۆشەکەی ساڵی ١٩٩١ی زایینیدا - کە دیتمان چۆن باوەشیان بۆ خوشک و برا کوردەکانیان کردەوە و زۆر بەرپرسانە لە نێو ماڵ و باوەشی گەرمی میوانداریی خۆیاندا وەریان گرتن - چ لە کاتی خۆشیدەربڕینەکان بۆ ڕاگەیاندنی فیدرالی لە باشووری کوردستان، چ لە کاتی هاوخەمییەکان بۆ کارەساتی ڕووداوە تێرۆریستییەکەی یەکی شوبات و چ ئەو کاتەی بۆ پشتیوانی لە شنگال هاتنە سەر شەقام؛ هەمیشە پێشەنگ بووە. ئەمجارەشیان بینیمان کە بۆ سەرکەوتنی ڕاپرسییەکەی ٣ی ڕەزبەر بە چ جۆش و خرۆش و حەماسەتێکەوە هاتنە سەرشەقام و کارنەڤاڵی خۆشی و شادییان وەڕێ خست و تێچوویەکی زۆریشیان بۆ دا. وەک دەبینین ئێستا سەدان کەس بەو هۆیە لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە گیراون و هیوادارم خوشک و برا کوردەکانمان لە باشوور ئەو ڕۆژانەیان لە بیر نەچێ.

بۆ بەشی دووهەمی پرسیارەکەش دەبێ بڵێم کە حیزبی دیموکرات هەموو کاتێ باوەڕی قووڵی بە هێز و توانای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و هەیەتی و هەر لە گوڕوتینی ئەوانەوە هێز و ئیلهامی وەرگرتوە. بۆخۆتان دەزانن ڕۆژهەڵات بە خەبات و چالاکیی مەدەنی جۆراوجۆر قەت نەیانهێشتووە دەنگی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان کپ و بێدەنگ بێ. ئەو خەبات و لە مەیداندا مانەوە و لەسەر هەستبوونە لە ڕوانگەی ئێمەوە ڕەهەندێک و بەشێک لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنیی کوردستان و بە چاوی هیوا و پشتگەرمیی زیاترەوە دەڕوانینە خرۆشانی خەڵک. دیارە ئێمە لە ڕاگەیاندراوی ڕەسمیی دەفتەریی سیاسیی حیزبدا داوامان لە خەڵک کردبوو لە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول (٣ی ڕەزبەر و ڕۆژی بەڕێوەچوونی ڕاپرسییەکە) لە کاتێکدا کە خوشک و برا کوردەکانیان لە باشوور لە سەر سندووقی دەنگدانن، بە وەڕێخستنی کارنەڤاڵی شایی و خۆشی لە پشتیان بن و پشتیوانیان بمێننەوە. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە بەخۆشیەوە خەڵکی ڕۆژهەڵات لە سەر هەستن و خاوەنی ئیرادەی خۆیانن و چالاکانی مەدەنیش لەسەر هەست و بەپلانن، بەڵام داوای حیزبی دێموکرات یارمەتیدەری باش بوو بۆ خرۆشانی خەڵک، بۆیە ئێمەش بەشێکی باشمان لەو خرۆشانە جەماوەرییە پێ دەبڕێ.

**پرسیار**: ئەوەندەی خەڵکی کوردستان بە دڵەوە پشتیوانییان لەو ڕاپرسییە کرد، نوێنەرانیان لە مەجلیس دژایەتییان کردن و لەبەریان وەستانەوە. ئەوە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟

**وەڵام**: بەر لە هەموو شتێک ئەم هەڵوێستەیان ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوان نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک لە حەوزەی هەڵبژاردنی خۆیاندا نین و گوتار و قسە و هەڵوێستیان تەعبیر لە ویست و داوای خەڵکی کوردستان ناکا.

ئەو جۆرە هەڵوێستانەی نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لەسەر پرسی ئاوا گرینگ و چارەنوسساز دەریدەخا کە لە حاڵەتی ئاوادا لە جێی ئەوەی ئەوان نوێنەرایەتیی بیر و هەست و داوای خەڵک بکەن، شوێنکەوتەی هەڵوێست و سیاسەتی ڕەسمیی حکومەتی تارانن و لە پێناو پاراستنی مەوقعییەتی خۆیانە ئاوا دەجووڵێنەوە. دەنا بێ گومان کەسێک کە دڵی بۆ ئازادی لێ بدا و لەگەڵ خەم و ویستی خەڵک و نەتەوەی خۆی بێ، لە مەوقعییەتی ئاوادا دەبێ ئیرادەی خۆی بنوێنێ، بە تایبەت کە هەر لە تاران و لە نێو بازنەی کەسانی نیزیک لە حاکمیەتدا هەبوون کەسانی غەیرە کورد کە هەڵوێستی زۆر باشیان هەبوو.

**پرسیار**: کاک مستەفا زۆر سپاس لەوەی دەرفەتت پێداین بۆ ئەم وتووێژە.

**وەڵام**: سپاس بۆ ئێوەش، بەخێر بێن.

لە ژمارە ۷۱۱ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۷ی ئۆکتۆبەری 2017

---------------------------------------------

## وتووێژی "کوردستان"
## لەگەڵ ئەنوەر و کوردستان عەزیزیان، باوک و کچێکی هونەرمەند و پێشمەرگە



**ئەنوەر عەزیزیان: هونەر بە بێ نیشتمان و میللەت ناتوانێ هیچ پێناسەیەکی هەبێ**

**کوردستان عەزیزیان: شانازی دەکەم بەوەی لەوە بەدوا وەک کچە پێشمەرگەیەکی هونەرمەند دەمناسنو ناوم دەبەندوانیوەڕۆیەکی پاییز بە شنەی بلاوێنی دەنگێکی ڕەسەن و زایەڵەی مۆسیقایەکی ئەهوورایی و مەقام و بەستە و حەیران بوونە میوانی دڵەکانمان، ئەوان کە لە سەردەشتی سەرسەوزەوە هاتبوونە دەشتە کاکی بە کاکییەکەی کۆیە، ئاوپڕشکێنی دڵی تاسەباریان کردین و گوڵبزەی شادییان خستە سەر لێوانمان و هیوادار بە ڕۆژانێکی خۆشی دیکەی پێکەوەبوون لەگەڵ یەکتریان کردین.**

**ئەو هەست و سۆزە نیشتمانییەی لە وشە بە وشەی شێعرەکان دەتکا و، لە لەرەی دەنگ و مۆسیقای ئەو بنەماڵە هونەرمەندەدا دەنگی دەداوە، وایلێکردین وەک «کوردستان» بە وتووێژێکی خۆمانە میوانداریيەکی تایبەتیی کاک ئەنوەر عەزیزیان و کیژە ڕوح سووکەکەی، خاتوو کوردستان بکەین.**

**پرسیار: کاک ئەنوەر جەنابت ساڵانێکە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی. هاوکات لەگەڵ کار و ژیان و ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبی، بەڵام دەبینین کە بنەماڵەیەکی تەواو هونەرمەندت پێکهێناوە و پەروەردەت کردوون. دەکرێ بفەرموون چۆنە ئەدەب و هونەرت تێکەڵ بە ژیانی خاو و خێزانیت کردووە؟**

**وەڵام: زۆر سپاس بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتەتان بە ئێمە دا لە ڕێگای «کوردستان»ی خۆشەویستەوە دەنگی خۆمان بگەیەنینەوە خەڵکی کوردستانەکەمان. ئەمن هەر لە منداڵیەوە هۆگریەکی زۆرم بە هونەر و ئاوازی کوردییەوە هەبوو، ئەو هۆگریەم لەگەڵ گەورەبوونم و برینی هەرەتی لاوەتی و تا ئیستاش هێناوە و لە ناخمدا پەروەردەم کردووە. بەڵام بەداخەوە لەو سەردەمەدا کە من پێم خۆش بوو لەگەڵ گروپێکی موسیقی کار بکەم بەختی ئەوەم نەبوو کە ئەو هەلەم بۆ برەخسێ، لەبەر ئەوەی ئەو ڕوحە ئایینیەی بەسەر**

بنەماڵەکەمدا زاڵ بوو ڕێگر بوو لەوەی کە من بتوانم ڕوو لە کاری هونەری بکەم. لە نەریتی بنەماڵەی ئێمەدا گۆرانی گوتن و کاری هونەری بە دژایەتی لەگەل نۆرمە ئایینیەکان لێک دەدرایەوە، بەو حاڵەش ئەمن کۆڵم نەدا و نەمهێشت ئەو هەست و ئینتیمایەم بۆ هونەر لێ هەڵوەرێ.

هەر ئەو خولیایەی کە لە منداڵیدا هەمبوو وە لەگەڵ هەڵدانم بەرەبەرە گەورە ببوو، وایکرد کاتێک کە ژیانی هاوبەشیم پێک هێنا و منداڵەکانم پەیدابوون و پێگەیشتن، لەواندا چرۆ بکا و بشنێتەوە.

**پرسیار**: ئێوە لە بواری ئەدەب و هونەریشدا ڕێچکەی «ئەدەبی بەرگری» و «هونەری دەروەست»تان هەڵبژاردوە و ئەو ڕێگایەشتان بۆ منداڵە هونەرمەندەکانتان کێشاوە. لەبەرچی پێتان وایە هونەر دەبێ خزمەتی نەتەوە و نیشتمان بکا؟ ئایا ئەوە چووکەکردنەوەی پانتایی هونەر نییە؟

**وەڵام**: ئەمن باوەڕم وایە هونەر بەبێ نیشتمان و میللەت ناتوانێ هیچ ناسنامە و پێناسەیەکی هەبێ. قەناعەتی ئەمن وابووە هونەری بێ میللەت سەغیرە، هونەری بێ نیشتمان سەغیرە، ئەوەش جوانییەکانی نیشتمانە و شیرینیی زمانی میللەتە کە دەتوانێ ڕوح و ڕەوان و گیانی واقعی بە میللەتێک ببەخشێ. ئەوەش کە پێموابێ هونەری دەروەست بە مانای کەمکردنەوەی پانتایی گشتیی هونەرە، هەر لەبەر ئەوەی سۆز و هەستی نەتەوەیی ئاوێتەی بووە؛ ڕاست نیە و پێچەوانەکەی دروستە. چونکی پێموایە هونەر کاتێک جێگە و پێگەی خۆی پەیدا دەکا کە بە جوانیی سروشت و بە ئاواز و ئاوات و خولیاکانی گەل و نیشتمانەوە بخەملێ.

**پرسیار**: ئەدی جێگە و پێگەی هونەری دەروەست و ئەدەبی بەرگری لە ئێستای کوردستاندا چۆن دەبینن، ئایا جێگای شیاوی خۆی دراوەتێ؟

**وەڵام**: نیشتمان و کوردستانی ئێمە لە ئیستادا چوار بەشە، ئەو دابەشبوونە نادڵخوازە کە مێژووەکەی بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە لە هەرکام لە بەشەکانیدا بەهۆی سیاسەتی جیاوازی دەسەلاتی زاڵ بەسەر هەر کام لەو بەشانەدا ژینگەیەکی جیاوازی هونەریش دروست بووە، بەڵام لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەگەرچی هونەر و ئەدەبی بەرگری غایب نیە، بەڵام ئەو پانتاییە دڵخواز و جێگا تایبەتییەی خۆی نییە، هۆیەکەشی بۆ کەشی پۆلیسی و سیاسەتی زەبروزەنگی دەسەڵاتی حاکم دەگەڕێتەوە. هونەرمەندان و شاعیرانی دەروەستی کوردیش بۆ پاراستنی ئەم ژانرە لە ئەدەب و هونەری کوردی باجی قورس دەدەن. هەڵبەت لە ساڵانی ڕابردووشدا بینیومانە لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەک و لە هەر مەجال و دەرفەتێکدا کە رەخسابێ، ئەوا شاعیران و هونەرمەندانی دەروەست قۆستوویانەتەوە و ئەو دەنگەیان هەڵبڕیوە. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئەندێشە و بیری نەتەوەیی لە زەین و دڵی خەڵک دایە وە بە هۆی ڕێگریی دەسەڵات ئەو بیرە نەتەوەییە زیاتر لای خەڵک خۆشەویست و واتادارە.

دەمانەوێ باسێکیش لەو دەرفەت و ئاستەنگانە بکەی کە لە کوردستانی ئێران لەبەردەم چالاکیی هونەریدا بۆ هونەرمەندانی بوارە

جیاجیاکـــان هەیە؟ بە تـــایبەت ئەو هونەرمەنـــدانەی ســۆزی پێشــمەرگانە و هەســتی نیشتمانپەرەســتی ئـــاوێتەی بیرکـــردنەوە و هونەرەکانیانە.

ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە ئازادیی ئەدەب و هونەر نییە، ئازایەتیی هونەرمەندان و نووسەرانە، چونکی کۆماری ئیسلامی لە جەوهەری خۆیدا دژی هونەر و ئافراندنە، جا ئەوە نیشتمانیش بێ بەولاوەتر. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هونەرمەندەکانی بە ئازایەتییەوە ئەوەیان بەسەر کۆماری ئیسلامیدا سەپاندووە کە هونەر بەشێکی جیانەکراو لە وجودی ئێمەیە، بەڵام هونەری بەرگری و شێعری مقاومەت وەک باسم کرد تێچووی زۆری بۆ دەدرێ و لەلایەن دەسەڵاتەوە هیچ دەرفەتێکی بۆ سەرهەڵدان و نەش و نوما نەدراوەتێ.

هەر هونەرێک سۆزی نیشتمان، بۆنی وڵات و هەستی پێشمەرگانەی پێوە دیار بێ، ئەوە بۆ کۆماری ئیسلامی هێڵی سوورە. لە لایەکی دیکەوە هەوڵی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە هەموو زەرفییەتەکانی ئەدەب و هونەری کوردی تا ئاستێکی زۆر نزم دابەزێنێ، وەک بڵێی ئەدەب و هونەری کوردی تەنیا بەیت و حەیرانە کۆنەکانە؛ بەڵام نووسەران و هونەرمەندانی کورد لەوەشدا بەربەرەکانێی باشیان لەگەڵ دەسەلاتدا کردووە و باجی قورسیشی بۆ دەدەن. چونکی ئەوەی هونەرمەند و نووسەری راستیەقینە بێ ئەو ئازایەتییە کە بۆ خەملاندنی هونەرەکەی لە ناخیدا هەیە وا دەکا سەر بۆ ترس و فەزای سەرکوت و ژینگەی داسەپاویش نەوی نەکا و بە باوەڕ بە ڕەسانەیەتی و پیرۆزیی ئایدیاکەی، ئازایەتیی ئەوەش دەنوێنی کە هونەرەکەی کەوی نەکا.

ئەو ئازایەتییە زۆرجار دەبینی لە شێعری شاعیرێکدا لە پشتی وشەکان و لەو دیوی ڕواڵەتەکانەوە دیارە، زۆر جاریش دەبینی هونەرمەندێک لە مەقامێکدا یان لایەلایەیەکدا ئەو هەست و سۆزە نیشتمانییە بە ئازایەتیەوە دەردەبڕێ.

**پرسیار**: جەنابت باوکێکی سەرکەوتووی کە لە هەموو ژیان و سامانی مادی و مەعنەویت مایەت داناوە کە ئەندامانی خێزانەکەشت لەو بەستێنەدا پەروەردە ببن و ئەو ڕێچکەیە بگرنە بەر. چی جەنابتی گەیاندنە ئەو قەناعەتە و ئەو جێگەیە؟

**وەڵام**: لە دەیەی شەست کاتێک لە گوندەکەی خۆمان پیشمەرگەم دەدی کە بە چەک و چۆڵێکی کەم بەڵام بە باوەڕێکی پۆلایی بەرەنگاری سپای کۆک و پۆشتەی کۆماری ئیسلامی دەبوونەوە، ئەو هەستە لە ناخمدا چەکەرەی کرد کە خەباتی ئێمە ڕەوایە و بۆ ژیانێکی مرۆییە. ئەو هەستە دوایە لەگەل گەورە بوونم بوو بە باوەڕ و کاتێکیش بە کردەوە تێکەڵ بە کاروباری سیاسی بووم، لە هەموو پانتایی ژیانی خێزانیمدا ڕەنگی دایەوە، بە خۆشییەوە منداڵەکانیشم فرچکیان بەو باوەڕە نیشتمانیە گرتووە. دەمەوێ بڵێم خۆشەویستیی ئاو و خاک و نیشتمان بەشێکی جیا نەکراوەیە لە ژیان و بیر کردنەوەی من و بەخۆشیەوە منداڵەکانیشم بووە.

**پرسیار**: لەبەرچی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتت بۆ خەبات و بەردەوامی ژیانی هونەری هەڵبژارد؟

**وەڵام**: حیزبی دێموکرات لە هەموو ژیانمدا ڕووگە و قیبلەی ئاواتم بووە، بەر لەوەی حیزبی دێموکرات بە فکر و ئەندێشە هەڵبژێرم

خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا وایکرد کە ئەو حیزبەم خۆش بوێ، سروشتییە من خۆم بە ڕۆڵەی گەلەکەم دەزانی و گەلەکەشم حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ لەسەر ڕێگا دانابووم.

"لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە خولیای گۆرانی دەبێ. باوکی گۆرانیی بۆ دەڵێ و ئەویش بە هەڵبەزین و چەپڵەلێدان بۆ باوکە هونەرمەندەکەی دەستێنێتەوە. کاتێک لە کاناڵە تەلەڤیزیۆنەکانەوە ئامێرەکانی موسیقیی بە دەستی هونەرمەندانەوە دەدی، دەچوو چیلکە و مێشکوژی دێنا و وەک ئەوان دەیگرت و لاسای دەکردنەوە. باوکی کە دەزانێ کیژۆڵەکەی خولیای موسیقی بووە، ئامێری ڤیۆلۆنی بۆ دەکرێ و دەینێرێتە خولی فێرکاریی موسیقا.

«کوردستان عەزیزیان» لە تەمەنی حەوت ساڵیدا بەشداری فستیڤاڵی بەیت و حەیران دەکا و لەوحی ڕێزلێنانی دەدرێتێ. لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا دەچێتە تاران بۆ ئەوەی داوای کردنەوەی کتێبخانەیەکی کوردی بۆ شارەکەی بکا و لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە خەڵاتی «کیژۆڵەی هەڵبژێردراوی پەرەپیدان بە کتێب» وەردەگرێ.

بە شانۆی «سەفەری هەڵالە «بەشداریی لە فستیڤاڵی ٧ی پووشپەڕی سەردەشت کردوە و خەڵاتی «پدیدە»ی ئەو فستیڤاڵەی پێدراوە. بەشداری لە کونسێرتی موسیقا و شەوە شێعر و چالاکیی ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان لە بۆکان و سەردەشت و شارەکانی دیکەی کوردستان بەشێکی دیکە لە دەرکەوتنەکانی کوردستان بوون."

**پرسیار**: کوردستان تۆ لەو تەمەنەدا سەرکەوتنێکی باشت وەدەست هێناوە، چی تۆی هان دا ئاوا بە شێلگیری و بەردەواییەوە خەم لە هونەری موسیقی بخۆی؟

**وەڵام**: ئەمن هەر لە تەمەنی زۆر منداڵییەوە کاتێک لە تەلەڤیزیۆن یان ئامێرە دەنگیەکانەوە گوێم لە ئاواز و موسیقی دەبوو، حەسانەوە و ئارامییەکی زۆرم لە خۆمدا دەدیتەوە. هەتا گەورەتر دەبووم هونەر زیاتر ئاوێتەی ڕوحم دەبوو و زیاتر ئارامی دەکردمەوە. هەر ئەوە بوو وایکرد کە من وەشوێن موسیقی کەوم و وێل و شەیدای بم و کەسایەتیی ڕوحی و ڕەوانیی خۆم لەودا ببینمەوە و جار لەگەڵ جار زیاترم خۆشم بوێ.

**پرسیار**: لە موسیقی و گۆرانیدا بە دووی چیدا دەگەڕێی و بۆ ئەو بوارەت هەڵبژارد؟

**وەڵام**: لە موسیقی و گۆرانیدا بە دووی جوانیی سروشت و ئەویندا دەگەڕێم، ژیانێکی ئارام دوور لە توندوتیژی و بە تەواوی مانا موسیقیانە، چونکە پەروەردەبوونی کەسایەتی و حورمەتی خۆم و ڕێزی مرۆڤەکان لەوێدا دەبینمەوە.

**پرسیار**: ئەدی موسیقی و کاری هونەری ئەتۆی لە دنیای منداڵیت نەکردوە؟

**وەڵام**: نەخێر، پێچەوانەکەی ڕاستە. چونکە ئاواز شوێنی کایەکردن لەگەڵ هاوڕێکانم و بووکەڵە شووشەکانی بۆ پڕ کردوومەوە و هانی داوم لەگەڵ لاوانەوەی ئاوازدا گەمەکانی منداڵیم بکەم و دنیای منداڵیم شیرینتر بێ.
دەمەوێ بڵێم بە ڕێنوێنی باوکم و پشتگیریی دایکم زۆر خۆشەویستانە لەگەڵ موسیقادا ژیاوم و تەمەنێکی خۆشم لەگەڵیدا هێناوە.

**پرسیار**: ئەتۆ کچی پێشمەرگەیەکی کوردستانی. ئێوە پێشتر لە نێوخۆی وڵاتدا دەژیان و بەهۆی بارودۆخی سیاسیی باوکت ناچار بوون ئەوێ بەجێ بێڵن و لە نێو ڕیزەکانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتدا بگیرسێنەوە. لەو بارەوە هەستت چییە؟ چیت لە دەست داوە؟ چیت وەدەست هێناوە؟

**وەڵام**: هەست بە گەورەبوونم دەکەم. بە دڵێکی پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری ئەوە دەڵێم و ئەگەر لە دایک ببمەوە دوبارە باوەڕ بەوە دێنم کە باوکم بەو کارەی ژیانێکی پڕ لە سەروەریی پێ بەخشیوم.

ئەوەش کە چیم لە دەست داوە دەتوانم بڵێم دیداری بەردەوام و لە نیزکەوەی کەسوکارم و سروشتی جوانی ڕۆژهەڵاتم لە دەست داوە، ئەوەش کە وەدەستم هێناوە ئازادی و شانازییە. شانازیی ئەوەی لەوە بەدوا لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و لە نێو خەڵکی کوردستاندا وەک کچە پێشمەرگەیەکی هۆگری هونەر دەمناسن و ناوم دەبەن.

**پرسیار**: خەونی گەورەی ئەتۆی کوردستان چییە؟

**وەڵام**: ئازادی و ڕزگاریی کوردستان، دامەزرانەوەی دەوڵەتی کوردی و بەڕێوەبردنی یەکسانی لە کاروباری ژیانی مرۆیی و دەوڵەتدا.

**پرسیار**: پێت خۆشە چ پەیامێک هەبێ بۆ منداڵانی هاوتەمەنت یان هاوڕێکانت؟

**وەڵام**: ئەمن خۆم لەوە بە بچووکتر دەزانم پەیامم بۆیان هەبێ، بەڵام داوا لە هاوڕێیانم دەکەم بخوێنن هەتاوەکوو بە پلەی بەرز دەگەن، ئەوکات بە دید و ڕوانینی کراوەوە خزمەت بە خاک و نەتەوە و نیشتمانەکەیان بکەن.

لە ژمارە ٧١٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

# وتووێژی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەگەڵ سەعید بەگزادە



سەعید بەگزادە: کورد یان دەبێ ئەوەندە بەهێز بێ بەرژەوەندییەکان بپارێزێ یان ئەوەندە بە پلان کە بتوانێ مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکان دروست بکا ڕووداوەکانی ئەم دواییانە و ئەم ڕۆژانەی ناوچە گرینگ و هەستیار و چارەنووسسازن. لەلایەک بزووتنەوەی کورد لەبەر دەم تاقیکارییەکی مێژوویی دایە و، لەلایەکی دیکەش دەستێوەردانی سەربازی و قەیرانخوڵقێنیی ئێران دۆخێکی نالەباری بەسەر ڕەوشی کورد لە باشووری کوردستاندا سەپاندوە. لەو نێوەدا ستراتیژیی ناڕوونی ئەمریکاش کە زۆر گومان و پرسیاری دروست کردوە.

«کوردستان» ئەم بابەتانە و چەند باسێکی دیکەی کردۆتەوە تەوەری وتووێژێک لەگەڵ کاک سەعید بەگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**پرسیار**: کاک سەعید با لە گۆڕانکارییە گرینگەکانی ناوچەڕا دەست پێبکەین. بە پیلانێکی نێودەوڵەتی بەشی زۆری دەسکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان لەبار چوون. بۆ وای لێهات؟

**وەڵام**: کۆمەڵێک فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی بوونە هۆکاری ئەو کشانەوە گرانە.

بە ڕووی دەرەوەدا پشتیوانیی دەرەکیی باشی بۆ ئامادە نەکرابوو. لەو ماوەیەدا زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیان کردوە و حکومەتەکان گۆڕاون؛ دەگەڵ ئەوەشدا کە هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ زلهێزەکان سیاسەت و پلانی ڕوونیان بەرامبەر بە ڕۆژهەڵات، بە تایبەت وڵاتانی دەوروبەری کوردستاندا نییە. سەرکردایەتی کورد زیاتر لەسەر هەڵوێستی کاربەدەستانی پێشووی وڵاتانی دەرەوە، کاری کردبوو. بەتایبەت پاش ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە واشینگتۆن، لەسەر ئیدارەی نوێ، بەمجۆرەی دەرکەوت بە قەرا چاوەڕوانییەکان کاری پێویست نەکرابوو. پشتیوانانی ئورووپاش زیاتر ئەو کەسایەتییانە بوون کە ئێستا لە دەسەڵاتدا نین. بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە کوردستان زیاد لە پێویست، حیسابی لەسەر کرابوو. دەور و پیلانی وڵاتانی جیرانیش خوێندنەوەی دروستی بۆ نەکرابوو و، کەمتر

لە ڕادەی خۆی گرینگی پێدرابوو. بەتایبەت نەخشی کۆماری ئیسلامی کە ڕابردوویەکی درێژ و جێ پێی قایمی لە عێراق و کوردستاندا هەیە، بەرادەی پێویست ئەم مەترسییە کاری لەسەر نەکرابوو.

بەڕووی نێوخۆدا، بڕیاری بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆم کۆدەنگیی لەسەر نەبوو. دەسەڵاتی هەرێم یەکدەست نەبوو. ناوەندی بڕیار لە هێزی پێشمەرگە یەک نەبوو. پێشمەرگە وەک تەنیا باسکی بەرگری و پاراستنی دەسکەوتەکان، دەبوو زۆر پێشتر تێکەڵ کرابا و ناوەندێکی بڕیاردانی هەبا، ئەو ڕێکخستن و دەسەریەک کەوتنە نەکرابوو و ناوەندی فەرمانیش فرە بوون و ئەو هێزە لە چەندین جێگا و کەس و شوێنەوە فەرمانی پێ دەدرا. قەراری  پەیمان و سازان دەگەڵ ناوەندی عێراق و وڵاتانی جیران، لە جیاتی ئەوەی یەکدەست و ئەویش بە حکومەت بێ، لە دەست حیزبەکان و کوتلەی حیزبەکاندا ماوەتەوە، ئەوەش هەروەک دیترا مەترسیدارە. کێشەی ئیداری و کەڵکی نادروست لە دەسەڵات و گەندەڵێ، گوێی نەدرایە. حکومەت و ئیدارەی وڵات، سەرەڕای جیاوازیی زۆر و باشتری دەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، دیسانیش، نارەزایەتی زۆری لەسەر بوو. هەروەها بەرژەوەندییەکان جێگۆرکێیان پێکرا و قازانجە کاتی و حیزبی و تاکی و کوتلەییەکان لەسەرووی بەرژەوەندی نەتەوەیی دانران.

**پرسیار**: دەنگێک هەیە و لە نێو کوردستان و لە زمان کوردیشەوە دەبیسترێ کە بڕیاری ڕیفراندۆم لە جێدا نەبوو، یان ئەوەی لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان لە سۆنگەی ڕیفراندۆمەوە بوو. ئێوە لەو بارەوە دەڵێن چی؟

**وەڵام**: من ئاوای بۆ ناچم. پێموایە ڕێفراندۆم، مافی ڕەوا و قانوونی و سروشتیی ئەو میللەتەیە و لەهەمانکاتیشدا کورد لەم پارچەدا، بە دێموکراتیکترین شێوەی ڕاستەوخۆی دەنگ، ئیرادەی سیاسیی خۆی بە گوێی هەموو جیهان دادا. بە ڕێژەیەکی زۆر لەسەرێ، ڕایگەیاند کە دەیهەوێ چ داهاتوویەکی سیاسی بۆخۆی بنیاد بنێ. هیچ لەو بڕوایەشدا نیم کە ئەم هێرشانە بە هۆی ئەم ڕێفراندۆمەوە کرابن. ناشاردرێتەوە کە ئەم گشتپرسیە، پرۆسەی هێرش بۆسەر دەستکەوتەکانی کوردستانی خێراتر کرد، بەڵام ڕێفراندۆم نەشکرابا، ئەم پیلانانە بۆسەر کوردستان هەر دەئارادا بوون. ڕەنگبێ ئەوکات، ڕادەی دەستئاواڵایی حکومەتی عێراق و هاوپەیمانە ئیقلیمیەکانی، ئاوا بەرین نەبا و بەجۆرێکی دیکە دەرکەوتبان. پێشتر باسی ڕێفراندۆم و سەربەخۆیش نەبووە و، زۆر خەراپتریان بەسەر هێناوین.

**پرسیار**: ئەگەر بێینە سەر ڕۆڵی چالاک و بەرچاوی ئێران لەو دەستێوەردان و هاوکێشەیەدا. ئێران لە چی دەگەڕێ، ئایا مەبەستی هەر دژایەتیی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بوو، یان ئامانجی گەورەتر و گرینگتری لە پشت بوو ئەم دەستێوەردانە؟

**وەڵام**: ئەوەی کە ئێران دەسەڵاتی کوردی، لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بە زیانی دەسەڵاتی خودکامەی خۆی دەزانێ، هیچ جێگای شک نییە. بەڵام لەم گێژاوەی سیاسەت و بازاڕی شێواوی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، ئێران زۆر گەمەی دیکەشی هەن. ئێران یەکێک لە کایەکەرانی زیرەک و بێ پرێنسیپی ناوچەیە و بەشوێن بەرینترکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی. لەم بوارەدا لەهەموو ئامرازەکانی مەزهەب، تێرۆر، فریو و پارە، بۆ بەهێزترکردنی بازنەی دەسەڵاتی خۆی کەڵک وەردەگرێ. ئەوان دەخوازن، ئیمپراتۆرییەکی بەرین لەسەر بنەمای ئایدیاکانیان لە بازنەیەکی بەرینتر لە ئێراندا لە هەموو ناوچەکەدا، پێک بێنن. دەگەڵ ئەوەش کە هەموو ڕۆژئاوا

دەزانن، کۆماری ئیسلامی، چ مەترسییەکە بۆ داهاتوی ئەوان و ناوچە، هەتا ئێستا بەرنامەیەکی روونیان بۆی نییە. هەرلەبەر ناڕوونی سیاسەت و پلانەکانی رۆژ ئاوا بەتایبەت ئەمریکا، هەتا ئیستا رۆژ بەرۆژ کۆماری ئیسلامی جێگا و پێگەی خۆی لە ناوچەدا قایمتر کردوە.

**پرسیار**: ئێران و کاربەدەستانی سەرووی کۆماری ئیسلامی لە مێژ ساڵە لافی دۆستایەتیی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان لێ دەدەن، وەک حاڵەتی موشەخەس باشووری کوردستان. خۆ دەبینین کۆمەڵێک کەس کە خۆیان وەک رووناکبیر و نووسەر و ئالیتی کوردی باشوور دەناسێنن، باس لە دۆستایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن، یانی بۆیان بۆتە باوەڕ. تۆ بڵێی ئێستا ڕوخساری راستەقینەی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا دەرکەوتبێ؟

**وەڵام**: ئێران و کاربەدەستانی ئێران، سیاسەت دەکەن، دە سیاسەتی ئەم جۆرە سیستمانەشدا دۆست بوونی نییە، بەڵکوو بەرژەوەندی لە پێش هەموو شتێکەوەیە. ئەوەی کە زۆر فریودەرانە و هەڵخەلەتێنەرە، بەیانی نەرم و ڕاکێشەری ئەو کاربەدەستانەیە کە بەداخەوە بۆ ئەوانەی باشیان ناناسن، زۆر سەهل و ئاسان دەداوی زمانی لوس و هەڵخەڵەتێنەریان دەکەون. دەسەڵاتدارانی ئێران لە هیچ سەردەمێکی مێژوودا دۆستی کورد نەبوون، هەتا ئیستا دۆست بن. زۆر سەیرە بەچاوی خۆت ببینی، بەشێک لە میللەتەکەت لەمبەری سەد کیلۆمێتریی تۆ، بە دڕندانەترین شێوەی مومکین سەرکوت بکرێ، رێبەرانی تێرۆر بکرێن بە سی و چەند ساڵ دەسەڵات، زیاتر لە شەست هەزار کەسی بەدەستی ئەم ڕێژیمە کوژرابێ، بەڵام ئیستاش تۆ لەمبەری سنور بە دۆستی خۆتی بزانی! ئەوەش کە هێندێک روناکبیر و نوسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دۆستی خۆیان دەزانن، دەبێ لەم ڕوناکبیرییە ورد ببینەوە، کە ئایا بەڕاستی ڕوونی دەبینن؟! زۆر بەداخەوە ئێمەی کورد، زۆر جار لەبەر رق و توڕەیی و کینە، بەرچاومان تەواو تاریک دەبێ و ڕاستییەکانمان لێ دەشێوێن، بۆیە ئیستاش بەگومانم کە هەموو لایەک باش دە سیاسەت و وێرانکارییەکانی کۆماری ئیسلامی گەیشتبن.

ئەوەش کە وەک حکومەت و دەوڵەت بە هۆی جیرانەتی، کۆمەڵێک پەیوەندیی ئابووری و موناسباتی سیاسی دادەمەزرێ، زۆر ئاساییە، و پێویستیشە ببێ. بەڵام کردنەوەی دەرگای پەیوەندیی دیپلۆماتیک نابێ قەت رێگا بۆ دەستێوەردانی دەوڵەتی دیکە بەتایبەت کە سیاسەت و پیلان و نییەتیشی دەزانێ، خۆش بکا. کۆماری ئیسلامی چ وەک دەوڵەت، چ وەک دۆست کە نییە، دروستە لەبەر جیرانەتی پەیوەندی سیاسی و بازرگانیت دەگەڵی هەبێ، بەڵام قەت نابێ ئیزنی ئەو هەمووە ڕایەڵکەی پێ بدرێ.

**پرسیار**: کورد دیسان بەسەر هەواری خاڵیدا کەوت. پشتیوانیی نێودەوڵەتی کە کورد هیوای لەسەر هەڵچنیبوو نەک وەدی نەهات، بگرە باڵانسەکە خەریکە بەولادا دەشکێتەوە. کورد لە کوێدا هەڵەی کرد؟

**وەڵام**: من پێموایە خوێندنەوەمان لەسەر پشتیوانی نێودەوڵەتی، دروست نەبووە. کەس هەتا ئیستاشی دەگەڵ بێ، بەمجۆرە کە ئیمە ئیشتیای دەکەین پیشتیوانیی لە ئێمە نەکردوە. دەگەڵ ئەوەش، کورد نسکۆ و شکانی زۆری بەخۆوە دیوە. ڕاستە ئەمجار زۆر لە ئامانجەکانی نزیک ببۆوە، بەڵام ئەمن هەواری کورد بە خاڵی نابینم. هەڵەمان هەبوون، گرینگ ئەوەیە، بە هەڵەکانی خۆمان بزانین

و لێیان دوور بکەوینەوە. گەمەکانی ئەم ناوچەیە هەم زۆرن و هەم زۆر ئاڵۆز و بەشێکی زۆریشی نادیارن. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە، ئەگەری ڕووداوی چاوەڕواننەکراو فرەن.

کورد هەڵدەستێتەوە. جارێ هیچ باڵانسێک بەتەواوی نەگۆڕاوە و بۆ بڕیاری کۆتایی زووە.

**پرسیار**: باشە خۆ ئەگەر لە ڕوانگەی بەرژەوەندیشەوە چاوی لێبکەین، دەوڵەتی کوردستان بەو ئەزموونە باش و تاقیکارییە سەرکەوتووەی لە چارەگە سەدەی ڕابردوودا دەیتوانی باشترین دۆست و هاوپەیمان بۆ دنیای دەرەوە بێ. چۆنە ئەوان ئەمە نابینن؟

**وەڵام**: بەشێکی ئەم بۆچوونە ڕاستە. حکومەتی کوردستان، لە بەرانبەر حکومەتەکانی ئەم ناوچە و جیرانەکانیدا، لە هەمووان باشتر و دێمۆکراتیکتر ئیدارە کراوە و، نمونەیەکی باشی ئازادی و دێمۆکراسیی دەرخستوە. پێشی بە زۆر هێزی بناژۆ و مەترسیداری مەزهەبی و تێرۆریستی گرتوە و بۆتە شوێنێکی ئەمین بۆ حاوانەوەی خەڵکی دەروجیرانیش. سەرەڕای زۆر لە گرفتە چارەنەکراوەکانی خۆی، پێشکەوتنی باشیشی هەبووە، بەڵام ئەمە بۆ پشتیوانی نێونەتەوەیی بەس نییە.

لە دونیای ئەمڕۆدا زۆر زۆر گرینگە یان ئەوەندە بەهێز بی کە بەرژەوەندیی زلهێزەکان بپارێزی، یان ئەوەندەت توانا هەبێ و ئەوەندە بە پلان و وشیار بی کە مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکان دروست بکەی. ئەوکات دەکەوییە نێو بازنەی موعادلاتەوە، بەڵام ئێمە نەگەیشتوینێ. هیچ وڵاتێک لەبەر چاوی جوانی ئەم و ئەو لەسەدان هەزار کیلومێتر ئەولاترە، نایا بە هەزاران سەرباز لە وڵاتێکی وێرانی وەک عێراق بەکوشت بدا، لەبەر مافی مرۆڤ و دێمۆکراسیش ئەم کارە ناکا. ئەوان بەدوای قازانجی خۆیانەوەن، لە کام لا زیاتری دەست بکەوێ، ئەو هەڵدەبژێرێ. ئێمەش نابێ بەوە تورە بین. دەبێ بزانین، چۆنی خۆدەگەڵ ڕێک دەخەین، یان چۆنی مەترسی بۆ دروست دەکەین. هیچ فاکتۆرێکی دیکە غەیری ئەم دوو حەرەکەتە، دروست دەرنایا وبێجگە لەم گەمە سیاسیە، تەنیا چەکی ئێمە بۆ وەدەستخستنی ویستی ڕەواو و بەحەقی خۆمان، یەکدەنگی و یەک هێزی و بڕوای قایم بە ڕزگاری و دەمەیداندا بوونی هەموو جەماوەرەکەمانە، بێ ترس و سڵەمینەوە لە هەزینەکانی.

**پرسیار**: یانی پەرەسەندنی دەسەڵات و نفووزی ئێران لە ناوچەیان لەوە پێ باشتر بوو؟

**وەڵام**: قسە لەسەر باشتر بوونی ئێران نییە. ئێران شەڕی دەسەڵات دەکا، دەتوانێ کێشە و ژانەسەر دروست بکا. چەکی مەزهەبی پێیە، پوڵی هەیە و بە هەرجۆرێک بێ، لەو بۆشاییەی بێ بەرنامەیی ڕۆژئاوادا بۆ ئێران و داهاتوی ئەم وڵاتە، ئەو مەیدانە باشتر بۆ کایەکانی ئەوان کراوەتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، زلهێزەکان هەتا ئیستاشی دەگەڵ بێ بەرنامەیەکی ڕوونیان بۆ ئایندەی ئێران نییە. ڕۆژئاوا بەرنامەکانیان لەهەردووک وڵاتی عێراق و ئەفغانستان بەو جۆرەی دەیان ویست سەرکەوتوو نەبوو. تەنانەت لە عێراقدا زۆر ئاشکرا، کۆماری ئیسلامی هەتا ئیستا زیاتر براوەیە، تەئکید دەکەمەوە، هەتا ئیستا. ڕۆژئاوا خوێن و هەزینەی ماڵی و ئینسانی دا، کۆماری ئیسلامی بەرهەمەکەی دەدروێتەوە.

**پرسیار**: پێتان وانییە ئەمریکا و دنیای دەرەوە خەریکی دوپاتکردنەوە و پێداگری لەسەر ستراتیژییەکی هەڵەن؟

**سەرەڕای ناڕوونی سیاسەت و پلانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات.**

**وەڵام**: ئەمریکا و ڕۆژئاوا، ناتوانن، ئێران و تورکییە و ئەوهەمەوو وڵاتە عەربییە لەبەرچاو نەگرن. ئەگەر پێمانوابێ دونیا هەمەوو ئەو وڵاتانە بۆ بەرژەوەندیی لەو ناوچە بەرتەسکەی ئێمەدا، کە تەنانەت کورد هەتا ئیستا خۆشی وەک ڕێبەرییەکەی سەرەڕای دەنگی بەهێزی سەربەخۆییخوازیی خەڵک، ویستەکانی ڕوون نین، فرێ دەدا، خۆمان فریو دەدەین و بۆچوونێکی هەڵەمان هەیە. ئێمە دەبێ پێش ئەوەی چاوەڕوانی پشتگیری و لێکگرێدانی بەرژەوەندیەکانمان دەگەڵ ڕۆژئاوا بین، خۆمان ساخ بکەینەوە، کە بە شوێن چییەوەین، چیمان دەوێ، دەمانهەوێ بگەینە کوێ و کام بەرژەوەندی دەگەڵ کام زلهێز لێک گرێ دەدەین؟ ئێمە ئیستاش هێزێکی زۆری نێونەتەوەییمان بە کێشەکانی خۆمانەوە خەریک کردوە. ئەوان جارێ هەر دەبێ کارمان لەسەر بکەن کە دەگەڵ یەکتر بەشەڕ نەیەین و شەڕی نێوخۆیی دروست نەکەین، چ بگا بەوەی سەرمایەی گەورەمان لەسەر دابنێن.

**پرسیار**: وەک چاوەدێرێکی سیاسی کورد باشوور چۆن خۆی دەگرێتەوە؟

**وەڵام**: کورد لە باشوور نەشکاوە، بە گەلەکۆمەکییەکی ئیقلیمی ودەرەکی تا ڕادەیەکی بەداخەوە زۆر، پاشەکشەی سیاسی و نیزامیی پێ کراوە. خۆشی یارمەتیدەری ئەم نەهامەتیە بووە، بەڵام ڕۆژی کۆتایی و، ڕۆژی ڕەشی کورد نییە. سیاسەت لەم ناوچەدا، خەریکە گەرموگوڕتر دەبێ. نەتەنیا نابێ دەستەوئەژنۆ ببن، بەڵکوو، پێویستە زۆر بەبێ پەرواتر و قایمتر، تەنیا بەچەکی، یەکدەنگی و یەکماڵی خۆیانەوە، بێنەوە مەیدان.

بۆ هەستانەوە و خۆ گرتنەوە، پێش هەمەوو شتێک پێویستە بەسەر کێشە نێوخۆییەکاندا زاڵ بن و دەسەڵاتی سیاسی بەرینتر بکرێتەوە. خەڵکی ئەم پارچە دە هەمەوو سەروەت و سامان و داهاتی وڵاتدا سەهیم کرێن. کۆمەڵگا لە کۆمەڵێکی مەسرەفی ڕزگاری بێ. کار و بەرهەمهینان زیاتر هەمەگیر بکرێ. زۆر بە کورتی، ژیانی خەڵک ئەوەندەی دەکرێ و مومکینە خۆشتر بکرێ، شکاف و فاسیلەی ژیانی دەسەڵاتداران دەگەڵ خەڵکی دیکە کەمتر بکرێتەوە. جۆرێک کە خەڵک ڕێبەران و خۆیان وەک یەک ببینن.
ڕێبەرانی وڵات باشتر ئەولەوییەتەکان لە جێگای خۆیان دابنێن و، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان فیدای حیزب و تاک و کوتلە نەکرێن. خەڵک و ڕێبەری زیاتر لێک نزیک بکرێنەوە، ئەوکاتەیە کە، سەرکردایەتیی کورد پشت ئەستور بە بڕیاری گشتی، دەتوانێ هەمەوو کارتێک بۆ ڕزگاری بەکار بێنێ.

**پرسیار**: ئەدی چۆن دەتوانێ قەرەبووی ئەو شکستە نیزامی و هەروەها دەرونییە بکاتەوە، بە تایبەت کە ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش وازی هێناوە و بە کردەوە ئەو دەزگا شەرعی و ئیدارییە لە هەرێمی کوردستان نەماوە؟

**وەڵام**: بەداخەوە ئێمەی کورد، زۆر زوو بە کەمترین سەرکەوتن، لەخۆبایی دەبین و بە کەمترین پاشەکشەش، بۆ ماوەیەک هیوا

بەردەدەین. بەڵام بەخۆشییەوە، زۆر زووش خۆدەگرینەوە. یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی و کەمکردنەوەی کێشەی هێزە سیاسییەکان دەتوانێ باری ڕەوانیی ئەم پاشەکشەیە کەم بکاتەوە. کەمکردنەوەی دەستی جیرانەکان کە ئێستا سیاسەت و بەرنامەکانیان بۆ هەموو لایەک باشتر و زیاتر دەرکەوتوون، دەتوانێ یارمەتیدەر بێ. هەتا ئەو دەستە دەرەکیانە مەودای چالاکی و ئاژاوەنانەوەیان بمێنێ، ئیمکانی دڕدۆنگی دروستکردن، نائومیدی و دڵساردی هەر دەمێنێ. ئەوەش کە دەگەڕێتەوە بۆ کشانەوەی سەرۆکی هەرێم، کە دروستترە بڵێین قبوڵنەکردنی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی، ڕاستە ئەوەش بۆشاییەکی گرانە کە دروست دەبێ. بەڵام واش نییە، کەدەردی بێ عیلاج بێ. بەهاوکاریی گشتی و دابەشکردنی دروستی دەسەڵاتەکان و هاودەنگی هێزە سەرەکییەکان، بەشێکی زۆری ئەم بۆشاییەش دەکرێ چارە بکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە، سەرۆکی هەرێم، لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی کشاوەتەوە، بەڵام ئێستاش سەنگینترین کەسی کوردستان و سەرۆکی یەکێک لە هێزەسەرەکییەکانی ئەم پارچەی کوردستانە و لە گۆرەپانەکە نەچۆتەدەرێ. بۆیەش دەهەموو کایە سیاسیەکاندا قورسایی خۆی هەر هەیە. کەوابوو ڕۆڵ و جێگای بارزانی، لە ساحەی سیاسیی باشووری کوردستاندا هەر هەیە و، بەرچاویش دەمێنێ.

**پرسیار**: دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، واتە سڕکردنی ڕێفراندۆم، لەکیس چوونی بەشێکی زۆر لە خاک و دەسکەوتەکانی کورد کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا لەو بەشەی کوردستان وەسەریەک نرابوو، بە گشتی پێشهاتەکانی ئەم دواییانەی هەرێمی کوردستان چ شوێنکارێکی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ؟

**وەڵام**: سڕکردن، یان دەکار نەخستنی ئاکامی ڕێفراندۆم، کە مافێکی زۆر سروشتی و دێمۆکراتیانەیە، هیچ لە حەقانیەت و ڕەسایی ئەو دەنگە کەم ناکاتەوە. ئەوەش لێرە زیاد بکەم کە خەڵکی باشوری کوردستان بەم دەنگە ٩٣ لەسەدەی خۆیان بە سەربەخۆیی و، دروستکردنی کیانی کوردی، ئیرادە و ویستی خۆیان نیشان دا کە خوازیار نین دەگەڵ عێراق بمێننەوە. جا ئێستا کاتی دەکارکردنی ئەم بڕیارە بێ یان نا، هیچ لەم ڕەسایی ئەم ئیرادەیە، ناگۆڕێ. ئەگەر هەتا پێشتر بە بێ ویستی کورد کوردستان بە عێراقەوە لکێندرابوو، ئێستا بۆ جاری دووهەم بە زۆر ئیرادەکەی دەشکێندرێ و دیسانەکەش دەکرێتە پینەیەکی ناڕێک. ئەوەش مەگەر بە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسیی هاوبەش، دەنا ئەم زوڵمە سەرناگرێ. بەڵام لەسەر شوێندانەریی کۆی ئەم پرۆسەیە بە سەرکەوتن و پاشەکشەکانیەوە، شوێنی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و کاریگەریشی هەر دەمێنێ. ڕۆژهەڵاتی کوردستان جاری یەکەمی نییە دەخۆشی و ناخۆشییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، بەتایبەت باشووردا، چالاکانە بەشدار دەبێ. ئەوەش ڕاست نیشانەی هەستی بەرزی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و زۆریش جێگای ڕێز و پێزانینە. لە لایەکی دیکەشەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە دەگەڵ ئەوەی کە هەر پارچەی کوردستان هێندێک سروشت و تایبەتمەندی و ڕێگەچارەی سیاسی جیاوازیان بە پێی هەڵکەوتی خۆیان هەیە، بەش و لەتی یەک نەتەوەی گەورەی بێ وڵات و یەک دەرد و خاوەنی یەک چارەنوسن. دەگەڵ ئەوەش ئەم ڕووداوانە زۆر دەرسی بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی تێدابوو، کە ناکرێ لەبەرچاوانمان ون ببن.

**پرسیار**: کوردی ڕۆژهەڵات کەمی بۆ باشوور نەکرد. ئێستاش دەیان کەس لە ڕۆڵەکانی کورد بە تاوانی پشتیوانی دەربڕین بۆ ڕیفراندۆمەکەی باشووری کوردستان لە زیندان دان. لە ئێستادا ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵێک ئەرک پێناسە و دەستنیشان بکەین، خەڵکی ڕۆژهەڵات و حیزبەکانیان چییان دەکەوێتە ئەستۆ؟

**وەڵام**: پێشتریش کوتم، ڕاستە ئێمە یەک نەتەوەین، بەڵام دەبێ قبوڵ بکەین کە دابەش کراوین و جیاوازیمان دەبەیندا بە پێی هەلکەوتی ئەو وڵاتانەی بەسەریاندا دابەش کراوین تێدا پەیدا بووە. بۆیە ئەوەی دەبێ تەسمیمی نیهایی بۆ باشور بگرێ خەڵک و نوێنەرانی ئەم پارچەی کوردستانن، نەک ئێمەی ڕۆژهەڵاتی یان پارچەیەکی دیکە. لەسەر ئێمە پشتگیری، ئەگەر ویستیان هاوفکری و هاوکارییە. بەڵام ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر پارچەی خۆمان و خەڵک و هێزە سیاسییەکانی، دەبێ زۆر وشیارانە ئەم ڕووداوانەی باشور بکەین بەدەرس و لێیان فێر بین. ئەوەی دەرخەری ئیرادە باش و حەرەکەت و کردەوەی دروست بوون، بە باش وەری بگرین، ئەوەش کە ماڵوێرانکەر بوون، ڕێگای خۆدزینەوەیان پەیدا بکەین و، لە ئێستاڕا نەهێڵین توشمان بین. ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر ئێستای خەڵکی ڕۆژهەڵات، دەگەڵ ئەوەی کە ئەم دەرکەوتن و نارەزایەتی و پشتیوانیانەی بۆ شوێنەکانی دیکە دەیکا، زۆر دروست و نیشاندەری هەستی بەرزی نەتەوەیین، نابێ بە پێی هەلومەرج و، کاتە گونجاوەکان بۆ گەیاندنی داواکان و مافەکانی خۆیان، کەمتەرخەمی بکەن، کورد لە ئێراندا کێشەی کەم نین و دەهەر دەرفەتێکدا دەکرێ بەشێکیان بە پێی هەل و مەرجەکە بەیان بکرێن.

**پرسیار**: وەک دواپرسیار، لە ئێستادا کە ئەو وتووێژە دەکەین هەرێمی کاتالۆنیا بڕیاری جیابوونەوە لە ئیسپانیای داوە و پارلمانی ئەو هەرێمە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندوە. پەیامەکانی ئەو بڕیارە چین؟ ئایا ئەوە نییە کە هێشتا کات بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکان ماوە؟

**وەڵام**: هەتا کاتی وەڵامی ئەم پرسیارە، کێشەی کاتالۆنیا و سپانیا، بەرەو ئارامی نەڕۆیشتووە. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە کوردستان و عێراق، ئیسپانیا و کاتالۆنیا نین. ئەوان زۆر لە ئێمە لەپێشترن، سەرەڕای ئەو هەموو جیاوازییەش، چونکە ئیسپانیا بە دابڕانی کاتالۆنیا زۆر زیانمەند دەبێ، ئامادە نەبووە، قبوڵی دەنگ و ویستی ئەم خەڵکە بکا و لایەنی دێمۆکراتیکی ئەم ویست ڕەوایە و کۆی پرۆسەکەی، گەلێک سەنگینتر کردوە، مەترسی زۆری بۆ ناوەتەوە.

بۆیەش من پێچەوانەی پرسیارەکەی بەڕێزتان، دەمهەوێ بڵێم کە هێشتا کاتی سەربەخۆیی نەتەوەکان نەهاتوە! ئەمن پێموایە خەبات بۆ سەربەخۆیی وەک جاران هاسان نەماوە. لێکدابڕانی سنوورەکان کێشەی زۆری لێ دروست بووە. پەیوەندی و بەرژەوەندییەکان زۆر بەرین و ئاڵۆز و تێکچرژاو بوون. ئێستا بۆ تێکدانی سنوری وڵاتێک، تەنانەت سنووری دەستکردیش بێجگە لەو هەموو بەند و تێکەڵاوی و پەیوەندییە نێوخۆییانە، دەبێ کۆمەڵێک پارامێتری نێو نەتەوەییش دەنەزەر بگری و تان وپۆی زۆر وڵاتان لێک هەڵپچرێنی. بۆیە ئەمە مەسەلەی سەربەخۆیی میللەت و وڵاتێک و، لێکدابڕانی سنور و میللەتانی زۆر ئاستەمتر کردوە.

**لە ژمارە ٧١٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧**

## وتوویژی ڕۆژنامەی "کوردستان"
## لەگەڵ مستەفا شەڵماشی لە سەر بارودۆخی سیاسیی ئێران و ناوچە



**مستەفا شەڵماشی: کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا ئاڵۆزییەکی تازە  بە دوای خۆیدا دێنێ و بە شکانی کۆماری ئیسلامی کۆتایی دێ لە هەلومەرجی ئێستادا لەو ناوچەیەی ئێمەی تێدا دەژین پتر لە هەر کاتێک بۆنی شەڕ دێ، ئێران و کوردستان لە کوێی ئەو ململانێیانەدا جێدەگرن؟ بوومەلەرزەکەی ئەم دواییانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و لێکەوتەکانی چیمان پێدەڵێن؟ بۆ دەگوترێ پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە چاو بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕۆژەڤ نییە و ئەو بابەتە چەندە لەجێی خۆی دایە؟ کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم پرسی کورد لە ئێران چین و حیزبی دێموکرات بۆ لابردنی بەردەم کۆسپەکانی یەکهەڵوێستی و یەک گوتاری چیی کردوە. ئەو بابەتانە و کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە تەوەری وتوویژی «کوردستان» لەگەڵ مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.**

**پرسیار: کاک مستەفا با لەو بوومەلەرزەیەی ئەم ڕۆژانەوە دەست پێبکەین کە زیانێکی گیانی و ماڵیی زۆری گەیاندە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان. وێرانی و زیانەکان زیاتر لە چاوەڕوانییەکان بوون، هۆکارەکانی چ بوون؟**

**وەڵام**: دیارە هۆکاری سەرەکیی ئەوە بەهێزبونی بوومەلەرزەکە و درێژبوونی ماوەی بوومەلەرزەکە بوو. دووەم هۆکاری زۆر گرنگیش لاوازیی بەشی زۆری خانووەکان و ئاپارتمانەکان بوو، بەتایبەتی ئەوانەی کە بە ناوی پرۆژەی میهر لە لایەن دەوڵەتەوە دروست کرابوون و بە نرخێکی تا ڕادەیەک هەرزانتر درابوون بە خەڵک. دیارە ئەو خانووانە لە باری چۆنیەتییەوە زۆر خراپ بوون و هەرچۆنێک بێ بە نرخێکی هەرزان تەواویان کردبوون و ڕەنگە بەشی زۆری بودجەی خانووەکانیش چووبێ دە گیرفانی بەرپرسەکانەوە. سێهەم هۆی قوربانیدانی زۆر، نەبوونی سیستمی ئاگادار کردنەوە و فریاکەوتنە لە کاتی کارەساتێکی ئاوا دا. ئەگەر هەر دوای لەرزەی یەکەم زوو خەڵکیان لە مەترسیی بوومەلەرزەکە ئاگادار کردباوە ڕەنگە خەسارەت زۆر لەوە کەمتر بوایە. بە تایبەت کە ئەو بوومەلەرزەیە پێش لەرزەی هەبووە. دیارە خەڵکێکی زۆریش بەو هۆیەوە لەماڵەکان هاتوونە دەر و ئەوە تا ڕاددەیەک لە زیانی گیانیی کەم کردۆتەوە. بەڵام هیچ دەنگێکی وا نەبووە کە خەڵک وریا بکاتەوە تا پێش بوومەلەرزە گەورەکە هەموویان ماڵەکان بەجێ بێڵن. ئاخر هۆش بە باوەڕی من نەبوونی فریاکەوتنی ڕێکوپێک و بە وەخت بووە. هەر لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتیشەوە دەماندی کە

خەڵکەکە بۆخۆی بە پاچ و پێمەڕە و بە دەست بەدوای قوربانییەکاندا دەگەڕان. هیچ ئامرازێکی خێرا و پێشکەوتووی لێ نەبوو. بە پێچەوانەی ئیددیعاکانی ڕێژیم هیچ هێزێکی فریاکەوتنی واشی لێ نەبوو. هەربۆیە ژمارەی گیانبەختکردووەکان سەعات لە دوای سەعات زیادی دەکرد. چونکە هێندە درەنگ فریایان دەکەوتن کە ئەگەر فەورەنیش گیانیان نەدابێ لە بن دار و پەردوودا گیانیان دەدا.

ئەوەی لەم پەیوەندیەدا دڵخۆشکەرە، هەڵوێستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو هاوخەمی و هاو پەیوەندییەی لەم کارەساتەدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆی نیشاندا ئەوە دەسەلمێنێ کە بە خۆشیەوە هەستی نەتەوەیی و ئینساندۆستی لە ئەوجی خۆی دایە و بەڕاستی ئینسان شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە دەکا. ئەو بە هاوارهاتنەی ڕۆڵەکانی کورد لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕا هەر لە باکورەوە تا ناوەند و باشووری ڕۆژهەڵات کە ئاوا بە شێوەیەکی بەربڵاو بە پیر خوشک و براکانیانەوە چوون نیشانی دەدا کە گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان یەکگرتووترین و بەهەستترین بەشی نەتەوەی کوردە، کە هەموو جارێ لە خۆشی و ناخۆشییەکانی خوشک و برایانی خۆیدا لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بێ، دیسان خۆی دەسەلمێنێتەوە.

**پرسیار**: ئەگەر بوومەلەرزەیەکی وا لە وڵاتێکی دۆستی ئێران ڕووی دابا، ئێران بە پەلە خۆی دەگەیاندێ، وەک چۆن بینیمان لە شەڕی غەززەدا لە ماوەی کەمتر لە ڕۆژێکدا لە کەناوی فارسەوە خۆی گەیاندە کەنارەکانی دەریای ئۆردۆن. بەڵام خاوەخاو و کەمتەرخەمییەکانی دەزگا دەوڵەتییەکان بوو بەهۆی ئەوەی خەسارە گیانییەکان زیاتر بن. ئایا ئەوە هۆکارێکی تایبەتیی هەبوو؟

**وەڵام**: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە بناغەدا خۆی بە بەرپرس نازانێ لە بەرامبەر خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی. تێڕوانینی ئەو ڕێژیمە بۆ هەموو مەسەلەیەک، تێڕوانینێکی ئیدئۆلۆژیکە. ئەو تەنیا ئە و کەس و گرووپانە بە ئی خۆی دەزانێ کە بە تەواوی لە خزمەتی ڕێژیمەکەی دابن. هەربۆیە کاتێک حیزبوڵڵای لوبنان بە هۆی ئاژاوەگێڕییەکانیەوە دەبێتە هۆی وێرانیی بەشێک لە باشووری لوبنان، کۆماری ئیسلامی بە ملیاردها دۆلارەوە خۆی دەگەیەنێتێ و لە ماوەیەکی کورتدا ئاوەدانی دەکاتەوە، بەڵام لە نێوخۆی ئێراندا ئیستاش گۆیا ئاوەدانکردنەوەی شاری «بەم» تەواو نەبووە. جا بۆ کوردستان هەر زۆر لەوەش خراپترە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کوردستان لە کەمتەرخەمی تێپەڕیوە. بە باوەڕی من تەواو عەمدییە. لە حاڵێکدا لە ڕاگەیەندنەکانیاندا هیچیان تێدا نەهێشتووەتەوە و ئیددیعا دەکەن فەورەن هەموو پێداویستییەکیان دابین کردووە، لە ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی خودی خۆیاندا دەبینین کە هیچ فریاکەوتنێکی لێ نییە و قوربانییەکانی ئەو بوومەلەرزەیە کە بۆخۆیان بە هەزار زەحمەت لە بن دار و پەردوو ڕزگاریان بووە، بەدوای ونبووەکاندا دەگەڕێن و ئەوەندە کەلوپەلەش کە پێیان گەیوە هەمووی دیارە کە هەر یارمەتیی کۆمەڵانی خەڵکە.

**پرسیار**: جیا لەو کەمتەرخەمییانە ئەوەی ڕوحی خەڵکی بریندار کرد ئەوە بوو کە دەوڵەت لە ڕووداوی ئاگرگرتنەکەی «پلاسکۆ» لە تاران کە ڕۆژی ٣٠ی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو ڕووی دا، ماتەمینیی گشتیی لە هەموو ئێراندا ڕاگەیاند، لە حاڵێکدا لەو ڕووداوەدا باڵەخانەیەک سووتا و ڕووخا، لە نێوان ٢٠ تا ٣٠ کەس گیانیان لە دەست دا و نیزیک ٢٣٠ کەس بریندار بوون. بەڵام لە بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشاندا نیزیک ٥٠٠ کەس کوژران، ٧٠٠٠ کەس بریندار بوون و سەدان باڵەخانە و هەزاران ماڵ کاول بوون، کەچی تەنیا لە کرماشان ماتەمینی ڕاگەیەندرا؟ بۆ؟

**وەڵام**: ئەو کارەساتە گەورەیە هەڵی دەگرت کە نەک یەک ڕۆژ بگرە سێ ڕۆژیش لە سەرتاسەری ئێراندا ماتەمینی گشتیی بۆ ڕاگەیەندرابا. بەڵام هەر وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا گوتم، ئەو ڕێژیمە کوردستان بە خودی نازانێ و گرنگی پێ نادا. مەسەلەیەکی دیکەش کە زۆر ئاشکرا بە هەڵوێستی ڕێژیمەوە دیارە، سەرپۆشدانان لەسەر ئەو کارەساتە و بە کەم نیشاندانی ئەنجامەکانی ئەو کارەساتەیە. ڕێژیم تەنانەت داوای یارمەتیی کۆمەلگەی نێونەتەوەییشی ڕەت کردەوە. بە باوەڕی من جگە لەوەی کە دوژمنایەتی ڕێژیم لە گەڵ کورد نیشان دەدا، شتێکی بن پەردەشی تێ دایە. چونکە بە ئاشکرا دیارە کە ڕژیم نایهەوێ وڵاتان لە قووڵایی ئەو کارەساتە تێ بگەن و تەنانەت نایهەوێ هەواڵنێرانیش بەو ناوچانەدا تێپەڕن. هەرچەند بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە، بەڵام هەموو نیشانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژیم شتێکی بۆ شاردنەوە هەیە.

**پرسیار**: بێینە سەر بوومەلەرزەیەکی دی. چەند دەیە دەبێ ڕەوشی ئەمنیەتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هیندەی ئێستا لەرزۆک و ئاڵۆز نەبووە. ناکۆکیی قووڵی خاوەن بەرژەوەندییەکان لە یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە دەگاتە کوێ؟ ئایا ناوچە لە چاوەڕوانیی شەڕێک دایە؟

**وەڵام**: لە کەس شاراوە نییە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پڕ کێشەترین ناوچەی جیهانە. ئەوەش چەند هۆکارێکی سەرەکیی هەیە. لە لایەکەوە ناوچەیەکی فرە نەتەوە، فرە دین و فرە مەزهەبە. کلتووری جیاواز و ڕادەی گەشە و پیشکەوتنی زۆر جیاوازی تێ دایە. یەکتر قەبوڵکردن و پێکەوەژیانی بە ئاشتییانە لە ڕادەی هەرە نزمی خۆی دایە. لە باری دابەشکردنی دەسەڵات، دابەشکردنی سەروەت و سامان و هەلی یەکسانەوە هیچ عەداڵەتێکی تێدا نییە. نەتەوەکان دابەش بوون بە سەر نەتەوەی فەرمانڕەوا و نەتەوەی ژێردەستەدا. ئێرانی و تورک و عەرەب شەڕیانە لەسەر دەسەڵات و هێژمۆنی لە ناوچەدا. کورد بە تایبەتی و چەند نەتەوەیەکی دیکەش خەباتێکی خوێناوی دەکەن لە پێناوی وەدەستهێنانی سەرەتاییترین مافی ئینسانی خۆیاندا. مەسەلەیەکی دیکەی گرنگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەیە کە خاوەنی سەرچاوەی ژێرزەمینیی زۆرە، ڕادەیەکی زۆر لە نەوت و گازی جیهان لەو ناوچەیەوە دابین دەکرێ، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگی ئاوی شیرینە و جگە لەوەش ناوچەیەکی ستراتیژیک و ژئوپۆلیتیکی گرنگە لە نێوان ئاسیا و ئورووپا دا. ئەوەش وایکردوە کە بەدرێژایی مێژوو چاوی تەماعی زلهێزەکانی دنیای لەسەر بووە. هاتوون داگیریان کردوە و بە پێی قازانجی ئابووریی خۆیان دابەشیان کردوە. بایی هەزاران میلیارد دۆلار چەک و چۆڵیان تێدا فرۆشتوە و بۆ پاراستنی قازانجەکانی خۆیان هەرجارەی پشتیوانییان لە دیکتاتۆرێک کردوە. لە سەردەمی ئێستاشدا شەڕی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکانی ناوچە لە لایەک و زلهێزە جیهانییەکان لە لایەکی دیکەوە لەو ناوچەیەدا بەردەوامە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا دوو مەسەلە بوونە هۆی ئەوەی کە دەرفەتێکی زێڕین بدەن بە کۆماری ئیسلامی کە هێژمۆنیی خۆی لە ناوچەدا زیاتر بسەپێنێ، یەکیان سیاسەتی موماشات و تەسلیم تەڵەبانەی ئیدارەی ئۆباما سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و دووەمیان شەڕی داعش بوو. تا وای لێهات کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەواو سەرەڕۆ و بێ منەت بێ و ڕووهەڵماڵاوانە دەستێوەردان بکا لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا. بەڵام بە باوەڕی من چیدی ئەوەی بۆ ناچێتە سەر و لێی قەبوڵ ناکرێ. بە تایبەت کە وێدەچێ دوو زلهێزی گەورەی جیهانی و هاوپەیمانەکانیان کە لە ناوچەدان، واتە ئەمریکا و ڕووسیە لە سەر دابەشکردنی هێژمۆنی و پاراستنی قازانجەکانیان ڕێککەوتبن. هەروەها وێدەچێ ئیدارەی ترامپ لە ئەمریکا سیاسەتێکی چالاکتری لە دژی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا هەبێ. هێزە ناوچەییەکانی وەک عەرەبستان و تورکیەش زۆر لە ئێران دڵپڕن. وای بۆ دەچم کە بەرنامەی

کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا ئاڵۆزییەکی تازە بە دوای خۆیدا بێنێ و بە شکستی کۆماری ئیسلامی کۆتایی بێ. جا چ بە شێوەی تەسلیم بوونی کۆماری ئیسلامی و خواردنەوەی جامێکی ژەهری دیکەبێ تا بتوانێ بە شێوەیەکی لاواز خۆی بپارێزێ، و چ بە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە تەواو بێ. بەهەر حاڵ وەزعی ئێستا ناتوانێ درێژەی هەبێ.

**پرسیار**: لە ئێستادا وا دێتە بەرچاو کە پێگەی ئێران بەهێزتر لە هەر کاتێکە. لە سووریەدا توانیویەتی ستراتیژیی خۆی سەربخا، پێوەندیی قووڵ و پتەوی لەگەڵ بەغدا دروست کردوە و عەرەبستانی لە یەمەن تووشی شەڕێکی پرتێچوو و پڕ شەکەتی لەگەڵ حوسییەکان کردوە؛ حیزبوڵڵا لە هەموو کاتێک سەرکەشترە؛ پێوەندیی لەگەڵ ئورووپاش زۆر باشە. بڵێی ئەوە لە خۆی تێک دا و بیەوێ لەگەڵ عەرەبستان ڕاستەوخۆ تێک گیرێ؟

**وەڵام**: ڕاستە زاهیرەن کۆماری ئیسلامی بەهێز دیارە و هێژمۆنیی خۆی لە ناوچەدا بڵاو کردووەتەوە. بەڵام دوو کێشەی سەرەکی لەبەردەم کۆماری ئیسلامی دایە. یەکیان ئەوەیە کە تا کەی دەتوانێ بە خەرجکردنی بودجەی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئەو هەموو بەرەیانەی شەڕ بپارێزێ و ئیمکاناتیان بۆ دابین بکا و خەڵک و وڵاتەکەی خۆشی بە دەست بێکاری و بێ داهاتی و بێ دەرەتانیەوە بناڵێنن. دیارە بەم شێوە کۆماری ئیسلامی لە وڵاتە دراوسێکانی دا کۆمەڵێک جیرەخۆر بەدەست دێنێ، بەڵام هەتا دێ دڵی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران زۆرتر لە دەست دەدا. قەیرانەکانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیش لە نێوخۆی ئێراندا هەتا دێ زۆرتر قووڵ دەبنەوە. دووەم کێشە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە سەبری زلهێزە جیهانییەکان و زلهێزە ناوچەییەکانیش لە سەریەوە دەڕژێ. نە وڵاتانی عەرەبی، نە تورکیە و نە ئەمریکا و وڵاتانی غەربی و نە ڕووسیەش هەتا سەر لێی قەبووڵ ناکەن. تا ئەو دواییانەش گومان هەبوو لەسەر ئەوەی کە ڕووسیە پشتی تێبکا. بەڵام ئەو دواییانە بە ئاشکرا هاوکاریی ڕوسیە و ئەمریکا لە مەسەلەی سووریەدا دەبینرێ و تەواو پێچەوانەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیشە. لە بەرامبەر کوردیشدا ڕووسیە و ئێران دوو سیاسەتی لێک جیایان هەیە. تەنیا لە سووریەدا بە زاهیر لە یەک بەرەدان، بەڵام لەوێش ڕەقیبن و هەتا دێ ڕووسیە زۆرتر تەنگ بە ئێران هەڵدەچنێ و لە نفوزی کەم دەکاتەوە. زۆرتریش لە تورکیە و عەرەبەکان نیزیک دەبێتەوە. تورکیە و کۆماری ئیسلامیش قازانجیان پێکەوە یەک ناگرێتەوە. زاهیرەن لە دژایەتی لەگەڵ کورددا یەک بوون، کەچی لە کردەوەدا نەیانتوانی هاوکاری بکەن و تورکیە ئەو خەتەی درێژە نەدا کە کۆماری ئیسلامی دەیهەویست و لانیکەم لەگەڵی هەماهەنگ نەبوو، چونکە بەرژەوەندییەکانیان لێک جیاوازن. عەرەبستان هەر بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ لە گەڵ ئەو هێژمۆنیخوازییەی ئێران هەڵکا. ئەو هەم وەک جیهانی عەرەب دژی پەلهاویشتنی ئێران لە ناوچە دایە و هەم وەک ناوەندی جیهانی ئیسلام. بۆیە داهاتوو زۆر بە قازانجی کۆماری ئیسلامی نییە ئەگەر بەو سیاسەتە فراوانخوازیانەی درێژە بدا.

**پرسیار**: کە چاو لە نێوخۆی حاکمییەت دەکەین دەبینین لە ئێستادا حاکمییەت تەواو یەکدەستە. کاریگەریی ئەو یەکدەستبوونە لەسەر خەباتی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشانی مافخوازیی خەڵکی کوردستان چۆن دەبینی؟

**وەڵام**: من پێموایە تەنیا ڕواڵەتی دەرەوەی حاکمییەت لە هەلومەرجی ئێستادا یەکدەست دیارە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەرچەند بە زاهیر لە هێندێک مەیداندا براوەن، بەڵام بۆخۆشیان دەزانن کە لە هەموو کاتێک زەربە پەزیرترن و ڕێژیمەکەشیان لە هەموو کاتێک

زیاتر هەڕەشەی لەسەرە. دیارە بۆ پاراستنی نیزامیش هەموویان یەکدەستن. ئەگەر لە ژێرەوە ناکۆکیشیان لەگەڵ یەکتر هەبێ لەسەر چۆنیەتیی ئیدارەکردن و شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ دنیای دەرەوە، لە کاتی تەنگانەدا و بۆ پاراستنی نیزامەکەیان هەموو ناکۆکییەکان وەلا دەنێن و یەکدەست دیارن. سەبارەت بە کاریگەریی ئەو یەکدەستبوونە لە سەر خەباتی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشانی مافخوازی حەڵکی کوردستان، من بەش بە حاڵی خۆم پێم باشترە هەموو کاربەدەستانی ڕێژیم رووی ڕاستەقینەی خۆیان نیشان بدەن و ڕۆڵ دابەش نەکەن و ڕوو بەدەرەوەش هەمان هەڵوێستیان هەبێ کە لە گەڵ ماهییەتیان یەک دەگرێتەوە. چونکە ئیددیعاکانی سەردەمی هەڵبژاردن و ڕوو بە دنیای دەرەوە تەنیا دەبێتە هۆی دروستبوونی هێندێک تەوەهووم نیسبەت بە ڕێژیم و قازانجی بۆ هیچ لایەنێک نییە، جگە لە ڕێژیم خۆی. بۆیە یەکهەڵوێست بوونی کاربەدەستانی ڕێژیم پێ قازانجە بۆ ئۆپۆزیسیۆن و بۆ تێکۆشانی مافخوازانەی گەلی کورد. شەڕی زێرینگەریی کاربەدەستانی ڕێژیم هیچ قازانجێک بە ئۆپۆزیسیۆن و خەباتگێرانی کورد ناگەیەنێ. رووحانی لە دوو دەورەدا بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆسەر سندوقەکانی دەنگدان و بۆ فریودانی ئەفکاری عمومی دەیان بەڵێنی دا و ئێستاش کە جارێکی دی نایەتەوە بەر قەزاوەتی خەڵک، دیارە لە کوێ ڕاوەستاوە.

**پرسیار**: ئەگەر کەمێک بە ڕوونی بدوێین پێتان وانییە کوردستان و پرسی کورد لە ئێران ئێستا زۆر لە پەراوێز دایە؟ لە دوایین ڕاپۆرتی خاتوو ئەسما جەهانگیریشدا بینیمان کەمترین سەرنج درابووە سەر پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی کورد لە ئێران، یانی هەر باس نەکرابوو. ئەمن دەپرسم بۆ لەو دۆخە داین؟

**وەڵام**: ئەو دۆخەی ئێستا بەرهەمی چەندین هۆکارە. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە بەداخەوە بەرگری لە مافی مرۆڤ لە دنیادا دەکەوێتە دوای پاراستنی بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی. وە نیە کەم لەسەر کۆماری ئیسلامی و پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی گوترابێ، ئەوەش وا نییە کە ناوەندە نێونەتەوەییەکان لێی ئاگادار نەبن. ڕەنگە لە سەردەمی ئامادەکرانی ڕاپۆرتێکی تایبەتیدا حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ غافڵ بووبن و نەیانتوانیبێ شوێن دابنێن. بەڵام بەگشتی هەموو جیهان و هەموو ڕێکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤ لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئاگادارن و ئێمەش لە هەموو دیدارەکانماندا ئەوە هەست پێ دەکەین. هۆی دیکەی ئەوەیە کە ئێستا لە سەر ڕێژیمی ئێران سێ مەسەلە بە گرنگتر دادەنرێ تا پێشێلکاریی مافی مرۆڤ. ئەویش مەسەلەی چەکی ئەتۆمی، مەسەلەی دەستێوەردانەکانی لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مەسەلەی موشەکە دوورهاوێژەکانیەتی. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە پلەی یەکەم دەیهەوێ ئەو خەتەرانەی کۆماری ئیسلامی لە سەر خۆی دوورخاتەوە. دوایە نۆرەی مافی مرۆڤ دێ. بەداخەوە لە وڵاتانی دیکەش هەروایە. باس لەسەر مافی مرۆڤ زۆرتر لە چوارچێوەی قەتعنامە و داواکاریەکی سەر کاغەز دا دەمێنێتەوە.

**پرسیار**: هەر مەسەلەی مافی مرۆڤ نییە، ئەدی کێشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستان لە نێو خۆیدا چی کە وادێتە بەرچاو ستاتوی کوردی ڕۆژهەڵات بە نزمتر ببیندرێ. هۆکارەکان چین؟ ئایا نەبوونی گوتارێکی گشتگیرە؟ کێشەی پڕشوبڵاویی حیزبەکانیەتی؟ مەسەلەی قەیرانی شوناسە؟ ژئوپۆلوتیکە؟ بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندییە؟ چییە؟

**وەڵام**: کێشەی سەرەکیی کورد نەبوونی ستراتیژیی نەتەوەیی و یەکگرتوویی نەتەوەییە. هەرچەندە خاڵی هاوبەش لە بۆچوونی

ڕێکخراوە کوردستانیەکاندا زۆرە، بەڵام ئەو خاڵە هاوبەشانە کاریان لەسەر نەکراوە و نەکراونەتە ستراتیژی نەتەوەیی و نەکراونەتە هێڵی سوور بۆ هەمووان. لە کوردستان حیزب بۆ ستراتیژی نەتەوەیی بە کار ناهێنرێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە حیزبەکان هەوڵ دەدەن مەسەلە نەتەوەیییەکە بۆ بەهێزبوونی حیزب بە کار بێنن. هەربۆیەشە تەنانەت لە سەر ئەوەش زۆر جار کێشەیانە و موزایەدەی حیزبی پێوە دەکەن و بە مێژووی خۆیانی دەزانن و حیزب لە کۆمەڵگە جوێ دەکەنەوە. ئەگەر وانەبا مەسەلە نەتەوەیییەکەیان بە ئی هەمووان دەزانی و لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەوتن بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە. دیارە کێشەی قەیرانی شوناس و ژئۆپۆلیتیکیشمان هەیە. دابەشکرانی کوردستان بۆ چوار پارچە هەم شوناسی لێ تێکداوین و هەم ئێمەی خستووەتە نێو چوارچێوەیەکی ژێئۆپۆلیتیکیەوە کە هەر چوار دەورمان دوژمنە. هێزی نەتەوەی کورد دابەش کراوە، فەرهەنگ و کلتووری دابەش کراوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دابەش کراون. لە بەرامبەردا دوژمنمان زۆرتر بوون و هێزی حکومەتە ناوەندییەکان زۆرتر بووە، بە هۆی ئەوەوە کە چوار حکومەتی ناوەندی هەمیشە لە دژی ئێمە کۆکن و بۆ لێدانی ئێمە هەموو ناکۆکییەکانی خۆیان وەلا دەنێن. سەرەڕای هەمووی ئەوانە ئەگەر هەموو کورد وەک یەک نەتەوە بیر بکاتەوە، ناکۆکییەکان وەلا نێین و یەکگرتوو بین، هیچ هێزێک ناتوانێ تێکمان بشکێنێ.

**پرسیار**: ئەمەی جەنابت فەرمووت بە چی دەکرێ و چۆن دەکرێ؟

**وەڵام**: بە داڕشتنی ستراتیژیی نەتەوەیی، یەکگرتن لە بەرەیەک یا کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دا، بە لابیگەرییەکی نەتەوەیی لە دەرەوەی وڵات و بە بەشداری هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کارکردن لە نێوخۆی کوردستاندا بۆ ڕێکخستنی هەستی نەتەوەیی و گۆڕینی ئەو هەستە بەهێزی نەتەوەیی(بەواتای دروستکردنی نەتەوەو ئامادەکردنی بۆ دەوڵەتداری)، بە جۆرێک کە لە کاتی پێویستدا بتوانێ بیهێنێتە سەر شەقام. ئەوانە لەو ئامرازانەن کە دەتوانرێ بە هۆیانەوە کۆسپەکان وەلا بنرێن و کورد لە جیهاندا شوێندانەرتر بکەن و کیانی کوردی بکەنە ئەمری واقیع.

**پرسیار**: ئێوە وەک حیزبی دێموکرات چیتان لەو پێناوەدا کردوە و هەوڵەکانتان بە کوێ گەیشتوون؟

**وەڵام**: گرنگترین هەنگاو بۆ ئەو هەوڵانە ئەوەیە کە بەڕاستی لەو پێویستییە مێژووییانە تیگەیشتبی. دووەم هەنگاو ئەوەیە کە حیزب بە ئامرازێک بزانێ بۆ وەدیهێنانی ئەو پێویستییانە. سێهەمین هەنگاویش ئەوەیە کە بەکردەوە و باوەڕەوە هەنگاوی بۆ باوێژی. ئێمە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەنگاوی یەکەم و دووەم تێپەڕیوین و بۆ هەنگاوی سێهەم ئامادەین. هیوادارم وەڵامی ئەرێنی لە بەرامبەرەکانمان وەربگرین و بتوانین بە هاوکاری خەباتگێڕانی دیکەی مەیدانی کوردایەتی، بەتایبەتی ئەوانەی کە بە بۆچوون و بە مێژوو زۆر لێک نیزیکین ئەو ئامانجە گەورەیە وەدی بێنین. پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات کە حدک هەر لە دوای کۆنگرەی چاردەوە بە لێبڕاویەوە هەوڵی بۆداوە، دەتوانێ چەند هەنگاوێک لەو ستراتیژیە نەتەوەییە نیزیکمان بکاتەوە.

لە ژمارە ٧١٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

## ژنان و پێگەیان لە بازاڕی کار و ئابووریی ئێراندا

بێکاری یەک لە خەسارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئێستای کۆمەڵگەی ئێرانە کە خۆی سەرچاوەی کۆمەڵە خەسارێکی دیکەیە، بەڵام بێکاری وەک دیاردەیەکی سیاسی ئابووری بۆ ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا وەک یەک نیە. ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا وەک چۆن لە زۆر بوار و ڕەهەندەوە پەراوێز خراون، لە ڕووی بەشداری و هاوبەشییان لە بازاڕی کار و بوارەکانی دیکەی ئابووریشدا هەر بەشی نەبیندراو و پشتگوێخراوی کۆمەڵگەن کە سیستماتیک مافەکانیان پێشێل دەکرێ.

ئەگەرچی لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا دابینکردنی هەلی کار بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لەسەر بنەمای مافی یەکسان باسی کراوەدا و لە ماددەی ٢٨ی قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا هاتووە کە دەوڵەت ئەرکدارە بەوەی ئیمکاناتی پێویست و هەلی یەکسان بۆ کارخوڵقێنی و دامەزران بۆ هەموو تاکەکان بڕەخسێنێ، بەڵام لە کردەوە نەک ئەوە نابیندرێ بەڵکوو هەر بە زۆر قانوونی نووسراو و نەنووسراو ژنان لەو مافە بێبەش کراون.

پیاوانەکردنی هەلە کارییەکان، سنووردارکردنی چالاکیی ئابووریی ژنان و پێدانی مووچەی کەمتر بۆ کاری وەک یەک بە ژنان تەنیا بەشێک لە کێشەکانی ژنان لەبواری دامەزران و هاتنەنێو بازاڕی کار و چالاکیی ئابووری دایە.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان لە ساڵی ١٣٩٦ دا ژنان سەدا ٥٦ی کورسییەکانی زانکۆیان هێناوەتەوە، بەڵام ئەوە تەنیا لە بڕگەی خوێندنی بەرزدا کورت کراوەتەوە و بە کردەوە پشکی ژنان لە بازاڕ و دامەزران و چالاکیی ئابووریدا لە سەدا ١٢ تێناپەڕێ.

ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کەمترین نرخ و پێوەری هاوبەشیی ژنانی لە بازاڕی کار و ئابووریدا هەیە. نێونجی بەشداری و هاوبەشیی ژنان لە ئابووریدا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە شارەکان سەدی ٢٢ و لە ئێران سەدی ١٢یە. سەیر ئەوەیە سەرەڕای سێ هێندەبوونی حەشیمەتی ژنانی خوێندەوار و زانکۆدیتوو، ئەو پێوەرە لە پێنج دەیەی ڕابردوودا لە جێی خۆی ماوە. ئەمڕۆکە لە ئەفغانستانێکدا کە دەیان ساڵە شەڕ و قەیرانی ئابووووری ئاوقای بووە، نرخی بەشداریی ئابووریی ژنانی لەچاو ئێران زیاترە.

دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ، زۆر لەو ژنانەی لە شارەکان خوێندبوویان و دامەزرابوون لە کارەکانیان دەرکران. لە دەیەی شەستی هەتاویدا ژنان بە نرخی بەشداری و هاوبەشیی سەدا ١٠، کەمترین هاوبەشییان لە ئابووریی وڵاتدا بووە، ئەویش لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆر لە پیاوان لە بەرەکانی شەڕ بوون. ئەو نرخە لە دەیەی ٧٠دا دەبێ بە سەدا ١٢، بەو جیاوازییە کە حەشیمەتی ئێران لەچاو پەنجاکان دوو هێندە زیادی کردوە.

ئامارەکان دەڵێن ئەگەر پێش هاتنەسەرکۆماری ئیسلامی چوونی ژنان بۆ زانکۆ کەمتر بوو، ئێستا ژنان زیاتر لە پیاوان کورسییەکانی زانکۆیان بۆ خۆیان گرتۆتەوە، بەڵام دوایە کە لە زانکۆ دەرچوون دەبێ بچنەوە ماڵێ دانیشن؛ چونکی نە لە بازار و نە لە بەشی دەوڵەتیی ئابووریی ئێراندا جێیەک بۆ ئەوان نین.

### کێشەکە لە کوێ دایە؟

پیکهاتەی پیاوانەی! سیاسەت لە ئێران «کار» بە چەمکێکی «سیاسی» دادەنێ. بارستایی دەوڵەت هێندە قورس و گەورەیە کە هەموو جۆرە کارێک تەنانەت کەرتی تایبەت و کار لە جۆری کاری ماڵانیش نێوەرۆکێکی دەوڵەتیی هەیە و هەبوونی کار و پیشە لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە جۆرێک هاوبەشیی سیاسییە. هەر بۆیەیە هەمیشە یەکێک لە ڕێکارەکانی دەوڵەت بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتییەکان، دەرکردن لە کار و هەڵپەساردنیانە؛ دەی سیاسەتیش دەبێ لە پاوانی پیاواندا بێ و ژنان بۆیان نییە خۆی لێدەن! ڕێژەی کەمی دامەزران و کارکردنی ژنان لە ئێران تەعبیر لە سیاسەتی بێ مەیلیی دەوڵەت بەهاوبەشیی سیاسی و ئابووریی ژنان دەکا. دەسەڵات لە ئێران ژن وەک ئۆپۆزیسیۆن چاو لێ دەکا و هەوڵ دەدا کۆنترۆڵی بکا و لەو هێلانەی بۆ دیاری کردوون زیاتر پەل نەبزێون. بۆ ئەو مەبەستەش زۆر لەو ڕێگرییانە کراون بە قانوون. بەپێی قانوون زۆر کار تایبەت بە پیاوان و لە پاوانی ئەوان دایە، بە تایبەت لە بەشە دەوڵەتی و نیزامییەکاندا. هەر بەپێی مادەی ٧٥ی قانوونی کاری ئێران پێ سپاردنی کاری قورسبە ژنان قەدەغەیە، بەڵام ئەوەی لە حەقەقیەتدا دەیبینین ئەوەیە کە ژنان لە زۆربەی مەیدانەکاندا وەدەر نراون. هەروەها بەپێی قانوونی مەدەنیی ئێران پیاوان دەتوانن بەبیانووی یەکنەگرتنەوە لەگەڵ پرەنسیپەکانی ژیانی خێزانی ڕێگری لە کارکردنی ژنەکانیان لە زۆر بوار و جێگەدا بکەن.

### دوایین داتا ڕەسمییەکانی هێزی کار لە ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا بەمجۆرەیە:

* سەدا ٥٠ی ئەو ژنانەی کاریان هەیە، لە بەشە ناڕەسمییەکانی ئابووریی وڵاتدا کار دەکەن.
* ژنان زیاتر لە کارگە و یەکە بەرهەمێنەرە بچووک و ناڕەسمییەکاندا کار دەکەن.
* زیاتر لە نیوەی ژنانی بێکار پتر لە دوو ساڵ بووە لە کار گەڕاون و دەستیان نەکەوتووە.
* یەک لە سێی ئەو ژنانەی کار دەکەن مووچەخۆری کەرتی تایبەتن.
* زیاتر لە نیوەی ژنانی دەرچووی زانکۆ کە لە کار دەگەڕێن نەیانتوانیوە هیچ کارێکیان دەست کەوێ.

کەمیی مووچە و حەقدەستی ژنان لە بازاڕی کار دەرکەوتەیەکی دیکەی هەڵاواردنی ژنان و دابەشبوونی بازاڕ لەسەر بنەمای ڕەگەزییە. هەواڵدەریی ڕەسمیی بڵاوی کردۆتەوە کە لە ساڵی ڕابردوودا لە ٦١٥ هەزار هەلی کاری نوێدا کە دروست کراوە، زیاتر لە نیوەیان بۆ ژنان بووە و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنان بە مووچە و حەقدەستی کەمتر ئەو کارانە - کە زیاتر لە بەشی خزمەتگوزارییەکانن - بۆ خاوەنکارەکانیانی دەکەن.

نەبوونی قانوونەکانی پشتیوانی لە ژنیش لە جێی خۆی کە کۆسپێکی دیکەی بەردەم هاتنی ژنان بۆ بازاڕی کارە. ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ بە پشتبەستن بە ئامارە ڕەسمییەکان لە ئێران دەڵێ لە ساڵی ڕابردوودا ٤٨ هەزار ژن دوای کەلکوەرگرتن لە مەرەخەسیی منداڵبوون کارەکانیان لە دەست داوە و بێکار بوون.

سیاسەتی دژەژنی لە ئێران هەر تایبەت بە دەوڵەتێک نەبووە و خاڵی هاوبەشی هەموو دەوڵەتەکان وەک هێڵێکی گشتیی نیزامە. حەسەن ڕووحانی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بە هێرشبردن بۆ سەر دەوڵەتی ئەحمەدینژاد دەیگوت لە دەوڵەتی پێشوودا ٨٦٠ هەزار ژن بێکار کراون و کارەکانیان لە دەست داوە. بەڵام لە ماوەی نیزیک بە ٥ ساڵ سەرکۆماریی خۆیدا هیچ هەنگاوێکی لە پێناو لابردنی لەمپەرەکانی بەردەم کارخوڵقێنی بۆ ژنان هەڵنەگرتوە.

بۆ نموونە پووشپەڕی ئەمساڵ تاقیکارییەکانی دامەزراندنی دەوڵەت بەڕێوەچوو. عەلی جەماڵی قومی، بەرپرسی کاروباری ئامار، پلاندانان و دابینکردنی هێزی مرۆیی دەوڵەت ڕایگەیاند لەو ٢٨٠٠ هەلی کارییە ٢٢٨٤ هەلی کاریان تایبەت بۆ پیاوان و ٥٠٠ هەلی کارییان بە شێوەی هاوبەش لە نێوان ژنان و پیاوان و تەنیا ١٦ هەلی کاریی تایبەت بە ژنان بووە.

دوای ٥ ساڵ سەرکۆماریی حەسەن ڕووحانی ئێستا دەبیندرێ کە سنووردارکردنی ژنان لە بوارەکانی کار و سیاسەتدا هەروا درێژەی هەیە و وادیارە تا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ ئەو ڕەوتە هەروا دەمێنێ.

لە ژمارە ٧٢٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٨

---------------------------------------------

## وتووێژ: عەلی بداغی:
## كۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو نیزامە سیاسییە نییە كە بە پێخۆشبوونی خۆی بەرەو كرانەوە بچێ



كورد لە ئێران بە نەتەوەیەكی مافخواز دەناسرێ، هەر ئەو مافخوازبوونە و سووربوون لە خەبات دەرخەری ئەوەیە كە مافەكانی بەبەردەوامی پێشێل كراون و نەهاتوونەتە دی. كورد وەك پێكهاتەیەك لە ئێران لە چاخی نوێشدا پتر لە دەیان ساڵە بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و مەدەنییەكانی خەبات دەكا، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو مافانە بەهۆی سیاسەتی سەركوت و زەبروزەنگی حوكمەتە دیكتاتۆرەكان وەدی نەهاتوون و پێخوست كراون؛ بەڵام پێ بەپێی ئەوەش خەڵكی كورد كۆڵی نەداوە و ڕازی بەو قەدەرە نەبووە و لەسەر خەباتی مافخوازیی خۆی بەردەوام بووە. پرسی مافی مرۆڤ و سیاسەتكردن لەسەر ئەو بابەتە بۆ گرینگە؟ حیزبەكان چۆن لەسەر ئەو بابەتە سیاسەت دەدەن؟ دواپین هەڵسەنگاندنەكان بۆ ڕەهەندە جۆراوجۆرەكانی پێشێلكرانی مافی مرۆڤ لە كوردستان چین.

«كوردستان» ئەو بابەتەی لەگەڵ عەلی بداغی، بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی كوردستان تاوتوێ كردوە:

**كوردستان**: با بە پێناسەیەكی ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی كوردستان دەست پێبكەین. ئەو ناوەندە كەی دامەزراوە و كارەكانی چین؟

**عەلی بداغی**: ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی كوردستان، دامەزراوەیەكی تایبەت بە چالاكی لە بەستێنی مافی مرۆڤە كە لەلایەن كۆمەڵێك چالاكی سیاسی و چالاكانی بواری مافەكانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەڕێوە دەبرێ.

ئەو دامەزراوەیە بە سەرنجدان بە پێشێلكردنی سیستماتیكی مافی مرۆڤ لە كوردستانی ئێران هەوڵ دەدا تریبوونی لەقاودانی پێشێلكارییەكانی مافی مرۆڤ لە كوردستان و هەروەها سەكۆی فێركردنی بنەماكانی مافی مرۆڤ و پەرەپێدانی كلتووری مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بێ. بڵاوكردنەوەی هەواڵ و زانیاری، هەڵوێست لە بەرامبەر ڕووداوەكان، دانەوەی ڕاپۆرت بە ناوەندە جیهانییەكانی داكۆكی لە مافی مرۆڤ و ئۆرگانە نێونەتەوەییەكان، بڵاوكردنەوەی وتار، وتووێژ و ئامادەكردنی ڕاپۆرت لە پێوەندی

لەگەڵ بارودۆخی چالاکان و زیندانیانی سیاسی و مەدەنی، منداڵان، ژنان، کرێکاران و هتد بەشێکی دیکە لە چالاکی و پرۆژە کارییەکانی ئێمە پێک دێنن.

**کوردستان**: ئێوە کادرێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتن و بەو پێیە ئەو ناوەندە دەبێ لە حیزبی دێموکرات نیزیک بێ. حیزبی دێموکرات چۆن دەڕوانێتە پرسی مافی مرۆڤ و چۆنی سیاسەت لەسەر دەکا؟

**عەلی بداغی**: ئەمڕۆکە پرسی مافی مرۆڤ وەک یەکێک لە پارامێترەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەوری کاریگەر دەبینێ و تەنانەت دەبینین کە لە هەندێ حاڵەتدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لەلایەن حکوومەتە دیکتاتۆرەکانەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشی بۆ دەخالەتی ئینسانی هان داوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا بە شێوەی سیستماتیک مافی خەڵکی ئێران و بە تایبەت مافی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کوردی پێشێل کردوە و ئەو پێشێلکردنانە لە هەموو بوارە و بەستێنە سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری و ئایینیدا بەرهەست و زەق و بەرچاون.

لە لایەکی دیکەوە لەمێژ ساڵە کە گوتار و یەکێک لە پەیامە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ئەوەیە کە کێشەکانی خۆیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی تەنیا لە خانەی سیاسەتی دەرەکی و هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دەسڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی و قەیران خوڵقێنیەکانی لە ناوچەدا قەتیس نەکەنەوە، چونکە گرینگتر لەو بابەتە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە کە بە شێوەی ڕەها و سیستماتیک و دوور لە ڕەخنەی جیدیی کۆمەڵگای جیهانی پیادە دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لەو لایەنانەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە کە لە هەموو ئەو هەل و ترییبوون و دەرفەتانەی دەستی دەکەوێ، بۆ لەقاودانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران هەوڵی داوە. دامەزراندنی «ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان»یش بۆ ئەو ئامانجە بووە هەتا بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەبەرنامە بۆ ئەو مەبەستە تێکۆشانی هەبێ.

**کوردستان**: ئێوە چەند ڕۆژ پێش ئێستا ڕاپۆرتی وەرزی بەهاری ناوەندەکەتان بڵاوکردەوە کە دێکۆمێنتێک بوو لەسەر حاڵەتەکانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا. دەکرێ هەندێ وردەکاریی ئەو ڕاپۆرت و دێکۆمێنتەمان بۆ باس بکەن؟

**عەلی بداغی**: پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێم کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیستماتیکە. لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا مافی خەڵکی کوردستان، چ مافە سیاسی و مەدەنییەکانیان، چ مافە کولتوورییەکانیان، چ مافە نەتەوەیی و چ مافە ژینگەیی و زمانی و بە گشتی لە هەموو ڕەهەندەکانەوە مافی کورد لە ئێران پێشێل دەکرێ. ئەو پێشێلکارییە هەم سیستماتیکە و هەم ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. لە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایک، بە زمانی زگماکەوە بگرە هەتا دەگاتە پەراوێزخرانی کوردستان لە گەشە و پەرەسەندن، لە بەشداری پێنەکردنیان، لە بێبەشکردنیان لە ئیدارەکردنی شار و ناوچەکانی خۆیان ڕا بگرە هەتا دەگاتە

بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانیان کە لە ئێستادا ڕەنگبێ گرینگترینی ئەوانە بەتاڵانبردنی «ئاوی» کوردستان بێ. لە ئاگردانی دارستانەکانی ڕابرە هەتا دەگاتە بەرگرتن بە چالاکی و جموجۆڵە فەرهەنگییەکان. جا ئەوەی ئێمە لە ڕاپۆرتەکانی ناوەندەکەماندا بە دێکۆمێنتی دەکەین پتر لایەنی زبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤە لە کوردستان بەهۆی دەزگای قەزایی و دامودەزگا سیاسی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییە.
نوێترین ڕاپۆرتی ئێمە دەڵێ کە لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەمساڵیشدا سەدان حاڵەتی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ تۆمار کراوە کە لە چەند بەشی کۆڵبەرکوژی، ڕەشبگیر و گرتنەکان، تەقینەوەی مین، ئێعدام، خۆکوژی و ڕووداوەکانی کاردا پۆلێن کراون.

**کوردستان**: ئەمن چاوم بە وردەکاریی ڕاپۆرتەکە کەوتووە و ئەوەی بەدیم کرد ژمارەی زۆری گرتنەکان و حوکمدانەکان لە کوردستان بوو؟ ئایا ئەوە هۆکارێکی تایبەتیی هەیە؟

**عەلی بداغی**: بەڵێ هەر چاوخشاندنێکی کورت بەو ڕاپۆرتە و ڕۆژانە بەدواداچوون بۆ دەنگ و باس و مانشێتی هەواڵەکان پێمان دەڵێ کەشی سیاسی لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران ناوچەیەکی جیاوازە. لەو بەشە لە ئێران کارکردی دەزگای قەزایی و ناوەندە ئەمنیەتییەکان زۆر جیاوازە و بە گشتی تێچووی چالاکیی سیاسی لە کوردستان یەکجار لەسەرێیە.

وەک بۆ خۆت باست کرد هەر لە بابەت بەندکرانی چالاکە سیاسی و مەدەنییەکانیدا زۆرترین کەسیان لە بەندیخانەکان پەستاوتوە. باسەکە ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووس و چالاکی کرێکاری و هەڵسووڕە مەدەنییەکان لە کوردستان نەک لەسەر کەیسێکی سینفی؛ بەڵکوو بە تۆمەتی ئەمنیەتی دەگیرێن و؛ بەندکراوە سیاسییەکانیش قورسترین حوکمیان لە دەزگای قەزاییدا بەسەردا دەسەپێ کە زۆربەی جاران دوورخرانەوە بۆ شار و ناوچە هەرە دوورەکان لە کوردستان وەک کەرەج و زاهیدان و مینابی لەگەڵە.

ئێمە دەبینین بۆ تاوانی وەک یەک لە ئێران سزای وەک یەک لە کوردستان دیاری ناکرێ و هۆکاری ئەوەش هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کوردستان کەیسێکی ئەمنیەتییە بۆ کۆماری ئیسلامی. کوردستان لە ڕوانگەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەری مارەکەیە و دەبێ پان بکرێتەوە، بۆیەش دەبینین تێچووی چالاکیی سیاسی، مەدەنی و هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکە زۆر لەسەرێیە، بەڵام با ئەوەش بڵێم کە ئەوانە هیچیان کۆڵیان بە ڕوحی بەربەرەکانی و تێکۆشان لە کوردستان نەداوە.

**کوردستان**: ئەوانەی گیراون بە تاوانی سیاسی بەند کراون و حوکم دراون؟

**عەلی بداغی**: نەخێر هەتا ئێستاش دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی تاوانی سیاسیی پێناسە نەکردوە و زیندانیانی سیاسیی کورد هەمووی بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دەگیرێن و حوکم دەدرێن. وەک باسم کرد دوای ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێستاش «تاوانی سیاسی» لەو وڵاتە پێناسە نەکراوە و لە ڕاستیدا ئەوەش دەستی ئاوەڵا کردوە بۆ ئەوەی چی نەیار و دژبەر و ڕەخنەگر و ئۆپۆزیسیۆن هەیە لەو وڵاتەدا، تاوان «هەوڵدان بە دژی ئەمنیەتی وڵات»یان بدرێتە پاڵ و؛ سزای قورسیان لەو سۆنگەیەدا

بەسەردا بسەپێندرێ. بەمجۆرە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم دژبەران و ڕەخنەگرانی خۆی دەمکوت دەکا و ڕاپێچی سووچی زیندانیان دەکا، هەم بەو پەڕی ڕووهەڵماڵراوی دێ و دەڵێ وڵاتەکەی تاقە یەک زیندانیی سیاسیی نییە!

لە کوردستان ئەو دۆخە بۆ چالاکانی سیاسیی کورد و رەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێکی دیکەیە، واتە تێچووی چالاکیی سیاسی و بەرهەڵستکاری...

لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گەلێ قورسترە. وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا بۆ کاری وەک یەک، سزای وەک یەک نییە و چالاکی سیاسی هەیە لە کوردستان بە تاوانی! ڕوماڵکردنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ سزای ١١ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاوە، بەڵام هەر هەمان کار لە تاران سزاکەی ٦ مانگ بووە. ئەوە جیا لەوەی لە هەموو ئەو ساڵانەدا کوردستان لە ڕووی سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای ئێعدام بە سەر زیندانیانی سیاسیدا پشکی شێری بەرکەوتوە، هەروەها لە ڕووی سەپاندنی سزای زیندانیی درێژماوەی ٢٥ ساڵ زیندان تا زیندانی هەتاهەتایی.

**کوردستان: بە جۆرێکی دی دێمەوە نێو باسەکە. دەپرسم تاوانی سیاسی یانی چی و زیندانیی سیاسی چ فەرقێکی لەگەڵ زیندانییەکی دیکە هەیە؟**

**عەلی بداغی**: تاوانی سیاسی لە ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازەوە لێک دەدرێتەوە، بەڵام لە ئاسانترین تێگەیشتندا تاوانی سیاسیە بریتییە لە هەر جۆرە رەفتار و کردەوەیەک کە بە مەبەستی ڕەخنەگرتن لە سیستمی بەرێوەبەریی وڵات لە دژی حاکمییەت دەکرێ و مەبەستی سەرەکیش لەو کردەوە و چالاکییە، بە ناڕەوا نیشاندانی رەفتار و بریار و رێوشوێنەکانی دەسەڵات و نیزامی بەرێوەبەریی وڵاتە، ئەویش بە مەبەستی گۆڕان.

ئەو ڕەفتار و کردەوانەدا لە نووسینی وتار و بڵاوکردنەوەیان لە میدیا گشتییەکان، کۆڕ و کۆبوونەوە پێکهێنان و وەرێ خستنی خۆپیشاندان و سمینارگرتندا دەردەکەون و مەبەستی سەرەکیی هەموو ئەو کردارانەش ڕەخنەگرتن و دژایەتیکردنی نیزام و سیستمی بەرێوەبەریی وڵاتە. هەر بەو پێیەش جیاوازیی تاوانبارێکی سیاسی لەگەڵ تاوانبارێکی ئاسایی لێرەدا دەردەکەوێ کە تاوانباری سیاسی ئارمانجخوازە و لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە و وڵاتدا بە ئەنجامدانی کردەوەیەکی ناقانوونی تاوانبار کراوە، بەڵام تاوانبارێکی ئاسایی تەنیا لە بەرژەوەندیی تاکی خۆیدا دەستی بۆ تاوانێک درێژ کردوە. تاوانباری سیاسی بەو بیروباوەرەی کە هەیەتی خۆی فیدای کۆمەڵگە و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەکەی دەکا، بەڵام تاوانباری ئاسایی بە پێچەوانە ڕەنسیپەکانی کۆمەڵگە و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەکەی فیدای بەرژەوەندیی خۆی دەکا.

هەر لەو سۆنگەیەشەوە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا کۆمەڵە ئیمتیاز و مافێکی تایبەت بۆ زیندانییانی سیاسی لە بەرچاو گیراوە. بۆ وێنە بەر لە هەموو شتێک ڕێزی تایبەتیان لێ دەگیرێ و، ویڕای پاراستنی کەرامەتیان لە گیراو و تاوانبارە ئاساییەکان جیا دەکرێنەوە و کۆمەڵە مافێکی تایبەت وەک دەست پێڕاگەیشتن بە زانیاری و شوێنی راگیرانی ستانداردیان بۆ دابین دەکرێ.

بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا راست پێچەوانەی ئەوە لە گەڵ تاوانبارانی سیاسی هەلسوکەوت دەکرێ. تاوانبارانی سیاسی تۆمەتی ئەمنیەتییان دەدرێتە پاڵ و دوای ئەشکەنجە کرانێکی زۆر، لە ژووره تاکەکەسییەکانیان دەپەستێون و لە ژێر ناوی ڕیزه ئیدیعایەکی لێل و نادیاری وەک، هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی نیزام و دژایەتیکردنی خودا سزای قورسی زیندانی درێژ ماوه و تەنانەت ئێعدامیان بە سەردا دەسەپێندرێ.

**کوردستان**: باشە ئەوە کە تاوانی سیاسی لە ئێران کاری پێ ناکرێ چ لە مەوزووعەکە دەگۆڕێ؟

**عەلی بداغی**: قسەکە ئەوەیە کاتێک لە وڵاتێکدا و لە سیستمی دادی وڵاتێکدا تاوانی سیاسی پێناسە کرا، ئیدی چالاکانی سیاسی دەزانن کە لە بەرامبەر هەرچەشنە کردەوەیەکدا چ جۆره سزایەک چاوەڕوانیان دەکا و لەوەش دڵنیان کە جیا لە قازی کە نوێنەر و پارێزەری دەسەڵات و حاکمییەتە، هەیئەتی مونسیفەیەک هەیە کە تەشخیسی تاوان بوون یا نەبوونی کردەوەکەی ئەوان دەدا و دادگاییکردنەکەشیان بە ئاشکرا و لە بەرچاوی میدیاکانە، ئەوە لە هەموو وڵاتە دێموکراتیکەکاندا وایە. بەڵام لە ئێراندا بە هۆی ئەوەی کە تاوانی سیاسی پێناسە نەکراوە، هیچ ڕوون نییە کە کردەوە یان دژکردەوەیەکی سیاسیی چالاکێک بە چ پێودانگێک هەڵ دەسەنگێندرێ و چ جۆره سزایەکی بۆ دەبڕدرێتەوە. ئەوەش لە جێی خۆی کە هیچ کام لەو دادگاییکردنانەی تاوانبارانی سیاسی بە ئاشکرا بەڕێوە ناچن و تەنانەت پێچەوانەی ئەسڵی ١٦٨ی یاسای بنەڕەتیی وڵاتیش هەیئەتی مونسیفەیەک نییە کە تەشخیسی کردەوەکەی ئەو وەک تاوان یان کردارێکی قانوونی بدا و، ئەوە تەنیا دادوەره کە وەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات چۆنی پێ خۆش بێ بە گەز و ڕبەی خۆی دەیپێوێ و حوکمی خۆی دەدا.

بەڵام بۆ دوای ٤٠ ساڵ تاوانی سیاسی کە لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا ئاماژەت پێدراوە پێناسە نەکراوە و لە دەزگای دادی کۆماری ئیسلامیدا کاری پێ ناکرێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەلاتبەدەستانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی هەر لە جێدا نایانەوێ کە وەها یاسایەک لە ئایینی دادڕەسیی ئێراندا هەبێ، چونکی ئەوان نایانەوێ کە وا پیشان بدەن کە لە نێو نیزامی کۆماری ئیسلامیدا زیندانیی سیاسی هەیە و ژمارەی ئەو زیندانییانەش چەندەن، چونکی لە دنیای ئەوڕۆدا ژمارەی زیندانییانی سیاسیی لە هەر وڵاتێک دا یەکێک لە پێوەر و پێودانگەکانی ئازاد بوون و دێموکراتیک بوون و دادپەروەر بوونی حاکمییەتی ئەو وڵاتەیە.

**کوردستان**: بێینە سەر لایەنەکانی دیکەی مافی مرۆڤ کە لە کوردستان پێشێل دەکرێ. مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ڕەهەندەکانی دیکەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**عەلی بداغی**: ئەگەر پێناسەی ئێمە بۆ مافەکانی کورد هەر ئەو پێناسەیە بێ کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوون و ٧٠ ساڵ لە تەمەنیشی ڕادەبرێ، بەداخەوە زۆر لەو مافانە بۆ تاک و کۆمەڵی کورد وەدی نەهاتوون. هەڵبەت وەنەبێ لە ئێران تەنیا کوردستان لە زۆر مافە سروشتی و بنەڕەتییەکانی بێبەش بێ، بەڵکوو وەک دەبینین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆکە بەهۆی ڕەفتاره نەگونجاوەکانی لەگەڵ نۆڕم و بایەخە نێونەتەوەییەکان بە ڕێژیمێکی پێشێلکەری مافی مرۆڤ دەناسرێ. لە ماوەی ٤٠ ساڵ تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا بەردەوام لەلایەن کۆمیسیون و شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئورووپا و ناوەند و

ڕێکخراوە جیهانییە بێسنوورەکانی پارێزەری مافی مرۆڤە مەحکووم کراوە. بەڵام پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن ڕێژیم بەوەڕا جیاوازە کە هەم سیستیماتیک و بە بەرنامەو پلان دەکرێ و هەم لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاترە. هۆکارەکەشی بۆ ڕوانگەی زاڵی ئەمنیەتی بۆ سەر کوردستان دەگەڕێتەوە.

لە حاشاکردن لە هەرچەشنە مافێکی سیاسی و نەتەوەیی، لە ژمارەی زۆری ئیعدام و شاڵاوی گرتن و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری. لە سەرکوتی توندوتیژانەی بزاوتە مەدەنییەکان، لە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایکی لە پەروەردە و بارهێناندا، لە بەشداری پێنەکردنی کورد لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی ناوچەکانی خۆیان، لە لە پەراوێزخستن و لە پەراوێزداڕاگرتنی کوردستان لە ڕەوتی گەشە و ئاوەدانیدا، لە بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان وەک کانگاکانی بەردی زێڕ و بەردی بیناسازی، لە بەتاڵانبردنی ئاوی کوردستان و لەوە لەوە و زۆر ڕەهەندی دی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

بە گشتی ئەگەر ڕێژیم خۆی لە خۆیدا نادیمۆکراتیک، سەرکوتگەر و دیکتاتۆرە، بەڵام کوردستان لە هەموو بوارەکانی ئەو زەبروزەنگ و پێشێلکارییانەدا بەداخەوە پشکی شێری بەر دەکەوێ و لە هەموو ناوچەیەکی دیکەی ئێران خەڵکەکەی پتر مافەکانی پێشێل کراوە.

**کوردستان: مافی مرۆڤ چەندە دەتوانێ لە هاوکێشە جیهانییەکاندا بخوێندرێتەوە و شوێندانەرێ لە سەر بڕیاری سیاسیی وڵاتان؟**

**عەلی بداغی**: مافی مرۆڤ ئەرزشێک و بایەخێکی نێونەتەوەییە و وڵاتان کەم و زۆر، بەند بە چەندی و چۆنیی دێموکراتیک بوونیان لەبەرچاوی دەگرن. ئێمە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێشتر کۆمیسیۆن و ئێستا شووڕای مافی مرۆڤمان هەیە کە کار بۆ جێخستنی بەهاکانی مافی مرۆڤ و هاندانی دەوڵەتان بۆ ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دەکا. تەنانەت وردە وردە باسی دەخالەتی مرۆیی خەریکە دەبێتە کارتێک بۆ وڵاتە زلهێزەکان لەسەر یەکلاکردنەوەی قەیرانی سیاسی و مرۆیی وڵاتێک. ئێمە لە بیرمانە ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە و ئەگەر هەڵە و نالێکییەکانی ساڵی ڕابردوو نەبا دەکرا ئێستا لە قۆناغێکی زۆر شازی سیاسیدا با، بەرهەمی ئەو دەخالەتە مرۆییەیە کە ساڵی ٩١ و دوابەدوای کۆڕەوە مێژووییەکەی باشووری کوردستان بە دروستکردنی مەداری دژەفڕینی ٣٦ دەرەجە درا. یان وەرگرتنی سەدان هەزار کۆچبەر لە سێ ساڵی ڕابردوودا دوای مردنی «ئایلان» هەر لە سۆنگەی مرۆڤدۆستییەوە بوو.

لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا، دیاریکردنی ڕیپۆرتێری تایبەت بە ئێران بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سۆنگەی گرینگیدانە بەو پرسە لای کۆمەڵگەی جیهانی. خۆ ئەگەر چاوێک بەسەر ئەو ئەو گەمارۆیانەدا بخشێنین کە لەلایەن شوڕای ئەمنیەت، وڵاتی ئەمریکا و وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپاوە خراوەتە سەر ئێران، بەشێکی گرینگی لە سۆنگەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بووە.

لە زۆر وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکاشدا ڕێکخراو و لۆبیی چالاک هەیە کە کار لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتەکانیان دەکەن و ئەو بابەتانەیان بۆ گرینگە. دیارە حاشا لەوەش ناکرێ کە لە هەر حاڵدا و لە گشتییەکی خۆیدا «مافی مرۆڤ»، تابعێکە لە

بەرژەوەندیی گشتیی وڵاتان جا لە ڕووی ئابوورییەوە بێ یان ئەمنیەتی، بەڵام ناکرێ بیروڕای گشتیش لەبەرچاو نەگیرێ کەو بەو بابەتە حەسساسە و شوێنکاری لەسەر ئاراستەی سیاسی و هەڵوێستەکانی وڵاتان هەیە.

بێگومان وڵاتانی ئورووپایی بەرژەوەندیی خۆیان لە سەرووی هەموو پرسەکانی دیکە دادەنێن، بەڵام هەموو ئەو دەوڵەتانە بیروڕای گشتیی وڵاتانی خۆیان بۆ گرینگە، بۆیە دەکرێ حەسساسکردنی بیروڕای گشتیی ڕۆژاوا بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، وەک بەستێنێکی باش بۆ فشارهێنان بۆ دەوڵەتانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدا چاوی لێبکرێ. دەبێ لەو بوارەدا مانۆڕی زۆر لەسەر تێگەیاندنی ئەو بیرورا گشتییە لە دۆخی مافی مرۆڤو کردنی بە ئەهرومی فشار بۆ سەر پێوەندییەکانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ئێران بدرێ؛ ئەوەش ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، چالاکانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسانە.

ئەوەش کە چەندە دەکرێ لەو بوارەدا سەرکەوتن وەدەست بێ، ئەوە بە ڕادەی ئەو تێکۆشان و هەڵسووڕانە بەندە کە دەبێ لەو پێناوەدا بدرێ، ئەگینا کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو نیزامە سیاسییە نییە کە بە پێخۆشبوونی خۆی بەرەو کرانەوە بچێ، بەڵام ئەزموونی فشاری کۆمەڵگەی جیهانی لە ساڵانی ڕابردوو بۆ سەر ئەو ڕێژیمە لەسەر پرسە ئەتومییەکەی دەری خست کە ڕێژیم چۆن لە بەرانبەر فشاردا پاشەکشە دەکا و دەست بەر دەداتەوە. بۆیە دەبێ لەو بوارەشدا فشاری زیاتری بخرێتە سەر.

**کوردستان**: وەک دوا پرسیار، لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا، بە دەر لە حوکمەت و حاکمییەت، پێتان وایە کێ چیی دەکەوێتە ئەستۆ؟

**عەلی بداغی**: وەک بە تێر و تەسەلی باسمان کرد کوردستان ناوەند و شوێنی چڕبوونەوەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێرانە. ڕەوتی ئیعدامەکان، گرتنی سەرەڕۆیانە و سەپاندنی زیندانی درێژخایەن و سەرکوتی ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان چەند هێندەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر کەمتر لەوەی کە هەیە ڕەنگدانەوەی لە میدیاکان و لە ڕاپۆرتی ناوەند و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا بووە، هۆکاری ئەوەش بۆ زیاتر ئەمنیەتی بوونی کوردستان و بە داخەوە سیاسەتی هەڵاواردن و تەبعیزی زۆرێک لەو ناوەند و ڕێکخراوانەی مافی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە چۆن کوردەکان لە ئێراندا بە مرۆڤی پلە دوو سەیر دەکرێن، کەواتە پێشێلکاریی مافی مرۆڤی کوردیش هەر دەبێ بچێتە ئەو خانەیەوە.

ئەو نەبینین و بەکەمگرتن و پشتگوێخستنی پیشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە لایەن ناوەندەکانی داکۆکیکەری مافی مرۆڤ وای کردوە کە تا ڕادەیەکی زۆر دەستی ناوەندە ئەمنیەتی و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان ئاوەڵاتر بێ، وەک چۆن دەبینی لە ساڵدا سەدان کۆڵبەر و کاسبکاری کورد سەرەڕۆیانە دەدرێنە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، بەڵام هیچ کام لەو توندوتیژی و پێشێلکاریی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لە ڕاگەیەنەکانی غەیرە کوردییەکان و لە ڕاپۆرتەکانی ناوەندەکانی مافی مرۆڤدا نەبوە.

ئەوەش ئەرکێکی زیاتر دەخاتە سەر هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و، ناوەند و گرووپ و لایەنە سەربەخۆکانی پارێزەری

مافی مرۆڤ کە ئەو دەرفەتە بۆ دەرخستنی هەموو لایەنە شاراوەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان و تێگەیاندنی نوێنەرانی تایبەتیی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بقۆزنەوە.

قسە ئەوەیە کە ئامادەکردن و هاوڕاکردنی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ کاردانەوەی خێرا و کاریگەر دەبێ ئەرکی سەرەکیی هەموو تاکەکانی کورد لە نێوخۆ و هێز و لایەنانە سیاسییەکانی کورد بێ. ئەو ئەرکەش لە ڕێگەی مانگرتن و کۆڕ و کۆبوونەوە پێکهێنان و وەرێخستنی کەمپەینی جۆراوجۆر و خۆپیشاندانی بەردەوام و لەڤاودەرانە دێتە دی.

پێش هەموو شتێک وردەکاریی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ دەبێ بەردەوام بە دیکۆمێنت بکرێن و بڵاو بکرێنەوە. ئەوەش ئەرکی هەموو هێز و لایەنە سیاسی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤە تا بە کاری بەردەوام و بە دواداچوونی وردی ڕووداوکانی کۆمەڵگەی ئێران و ڕەوتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ وا بکەن کە بڕیارەکانی یەکیەتیی ئورووپا و شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر کاغەز و وەک شتێکی سەمبولیک نەمینێتەوە و ئاڵوگۆڕی جیدی و کارتێکەری لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا لێ بکەوێتەوە.

خەڵکی کوردستان بۆ خۆشیان وەک نیشانیان داوە کە مافخوازن، دەبێ پتر لەو مافخوازییەدا لە سەنگەردابن و لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانیاندا بێدەنگ نەبن. تەبیعەتەن ئەوە هەزینەی خۆی هەیە، بەڵام هیچ شتێکیش گرینگتر و بە ئەزشتر لەو مافانە نییە کە پێویستە هەمانبن و بۆ ئەوە دەبێ تێچووی خۆی بۆ بدەین.

لە ژمارە ٧٢٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٨

-----------------------------------------------------

## ناسر باباخانی:

## ڕێژیم دووانەی «حوسێن - یەزید»ی کردووەتە گوتاری قوتاربوون لە هەموو دۆخێکی قەیران



کەم چاودێری سیاسی هەیە پێی وانەبێ کە هیچ وڵاتێک وەک ئێران قەیران بەرۆکی نەگرتووە. ڕێژیمێک کە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا کێشمەکێشمی زۆری لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی هەیە و لەنێوخۆی وڵاتیشدا ڕەوایی نییە. قەیرانە ئابوورییەکان لە سۆنگەی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمەوە بڕستیان لە خەڵک و کۆمەڵگە بڕیوە و ئەوەش وای کردووە خەڵک پتر لە جاران مان بگرن و بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بێنە سەرشەقام. ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟ خەڵک لە کوێی گۆڕانکارییەکانی بەردەم ئێراندا وەستاون؟ ئەم مژارەمان لەگەڵ ناسر باباخانی، چاودێری سیاسی تاوتوێ کردووە.

**پرسیار**: زۆربەی چاودێرانی سیاسی دەڵێن ئێران بە هۆی فشاری سیاسیی دەرەکی و قەیرانی ئابووری و ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆ، لە بەردەم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دایە، ئایا فشارە دەرەکییەکان دەتوانن یەکلاکەرەوە بن؟

**ناسر باباخانی**: ڕەنگە لە نێو خودی ئەم پرسیارەدا وڵامەکەشیمان دەست کەوێ. بە دروستی باست لە دوو هۆکاری دەرەکی و ژوورەکی کردووە کە هەر دوو هۆکار زیاتر پەیوەستن بە لایەنی ئابوورییەوە. واتە گوشار و گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا وەک گوشاری دەرەکی (Maximum Economic Pressure)و دارمانی دۆخی ئابووری نێوخۆ وەک هۆکاری ژوورەکی. بەڵام لێرەدا دەبێ ئەم پرسیارە بێنینە گۆڕێ کە بەڕاستی ئەم دوو هۆکارە ئەوەندەیان توانایی هەیە کە بە تەعبیری جەنابت ببنە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئێراندا؟ یان دەبێ هەندێ هۆکاری تریش ئەم دوو هۆکارەی سەرەوە کاوێر بکەن، وەک جووڵە سیاسی و بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی ئێراندا.

بە باوەڕی من پرسێکی گرینگتر لەم هۆکارانەی سەرەوەش لەگۆڕێ دایە، ئەویش ئەمەیە کە، ئەم هۆکارانەی کە دەبنە هۆی

بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی وەک خاڵی بەهێزی ئەم حکوومەتە، دەبێ ئاوڕیان لێ بدرێتەوە. واتە ڕاستە ئەم دوو هۆکارەی سەرەوە لە ڕاستای نەمانی کۆماری ئیسلامیدا دەور دەگێڕن، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین خوێندنەوەیەکی دروستمان هەبێ بۆ هاوکێشەکە، دەبێ باس لە هۆکارە دیار و نادیارەکانی مانەوەی ئەم ڕێژیمەش بکەین. دیارە مەبەستم لە هۆکاری دیار ڕێک ئەو شتانەیە کە لەبەر چاومانن و دەیانبینین کە دەکرێ وەک لایەنی ڕەق ئامێری (بۆ وێنە توندوتیژی) ناوزەدیان بکەین. بەڵام ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم هەندێ هۆکاری نادیار، بەڵام یەکلاکەرەوەن بۆ مانەوەی ڕێژیم کە دەکرێ وەک لایەنی نەرم ئامێری لە قالبی پارادایمە تایبەتەکانی کۆماری ئیسلامی پێناسەیان بکەین.

**پرسیار**: وەک چی؟

**ناسر باباخانی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تایبەتی لەپاش مردنی خومەینی، سیاسەتەکانی لە سیاسەتێکی ڕووتی کوشتنی دژبەر و کپکردنی دەنگی جیاواز، بەرەو کۆنترۆڵێکی نابەرهەستی ڕەوانی کۆمەڵگەی ئێران برد (هەرچەند سیاسەتە ڕووتەکەشی وەلا نەنا). سیاسەتی کۆنترۆڵی ڕەوانی کۆمەڵگەشی بە کەلکوەرگرتنی کەرەسەیی لە ئایینزای شیعە لە نێوخۆدا بەڕێوەبرد و دواتر لەسەر ئەم بنەمایەش ڕێک ئەم کارەی کرد بە نیسبەت سووریە و عێراق و یەمەن و لوبنانەوە... کە لە جوغرافیای هیلالی شیعی هەڵکەوتوون.

ئەمەی چۆن کرد؟ کۆماری ئیسلامی بە خوێندنەوەیەکی تەواو ئایدۆلۆژیک و ئاکامخوازانە لە ئایینزای شیعە، دەکرێ بڵێین شیعەگەریی سیاسی بردە نێو هەموو کەلێن و قوژبنی ژیانی تاک و کۆمەڵی ئێرانەوە و بە ئاوڕدانەوە لە هەستی ئایینزایی خەڵک و عاتفەی مەزهەبیی ئەوان، دووانەیەکی ساز کرد بە ناوی «حوسێن - یەزید» کە لە هەموو قەیرانێکی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی دەبوو بە بەشێکی گرینگی قوتار بوون لە دۆخی قەیران.

لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا، سەدام دەبێتە سەدام یەزیدی کافر و لە کێشمەکێشمی نێوان ئەمریکا و ئێراندا بووش و ئۆباما و ترامپ دەبن بە یەزید و تەنانەت لەم دواییانە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا، محەممەد بێن سەلمان دەبێتە یەزید و لە بەرامبەر هەموو ئەوانەدا ڕێبەریی وڵات، - بە دیاری خامنەیی - دەوری حوسێنی مەزلووم دەگێڕێ و لەم نێوەدا لە بۆنە ئایینییەکان و لەخۆدان و قوڕپێوانەکاندا، «هیات»ەکانی شیعە بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەرنامەداڕێژراو ئەرکی سەرشانیانە سیمای حوسێنی کوڕی عەلی لە ڕوخساری خامنەییدا پیشانی کۆمەڵانی خەڵکی ڕەشۆکی ئێران بدەن. دیارە سێناریۆی دووانەی «حوسێن - یەزید» مەبەستی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک میراتگری حکوومەتی عەلی، ئیمامی یەکەمی شیعەکان و شۆڕشی حوسێنی کوڕی بە خەڵکی ئێران و جوغرافیای هیلالی شیعی بناسێنن، وەک باسم کرد ئەم ئەرکە بە تەواوی لە ئەستۆی «هیأت»ەکان و «مداح»ەکان دایە کە بە تەواوی بە شێوەیەکی سیاسی ئەم مەبەستە بەرەوپێش دەبەن.

بێگومان لەم نێوەدا دەسەڵات بە سازکردنی سێناریۆی جۆراوجۆر وەک سازکردنی کەشێک بۆ ڕەخنەی توند، تەنانەت بە قەولی خۆیان بەزاندنی هێڵی سوور و هێرش بۆ چەند بەرپرسێکی پلەباڵای حکوومەت بە جۆرێ «تخلیە روانی» کۆمەڵگەشیان لەبەرچاوە و ئەم چەشنە کارانەش لە ڕێگەی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی، ئیمامانی جومعە و ناوەندەکانی تری بەناو خێرخوازی و... دەکەن بەڵام

کۆتاجار هەموویان بە شێوەیەکی هاوتەریب یاریدەدەری سێناریۆی «حوسێن - یەزید»ن. بێ هیچ شک و گومانێکیش لە ساتوسەودا لەگەڵ ڕیفۆرمخوازەکان و مامەڵە لەگەڵ باندی ئەحمەدی نەژادیش خافڵ نابن!

لە ڕاستیدا بە درێژایی مێژوو، ئەم چەمکە واتە دوانەی «حوسێن - یەزید» کەرەسەی بەردەستی ئاخوندی شیعە بووە بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگەدا مەبەستەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ، تەنانەت تۆ کە سەیری حکوومەتی بەناو سێکۆلاری پەهلەوی دەکەی بۆت دەردەکەوێ ئەم چەمکە بە شێوەیەکی جیاوازتر لەنێو کۆمەڵگەدا لەبرەودا بووە. کە سەیری سینەمای بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران دەکەی و شەنوکەوی «فیلم فارسی» دەکەی بۆت دەردەکەوێ کە لەم سینەمایەدا کە بەڕواڵەت ڕەقس و سەمای ژنی ڕووت و عارەق خواردنەوە دوو تایبەتمەندیی سەرەکی فیلمەکانن، بەڵام دیسان دووانەی «حوسێن - یەزید» بە زەقی خۆی دەردەخا و، کارەکتێری سەرەکی فیلم لە ڕواڵەتی لاتێکدا بە دەروونی ئاخوندێک دەناخڤێ. بۆیە دەکرێ فیلمی فارسی بە جۆرێ وەک یەکێ لە کاتالیزۆرەکانی شۆڕشی ئێرانیش لە قەڵەم بدەین.

خاڵێکی تر کە دیسان دەگەڕێتەوە سەر ئایینزای شیعە، چەمکێکە بە ناوی «تقیە». شیعە پێی وایە لە کاتی گوشاردا دەتوانێ تەنانەت حاشا لە موسڵمان بوونی خۆشی بکا! بۆیە دێنێ ئەم چەمکە دەکاتە چەکێک بۆ پاساوی هەر چەشنە فێعلێک کە تا دوێنێ حەرام بوو، بۆ ئەمەش ڕەنگ و بۆنێکی ئەورووپی پێ دەبەخشێ. بۆ وێنە لە شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا خومەینی باس لە «جامی ژار» دەکا و خامنەیی بە هۆی گوشارەکانی ئەمریکا باس لە «نرمش قهرمانانە» دەکا، ئەمانە هەمووی پاشگەزبوونەوە لە قسە و کردارەکانی ڕابردوویانە! دوور نەڕۆین ٣٠ی جۆزەردانی ڕابردوو خامنەیی بە توندی بە دژی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان هەڵوێست دەگرێ بەتایبەتی FATF، کەچی کاتێ دەبینێ شەپکە توندە، پاش سێ مانگ ڕێگە دەدا کە پارلەمانی کۆماری ئیسلامی، پەیوەست بوونی ئێران بەم کۆنڤانسیۆنە پەسند بکا!

**پرسیار**: کەم نین ئەو دەنگانەی باس لە سازانی ئێران و ئەمریکا دەکەن. چەندە پێت وایە ئیمکانی سازان لەنێوان دوولایەندا هەیە و ئایا بە سازانی ژێربەژێری ئێران و ئەمریکا کۆماری ئیسلامی لەو قۆرتەش ڕزگاری دەبێ؟

**ناسر باباخانی**: پێم خۆشە بۆ وڵامی ئەم پرسیارە چەند ڕستەیەکی مایکێل واڵزێر، مامۆستای فەلسەفەی سیاسی لە ئەمریکا - هەر ئەو کەسەی بە توندی پشتگیریی لە کوردەکانی سووریە کرد بە دژی ئەردۆغان - بە قەرز وەرگرم. واڵزێر دەڵێ:

«ڕەنگە هەموو شت بۆ من سەرسوڕهێنەر بێ. ئێمەی مامۆستای زانکۆ و بیردۆز، تێگەیشتنمان بە نیسبەت جیهانەوە، تەواو نییە. ئەوانەی سەبارەت بە یەکیەتیی سۆڤییەت لێکۆڵینەوەیان دەکرد پێشبینیی ڕووخانی ئەم وڵاتەیان نەدەکرد، ئەوانەی سەرقاڵی جیهانی عەرەب بوون چاوەڕوانی بەهاری عەرەبیان نەدەکرد و تەنانەت چاوەڕوانیی شکستی ئەم بزووتنەوەیان نەدەکرد. من و هاوکارانیشم لەگەڵ دیاردەی دۆناڵد تراپ خافڵگیر بووین. ئەمن وا بیر دەکەمەوە کۆی ئەمانە هێماگەلێکی هیوابەخشن کە سیاسەت ئێستاش ئەو شوێنەیە کە دەکرێ ئێمە لەوێ خافڵگیر بین، ئەگەرچی هەندێ لەم خافڵگیرییانە زۆر مەترسیدارن.»

لەسەر بنەمای ئەم قسانە دەمەوێ بڵێم بەڕاستی زەحمەتە پێشبینیکردن، بەتایبەتی خوێندنەوەی هەڵوێستەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی زۆر زەحمەتە. تۆ سەیری مێژووی چل ساڵی ڕابردوو بکە بزانە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە چەندە دوچاری پارادۆکس بوون لە قسە و لە کردەوەکانیاندا، لێرە قسەیەک لەوێ قسەیەک. پابەندی بە هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی و عورفی لە قسەکانیاندا بەدی ناکەی، ڕێبەری ئەم وڵاتە دەیگوت ئەگەر بێتوو شەڕ (شەڕی نێوان عێراق و ئێران) بیست ساڵیش درێژەی هەبێ ئێمە هەر ڕاوەستاوین کەچی دواجار دیتمان وا نەبوو. وەک پێشتر باسم کرد کولتووری شیعی لە دەسەڵاتی سیاسیدا هەندێ تەڵەکەی دەرباز بوونی بۆ ڕەچاو کردوون کە ڕۆژێ دەبێتە «جام زهر»ی خومەینی و هەندێ جار دەبێتە«نرمش قهرمانانە»ی خامنەیی. ئەم سیستمە بۆ قوتار بوون لەم دۆخە بە باوەڕی من دیسان مل ڕادەکێشێ بۆ ویستەکانی ئەمریکا، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانن نێوخۆش بەم قەناعەتە بگەیەنن ڕەنگە لە هەندێ دەستەواژەی وەک نەجاتی ئیسلام و ڕزگاریی خەڵک لە گوشارەکان بخەنە نێو زاروزمانانەوە، بۆیە پێم سەیر نییە ئەگەر ئەم سازانە ژێربەژێرە بەم شێوازەی باسم لێوەکرد لەسەر پرسی ناوکیی ئێران سەربگرێ. بەڵام وەک دەزانن کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێ کێشەی تری هەیە وەک: پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، مووشەکە بالستیکەکانی، پشتگیری لە تیرۆریزم، هەڕەشە لە ئیسرائیل، سازکردنی پشتێنەی ئەمنی واتە هیلالی شیعی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دراوسێ و... بۆیە بە لای منەوە دۆسیەی کۆماری ئیسلامی دۆسییەیەکی هەمیشەکراوەیە.

**پرسیار**: ئەدی خەڵک و هێزی جەماوەر لەو نێوەدا چ دەورێک دەبینن؟ خەڵک لە کوێی هاوکێشەکە دان؟

**ناسر باباخانی**: پرسیاری چاکە. لە ڕاستیدا خەڵک چەق و ناوەندی هاوکێشەکەن. چۆن؟ ئەوەی تا ئێستا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ وەک باسم لێوە کرد، هیواداریییەکی کەم وێنەیە بۆ ئەوەی گوشارەکانی دەرەوە بەدیاری گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا ،کۆماری ئیسلامی بە چۆکدا بێنێ، بەڵام وەک باسم کرد سیاسەت ئەمرێکی قەتعی نییە، زۆر جاران دیومانە چاوەڕوانیی ئێمە بۆ پێشهاتێکی سیاسی لە سەداسەد جیاواز و دژوار بووە، بۆیە سەیر نییە کە لە دوارۆژدا ئەم هیوایە ببێتە بڵقی سەر ئاو، کەوا بوو پلانی جێگرەوە چییە؟ پلانی B چییە؟ بە ڕای من لەم دۆخەدا، تەنانەت پێشتریش، خەڵک و سەرجەم گەلانی ئێران تەنیا ڕێکاری ڕزگارکردنی ئەم وڵاتەن لەم زەلکاوە بۆیە پلانی A و B و C و... هەر خودی خەڵکن.

با بەرهەستتر بدوێم. لە دێسامبری ڕابردووە تا ئێستا زۆر هاوکێشەی لە نێوخۆدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، کە بە باوەڕی من گرینگترینیان گەڕانەوەی شەقام بوو بۆ خەڵک. خەڵک لە هەموو دنیادا خاوەنی شەقامن، شەقام گەورەترین هێزە بەرامبەر بە چواردیوارییەک کە خاوەن دەسەڵاتەکان خۆیانی تێدا حەشار دەدەن. کەوابوو لەمەو بەدوا ئیتر ترسەکە ڕژاوە و شەقام هی خەڵکە و هەر کات مەیلیان لەسەر بێ و ئیرادە بکەن دەتوانن بڕژێنە سەر شەقامەکان، ئەمە ڕێک ئەو دیاردەیە بوو کە چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی توانایەوە حەولی بۆ دەدا نەیەتە دی و نەبێتە ئەمری واقیع، بۆ ئەم مەبەستەش لە هیچ چەشنە سەرکوت و زیندان و گرتن و کوشتنێکیش درێغی نەکرد.

با نموونەیەک باس بکەین، خەڵکی کوردستان لە پاش مووشەکبارانەکەی قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سێدارەدانی سێ گەنجی کورد، لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان بە مانگرتن و لەماڵ نەهاتنەدەر و ئەمجارەیان چۆڵکردنی شەقام لە قاڵبی نافەرمانی مەدەنیدا (کە ئەمەش جۆرێ دەسەڵاتی خەڵکە بە سەر شەقامدا) دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کش و مات دەکا و پلان و پیلانەکانی

پووچەڵ دەکاتەوە! بۆیە بە ڕای من شەقام، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەمکێکی جیاوازە، بوونەوەرێکی زیندوو کە هەندێ جار بە قەرەباڵغی و هەندێ جار بە بێدەنگی، دەوری خۆی دەگێڕێ و ئێستا بۆتە چەکێکی بەهێز بە دەست کۆمەڵانی خەڵکەوە.

**پرسیار**: بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ خەڵک دەیانەوێ بژین و نەمرن، سووریە و یەمەن و عێراقیشیان بینیوە، ئەوەش پۆئەنێکە بە دەست دەسەڵاتەوە. ئێوە لەو بارەوە ڕاتان چییە؟

**ناسر باباخانی**: بە سووریەبوونی ئێران، ماوەیەکە لەلایەن ڕیفۆمخوازانی ئێرانەوە هاتۆتەگۆڕێ. و لەڕاستیدا ئەمە جۆرێ هۆشداری تێدایە بۆ بەردەنگەکەی (لێرەدا خەڵکی ئێران) کە ئەگەر ئێران وەک سووریەی لێ بێ لە ئەگەری شەڕی نێوخۆییدا، خوێن سەران دەبا و با «دۆخی هەنووکەیی» بپارێزین. دەسەڵات بە شێوەیەکی سیستماتیک کار بۆ ئەمە دەکا، لابیبیەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، مۆرەکانی ڕێژیم لەسەر میدیا جۆربەجۆرەکان بەتایبەتی میدیا فارس زمانەکان و لەنێوخۆش ڕیفۆرمخوازەکان کار بۆ ئەم پرسە دەکەن.

ئەمە ئەوپەڕی بێ ئەخلاقی تاقمێکە کە دەیانەوێ خەڵکی ئێران لە ژێر ئەم هەموو زەخت و گوشارەدا بمێننەوە،

بەڵام با حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەجێی خۆی چرکە نەکا. باشە بۆ لەبری بە سووریەیی بوون باس لە پارادایمێکی دێموکراتیکی ڕۆژئاوایی ناکەن، بۆ وێنە ڕیفراندۆم و گشتپرسی، با بزانن خەڵک پاش چل ساڵ بە نیسبەت ئەم دەسەڵاتە چۆن بیر دەکاتەوە؟ ئەوان لەبری ئەوەی تۆپەکە بخەنە زەوەی دەسەڵاتەوە، خەڵکی داماو و لێقەوماوی ئێران دەکەنە بەردەنگ و داوایان لێ دەکەن دەنگتان لێ دەرنەیە با کۆماری ئیسلامی بەردەوام بێ. ئەو تەوژمەی بە هۆی گوشارەکانەوە خەریکی ساز بوونە، پێم وانییە سێناریۆی لەم جۆرە، دادی کۆماری ئیسلامی بدا.

**پرسیار**: ئاستی بەرگەگرتنی خەڵک چەندە؟ ئایا حکوومەت دەتوانێ بە سەر هەموو قەیرانەکاندا زاڵ بێ؟ ئەو گەمەیانەی حکوومەت دەیکا تا کوێ بڕ دەکەن؟

**ناسر باباخانی**: دیارە حکوومەت نەیتوانیوە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بە سەر قەیرانەکاندا زاڵ بێ، بەڵکوو بەردەوام حەولی داوە ڕواڵەت و ڕوخساری کێشەکان داپۆشێ و بەدووی چارەسەرکردنی گرفتەکان نەبووە. هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا، ستراتیژیی سەرەکیی ئەم وڵاتە بۆ نێوخۆ و دەرەوە لەسەر بنەمای بەراوەژوو نیشاندانی واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی خۆی بووە لەسەرجەم بوارەکاندا و بەجۆرێ حەوڵی داوە سیمای ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە و بە پێچەوانەی حەقیقەتەکان خۆی بنوێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر بنەمایەکی پارانۆیدی بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و بەلاڕێدابردنیان، لە زۆر تاکتیکی سەیروسەمەرە کەڵکی وەرگرتووە، بۆ وێنە ئەم دەستەواژانە بەردەوام لە گوتاری سیاسیی ئەو دەوڵەتەدا بەدی دەکرێن: پیلان، دوژمن، تەماح، سیخوڕی، نفووز، خیانەت، هەڕەشەی دەرەکی، دەستی پشت پەردە و... ئەم پارانۆیدەش دواجار بووەتە هۆی ئەوەی کە بە یەکجاری بەر بە پلۆرالیسمی سیاسی لەم وڵاتەدا بگیرێ.

ئاماری ناوەندە لێکۆڵینەوەییە باوەڕپێکراوە نێونەتەوەییەکان گوزارە لە دۆخی کارەساتباری ئێران دەکەن، بەڵام لە ڕاگەیاندن و میدیاکانی کۆماری ئیسلامیدا باس ناکرێن. دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بە دانی داتای هەڵە بە خەڵک حەولی ئەوەیان دەدا کە ئێران وەک بەهەشتی مەوعوود نیشان بدەن، بەڵا ئیتر ئەم کایانە دادیان نادا، زگ بە نان تێر دەبێ نەک بە قسە! بۆیە بە بۆچوونی من وەک باسم کرد دواجار خەڵکی وەزاڵەهاتوون کە هاوکێشەکە دەگۆڕن، کێرد گەیوەتە ئێسقان.

ئێران ئەو وڵاتە نییە کە خۆی باسی خۆی دەکا، ئێران لە هەموو بوارەکاندا تووشی دارمان و هەرەسهێنان بووە و هیچ وڵاتێک لە دنیادا بێگومان شک نابەی کە وەک ئێران قەیرانی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی بەرۆکی گرتبێ، ئێران ئەو دارەیە کە لە نێوخۆیدا کرمۆڵ بووە و هاکا ئەمڕۆ و هاکا سبەی کەوتە عەرز.

**پرسیار**: هەست ناکەن ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان جۆرێکی دیکەن؟ لە پاشترن. بێدەنگترن. ئایا ئەمە هۆکارێکی تایبەتیی هەیە؟

**ناسر باباخانی**: ڕاستە... لە جەوهەری خۆیاندا ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان جیاوازییان هەیە لەگەڵ خواستەکانی خەڵکی ناوەندی ئێران و شارە گەورە فارس نشینەکان. بەڵام لەباری ویستە نەتەوەییەکان، لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئێرانی وەک عەرەب و بەلووچ و ئازەری خاڵی هاوبەشمان وەک پێناسەی نەتەوایەتی هەیە، هەرچەند لەم بارەشەوە ئێمە وەک کورد بە حوکمی مێژوویەکی کۆنتر و بوونی ڕێکخراوەی سیاسی لە نیزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا، لەگەڵ ئەوانیش جیاوازین، من ئەو جیاوازییە وەک چەمکی «وشیاری نەتەوەیی» سەیر دەکەم، کە بە بەراوەرد لەگەڵ نەتەوەکانی تر بۆ پێکگرتن نابێ!

نا، ڕێک بەپێچەوانەوە، تۆ لە کوێی ئێرانت دیوە، مانگرتنی سەراسەریی وەک ٢١ی خەرمانان بەڕێوەبچێ؟ تەنانەت کوردستان دەکرێ وەک پێشەنگی خەباتی مەدەنی سەیر بکرێ، هەر لە پاش مانگرتنە سەراسەرییەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی شارەکانی تری ئێران لە ١٦ی ڕەزبەر دووکان و بازاڕیان داخست.

**پرسیار**: خۆتان پێتان وایە ئێستاش سەرەکیترین پرسی خەڵک لە کوردستان شوناسخوازی بێ؟

**ناسر باباخانی**: بێگومان پرسی کورد هەرچەند ڕەنگە لە هەندێ شوێن لەگەڵ ویست و داخوازیی خەڵکی ئێران وێکچوونی هەبێ بەتایبەتی لەباری مافە شارۆمەندییەکان و باری گوزەرانی ژیان و ئابوورییەوە، بەڵام پرسی کورد، پرسێکی شوناسخوازانەیە. ئەو تێڕوانینەش کە ویست و پرسی کورد تا ئاستی کۆمەڵێ داخوازی ئابووری دادەبەزێنێ، گیرۆدە و ئەسیری ماوەیەکی سنووردار بووە. واتە ڕاستە کوردیش وەک خەڵکی تر لە ژێر زەخت و گوشاری ئابووری دایە، بەڵام مێژووی گەلی کورد و مێژووی خەباتی ئەم گەلە بەتایبەتی لە سەد ساڵی ڕابردوودا، نیشانی داوە کە پرسی کورد پرسێکی سیاسی بووە و تەنانەت پرسێکی فەلسەفیی گرێدراوی بوون و نەبوون و خەبات بە دژی حاشاکردن لەم گەلە.

**پرسیار**: با بە نموونەیەک باسەکەم بەرهەستتر و ئیمڕۆیی تر بکەم، تۆ کچێکی کوردی پێشمەرگەی، وایە؟ ئایا ویستەکانی تۆ لەگەڵ

بۆ وێنە ژنێکی فارس یەکە؟

**ناسر باباخانی**: بۆ وێنە ژنی ئێرانی دێنێ بە هەموو هێز و توانای خۆی پرۆژەی چوارشەممەی سپی وەڕێ دەخا - لەگەڵ ڕێژمدا بۆ ئەم حەرەکەتەیان - بەڵام تۆ گیانت لەسەر بەری دەستت داناوە و ئەویش لێچکەیەکی سپی بە قوڵەدارێکەوە کردووە، بۆیە من لام وایە ویستەکان جیاوازن، مێژوو وا دەڵێ!

**پرسیار**: ئەگەر گۆڕانکارییەکان بەلای بەرەوڕووبوونەوەی گرژ، یان سەرهەڵدانی جەماوەریدا بشکێتەوە، کوردستان بەپێی پاشخانی خەباتی مافخوازانە و هەروەها سروشتی ویست و داواکانی لە چ پێگەیەکدا جێ دەگرێ؟

**ناسر باباخانی**: دیارە کورد بە نیسبەت نەتەوەکانی تر و ڕێکخراەکانی تری ئێرانی خاوەنی مێژوویەکی لەمێژینەتر و لەباری ئۆرگانیزاسیۆنیشەوە زۆر لە پێشترە. بەڵام ئەوە بە تەنیا کیفایەت دەکا؟ لە مەیدانی پراکتیک و کردەوەدا کورد لە کوێ ڕاوەستاوە؟ ئایا خاوەنی گوتارێکی دیاریکراوە بەرامبەر بە »ئەوی تر»؟ ئایا بەرەیەک دەبینی؟ ئەم حەولە تاکوتەرا و پەرش و بڵاوانەی حیزب و لایەنەکان تا کوێ بڕ دەکا؟ زۆر جاران بیستوومانە زلهێزێکی وەک ئەمریکا بە کوردی پەراکەندەی ڕۆژهەڵاتی دەڵێ: بە یەک ڕوانگە و یەک بەرە وەرنە پێش. کارەساتەکە لەوەدایە لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش هەر وامان پێ دەڵێ و بانگهێشتنی کورد دەکا بۆ یەکڕیزی! وەک خۆم گەشبین نیم، لانیکەم لەسەر بنەمای ئەم دۆخەی ئێستای حیزبەکان تێیدان!

**پرسیار**: پێتان وایە لەلایەن بژاردەکانی کۆمەڵگە، لە لایەن حیزب و ڕێکخراوەکانەوە ئامادەکاریی پێویست بۆ ئەم قۆناغە کرابێ؟

**ناسر باباخانی**: نا، بە هیچ کلۆجێک. چون لە ڕاستیدا «کەلێن»مان زۆرە، کەلێن بەمانا کۆمەڵناسییەکەی. وەک:

کەلێنە چینایەتییەکان، کەلێنە حیزبییەکان، کەلێنە ئایینی و مەزهەبییەکان، کەلێنە جێندەرییەکان، کەلێنە جیلییەکان و... کۆی ئەم کەلێنانە دواجار لەسەر ڕەفتاری سیاسیی کۆمەڵگە شوێندانەر دەبن و کەلێنە سیاسییەکان بەرفراوانتر دەکەن و دەبنە ڕێگر لەبەردەم سازبوونی گوتارێکی هاوبەش.

ئەم کەلێنانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساتەوەختی ئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک بەدی دەکرێن تەنانەت زۆر جاران دەگاتە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مەترسیدار بۆ داهاتوو. بۆیە دەبێ میکانیزمگەلێک بدۆزرێتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانە، ڕەنگە بۆ ئەم مەبەستەش وەک خۆشت باست کرد ڕێنیشاندەری بژاردەکانی کۆمەڵگە (Elite-directing) باشترین میکانیزم بێ لەم زرووفە زەمەنییەدا.

بژاردەکان وەک «کارگێڕانی گۆڕان» پێناسە دەکرێن کە توانایەکی شوێندانەریان هەیە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بۆ لایەکی تایبەت و دیاریکراو بەرن یان تەنانەت بەر بە ڕووداوی پێشهاتێک بگرن، دیارە مەرج نییە ئەم بژاردانە تەنیا و تەنیا سەرکردەی سیاسیی

حیزبێک بن، ڕێک بە پێچەوانەوە بەپێی بارودۆخی ڕۆژهەڵات ئەوە نووسەران، هونەرمەندان، چالاکڤانانی مەدەنی، ڕۆژنامەوانان و ئەدیبانن کە دەتوانن کەلێنەکان پڕبکەنەوە و هاوتەریبییەکی سیاسی بۆ سازدانی گوتارێکی هاوبەش سازدەن.

کێشەیەک کە لێرەدا خۆی دەردەخا، ئەوەیە کە خودی بژاردەکان لە نێوخۆ و لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات کەلێنێکی مەعریفەیی و ئانتۆلۆژیکیان هەیە، «شێوەڕوانین»یان بۆ پرسەکان لێک دوورە و ڕەنگە ئەمە گەورەترین مەترسی بێ بۆ سەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی. کەوابوو بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوخۆ و دەرەوە وەک یەکەم هەنگاو پێویستە ڕەخنەیەکی نێوگوتاری لە هەردوولا ساز بێ، خەسارناسی بکرێ، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دەستنیشان بکرێن و دواجار ئەم دوو هێڵە لە دۆخی هاوتەریبی بێنەدەر و لە پنتێکرا یەکبگرنەوە و ئەم پنتە ببێتە سەرەتای خاڵگۆڕانێک بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانەی باسمان لێوەکردن.

**پرسیار**: کورد ئەزموونی ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ی هەیە، پێتان وانییە سووڕێکی باتڵی دیکە چاوەڕوانیی کورد دەکا؟

**ناسر باباخانی**: من لەگەڵ ئەو پێشداوەرییەدا نیم، ڕاستە لێکدابڕان و لێکترازاویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و نەبوونی گوتارێکی هاوبەش خەسارێکی گەورەیە، بەڵام لەبیرمان نەچێ هێزی سەرەکی کورد، کۆمەڵانی خەڵکە لە نێوخۆ. بەخۆشییەوە خەڵکی ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە لە حیزبەکانمان و لە کوردی دیاسپۆرا، بەرپرسانەتر و ڕەنگە زۆر جار وردبینانەتر هەڵسوکەوت بکەن.

بۆیە ڕۆژهەڵات بۆخۆی، بە دوور لە غەڵبەغەڵب و زەنازەنا و پەرتەوازەیی حیزبەکان، خەریکی تەقەڵ و دروومانی ناسیۆنالیزم و پێکەوەلکاندنی ئەم چەمکەیە لە نێوخۆ و لە پارچەکانی دیکەش.

مەبەستم لە پێکەوەلکاوی ئەوەیە کە ئەگەر سەیری بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەی لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە، وەک پێشتر باسم کرد دەبینین بەردەوام لەگەڵ گرفتێک بەناوی «کەلێن» بەرەوڕوو بووە کە دایمە لەمپەر بووە لەسەر ڕێی پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی. بەڵام وێدەچێ هەم حزووری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر شەقامەکان و هەم چۆڵکردنی شەقامەکان، خەریکە کەلێنە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵات داپۆشێ و، لەڕاستیدا ئەو پێکەوەلکاوییە ناسیۆنالیزمییەی باسم لێوە کرد، زۆر بە ڕاشکاوی لەم ساتەوەختەی ئێستادا هەستی پێدەکرێ، هەم بە ڕەهەندە نێوخۆییەکەیدا، هەم لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش. ئیزن بدە با باسەکە بکەینەوە:

**سەبارەت بە ڕەهەندە نێوخۆییەکە، ڕەنگە باس لە دوایین نموونەکان بتوانێ بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان بداتێ:**

هەرەوەزی نەتەوەیی بۆ کارەساتی بومەلەرزەی کرماشان و خوێندنەوەی وردی ئەم هەرەوەزە و لێکدانەوەی سەرجەم دال و نیشانەکانی سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵات، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات وەک دوو جەمسەری کوردی سوننەمەزەب و کوردی شیعەمەزەب و یارسان لێک گرێ دراون، ئیرادەی گەل لە سەرووی خواستی دەسەڵاتی حاکم بە شێوەیەکی دژکردەوەیی، هاوتەریبە لەگەڵ تاک و کۆمەڵی کوردەواری. بە واتایەکی دی، ئەو بارهەڵگرانەی کەلوپەلی پێویستیان بۆ ناوچە

بومەلەرزەلێدراوەکان دەگواستەوە، لەگەڵ بڕینی تاک بە تاکی سنووری نێوان شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕاستیدا تەقەڵ و دروومانی لێکترازانی مێژوویی شار و ناوچەکان بوو. ئەمە واتە بە دەروونی کردنەوەی چەمکی نەتەوەخوازی لە نێوخۆدا.

**دووەم**: نەهاتنەدەرێی خەڵک لە ماڵەکانیان لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان جۆرێ لە هاوپەیوەندیی نێوان سێکوچکەکەی خەباتی سازکرد، هەشتەگی # من - لەماڵ - نایەمەدەر لە سۆشیال میدیا هەموو کەلێن و قوژبنەکانی تەنی و لە ماوەی سێ چوار ڕۆژدا زەینی نێوخۆی بەتەواوی ئامادە کرد بۆ دژکردەوەیەکی بەربڵاو! چالاکانی سیاسی و مەدەنی نێوخۆ، بانگەوازی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ژێر چەتری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و سەرئەنجام خواستی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکانی سیاسی لە دەرەوە، بە یەک گوتار بەرەنگاری مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی بوونەوە. ئەوان بە هەشتەگ چوونە شەڕی مووشەک! لێرەشدا واتە لە دنیای مەجازیدا، پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی بەڕوونی خۆی دەردەخا.

بۆیە من لاموایە دۆخی ئێستا لەگەڵ دۆخی چل ساڵ لەمەوبەر زۆر جیاوازە، هەرچەند هەست بە جۆرێ دڵەڕاوکێش دەکەم. بۆیە دەبێ سێکوچکەکەی خەبات بەیەکەوە بەر بە مەترسی هەندێ ڕووداوی تاڵ بگرن کە بەداخەوە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بەرۆکیان گرتین.

**پرسیار**: ئەوەی نەکراوە و دەبێ لە ئێستادا بکرێ چین وە کێ دەبێ بیانکا؟

**ناسر باباخانی**: ڕەنگە بە تەنیا خودی ئەم پرسیارە هەڵگری وڵامێکی ئەوەندە تێروتەسەل بێ کە لە چوارچێوەی وتووێژێکی ڕۆژنامەییدا نەگونجێ. بەڵام بە کورتی و لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە دەبێ بڵێم کە کۆمەڵگەی ئێمە، کۆمەڵگەیەکی «پرسیار کوژە» و دەمێک ساڵە وشەی «بۆ»ی بۆ گۆ ناکرێ! ئەو دەگمەن کەسانەی کە ئەم «بۆ»یەش دەدرکێنن، دەکەونە بەر شاڵاوی هێرشی نارەوای عەقڵییەتی خێڵەکی و عەشیرەیی کە خۆی پێی وایە سیستەمە (لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی ئێمە پێکهاتووە لە کۆمەڵێ خێڵ و عەشیرە، بە ڕواڵەتێکی مۆدێرن بەڵام بە عەقڵییەتێکی سنوورداری بەرژەوەندیخواز. جا ئەم بەرژەوەندییە بۆ خێڵ و تایفەی خۆت بێ، بۆ حیزب و ڕێکخراوەی خۆت بێ یان هەر گرووپێکی بچووک وەک پاژێکی کۆمەڵگە. ئەم پاژانەی کۆمەڵگە مادام پێکەوەلکاوییان لەنێودا ساز نەبێ نابن بە نەتەوە).

**قۆناغی یەکەم**: پێویستی دەرباز بوون و تێپەڕین لە قۆناغی خێڵەکی، بەرەوە قۆناغی نەتەوەسازی.

ئەمە کارەساتێکە کە ڕەنگە لە ئێستادا کەمتر هەستی پێبکەین، بەڵام لە داڕۆژدا دەبێتە سەرەتای ساز بوونی کۆمەڵگەیەکی داخراو. کۆمەڵگایەک کە ئیتر «توانایی و داهێنان و ڕووحی ڕەخنەگرانە» بەهەند وەرناگرێ و بە هەموو پێکهاتە و سیستەمەکانییەوە، تەنانەت ئیزنی دەربڕینی بیروڕای جیاوازیشت لە قالبی ڕەخنەدا پێ نادا و زۆر جاران بە پاساوی، ئەوەی تۆ دەیڵێی ڕەخنە نییە، حەول دەدا دەمکوتت کا.

**قۆناغی دووەم:** پێویستی سازدانی جەرەیانێکی ڕۆشنبیری ڕەخنەگری سەربەخۆ.

واتە ئیدی ئەم کۆمەڵگایە، نەک لە چینی خاوەن قابلییەت و توانایی و داهێنان ناگەڕێ، بەڵکوو پرسیارەکانیشیان دەکوژێ، نموونەی مێژوویی زۆرن. لە هەر شوێنێ پرسیاریان کوشت لە ڕاستیدا ڕووحی ڕەخنەگرانەیان کوشتووە و لە دۆخێکی وەهادا بە تەعبیری پۆپێر بەرەو کۆمەڵگایەکی داخراو دەچین و هێدی هێدی فاشیزم سەرهەڵدەدا!

**قۆناغی سێهەم:** حەول بۆ سازکردنی کۆمەڵگەیەکی کراوە بە هەموو تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی وەک ئازادی و دێموکراسی.

بە گشتی لە هەموو ڕوویەکەوە کار زۆر بە کەمی کراوە، بەتایبەتی حیزبەکان. هەم لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە و هەم لە ڕووی فکرییەوە، تەنانەت هەندێ جار تووشی پارادۆکس لە سیاسەتەکانیاندا دەبن! هەڵبەت ڕووناکبیران و نووسەرانیشمانی لێ زیاد کە. ئەوەی ئەمڕۆ دەدیترێ ئەوەیە کە ئێمە وەک کورد خاوەنی پلان و ستراتیژییەکی تۆکمە نین، تەنانەت تاکتیکی کورتماوەشمان نییە.

**پرسیار:** ئایا کۆمەڵگە و بزووتنەوەکەمان خەسارناسی کردووە؟ ئایا خاڵە بەهێز و لاوازەکانمان دەسنیشان کردووە؟ ئایا دەزانین هەڕەشە و دەرفەتەکان چین؟ چەند ئاگاداری دۆخی ناوخۆیین و کەلێنەکان چۆناوچۆن پێناسە دەکەین؟ ئایا حەولی سازدانی گوتارێکی هاوبەشی نەتەوەیی دراوە؟

**ناسر باباخانی:** بەبێ پاشخانێکی فکری و تیۆریک لە مەیدانی پراکتیک و کردەوەدا تووشی هەڵەی کوشندە دەبین بۆیە بەبێ نوێژەن کردنەوەی لایەنی فکری و لایەنی ڕێکخراوەیی سێکوچکەی خەبات، هەرچی بکرێ خولانەوە لە بازنە دایە!

لە ژمارە ٧٣٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

---------------------------------------------------

# ویستی ژنان و هێز و توانایان لە مافخوازیدا



٢٥ی نۆڤامبر، ٨ی مارس و چەند بۆنەیەکی دیکە هەموو بیانوو و دەرفەتێکی باشن بۆ تاوتوێی پرسی ژنان و هەڵسەنگاندنی خەباتی یەکسانیخوازیی ئەوان. "کوردستان"یش ئەم بۆنەیەی بە هەل زانیوە هەتا بە هێنانەبەر باسی، پرسی مافەکانی ژنان لە کوردستان و ئێران و، بە دواندنی چەند کەسێکی هەڵسووڕ لە نێوخۆی کوردستان لەو پێوەندییەدا، وێنایەک لە ماف و ژیانی ژنانی کورد بە دەستەوە بدا.

**پرسیار**: باس ئەوەیە کە هەموو ساڵێ لەو بۆنەیەدا باس لە توندوتیژییەکانی دژی ژنان دەکرێ، بەڵام ڕوون نییە ئەو کارانەی کراون بەمەبەستی گۆڕینی ئەم ڕەفتارە، کە ڕیشەی لە نەریت و کولتوور و پەروەردەی وڵاتێکدا داکوتاوە، چین؟ هەروەها ئەو ڕەوت و پرۆسێسانەی بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە لە ئارادان لە ڕووی چەندی و چۆنییەوە چەندە تەواوە؟

**خاتوو هەنار مەیسەمی**: شاعیر و چالاکی بواری مافەکانی ژنان لە نەغەدە لەو پێوەندییەدا دەڵێ بەهۆی ئەوەی لە وڵاتانی دیکەش توندوتیژی دژی ژن هەبووە و ئێستاش هەیە، دەتوانین بڵێین ئەو ڕەفتار و نۆرمە تەنیا پەیوەندی بە ئایینەوە نییە. بەڵام ئەگەر ئێمە بۆ مێژووی کوردەواری و نەتەوەیی خۆمان بگەڕێینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئایین و هاوسێیەتی عەرەبەکان لەسەر توندوتیژی و پێشێلکردنی مافی ژن لە کوردەواریدا تەواو کاریگەری هەبووە و بە داخەوە بۆتە نەریتی کوردەواریی خۆشمان. بێگومان هەتا کولتوور نەگۆڕدرێ یاساکانیش هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نایە، بەڵام هەر یاسا و جێخستنی یاساش خۆی یارمەتیدەرە بۆ گۆڕینی نۆرمە فەرهەنگی و کولتوورییەکان.

**خاتوو هەڵاڵە ب**: شاعیر و نووسەر لە شاری سنەش لە وڵامدا دەڵێ بە گشتی لە ئێران و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات نەریت و کولتوور و ئایین ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە ئاڕاستەپێدان بە جۆری ڕوانگە و پەروەردە و لە ڕەفتاری گشتیی لە بەرامبەر کچان و ژناندا. بێ گومان کارگەلێک کراوە بۆ گۆڕینی داب و نەریتە هەڵەکان بەڵام نەیتوانیوە ژن لەو بیرۆکە دین تەوەرە و پیاوسالارییە کە هەم لە لایەن خۆیەوە هەم لە لایەن پیاوە وە بەسەریدا سەپاوە دەرباز بکا. ژن هێشتا بە چاوی عەیبە و گوناهەوە دەڕوانێتە جەستەی خۆی و مافەکانی خۆی. ژن بوون لە وڵاتی کوردەواریدا عەیب و ئەستەمە.

لە ڕوانگەی منەوە تا ئێستا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە پەروەردەدا کە بووبێتە هۆی ئاشتی و ئاسوودەیی و ئاریکاری لە نێوان دوو ڕەگەزدا نابیندرێ و ڕەنگە تەنیا جۆری بەربەستەکان گۆڕدرابێتن، ئەگینا توندوتیژییەکان و ڕوانگە جنسیەتییەکان بەرامبەر بە ژن تۆختریش بوونەتەوە.

**خاتوو تەوار ئەبووبەکری**: نووسەر و شاعیر لە مەهاباد میوانێکی دیکەی ئەم باسەیە کە پێی وایە، ئێمە دەبێ لە پێشدا باس لەوە بکەین کە ئایا بە ڕاست ئەوە چەندە لە داب و نەریتی ئێمەدا هەن و یا سەرچاوە دەگرن؟ ئایا ئەوەش خۆی وەک زۆر شتی تر مێژووی بۆ دانەڕێژراوە؟ ئێمە دەزانین کە کورد لە درێژایی مێژوودا، ژنانی شان بە شانی پیاوان هەستاون و لە بەش بەشی ژیاندا تێکۆشانیان بووە جا چ لە بنەماڵەدا چ ئابووری و هەتا بگرە سیاسی، بەڵام ئەوەی کە وەک توندوتیژیی دژی ژنان باسی دەکەین دەتوانین بڵێین دوای هاتنی دینی ئیسلام مێعیارەکان، سنوور و هەتا بگرە قیمەت کە بە مارەیی و زۆر شتی تر تەعریف کرا، بۆ ژنان بوونە بەربەست و کۆسپ، کە ئەمە زیاتر لە جیهانی عەرەبەوە سەرچاوە دەگرێ نەک کوردەواری. بەڵام ئەگەر لێرەدا باس لە داڕشتنی بەرنامە و کارکردن لە سەر زەینییەتی ژنان کە کۆمەڵگەی پیاوسالاری بەسەریاندا هەیە و زاڵە، دەتوانین بڵێین هەر بە ئامادەکردنی زەینییەت و تێکۆشان بۆ هاتنە مەیدانی ژنان لە بەشە جۆراجۆرەکاندا کار بە سڕینەوەی ئەم نەریت و بەربەستانە کراوە، بەڵام ناتوانین بڵێین کە تەواون ئەگەرچی دڵخۆشکەرن. کەوایە پێناسەکردنی مافی و ڕێگادان بۆ ناسینی مافەکانیان ژنان دەگەیەنێتە ئەو ئاستە کە مافی خۆیان وەرگرن. ئێمە نابێ لە بیریشمان بچێ کە ئێستا زۆر ژن و کچمان هەن، ماف بە دانەکەی پێناسە دەکەن نەک ئەوەی کە بۆخۆیانن کە دەبێ مافی خۆیان وەربگرن. کەوایە گۆڕینی شتێک کە بە بڕوای من تەنیا زەینییەتە نەک کردەوە، زۆر ساکارانەتر لەو شتەی ئێمە بیری لێ دەکەینەوە دێتە دی. ئێمە دەبینین لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کە مافی ژن بە گشتی لە زۆر بواردا دابین کراوە، زۆرینەی کێشەکانی ژن هەن و شایەد ناخۆشتریش. بۆیە دەڵێم ناخۆشتر چون ئەوان لە وڵاتی ئازاددا دەژین بەڵام دیسانیش بەربەستەکان خۆیان نیشان دەدەن. کەوایە ناسینی ژن و مافەکانی و دەسپێکی لەنێو بنەماڵەکان بە تایبەت لە نێوچوونی ڕەگەز، ئەوە کوڕە ئەوە کچ کە بەداخەوە ئێستاش لەلای ئێمە ماوە.

**پرسیار**: بەدەر لەو بابەتە هەموو دەڵێن کۆسپ و بەربەستە زۆر و سەرەکییەکانی بەردەم ئەم ڕەوتانە، قانوونەکانن لە ئێراندا.چی کراوە بۆ گۆڕینی قانوونەکان؟

**هەڵاڵە ب**: لەو بارەوە ڕای وایە واقعێکی تاڵ لە کوردستان و ئێران هەیە، کە یاساکان لە هەموو پانتاییەکان دژی ژنن و ژنانیش بەشی زۆریان بە داخەوە خوویان بەو واقعە گرتووە و، پێیان وایە مافی ئەوان دەبێ لە لایەن پیاوەوە بدرێ و خۆی پێویست ناکا وەجووڵێ. ناڕەزایەتیدەربڕین لە لایەن ژنانەوە بە گشتی ڕەنگ و بۆنی دروشمی گرتووە و لە ئێستادا کەمتر ڕێکخراوەیەک لە ڕۆژهەڵات دەبینین کە تایبەت لەسەر پرسی ژنان کار بکا. بەڵام ئەم پرسیارەش هەمیشە بەرەوڕووی ژن دەکرێ کە ئایا دایکێک، کە خۆی لە قاڵبی ئایین و نەریتەکاندا ژیاوە و بەرهەمی هێناوەتەوە، دەتوانێ منداڵانی ئازا و ئازادیخواز پەروەردە بکا؟ ژنێک کە خۆی چەوساوەی دەستی مێردسالارییە و لە خێزان و کۆمەڵدا ژنانەیی لە ژیانی ژن سڕدراوەتەوە و ژن تەنیا لە چێشتخانەیە و لە نێو پێخەفدا جێی کراوەتەوە، ئایا ئەم ژنە دەتوانێ بەهێز و متمانە بەخۆ بێت؟ هەر ئەم لاوازییە لە کەسێتیی زۆر ژناندا نیهادینە بووە و نەکراوە و نەتوانراوە جووڵە و فشار و بزووتنەوەیەکی بەهێز بۆ گۆڕینی قانوونەکان درووست بکا.

**تەوار نەبوویەکری دەڵێ**: کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک هەر لە باسی ژناندا، بەڵکوو زۆرینەی یاساکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ بووە. بەڵام ئەگەر بێین و باسی ژن و مافەکانی بکەین، دەبینین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێناو ئامانجە ئیدۆلۆژیکییەکانیدا و بۆ سەپاندنی ئەو یاساگەلەی کە بەرژەوەندییەکانی دابین و مسۆگەر دەکا؛ زۆر لە مافە ڕەواکانی ژن پێشێل دەکا. ژنان لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی و بەپێی یاساکان نیوەی پیاویش نین. بۆ نموونە ژنان بۆ کارکردن دەبێ مز و حەقدەستی کەمتر لە پیاویان هەبێ و جاری وایە ئەو مزە بۆ یەک لە سێی مزی پیاوێک دادەبەزێ.

**هەنار مەیسەمی لەو پێوەندییەدا ڕای وایە**: بەداخەوە یاسا لە ئێراندا بەشی زۆری لایەنگری لە پیاو دەکا و بە تەواوی دەبێتە هۆی دژایەتیی لەگەڵ ژن. لێرە کەسانێک هەبوون و هەن کە زۆریان هەوڵ داوە هێندێک یاسا بگۆڕن کەچی وڵامیان نەدراوەتەوە. شتێکی کە ئەمن بەم زووانە دیتم کاری بۆ کرا، بردنەسەرێی تەمەنی زەماوەند لە ئێران بوو کە بوو بە سێزدە ساڵ، کەچی بە ڕای من ئەوەش تەمەنێکی زۆر کەمە و خۆزگە بکرابا هەتا هەژدە ساڵ بیبەنە سەر. بەڵام هەر وەک ئەوەی ئێستاش لە هەندێک ناوچە و شوێن لە ئێران، هەندێک نەریت ماون کە کچ لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بە شوو دەدرێ، ڕەنگبێ هەر ئەمە کاریگەرییەکی باش بێ بۆ بنەبڕکردنی ئەو دابە کۆنانە. بەڵام ئەگەر بە گشتی سەیری بکەین هیچ هەنگاوێک بۆ مافی بەرامبەریی ژن هەڵنەهێندراوەتەوە، کاتێ ژن ئیزنی سەیری یاریی تۆپی پێی لە نیزیکەوە نییە، کاتێ مافی تەڵاق ئێستاش لە ئێران هەر بە پیاوە، کاتێ ئیزنی چوونەدەرەوە لە وڵات بەبێ ئیزنی مێرد یا باب نابێ و هەزاران مافی دیکە کە خوراوە، یانی چەندین ساڵە سەرەڕای بەرەوپێشچوونی فەرهەنگ لە وڵاتانی تر، هیچ شتێک لە یاسای ئێراندا نەگۆڕاوە و تەنانەت ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو دواوە چووە. ئەگەر گۆڕانکارییەکیش کراوە، وەک ئەو گۆڕانەی لە پرسیاری یەکەمدا باسم کرد، تەنیا لەلایەن بنەماڵەکانەوە بووە و لە یاسادا هیچ نەگۆڕاوە.

**پرسیار: لێرەدا ئەو پرسیارە دەوروژێ کە باشە ژنان بۆچی تا ڕادەیەکی زۆر خوویان بەو "قەدەرە"! گرتووە و بۆچی ژنان نەیانتوانیوە ئەو هێزەی خۆیان بۆ گۆڕینی وەزعییەتی مافەکانیان بنوێنن؟**

**خاتوو هەنار لەو بارەوە دەڵێ**: ئەمنیش لام وایە کە مانەوە و نەگۆڕانی زۆربەی بابەتەکان بەشێکی بۆ خودی ژنان دەگەڕێتەوە. ڕەنگبێ لە زۆر بواردا ژنان بەربەست بکرێن و ڕێگایان پێ بگیرێ و دەنگیان نزم بکەنەوە، بەڵام ڕوونە کە یەکدەنگی و کاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەیی ئەو بەربەستانە ناهێڵێ و لە ئامانجەکانمان نیزیک دەکاتەوە. ئەوە خەسارێکە کە بەشێکی زۆر لە ژنان بەداخەوە خۆیان بەو بابەتانەوە ماندوو نەکردووە و هەوڵیان نەداوە کە مافەکانیان بناسن و، تا ڕۆژێک ئێمەی ژن مافی خۆمان نەناسین، هیچ شتێک ناگۆڕدرێ.

**خاتوو تەوار**: یش لەو بارەیەوە لەگەڵ باسەکە هاوڕایە، ئەو دەڵێ: زۆرجار ئەوە دەبیسین کە فڵانە شت یان قسە یان کولتوور لە زۆر کۆنەوە هەیە و کە ئەو باسانە دەکەین، بە گژماندا دەچنەوە و دەڵێن ئێوە لە هەڵە دان. بۆ نموونە ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆحی کە نموونەیەکی دیاری توندوتیژییە بەشی زۆری ڕێک لەلایەن ژنانەوە پەرەی پێدراوە، زۆر جار دەبینین کە کاتێ باسی چالاکان لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا دەکردرێ بە تایبەت کە باسی چالاکیی سیاسی دەکرێ، دەسبەجێ باسی نامووس دێتە گۆڕێ و پێیان وایە کەسێک لەو بەشەدا هەڵسووڕانی هەبێ لەڕووی ناموسییەوە دەکەوێتە مەترسییەوە. زۆر جاران کچان و ژنان قوربانیی بیروباوەڕی دایک و ژنانی

ترن، کە بەداخەوە گەلێ جار خۆکوژی و کێشەی خێزانی و هتدی، لێ دەکەوێتەوە. هەر ئەو کۆنەپارێزییە، خووگرتن بە نەریتە سواوەکان یان ترس لە ترازان لە بیروباوەڕە ڕێگرەکان بە لادان لە ئیمان و ئەخلاقە پێناسە کراوەکان، وادەکا لەلایەک ژنان خۆیان ئەم کلتوورە بەرهەم بێننەوە و ژنانی هەڵسووڕیش تووشی خۆسانسۆڕی بن.

**هەڵاڵە ب**: ڕایەکی تا ڕادەیەک جیاوازی لەسەر ئەم بابەتە هەیە، ئەو دەڵێ: ڕاستە بەداخەوە وشەی قەدەر و چارەنووس وەها ڕەگی کوتاوەتە نێو دنیای بیرکردنەوەی ژن کە دەرباز بوون لەم چەشنە ڕوانینە ئەستەمە. ژنانی چینی هەژار ئێستاش بە ناوی عەیبە و گوناهەوە لە زۆربەی مافەکانیان دەڕوانن و نایانەوێ هەنگاوێک هەڵگرن دژ بە کۆیلەبوونی خۆیان. بۆ ژنانی چالاکیش کۆسپ زۆرن. ترس لە بێپەنایی و تەنیایی، ترس لە دوورکەوتنەوە لە منداڵ، ترس لە تەڵاق و ڕوانگەی چەوتی کۆمەڵ، ترس لە بێدەرەتانی و هەژاریی ئابووری، ژنی وەها بار هێناوە کە هەر چەشنە توندوتیژییەک لە لایەن پیاوەوە بە قەدەر وەربگرێ و ملی بۆ ڕاکێشێ. ئەوەی ژنی لاواز کردووە نەبوونی ئابوورییە، نەبوونی هەل و دەرفەتەکان بۆ چالاکیی ئابووری بۆ سەربەخۆیی ماڵیی ژن وایکردووە؛ ژن هەر چاولەدەست بێ و دەرەتانی زۆر شتی دیکەی نەدرێتێ.

**پرسیار**: لە ڕوانگەی ژنانەوە توندوتیژی دژ بە ژن یانی چی؟ ژنان لە دەرەوەی پێناسە باوەکان، خۆیان لەو بابەتە چۆن دەدوێن؟

**تەوار نەبوویەکری دەڵێ**: توندوتیژیی دژ بە ژن یانی نەناسین و پێناسەنەکردنی ژن و کچ وەک خۆی. ئەمن وەک کچ ئەم هەلەم بۆ نەڕەخسێ کە خۆم و مافەکانی خۆم بناسم و بەرامبەریش وەک پیاو، جا بەرامبەرەکەم برا، باوک یان هاوژینم بێ؛ ئەدی چۆن دەتوانم دەگەڵ خۆم ڕابێم و بتوانم بەرامبەرم بناسم و دەگەڵی بدوێم و بژیم و شان بە شانی کار بکەم. تا کاتێک ئەمن کەرەسەیەکی جەستەیی بم، تەنانەت خۆم بۆ خۆم مەترسیم، چ بگا بۆ ڕەگەزی پیاو و کۆمەڵگەش. ژنان هاواریان چۆن دەردەبڕن؟ بە هات و هاوار؟ چەندە لە شێوەی دەربڕینیان شارەزان؟ بەلای ژنانەوە توندوتیژی تەنیا لێدان نییە، زۆر بەربەستەکانی ژیانی بنەماڵە و کۆمەڵگە مەترسییەکانی ژیانی ژنانە، کە دەبنە هۆی ڕاوەستانیان و لەپێیان دەخەن.

**هەڵاڵە ب دەڵێ**: ئەمن وەک شاعیرێک لەسەر ئەمە دەدوێم. پیاو هەمیشە لە غەزەلدا باسی جەستەی ژن دەکا بۆ جوانی و عەشق و دڵداری، بەڵام هەر ئەو باسانە و هەر ئەو وەسفانە ئەگەر ژن بیکا، هێڵی سوورە. جا توندوتیژی هەر لێرەوە دەست پێدەکا. پیاو تا وەختێ ژنی لا خۆشەویستە کە ژێردەستەی بێ و کاتێ ژن لێی هەڵگەڕاوە پیاوەکە، خۆشەویستییەکەی وەلا دەنێ. ژن هەتا کاتێک بە قسەی پیاو هەڵسووکەوت بکا ئاقڵە بەڵام کاتێ بیروڕای تایبەت بە خۆی هەبوو، ئەوە بە گژیدا دێنەوە و پێی دەڵێن چووزانی تۆ، ژن ئاقڵی لە کۆشی دایە... ئەوانە هەموو توندوتیژین لە ڕوانگەی منەوە. توندوتیژی خۆ هەر لێدان و کوتان نییە، هەر چەشنە ئاخاوتنی ناشیرین و ناحەز بە مەبەستی جنێو و گاڵتە، بەرگری لە ئازادییە سەرەکییەکانی ژنان، ئازاری فیکری و تانە و تەشەر و تۆمەت، ئازاری جینسی تەنانەت لە لایەن هاوسەر، وەک کەرەستەی چاولێکردن لە ژنان و زۆرەها ئازاری لەو چەشنە نموونەکانی دیکەی توندوتیژین. کۆمەڵگەی کوردی ژن وەک ڕۆباتێک بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێ کار چاو لێدەکا. بەداخەوە نائاگایی لە مافەکانیش، ژنی کردووەتە ئەو ڕۆباتە و ئەوە ژن خۆیەتی کە بەردەوام بیری ئایین تەوەر و پیاوسالار بەرهەم دێنێتەوە.

**هەنار مەیسەمی** ش ڕای وایە، توندوتیژی تەنیا لێدان و ئازاری جەستەیی نییە، ئەوە تەنیا بەشێکە، توندوتیژی جاری وایە لە ژووری نووستنی ژن و مێردیش لەکۆڵ ژن نابێتەوە. حیجابی زۆرەملی، ڕێگری لە چالاکیی ئابووری و کارکردنی ژنان، بەشە میرات، بەزۆر دووگیانبوون، دڵپیسی کردن، نزمکردنی کەسایەتیی ژنان لە قسەکردندا هەمووی جۆرێک لە توندوتیژین. دەبێ ئەوەش بڵێم کە بەداخەوە زۆر لە توندوتیژییەکانیش لەلایەن خودی ژنانەوە بە خۆیان دەکرێ، وەکوو: شووکردنی سەربەهەوێ و بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان لە چوارچێوەی پەروەردەی خێزانیدا و زۆر ڕەهەند و لایەنی دی...

**پرسیار**: دواجار و لە ئێستادا ژنان و بزووتنەوەی ژنان دەبێ چۆن بەرەوڕووی ئەم دۆخە ببنەوە؟

**خاتوو هەنار دەڵێ**: ئەمن بەر لە هەموو شتێک پێشنیار دەکەم ژنان زیاتر بخوێننەوە و زیاتر خۆیان و مافەکانیان و کۆمەڵگەکەیان بناسن. ژنان بۆ دەستەبەری مافەکانیان پێویستییان بەوەیە ئاستی زانیاریی خۆیان بەرنە سەرێ و دەست بدەنە دەستی یەکتر و یەکتری هەڵکێشن. دەبێ ژنان کەشێکی خوێندنەوەی باش درووست بکەن. تا ئێستا بە سەدان وتار و چیرۆک و کتێب لەسەر مافی ژنان نووسراوە، بەڵام تا خوێنەرێکی ژنیان نەبێ، گۆڕانکاری و داهێنانێکیش ڕوو نادا. سووربوون لە سەر داوای مافە ڕەواکان و خۆڕاگری لە بەرامبەر کۆسپەکان کلیلی سەرکەوتنی ژنانە لەو خەباتەدا.

**خاتوو تەوار** یش ڕای وایە کە ژنان دەبێ لە خۆیانەوە دەست پێبکەن و زیاتر لە کۆمەڵگەدا دیار بن. ئاستی خوێندنەوەیان بەرنە سەرێ بۆ ئەوەی بتوانن منداڵان و نەوەی نوێ جوانتر پەروەردە ببن. دایکان و بابان پێویستە هیچ کۆسپ و ڕێگرییەک لە بەردەم خوێندنی منداڵەکانیان درووست نەکەن. ژنان نابێ خۆیان لە چالاکیی ئابووری بدزنەوە و دەبێ ئەوە وەک ئەرکێک چاو لێبکەن. ژنان نابێ خۆیان بە کەم بگرن. ئەدی نووسەرانی گەورەی ئێمە، ژنە پزیشکەکان و ژنە سەرکەوتووەکان کە ئێستا لە بەرزاییەکان وەستاون مەگەر هیچ بەربەستییان نەبووە؟ ژیانیان ناخۆش نەبووە؟ هاواری مافخوازیی ژنان بە هێز و بە زانست دەکرێ و ژنان دەبێ هەر دوو ئەو شتەیان هەبێ.

**خاتوو هەڵاڵە ب**. ئاوا ئاکامگیری لە باسەکە دەکا؛ ژن هەتا بڵێی بوونەوەرێکی ورد بینە. ناسینی دنیای ژنان هەم دژوارە هەم کاتبەر، بەڵام دنیا لە ڕوانگەی ژنەوە پڕە لە جوانیی قەدەغە کراو، پڕە لە ئاواتی بابردوو. قسە ئەوەیە کە ژن دەبێ لە ڕوانگەی خۆیەوە بڕوانێتە دنیا و بڕیار بۆ مان و ژیانی بدا. ژن دەبێ خۆی شوناسی خۆی پێناسە بکا و بتوانێ بیهێنێتە دی. خوێندنەوە و ئاگایی و کاری بەکردەوەش تەنیا کلیلی بەدیکردن و وەدیهێنانی ئەم شوناسەیە.
ژن دەبێ ئەوەندە بەهێز بێ کە هیچ پیاوێک نەتوانێ ئازاری بدا و بە قۆناغێک لە متمانە بەخۆبوون بگا کە بە هێزەوە پێناسەی خۆی بکا؛ بەڵام خۆ لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ لە برێ هەڵسوکەوتی پیاوان چاوپۆشی بکا. قسە ئەوەیە کە ئەوەی ئەمن یان تۆ سەبارەت بەو بارودۆخە نارەزایەتی دەردەبڕین دەبێ گشتی بێتەوە و بۆ ئەوەش پێویستە ئەمن و تۆ و ئەوانی دیکەش ژنانی دەوروبەرمان هان بدەین بۆ بێدەنگ نەبوون لە بەرامبەر زۆر لەو پاوانخوازییانە.

لە ژمارە ٧٣٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# ژنان و شوناسخوازیی نەتەوەیی لە کۆمار ڕا تا ئێستا

یەکێک لە شانازییەکانی کۆماری کوردستان بۆ ژنان، بەخشینی هۆوییەت و شوناسێکی دی بە ژنان بوو. ئیجباریکردنی خوێندن بۆ کچان، دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان و بەشدارکرنیان لە گەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەرگای دنیایەکی نوێی بەڕووی ژناندا کردەوە. حەوت دەیە دوای کۆمار ژنان چۆن باس لەو شوناسی نەتەوەیی خۆیان دەکەن کە لە کۆماری کوردستانەوە مانا وەردەگرێ.

بۆ باس لەسەر ئەو بابەتە و لە توێی چەند پرسیارێکدا، ڕای بەڕێزان خاتوو مەهاباد قەرەداغی، نووسەر و شاعیر؛ گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، موژەیەن گونەش، نوێنەری هادەپ لە هەرێمی کوردستان و کوێستان گادانی، نووسەر و چالاکی سیاسیمان وەرگرتووە:

**پرسیار**: کاتێک کە کۆماری کوردستان دادەمەزرێ، نە لە ئێران و نە لە وڵاتانی دراوسێشدا بۆ نموونە ژنان مافی دەنگدانیان نەبووە، خوێندن بۆ ژنان نەک زۆرەملێ، بگرە لە ئاستێکی زۆر کەمیشدا بووە؛ ئێوە پێگەی ژن و مەیدانداریی ژن لە کۆماری کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟



**مەهاباد قەرەداغی**: لەگەڵ ئەو بارودۆخە سەختەشدا کە باسی دەکەیت، لە کۆمارە ساواکەی کوردستاندا هەوڵ دراوە جموجوڵێکی ڕێکخراوەیی هەبێت و ژنان چالاک بن و هەڵسووڕانیان هەبێت. دروستکردنی ڕێکخراوی ژنانی دێموکرات و هەبوونی بڵاوکراوەی تایبەت و چالاکیی شانۆیی لەو کاتەدا خۆی لە خۆیدا نیشانەی سەرەتای هۆشیارییەکی دیموکراتیانەیە و لە فیکری سەرکۆماری کوردستان، شەهید قازی مەحەممەدی نەمردا هەبووە. ئەگەر چی تەمەنی کۆمار کورت بوو، بەڵام لەو کورتە تەمەنەشیدا ئەوە لە بیر نەکرا کە دەبێ ژن خۆی ڕێک بخا و پێگەی خۆی لە نێو کۆماردا دیاری بکا. لەو بڕوایەدام ئەگەر تەمەنی کۆمار وەک تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژ بوایە، کۆماری کوردستان دەبوو بە نمونەیەکی وەکوو ئیسرائیل لە ڕووی بەهێزیی پێگەی ژن و دیموکراتیەتدا. مەخابن تەمەنی کۆمار درێژ نەبوو، بەڵام وەک مێژوو ئەو هەنگاوە پێشەنگەی کە نای، بۆی تۆمارکراوە و هەر دەمێنێ.



**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: به بڕوای من کۆمار لەڕووی بەشداریی ژنان له بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا پلەی زۆر پێشکەتووخوازانەی هەبووە و ئەوەش تەنیا وەک شوعار ناکرێ ببیندرێ، نموونەکەشی دوو خاڵی گرینگە، یەکەم کاتێک باسی بەشداریی ژنان له سیاسەتدا دەکا کەمتر له دوو مانگ دوای کۆمار یەکیەتیی ژنان دادەمەزرێنێ. دووهەم ئەوەیکە یەکێک له بنەماکانی کۆمار هاندانی خەڵکه بۆ ناردنی کچان و کوڕان بۆ قوتابخانه و دەرس خوێندن. به واتایەک کۆمار ڕێگای خۆپێگەیاندن بۆ کچان وەبەرچاو دەگرێ و لەو بوارەشدا کاتێک ئاماژە به دیاریکردنی سزا دەکا بۆ ئەوانەی سەرپێچی لەو بڕیارە دەکەن، خۆی مانای ئەوەیە که ئەم بڕیارە وەک شوعار نابینێ؛ بەڵکوو مەبەستی پەروەردە و گەشەسەندنی کۆمەڵگەیە. ئەمرۆ دوای ٧٣ ساڵ وێدەچی ئێمە نه تەنیا لەم بوارانەدا بەرەو پێش نەچووین بەڵکوو ڕۆژ له گەڵ ڕۆژ به بیانووی جۆراجور هەوڵ دەدرێ ژنان بنێرنەوە ماڵێ و به هەزار بیانوو تەنیا وەک ئامرازێک بۆ ڕازیکردنی پیاوان له ژیان چاویان لێ بکرێ، یان له باشترین حالەتدا تەنیا وەک دایک. کۆمار به بیانووی دواکەوتوویی کۆمەڵگه ناترسێ له بڕیاردان و ناڵێ ئەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری زوویە. کاتێک له پێشەوا سەبارەت به مافی دەنگدانی ژنان پرسیار دەکرێ، تەواو به ئەرێنیی وەردەگرێ. جا به لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە که ژنانی ئێران له ساڵی ١٩٦ مافی دەنگدانیان پەیدا کرد و له عێراق له ساڵی ١٩٨٠ دەردەکەوێ که کۆمار چەندە بێباکانه و به باوەڕەوە دەڕوانێتە بەشداریی ژنان له بڕیاردا،

یان هاتنه مەیدانی ژنان و ئەوەش گەورەترین بەڵگەیە بۆ دیتنی گۆشەنیگای کۆمار سەبارەت به ژن و کۆمەڵگە.



**کوێستان گادانی**: هاتنه دەرەوەی ژن له ماڵ و کۆکردنەوەی ئەوان له ساباتی ڕێکخراوێکی تایبەت به ژناندا، یەکێک له گەورەترین دەسکەوتەکانی کۆمار و شوێندانەرترین دەسکەوت بووە له سەر مێژووی بزووتنەی ژنانی کورد.

هەبوونی ژن لە دام و دەزگای بەڕێوبەریی و ناوەندی بڕیاردانی هەر وڵاتێک بەستراوەتەوە بە جێگە و پێگەی ژن کە لە ناو کۆمەڵگەی ئەم وڵاتەدا هەیە. لە کوردستانی ئەو کاتی ئێمەدا، ژن جێگەوپێگەیەکی تایبەتی لە نێو کۆمەڵگەدا نەبووە، بێجگە لە ڕۆلی دایکێکی دڵسۆز، هاوسەرێکی بەوەفا و، خوشکێکی خانم و یان ژنێکی سەرسپی و جێگای ڕێز، بۆیە ئۆرگانیسەکردن و بەڕێکخراوەیی کردنی ژنان لە کەش و هەوای ئاوا داخراو نیسبەت بە ژنان کارێک و هەنگاوێکی ئاسان نەبووە، بەڵام پێشەوای نەمر بۆ جێخستنی ئەم دەستپێکە لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێکرد.

دەگەڵ ئەوەی کۆمار روخسارێکی پیاوانەی هەبوو، بەڵام دەبێ دان بەم ڕاستیە دابنێن کە کۆماری کوردستان دەرگای ڕووناکی بە رووی ژنی کورددا کردەوە و ژنی کورد دامەزراندنی یەکێتی ژنان و هەروەها گۆڕانی شێوەی ڕوانینی کۆمەڵگەی کوردەواری نیسبەت بە ژن وەک دەستپێکی ڕێگایەکی دوور و درێژ بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆیان، بە دەسکەوتی کۆماری کوردستان دەزانن

**پرسیار**: گوتاری سەرەکیی کۆماری کوردستان شوناسخوازیی نەتەوەیی بووە کە بووەتە هەوێن و چرای بزووتنەوەی سیاسی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. ژنانی نەوەکانی دوای کۆمار و لەبەەکانی دیکەی کوردستان چۆن لەگەڵ ئەم گوتارە هاتوون و چەندە پشکدران لەو خەباتەدا؟

**کوێستان گادانی**: کاتێک کە کۆماری کوردستان بە گوتاری شووناسخوازیی نەتەوەیی پارمەتیدەری دامەزرادنی ڕێکخراویی ژنان دەبێ بە دڵنیاییەوە هەر لە سەرەتایی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیەش شوێندانەریی ئەم گوتارەی نەک هەر پێوە، دیارە بەڵکوو بووەتە گوتاری سیاسیی ئەم یەکیەتییەش. بە بڕوای من هەر لە سەرەتای هاتنەدەرێی ژنی کورد لە ماڵ بۆ کاری ڕێکخراوەیی تا ئیستا دوو ئامانجی پێکاوە، یەکیان ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی بەرێوە ببا بۆ گەیشتن بە ڕزگاری نەتەوەیی، ئەوەی دیکەیان دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی لە نێو کۆمەڵگەدا. ئەم دوو ئامانجە ئێستاش سەرنجی ژنی کورد ڕادەکێشێ و درێژەدەری خەباتی پێگەیشتن بەو دوو ئامانجەن. بۆیە نەوەکانی دوای کۆماریش وەک هەموو ڕەوتی دیکەی ژیان لە هەلومەرجی تایبەتدا گۆڕانکارییان لە شێوەی تاکتیک بۆ گەیشتن بە ئامانج هێناوە، بەڵام لەم ئامانجە پیرۆزەیان دوور نەکەوتوونەوە. دەکرێ بڵێین کە بە هۆی هێژمۆنیی گوتاری سیاسی - نەتەوەیی و هەستی نەتەوەیی گشتی تاکی کورد، ئەم بیرۆکەیە زیاتر زاڵ بووە و بووەتە هۆکاری ئەوەی کە خەباتی یەکسانیخوازی لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی دیکە لاوازتر لە خەباتی نەتەوەیی بەرچاو کەوتبێ؛ بەڵام ناتوانین حاشا لەم ڕاستییە بکەین کە ژنی کورد لە ڕاستیدا هاوتەریب تێدەکۆشێ بۆ گەیشتنی بە هەر دوو ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەیی و یەکسانیی ڕەگەزی.

**مەهاباد قەرەداغی**: کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک وڵاتە، بۆیە پارچە پارچە کردنەکەشی هیچی لەو ڕاستییە نەگۆڕیوە، بەڵام بەدیهێنانی ئەو ڕاستییەی زۆر سەخت کردووە. لە هەر کام بەشی کوردستاندا پێشهاتێک، کارەساتێک، ڕووداوێک ڕوو بدا، بە بێ هیچ گومانێک کاریگەریی لەسەر بەشەکانی تر دەبێ و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەروونی کورد دەبێ لە هەر بەشێک بژی و تەنانەت گەر لە هەندەرانیش بژی. بۆ ئەو کاتەش بێگومان وابووە و کۆماری کوردستان وەک قیبلەیەک بینراوە کە هەموو کورد ڕووی تێبکا. دەبینین چۆن بارزانیی نەمر کە سەرکردەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردە لە باشووری کوردستان لەو کاتەدا دەچێ و بە سەرکۆماری کوردستان دەڵێ من سەربازێکی کۆمارم و خۆی و پێشمەرگەکانی لە خزمەتی کۆماردا دەبن. هەروەها ڕێکخراوەکانی ژنان لە سلێمانی کە

حەپسەخانی نەقیب بەڕێوەی بردوون پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوی ژنانی کۆماردا هەبووە و هاوخەباتییان بۆ یەکتری دەربڕیوە. کوردستان یەک جەستەیە و هەرکوێی جەستە ئازارێکی هەبێت، کار لە جوڵە و چالاکی یەکتری دەکەن.

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: ژنانی کوردی چالاک لە گۆڕەپانی خەباتی مافخوازانەی کورد و لە سیاسەتدا هەتا ئەورۆ بەشی هەرە زۆری توانای خۆیان تەرخان کردووە بۆ دەستەبەر کردن و وەدیهێنانی خەونی سەروەریی نەتەوەیی و ڕزگاریی کورد لە بندەستی. بە واتایەک بەشێکی زۆر کەم و لاوەکی سەرفی خەبات بۆ یەکسانی کراوە. هەمووکات چ لە لایەن حیزبەکان و چ لە لایەن خودی ژنەکانیشەوە گوتراوە یان، بە هەنگاوی بە کردەوە وا نیشان دراوە خەباتی سەرەکی خەبات بۆ ڕزگاری لە بندەستییە.

بە بڕوای من ئێمە نەمانیوانیوە ئاموژگارییەکانی کۆمار زۆر لەبەر چاو بگرین و زۆر جاران لە بڕیارداندا نەمانتوانیوە بوێر بین بۆ ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگە. هەڵبەت سەرهەڵدان و پەرەسەندنی توندئاژۆیی ئیسلامی لە ناوچە و لە ژێر کارتێکەری کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا پاشگەزبوونەوە لە یەکسانی زۆر بە ڕاحەتی پاشەکشەی بە هەموو جۆرە هەوڵێک لەم بوارەدا کردووە. کاتێک لە کوردستان ئەمڕۆ لە قەرنی ٢١ باسی بە شوودانی کچانی ژێر ١٣ ساڵ دەکرێ، کاتێک ژنی کورد وەک بەردە و دیلی سێکشوال لە لایەن داعێش کە زۆر لە سەرکردەکانیان کوردن، ئیستیفادەی لێ دەکرێ. کاتێک حیزبەکان بە تێبینییەوە و زۆر جاران لە ترسی کۆمەڵگە بە خشکە باسی یەکسانی دەکەن، لەوە زۆرتر چاوەڕوانی ناکرێ.

هەڵبەت نابێ حاشا لەوە بکرێ لە ژنانێکی بوێر لە هەر دوو مەیداندا سەنگەریان بەجێ نەهێشتووە و هەتا ئێستاش تەنانەت بە فیداکردنی گیانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمار تێکۆشاون. نموونەکەشی دوور نەڕۆین، هەردوو نەسرین و سۆهەیلاکانی کوردن و زۆری دیکەش.

**پرسیار**: ژنان لە ئێستادا لە کوردستان چۆن باس لە شوناسی خۆیان دەکەن. شوناسی ژنان گرێدراوی کام چەمک و بایەخن، بایەخە نەتەوەییەکان، یان بەها ڕەگەزی و فیمینیسم؟

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: لە لای من کاتێک دەڵێی ژنان لە کوردستان مەبەستت ژنی کوردە چ لە کوردستان بێ و چ لە تاراوگە و چ لە بن دەستی داگیرکەر. ئەو ژنە، هەم ژنە هەم کوردە، پێناسەکەی هەم ڕەگەزییە هەم نەتەوەیی و ناکرێ تەنیا بەسەندە بە یەک بەشی بکەین. بۆ من ژن بوونەکەی دەبێتە هەوێنی خەبات بە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی و بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان. کورد بوونەکەشی دەبێتە هەوێنی خەبات بە دژی هەڵاواردنی نەتەوەیی و بۆ دەستەبەر کردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان. ناکرێ و نابێ یەکێک لەو خەباتانە بکرێتە پاشکۆی ئەوی دیکە، ئەگەر هەر دوو بوار هاوکات و پێ بە پێی یەکتر نەڕواتە پێش ئەو خەباتە سەرکەوتوو نابێ.

**کوێستان گادانی**: دەگەڵ ئەوەی ژنی کورد لە ناوەندی بڕیارداندا کەمن، دەگەڵ ئەوەی هەبوون و بەشداربوونیان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی، زانستی و ڕاگەیاندن لە پیاوان کەمترن، بەڵام ژنی کورد خۆی پێگەیاندووە، ژنی کوردی ڕووناکبیر، ئاکادێمیسێن، سیاسی،

ناسیۆنالیست، فێمێنیست، سێکۆلار و بەڕێوبەر هەیە؛ کەواتە دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەمڕۆ ژنی کورد لێدوان دەدا و لە سەر باسێک ئانالیزەو لێکۆڵینەوە دەکا، نە فێرکراوە و نە کۆپی دەکا؛ بەڵکوو لە ئاست توانایی و پێگەیشتنی خۆیدا قسە دەکات. ژنی کورد، پێش هەموو شتێک ئەگەر خۆی بە کورد پێناسە کرد و شانازی بە کوردبوونی خۆی کرد، ئەرکێکی تایبەتی لە پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی نوێ دەکەوێتە سەر شان. شوێندانەری گوتاری نەتەوەیی کۆماری کوردتسان هەر بۆ نیوەی کۆمەڵ واتە ڕەگەزی پیاو نەبووە، بەڵکوو بۆ هەموو کۆمەڵگە بووە، بۆیە ژن لە دەربڕین و هەستپێکردنی ئەم گووتارە نەتەوەییە بێبەش نەبووە. شووناسی ژنی کورد شوناسی کوردی ڕەسەنە، بەڵام هاوکات خۆی لە تێگەیشتنی چەمکە زانستییەکانی دیکەی گرێدراو بێبەش نەکردووە و ژنی کورد زۆر باشتر لە پیاوانی کورد توانیویەتی چەمکی بایەخداری وەک ناسیۆنالیزم، فێمێنیسم و سێکۆلاریزم لە شۆناسی خۆیدا بە یەکەوە ببەستێتەوە.

**مەهاباد قەرەداغی**: گوتاری ژن و هەموو چین و توێژەکانی کۆماری کوردستان هەر گوتارێکی نەتەوەیی بووە و ئەمەش زۆر ئاساییە بۆ گەلێک کە مافەکانی زەوت کراوە و وڵاتەکەی داگیرکراوە و دەیەوێ نیشتیمانەکەی ئازاد بکا و نەتەوەکەی لەژێردەستەیی رزگار بکا. لەو سەردەمەدا هێشتا گوتاری فێمینیستی لە هیچ کوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبووە و لە کۆماری کوردستانیشدا بێگومان بەوشێوەیە نەبووە. سەربەخۆییخوازی و هەوڵ بۆ ئەو بەها نەتەوەیی و مرۆڤایەتییە، وەک ئەرکی سەرەکی بینراوە و کاری بۆ کراوە.

ئێستاش ژنانێکی هۆشیار لە هەر بەشێکی کوردستان هەن و هەوڵی پێکهێنانی گوتارێکی فێمینیستییان داوە و دەدەن. هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەیی خەباتێکی خورتیش بۆ ڕزگاربی توخمی مێ لە کۆت و پێوەندە کۆمەلایەتی و کولتوورییەکان، هەیە و بەردەوامە.

**پرسیار**: ئەمڕۆکە پرسی کورد لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان بە ئاکام نەگەیشتووە. گوتاری شوناسخوازیی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان گوتاری زاڵ و سەرەکییە. بەڵام فیمنیزیمیش وەک گوتارێک لە کوردستان گەلێ قۆناغی بۆ پێشێ بڕیوە. جێگە و پێگەی گونجاوی ژنان لەو هاوکێشانەدا دەبێ کوێ بێ؟

**مەهاباد قەرەداغی**: بە بڕوای من دەبێ ئەو دوو ئەڵقەیە بە تەواوی پێکەوە پەیوەست بکرێن، خەباتی نەتەوەیی و جێندەری. ژن کورد بە تەنیا ڕزگاری نابێ، ئەگەر نەتەوەکەی ژێردەستە و خاکەکەی داگیرکراو بێت. پیاوی کوردیش بە تەنیا ناتوانێ نەتەوەیەک رزگار بکا کە سەدەیەکە ژێردەستەیە، هەروەها تەنانەت گەر کوردستانیش رزگار بکرێ لە دەستی داگیرکەران و ببێ بە وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازاد، گەر ژن و پیاو هەر دووکیان وەک دوو توخمی سەرەکی تیایدا ئازاد نەبن و مافەکانیان پارێزراو نەبێت، ئەگەر دەوڵەتێکیش چێ ببێ، دەوڵەتێکی بەئەرزش نابێ. لەبەر ئەم هۆیە، پێویستە ژن و پیاوی کورد، هاودەنگ و هاودەست بن لە هەردوو خەباتەکەدا، واتە بۆ ڕزگاریی کورد و بۆ ڕزگاریی مرۆڤ بە ژن و پیاوەوە و بۆ ئازادبوون.

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: بە بڕوای من خەباتی فێمنیستی لە کوردستان سەرەڕای هەموو هەوڵەکان، لە کزی داوە و ئەوە تەنیا کوردستان ناگرێتەوە، لە زۆر وڵاتی پێشکەوتووش سیاسەتی نێودەوڵەتی خەریکی پاشەکشەیە لە هێندێک لە بنەماکانی سەرەکیی یەکسانی. بە واتایەک بنەما بۆتە وەدەستهێنانی دەنگی زۆرینە و دەنگی زۆرینەش ژنان نین و باسی فێمینیستی نییە.

ژنانی کوردستان کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە مەرکەزی ئیسلامییە تووندڕەوەکاندا دەژین و خەبات دەکەن لە هەمیشە کاریان سەختتر، دەنگیان کزتر و پشتیوانیان کەمترە. بە واتایەک ئەمرۆ پێشکەوتووخوازی مۆد نییە بۆ کاری ژنان لە کوردستان زۆر دژوارتر بووە.

بوونی ژنانی پیشمەرگە و چەک لە شان و بەجەرگ نەیتوانیوە بە تەنیایی بیری کۆمەڵگە بگۆڕی. پێشمەرگەی ژن بووەتە سیمبولی خۆڕاگریی کورد، بەڵام نەبووەتە سیمبولی باوەڕ بە مافی یەکسان یان توانای یەکسان لە بواری جۆراجۆردا.

**کوێستان گادانی**: خەباتی بزووتنەوەی ژنان و خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان بە گشتی و لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دوو خەباتی لێکگرێدراون، لانیکەم لەو چەند ساڵانەی دواییدا ئەم هەڵسەنگاندنە زۆر زەق و روون دەرکەوتووە. خەباتی کوردان بەگشتی لەسەر کۆڵەکەی ڕزگاریی نەتەوەیی دامەزراوە و هێندێک ئیستاش لەو باوەڕەدان کە ئەگەر ڕزگاریی نەتەوەیی بە دەست بێنین، زۆر بە ئاسانی مافی یەکسانی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکرێ. زۆر لە ژنانی نێو ریزی شۆرشیش لە سەرەتاکانەوە زیاتر لە فیکری دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی دابوون و ئەگەر ڕۆڵ و نەخشیان هەبووبێ کە بەدڵنیاییەوە کاریگەریی زۆریان لە سەر شۆڕش هەبووە، زیاتر لە پیناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەباتی نەتەوەییدا بووە. لێرەدا ئەولەوییەتی یەکەم کە ڕزگاری نەتەوەیی بووە مەجالی بە ژنانی کورد نەدەدا کە باسی مافی یەکسانیی خۆیان بکەن، بۆیە تەواوی وزەی خۆیان بۆ خەباتی نەتەوەیی تەرخان دەکرد و هیندێکیشیان لە ڕێگای ئەندامەتی لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان بۆ مافی یەکسانیی خۆیان هەوڵیان داوە. بەلام ئەوەی کە دەبێ ژنان لە ئەمرۆرا و بەو ئەزموونەی وەدەستیان هێناوە دەبێ لەو هاوکێشەیەدا چ جێگە و پێگەیەکیان هەبێت، راستی ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو جیاوازییەی کە لە ڕووی تاکتیکی بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان کە تاکی ژنی چالاک هەیەتی. بە بڕوای من ژنی کورد کاتێک جێگە و پێگەی دروستی لەم هاوکێشانەدا دەبێ کە بالانسی بەینی ئەم دوو گووتارە راگرێ و هاوتەریب دەگەڵ یەک هەولیان بۆ بدا کە لە درێژخایەندا وەک بنەما و ژێرخانێکی پتەو بۆ نەهادینەکردنی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتێک بتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ.

**پرسیار**: هەر لە چوارچێوەی ئەم باسەدا ڕای خاتوو موژەیەن گونەش، چالاکی سیاسی و نوێنەری پارتی دێموکراتیکی گەلان (HDP) لە هەرێمی کوردستان بەمجۆرە بۆ "کوردستان دوا:



**موزەیەن گونەش**: لە ڕاستیدا ئەوەی پێشەوا قازی محەممەد بۆ گەلی کورد کردوویەتی بە تایبەت لەمەڕ پاراستنی ماڤی ژنان تشتێکی دیرۆکییە و جێگای گەلێ ڕێزلێنانە. سەبارەت بە ژنیش دەبینین کرانەوەیەک هەبووە وەک؛ خوێندن و هێنانە مەیدان و لەو بوارانەوە هەنگاوی باشی ناوە. لە ڕووی ڕۆشنگەریشەوە هەنگاوی گرینگی ناون و بە گوێرەی هەلومەرج و سەردەمی خۆیان هەنگاوی باشیان ناوە. تا سالانی هەفتا و هەشتای سەدەی ڕابردووش هەندێک ولاتی ئورووپا مافی دەنگدانیان بە ژنان نەدابوو. تەنانەت تا ئەم دواییانەش مشتومڕێکی وا لە نێوخۆی عەرەبستانی سعودیە لەئارادا بوو کە ئاخۆ مافی دەنگدان بە ژنان بدرێ یان نا. کاتێک دەسکەوتەکانی کۆمار و پێشکەوتنەکانی بەم پێوەرانە هەڵدەسەنگێنین، دەبینین لەو ئانوساتەدا هەنگاوی گەلێک پێشکەوتنخوازانەیان ناوە و ئەو دەسکەوتانە بایەخێکی زۆریشی بۆ ژنی کورد هەبووە.

ئەگەرچی ئێستا بەشێک لە خەباتی ژنی کورد لە بیر و ئەندێشەی باکوورەوە و لە سەر هیم و بنچینەی فەلسەفەی بەڕێز ئۆجەلانەوە سەری هەڵداوە و گرینگی و بایەخی ڕۆڵی ژن لێرە زۆرتر هەست پێدەکرێ. خالی سەرەکی ئەمەیە کە ژن دەور و پێگەی خۆی لە مێژوودا بزانێ و بیناسێ و لە سەر بنەمای ناسنامەی زایەندیی خۆی، لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ و پێشبکەوێت.

لە مێژووی خەباتی هاوچەرخی باکووری کوردستاندا تا ئێستاش گفتوگۆیەکی زۆر لە سەر پرسی ژن دەکرێ و ئیلهام وەرگرتنی ژنانیش تەنیا بە کۆماری کوردستانەوە سنووردار ناکرێت. ڕاستە ئێستا ئێمە پرسی ژن لە سەر بنەمای بیر و ڕامانی بەڕێز ئۆجەلان بەرەوپێش دەبەین. بەڵام ئەمە نایەتە ئەو واتایەی کە ئێمە نکۆڵی لە مێژووی کۆماری کوردستان بکەین، یانیش ئەگەر لە بەشێکی دیکەی کوردستان کەسێک و خەباتێک گرینگیی بە ژن دابێت، نکۆڵی لێ بکەین. بەڵکوو ئێمە ئەو بایەخ و گرینگییە دەبینین کە بۆ یەکەمجار کۆماری کوردستان بە ژنی کوردی داوە. هەر هەنگاوێکیش کە لە پێناو بەرەوپێشبردن و سەرخستنی پرسی ژن نرابێت، ئەوا جێگەی ڕێز و پێزانینە. کۆماری کوردستانیش لەمەدا پشکی خۆی پێ بڕاوە و ئەمە حاشای لێ ناکرێ.

**لە ژمارە ٧٤٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩**

---------------------------------------------------

## وریا ماملێ:
## ویستمان موکریان و کرماشان لێک گرێ بدەین



"خەڵاتی ساڵانەی ئەمساڵی «مەڵبەندی هونەریی ماملێ» بە هونەرمەند حوسێن سەفامەنش درا. مەڵبەندی هونەریی ماملێ لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوە کرد کە ئەم خەڵاتەی بە زۆر هۆکاری وەک «ڕۆشنگەریکردن بۆ زمانی دایکی لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری بەگشتی و بۆ پاراستنی زمانی کوردیمان بەتایبەتی لە ڕێگای هونەری موسیقی»، «هەوڵدان بۆ سازکردنی ڕۆحێکی نەتەویی و بەدوور لە ناوچەگەرایی لە ڕێگای هونەر» و «کەڵکوەرگرتن لە پێگەی کۆمەڵایەتی و هونەری بۆ خزمەتکردنی بێوچان و ماندوویینەناسانەی بومەلەرزەلێدراوانی ناوچەی کرماشان»؛ ئەم خەڵاتەی داوە بە هونەرمەند حوسێن سەفامەنش. «کوردستان» بەباشی زانی لەو پێوەندییەدا وتووێژێک لەگەڵ کاک وریا ماملێ، کوڕی هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا محەممەد ماملێ بکا و لەبارەی ئەم خەڵات و هەڵبژاردنەوە چەند زانیارییەک بداتە خوێنەرانی،"

**کوردستان**: خەڵاتی مەڵبەندی ماملێ ئەمجارەیان لە مەهابادەوە گەیشتە کرماشان، ئەم گەشتە چۆن بوو؟ چۆن بوو بۆ ئەمجارە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵبژێردرا؟

**وریا ماملێ**: پێشتر لە بڕگەی دووهەمی پرسیارەکەتان ڕا دەست پێدەکەم. ئێمە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا کە ١٠ خەڵاتمان پێشکەشی هونەرمەندان کردووە، شەش دانەیان وەبەر هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات کەوتووە. واتە تەنیا ئەمساڵ نەبووە کە خەڵاتەکە ڕووی لە ڕۆژهەڵات بێ. هەر بەو پێیە کە لە دە خەڵاتان، شەشیان وەبەر ڕۆژهەڵات کەوتووە، زۆرترین ڕەخنەشمان لێ گیراوە کە لێرە جێگای نییە وەڵامی ئەو ڕەخنانە بدەمەوە. لە بارەی بڕگەی یەکەمی پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم کە شێوازی کاری ئێمە ئاوایە کە هونەرمەندانی گشت ناوچە و دەڤەری کوردستانی گەورە بەسەر دەکەینەوە کە لە پێناو گەشەی هونەری کوردیدا هەوڵیان دابێ و لە سەنگەری هونەرەوە تێکۆشانیان بۆ نەتەوەکەیان کردبێ. لە خشتەی کاریماندا بڕیار درا کە ئەمساڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر بکەینەوە بەتایبەت ئەو شوێنانە کە زۆرترین سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن لەسەریان پەیڕەو دەکرێ. کرماشان، دەڤەری یارسانییەکان، هەورامان، خوراسان و ناوچەی ئیلام ئەو ناوچانەن کە تا ئێستا بەسەرمان نەکردبوونەوە. لەوانەیە باش بزانن کە ئەو ناوچانە

لێوڕێژن لە هونەرمەندی بەرز و نیشتمانپەروەر. هەڵبژاردنی هونەرمەندێک لەو ناوچانە کارێکی گەلێک سەخت بوو. وابوو کە پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر، لەسەر ئەوە ساغ بووینەوە کە خەڵاتی مەڵبەندی هونەریی مامڵێ ئەمساڵ پێشکێش بە هونەرمەند حوسێن سەفامەنێش بکرێ.

**کوردستان**: مەڵبەندی هونەریی مامڵێ لەبەر چی حوسێن سەفامەنشی هەڵبژارد. پێوەرەکان چ بوون؟

**وریا مامڵێ**: وەک لە ڕاگەیەندراوەکەشدا هاتووە بەهۆی "دەوڵەمەندکردنی ئارشیوی گۆرانیی کوردی لە ماوەیەکی کورتی تەمەنیی هونەریی"، "هەوڵدان بۆ ئافراندن نەک کۆپیکردنی مووسیقی"، "ڕۆشنگەریکردن بۆ زمانی دایکی لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری و بەکارهێنانی هەموو زاراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆرانییەکان"، "هەوڵدان بۆ سازکردنی ڕۆحێکی نەتەوەیی و بەدوور لە ناوچەگەرایی لە ڕێگای هونەر" و هەروەها بەهۆی کەلکوەرگرتن لە پێگەی کۆمەڵایەتی و هونەری بۆ خزمەتکردنی بێوچان و ماندوویینەناسانەی بە بومەلەرزەلێدراوانی ناوچەی کرماشان؛ ئێمە هونەرمەند حوسێن سەفامەنشمان هەڵبژارد.

**کوردستان**: پێدانی ئەم خەڵاتە بەو هونەرمەندە کاردانەوە و دەنگدانەوەی زۆری لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا هەبوو. ئینسجام و گوڕوتینێکی دیکەی بە هەستی نەتەوەیی بەخشی. پێشبینیی ئەوەتان کردبوو؟

**وریا مامڵێ**: بە هیچ شێوەیەک چاوەڕوانی ئەو کاردانەوە بەرفراوانەمان نەدەکرد. تەنانەت چاوەڕوان بووین ڕەخنەی ئەوەمان لێ بگیردرێ کە چلۆن لەنێو دەریای هونەرمەندانی ئەو دەڤەرەدا کە ساڵهایە لە تێکۆشان دان، هونەرمەندێکی لاوی کەم تەمەنتان هەڵبژاردووە! بەڵام ئێمە پێمان وابوو کە بە تیرێک سێ نیشانمان پێکاوە. یەکیان ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جار مەڵبەندەکەمان گرینگی دا بە هونەرمەندانی لاو و پاشان دەڤەری کرماشانی سەربەرزمان بەسەر کردەوە و ئینجا موکریان و کرماشانمان لێک گرێ دایەوە. واتە ئەو پەیامەمان دووپات کردەوە کە ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتی بەپێچەوانەی ئەو ئاژاوە و پیلاگەلەی ناحەزانمان دەینێنەوە، یەکدڵ و یەک چارەنووسین.

**کوردستان**: ئەم ڕێوڕەسمە لە مەهاباد بەڕێوە چوو. بەڵام پێشتر میدیا و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی لێ ئاگادار نەکرابۆوە. بۆ؟

**وریا مامڵێ**: بەڵێ ڕاست دەفەرموون. بە ئانقەست ئەوساڵ کارێکی وامان کرد کە هاوکات لەگەڵ مەڕاسیمەکە، دەنگ لە بڕیارەکە بۆ خەڵاتی ساڵ دەربێنین. ئێمە لە هەر حاڵەتێکدا بەرپرسیاری هەر ئەگەرێکین کە ڕوو بدا. نەماندەویست حەساسییەت درووست بکەین و گرفت بۆخۆمان و بۆ خەڵک ساز بکەین. گرینگ ئەوە بوو پەیامەکەمان بگا و بە خۆشیشەوە گەیشت.

بۆیە چەشنی میوانداریيەکی بنەماڵەیی بە بەشداریی پۆلێک لە ئەدیبان و هونەرمەندان و کەسایەتییەکانی مەهاباد و لە ڕێستورانێکی ئەو شارەدا بۆنەکەمان بەڕێوە برد. دیارە کۆمەڵێک کەند و کۆسپی جیدیمان بۆ هاتنە پێش کە تا دوا ساتەکان، بەڕێوەچوونی ئەو مەراسیمە لە ئەگەر و نەگەر دابوو. دەنا هەموو کەس دەزانێ گەر مەجالێکی ئازاد بدرێ بۆ مەراسیمی یادی مامڵێ

لە مەهاباد، بە دڵنیاییەوە مەیدانی فوتباڵی سابڵاغێش کەمی دێنێ؛ بۆیە، لە ڕێگای ڕۆژنامەکەی ئێوەوە داوای لێبوردن لە هەموو کوردستانیان بەگشتیی و خەڵکی سەربەرزی مەهاباد و موکریان بەتایبەتی دەکەین کە لەبەر ئەو دۆخەی لە بان باسمان کرد، نەمانتوانی ڕێوڕەسمێکی بەرین بە بەشداریی هەموو ئازیزان بەڕێوە ببەین.

**کوردستان**: ئاماژەتان بە پەیامەکەتان کرد، دەکرێ بڵێن کە پەیامەکەتان چی بوو؟

**وریا ماملێ**: پشتیوانیکردن لە هونەرمەند، هونەر، زمان و فەرهەنگی کورد، هەروەها بەگژداچوونی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی کە لەسەرمان پەیڕەو دەکرێ و لە هەمان کاتیشدا پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلان و ئاژاوانە کە دژی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە و جیاوازیمان دەخەنە بەینی و لێکمان جیا دەکەنەوە؛ جا بە بیانووی بینەمای وەک ناوچەگەرایی و جیاوازیی ئایین و زاراوەیی. هەروەها ئەو پەیامە کە کورد دەبێ یەک بگرێ و لە ناسنامەی خۆی لە ڕۆژهەڵات بەخاوەن دەرکەوێ و بە یەک دەنگ و یەک بەرنامە لە ئیلامەوە تا ماکۆ و خوراسان لەژێر چەترێک و سێبەرێکدا هەنگاو بنێ.

**کوردستان**: مەڵبەندی هونەریی ماملێ کەی دامەزرا و ئامانجەکانی چین؟

**وریا ماملێ**: بنەمای ئەم مەڵبەندە لە ساڵی ٢٠٠٩ لە سەر هزر و هیوایەکی لەمێژینەی "ماملێ" دامەزرا کە بەردەوام ئاواتی دەخواست کورد ببێتە خاوەن بنکە و شوێنێکی بێلایەن و سەربەخۆ کە بتوانێ هاندەر و یاریدەدەری هونەر و هونەرمەندان بێ. بەڵام مەخابن تا ئەو لە ژیاندا بوو ئەو ئاواتە نەهاتە دی. یەک لە کارە سەرەکییەکانی ئەم ناوەندە، کۆکردنەوەی فیلم، وێنە و گۆرانییەکانی محەممەدی ماملێیە و لە ڕێگای دابینکردنی خەڵاتێکی هونەری کە ساڵانە پێشکەش بکرێ بە هونەرمەندان و، ڕێز لە هونەرمەندانی ماندووی گەلی کورد دەگرێ و بەم چەشنە هاندەری هونەرمەندان دەبێ.

**کوردستان**: خەڵاتەکەی ئێوە هەر دیارییەکی سیمبولیکە؟ یان بایەخی مادیشی هەیە؟

**وریا ماملێ**: ئەو خەڵاتە بریتییە لە میداڵیایەکی زێڕ و لەوحەیەکی ڕێزلێنان. لە ڕوانگەی مەڵبەندەوە ئەم خەڵاتە نەک لە ڕووی مادییەوە، بەڵکوو لە ڕووی لایەنی مەعنەوییەوە بایەخی هەیە. ئێمە پێمان وایە ناوی ماملێ دەبێ بەردەوام لە خزمەتی بە گەلی خۆیدا بێ بۆیە لایەنی سیمبولیک و مەعنەوییەکەی لای ئێمە گرینگە و تەنانەت لای وەرگرانی خەڵاتەکەش بایەخی مەعنەوی هەبووە و هەیە.

**کوردستان**: سەرچاوەی داراییتان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانتان لەو مەڵبەندە چۆن و لە کوێ دابین دەکرێ؟

**وریا ماملێ**: چالاکییەکانی ئەم مەڵبەندە بەستراوە بە توانایی و بواری ئابووریی سەربەخۆ کە لەلایان ئەم کەسانەوە دابین دەکرێ: عەزیز(خانە) ماملێ، هێدی (خالید) ماملێ، هیوا زەهابی، چالاک ماملێ و وریا ماملێ. لە بواری مادییەوە هیچ ڕێکخراو، حیزب،

دەوڵەت و حکوومەتێک پشتیوانیی داراییمان لێ ناکا و سەربەرزانە دەستمان لە گیرفانی خۆمان دایە.

ڕەنگە کەموکووڕی و لاوازی لە کاری مەڵبەندا ببینرێ و بەدی بکرێ کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە توانایی و بواری ئابوورییەوە هەیە. مەڵبەند بە هیچ شێوەیەک بە تەما نییە کە ئەم جۆرە لاوازییانەی لە ڕێگەی نەبوونی سەربەخۆیی مەڵبەندەوە لەنێو بەرێ.

لە هەمان کاتدا لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ئەم مەڵبەندە لە بواری مەعنەوییەوە خۆمان بە قەرزداری کۆمەڵێک مرۆڤی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر دەزانین کە دڵسۆزانە پشتیوانیان کردووین و بە هیچ کلۆجێک توانا و بڕستمان نایبڕێ تا وەڵامدەرەوەی ماندووبوون و خەمخۆرییان بین. بۆیە هانا دەبەینە بەر دەرگای واڵا و دەریای بێڕۆخی وشە، بەڵکوو لە شوێن ئێمە دەست بە سینگەوە بگرێ و سەری ڕێز و نەوازیش لە بەرامبەریاندا، دانەوێنێ.

**کوردستان**: ئەدی ئەم کەسانەی بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە دەستنیشان دەکرێن و دوایە کە هەڵدەبژێردرێن؛ ئایا هەموو لەلایەن بنەماڵەوە دەکرێ؟ یان ئێوە پێشنیار لە دەرەوەی مەڵبەند و بنەماڵەش وەردەگرن؟ مکانیزمەکان چین؟

**وریا ماملێ**: ڕوون و ئاشکرایە کە مەڵبەندەکەمان لەلایان بەشێک لە بنەماڵەکەمانەوە بەڕێوە دەبرێ. بەڵام بەو مانایە نییە کە کەسانی غەیری ماملێشمان لەگەڵ نەبێ. ئێوە دەزانن کە ئەرکی سەرەکیی کارەکانی مەڵبەند لەسەر شانی هەواداران و دڵسۆزانی هونەری کوردییە کە شێلگیرانە و خۆبەخشانە هاوکارمانن. ئێمە لەو مەڵبەندە کاری ڕاوێژ و هاوفکریمان لەگەڵ کۆمەڵێک مرۆڤی کارناس و شارەزای بواری هونەری هەیە و لە هەڵبژاردنەکانماندا پرسیان پێدەکەین و پاشی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بە زۆرینەی دەنگ لەگەڵ ئەو شارەزایانە و بەشێکیش لە بنەماڵەکەمان، هونەرمەندی ساڵ هەڵدەبژێرین. دیارە ڕۆژانە بەردەوام لەلایان خەڵکەوە پێشنیارەکان دەگاتە دەستمان و ئێمەش داوایان لێدەکەین کە کورتەیەک لە ژیاننامەی هونەریی ئەو هونەرمەندانەمان بۆ بنێرن تا لەنێو لیستی ناوچەکانی کوردستاندا پۆلێنیان بکەین و لێکۆڵینەوەی زیاتریان لەسەر بکەین. هەر لەم پێوەندییەوە پێویستە ئەمە بە ڕاشکاوی بگوترێ کە مەسەلەی پەیوەندیی تایبەتی کارگێڕانی مەڵبەند یا ناوچەگەرایی و دۆستایەتی هیچ کاریگەری لە سەر ئەم هەڵبژاردنەدا نانێ و بۆیە هەموو کوردێک دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دابینکردنی هونەرمەندی ساڵ هەبێ. هەر وەک ماملێ سەر بە هەموو نەتەوەکەی بووە، ئەم خەڵاتەش بە هەمان شێوە ملکی هەموو کوردستانییەکە.

**کوردستان**: وەک بنەماڵە پێتان وایە لە دە ساڵی ڕابردوودا ئەو هەوڵ و داهێنانەی ئێوە چ خزمەتێکی بە کۆمەڵگەی هونەریی کوردستان کردووە؟ لە نێو هۆزی هونەردا چۆن وەرگیراوە؟

**وریا ماملێ**: لە ڕاستیدا ئەوە پرسیارێکە دەبێ ڕووی لە جەماوەری کوردستان بێ و ئەوان وەڵامی بدەنەوە بەڵام، ئێمە ڕۆژانە پەیامی دڵخۆشکەر و هاندەرانەمان لەلایان خەڵکەوە دەگاتە دەست. ئەو پەیامانە زیاتر هانمان دەدا کە سەرەڕای زۆر کەند و کۆسپ، شل نەبینەوە و درێژە بە کارەکانمان بدەین. ئەو کاردانەوانەش ئەو پەیامەمان دەداتێ کە خەڵک هەنگاوەکانمان بە هەنگاوی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانە دەزانێ. ئاواتیشمان ئەوەیە کە ئەو هەوڵانەمان جێ بگرێ و هونەرمەندی کورد خۆی بێکەس نەبینێ و بزانێ کە

کەسانێک هەن کە کارەکانیان دەبینێ و نرخی بۆ دادەنێن. بەداخەوە لە کوردستانی داگیرکراودا نەک هیچ ڕێکخراوێکی دەوڵەتی نییە کە زگی بە فەرهەنگ و هونەری ئێمەی کورد بسووتێ بگرە، بە هەموو تواناشیانەوە لە هەوڵی ئەوە دان کە زمان و فەرهەنگ و پێناسەی نەتەوەییمان بسڕنەوە و بمانتوێننەوە. ئیتر لە وەها دۆخێکدا ئەوە کەمترین کارە کە دەتوانین بۆ میللەتی خۆمانی بکەین.

**کوردستان**: سپاس بۆ وڵامدانەوەی پرسیارەکانمان.

**وریا ماملێ**: سپاس بۆ ئێوە و خوێنەرانی ڕۆژنامەکەتان.

لە ژمارە ٧٤٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٩

-----------------------------------------

## پرسی بەشداریی کورد لە هاوپەیمانییە سەراسەرییەکان
## لە وتووێژ لەگەڵ "خالید حەسەنپوور"دا



**خالید حەسەنپوور**: سەڵتەنەت تەڵەب و مەشرووتەخوازەکان خاڵی هاوبەشیان حاشاکردن لە پرسی نەتەوەکانە و موجاهیدینیش ئامادەی هیچ هاوکاری و هاوپێوەندییەک نییە

"لە دوو حەوتووی ڕابردوودا هاوپەیمانییەکی نوێ پێکهاتوو لە دە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی دژبەری کۆماری ئیسلامی لەژێر ناوی «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران» دەسپێکی تێکۆشان و دەسبەکاربوونی خۆی ڕاگەیاند. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وکۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران چوار لایەنی سیاسیی کوردن کە لەو هاوپەیمانییە نوێیەدا بەشدارن. «کوردستان» لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاک خالید حەسەنپوور، بەرپرسی بەشی پێوەندییە ئێرانییەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات باسی لە چەندی و چۆنی پێهاتنی ئەو فۆڕمە لە هاوکاریی حیزب و لایەنەکان و هەروەها هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردوە"

**کوردستان: کاک خالید «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران» نوێترین هاوپەیمانییە کە لە لایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی پێک هاتووە، ئامانج لەو هاوپەیمانییە چییە و هێڵە گشتییەکانی کامانەن؟**

**خالید حەسەنپوور**: هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی درێژەکێشانی دەسەڵاتەکەی، نەبوونی بەدیلێکی کارا و مەیدانییە. هەڵبەت گۆڕەپانی سیاسیی ئێران لە هێزی جۆراوجۆر و زۆر و زەوەندی ئۆپۆزیسیۆنی کەم نییە، بەڵام ئەوەی کە لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا کەمە و بۆتە هۆی بیمەی عومری، نەبوونی بەدیلێکی کارا و شوێندانەرە. ئامانج لە پێکهێنانی «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران» ئەوەیە کە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە. بەڵام سروشتییە کە هەتا گەیشتن

بەو جێگایە، هەم کارێکی زۆری لە پێشە و هەم پێویستی بە سیاسەتێکی ڕاست و دروست و واقعبینانە هەیە. بەڵام ئەو یەکیەتییە لە ڕووی هێزەکانی پێکهێنەرییەوە، ماتەوزەی ئەوەی تێدا کە بە هاوکاری و یەکیەتیی بەکردەوە و، گوتار و سیاسەتێکی هاوبەش بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کارتێکەریی لەسەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان و داهاتووی ئێران هەبێ.

پەیماننامەکەی هاوپێوەندی لە پێشەکییەک و ١٤ خاڵ پێکهاتووە. لە پێشەکییەکەدا ئاماژە بە یەک سەدە تێکۆشانی پڕ لە هەوراز و نشێوی گەلانی ئێران و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری، ئازادی و یەکسانی و دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکان کراوە و پاشان بە سەرنجدان بە ساختاری دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا، کە لەسەر بنەڕەتی هەڵاواردن و تێکەڵکردنی دین و دەوڵەت دامەزراوە، هەروەها پەرێزێکی کە ئەو ڕێژیمە لەمەڕ پێشێلکردنی ئازادیی مافی مرۆڤ لەو ٤٠ ساڵەدا لە پاش خۆی بەجێی هێشتووە، لەسەر ئەو ئەسڵە کە ئەو ڕێژیمە قابیلی ئیسلاح نییە و دەبێ برووخێ پێداگری کراوە. کەوابوو مەسەلەی دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، بۆتە یەکێک لە ئەسڵە بنەڕەتییەکانی هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران.

**کوردستان**: هێڵە گشتییەکانی هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران چین؟

**خالید حەسەنپوور**: هێڵە گشتییەکانی ئەو هاوپەیمانییە دەکرێ لەو خاڵانەی خوارەوەدا کۆ بکەینەوە:

**ئەلف**: لەمەڕ شوناس و مافی پێکهاتەکانی ئێران، پەیماننامەکە دان بەوە دادەنێ کە ئێران لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی وەک فارس، ئازەری، کورد، عەرەب، بەلووچ و تورکەمەن و، هەروەها هێندێک کەمایەتیی زمانی و مەزهەبیی دیکە پێک هاتووە؛ کە پێویستە شوناسی ئەو نەتەوانە و مافە میللی - دێموکراتیکەکانیان بەڕەسمی بناسرێ و ئەسڵی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بۆ بەڕەسمی بناسرێ. وە لەسەر ئەو بنەڕەتە پێویستە سیستمی ناوەندگەرایی لە ئێرانی داهاتوودا جێگای خۆی بدا بە نیزامێکی وەک فیدراڵی کە تێیدا دەسەڵات و ئیمکاناتی ئابووری دابەش بکرێ.

**ب**: لە بارەی ئازادی و مافی شارۆمەندی، جاڕنامەی مافی مرۆڤی و پەیماننامەکانی دیکەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەسمی دەناسێ و، لە داهاتوودا بەڕێوەیان دەبا و هەر لەو پێوەندییەدا بۆ دابینکردنی ئازادیی سیاسی، ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوە و تەشکیلی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی تێ دەکۆشی و پێی پابەند دەبێ.

**پ**: لەمەڕ یەکسانی و بەرابەری، پەیماننامەکە، باوەڕی بە مافی وەکوو یەکی بۆ ژنان و پیاوان هەیە و، هەرجۆرە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی، مەزهەبی و میللی ڕەد دەکاتەوە و، بۆ دابینکردنی ئیمکانی بەرابەری وەک کار و شوغڵ، مەسکەن، لەشساغی و پەروەردە لە کۆمەڵگەدا تێ دەکۆشێ.

**ج**: پەیماننامەکە پێ لەسەر ئەو ئەسڵە دادەگرێ کە لە حکوومەتی داهاتوودا پێویستە دین و دەوڵەت لێک جیا بن و شکڵ و شێوەی نیزامی داهاتوو پارلمانی بێ و ئەسڵی دەستاودەست کردنی دەسەڵات ڕەچاو بکرێ و، دەنگی خەڵک یەکەم سەرچاوەی شەرعییەتی نیزامی داهاتوو بێ.

**کوردستان: وەک باست کرد نەبوونی بەدیل بووەتە هۆی ئاسوودەیی و تەمەندرێژیی ڕێژیم و ئاماژەت بەوە دا کە کۆماری ئیسلامی ئۆپۆزیسیونی زۆرن. دەکرێ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە کورتی پۆلێن بەندی بکەی؟**

**خالید حەسەنپوور: با لە پێشدا بڵێم کە حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن زۆرن، بەڵام سەرجەم دەکرێ کۆی ئۆپۆزیسیۆن بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش بکەین؛**

**ئەلف: سەڵتەنەت تەڵەب و مەشرووتەخوازەکان**

**ب: ڕەوتە کۆماریخوازەکان،**

**پ: حیزب و ڕێکخراوی سەربە نەتەوەکانی ئێران (فیدراڵی خوازەکان). دیارە ئەگەرچی سەڵتەنەت تەڵەب و مەشرووتەخوازەکانم وەک توێژێکی لێکنیزیک دەستەبەندی کردوە، بەڵام لە کردەوەدا ئەو دوو تەیفە جیاوازییان زۆرە کە جیاوازییەکەیان لەسەر جۆری سیستمی پاشایەتی لە ئێران دایە. لە کاتێکدا سەڵتەنەت خوازەکان پێدادەگرن لەسەر دەسەڵاتی بێ ئەملاوئەولای ڕەزاشا وەک پاشای داهاتووی ئێرانە، بەڵام مەشرووتەخوازەکان کە خۆیان بە ڕێبواری ڕێگای شۆڕشی مەشرووتە دەزانن، باوەڕیان بە سنووردارکردنی دەسەڵاتی پاشایەتییە و لەو بارەوە لایەنگری یاسایەکی بنەڕەتین کە ١١٠ ساڵ لەمەوبەر لە شۆڕشی مەشرووتەدا ڕاگەیەندراوە. ئەگەرچی تەیفی مەشرووتەخواز لەو دواییانەدا یاسایەکی بنەڕەتیان نووسیوە و بەگوێرەی ئەوە دەیانهەوێ لە سەڵتەنەت خوازەکان نیزیک ببنەوە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ نیشانەیەک لە یەکیەتی لە نێوانیاندا نابیندرێ. پێویست بە گوتنە کە خاڵی هاوبەشی هەردووک توێژ، دژایەتییە دەگەڵ شوناس و مافی نەتەوەکان لە ئێراندا.**

**کۆماریخوازەکان توێژێکی بەربڵاوترن، کە پێک دێن لە لایەنە چەپ، سۆسیالیستەکان، سۆسیال دێموکراتەکان و هێندێک لایەنی نیشتمانی (میللی). کۆماریخوازەکان باوەڕیان بە نیزامی پاشایەتی و مەشرووتە نییە و، پێیان وایە نیزامی داهاتوو پێویستە کۆماری و پارلمانی بێ. ئەو توێژەش لە ڕووی پێکهاتە و جیهانبینییەوە هەتا ڕادەیەکی زۆر لێک دوورن.**

**هەروەها لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە بەشێکی بەرچاو لە چەپ و سۆسیالیستەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێک ڕێک کەوتبوون، لێک جیابوونەوە و ئێستا بە سێ بەش دابەش بوون. لەسەر یەک بەشێک لەو توێژە باوەڕیان بە سیستمێکی ناوەندگەرا نییە، بەڵام لە هەمان حاڵیشدا باوەڕیشیان بە نیزامێکی فیدراڵی نییە. لە نێو ئەو تەیفی کۆماریخوازانەدا لایەنەکانی چەپ بە هێندێک جیاوازییەوە، ڕوانگە و بۆچوونیان لەمەڕ حەلی مەسەلەی نەتەوەکان لە ئێراندا لەوانی دیکە باشترە. ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقیش دەبێ لە ڕیزی توێژی کۆماریخوازان دەستەبەندی بکرێ. ئەو ڕێکخراوە بەهیوایە کە بۆ دەورانی گوزەر لە کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی کاتیی شەش مانگە، بە ڕێبەرایەتیی مریەمی ڕەجەوی دابمەزرێنێ. پاشان دەرفەت بدا بە خەڵک تا نیزامێکی کۆماری بە دەنگی خەڵک هەڵبژێرێ. دەگەڵ ئەوەی موجاهدین ماوەیەک لەمەوبەر لە بارەی پرسی شوناس و مافی نەتەوەکان لە ئێراندا، هەڵوێستێکی ئیجابی گرت، کە بەپێی ئەو هەڵوێستە دانی بە فرە نەتەوەبوونی ئێران و مافی خودموختاری بۆ پێکهاتەکانی ئێراندا نا، بەڵام لە کردەوەدا هەتا ئێستا هیچ ئیستعدادێک بۆ نیزیک بوونەوە لە لایەنەکانی سەربە نەتەوەکان لەخۆی نیشان نادا. ڕێکخراوی موجاهدین،**

نەک لە ڕیزی سەڵتەنەت و مەشرووتەخوازەکان بەڵکوو لە ڕیزی کۆماریخوازانیشدا کە خۆی لەو توێژە بە حیساب دێ، ئامادەی هیچ جۆرە هاوکاری و هاوپێوەندییەک نییە .

**کوردستان**: هۆکاری سەرەکیی پرشوبڵاوی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە چیدا دەبینی؟ ئایا هەر کۆماری ئیسلامی کۆسپ بووە، یان ڕوانگە و تێگەیشتنەکانیش لەوەدا دەور دەبینن؟

**خالید حەسەنپوور**: وڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە. لەبەر ئەوەی هەروەک لە پرسیاری دووەمیشدا ئاماژەم پێکرد، زۆر لایەن بۆ وێنە سەڵتەنەتخواز و مەشرووتەخوازەکان، یان لایەنە چەپ و سۆسیالیستەکان، هەرچەند لە ستراتیژیدا لێک دوور نین، کەچی هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لە دەوری پلاتفۆڕمێکی هاوبەش لێک کۆوە بن. تەنانەت چەند ساڵێک شاهیدی پرۆسەیەک بووین لە نێو چەپەکاندا بەناوی پرۆسەی وەحدەتی چەپ. کەچی کاتێک سەری گرت، چەند لایەنێک حازر نەبوون بەهەر هۆیەک بچنە ژێرباری ئەو وەحدەتە و، لە جیاتی یەکیەتی، جیابوونەوەیکی تریش لە نێویاندا ڕووی دا. کەوابوو هۆکاری جیاوازیی تێڕوانین، هەرچەند لەو جودایی و تەوەلایەدا دەور دەبینێ، بەڵام بە بڕوای من مەرجێکی سەرەکیش نییە بۆ پرشوبڵاوی لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا. من پێم وایە ئۆپۆزیسیۆن وەک نەخۆشێک وایە کە لەدەست دەردێکی سەرەکی دەناڵێنێ و، ئەو نەخۆشییە سەرکێشە، چونکی عیلاج نەکراوە، بۆتە سەرچاوەی گەلێک وردە نەخۆشیی تر. گرفتی بنەڕەتی لە کولتووری سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن دایە کە عیبارەتە لە تەکئازۆیی و خۆ بەتەوەرزانین. ڕەگ و ڕیشەی ئەو شێوە بیرکردنەوەیەش، لە لایەک دەچێتەوە سەر دیکتاتۆرلێدراویی ئێران لە درێژایی مێژوودا و نەدیتنی ڕووی دێموکراسی و، لە لایەکی دیکەوە بۆ باکگراوندی شوێنیستی لە ئێراندا. ئەگەر بۆ نەبوونی یەکیەتی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی بە ئیستیلاح سەرانسەریدا، هۆکاری یەکەم دەور دەبینێ، بۆ یەکیەتی لە نێوان لایەنە سەرانسەرییەکان دەگەڵ لایەنەکانی نەتەوەیی لە ئێراندا، هەردووک فاکتۆر دەوری بنەڕەتی دەبینن. دەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا هۆکاری فیکری، سیاسی و ئیدئۆلۆژیکیش، وەک ژێرکۆ دەوریان لە پەرتەوازیی ئۆپۆزیسیوندا هەیە.

لەمەڕ بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، دەبێ بڵێم کە هەرچەند کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ کۆسپ نییە لەسەر ڕێگای یەکیەتی لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا بەڵام ناڕاستەوخۆ کارتێکەری لەسەر یەکریزی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی هەیە. شاراوە نییە کە درێژەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی بەرچاوی ئۆپۆزیسیۆن تووشی بێهیوایی بێ، لە جیاتی سیاسەتێکی لێبڕاو و شوێنندانەر، ڕێگای ئیسلاح و نەرمئاژۆیی بگرێتەبەر و لەو بارەوە بۆتە ژێرکۆی جیناحەکانی نێو حاکمییەت و ئەوەش بە نۆرەی خۆی بۆتە هۆی کێشە و ناکۆکی لە نێوان ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن، کە باوەڕی بە ڕووخانی ڕێژیم هەیە دەگەڵ ئەو بەشەی کە بڕوای بە ئیسلاحی ڕێژیم هەیە.

**کوردستان**: دەمەوێ بپرسم لە ئێستادا سەنگ و قورسایی هێزە کوردییەکان لە نێو ئەو هاوپەیمانیانە چۆنە کە لە دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ داهاتووی ئێران دروست دەکرێن؟

**خالید حەسەنپوور**: ئەوەی پێوەندی بە سەنگ و قورسایی هێزە کوردییەکانەوە هەیە، دەکرێ بڵێین سەرەڕای جیابوونەوە و لەتبوون لە

نێـو ئەو هێـزانەدا، ڕێکخراوتـرین و ئەکتیـوترین بەشـی ئۆپۆزیسـیۆنی ئێـران پێکـدێنن. ئەوە ئەگەر لە لایەن هێـزە بەئیسـتیلاح سەرانسەرییەکانەوە ئینکار دەکرا، پاش مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و مانگرتنە مێژووییەکەی هاوینی ڕابردوو، بۆ هیچ لایەنێک شاراوە نییە. بەڵام بە سەرنجدان بەوەی کە بەشێکی زۆری لایەنەکانی فارس حازر نین قەبووڵ بکەن پرسێک لە ئێراندا هەیە بە نـاوی پرسـی نەتەوەکـان، چ لایەنە کوردییەکـان بەهێـز بـن و چ لاواز، ئامـادەی نیزیـک بـوونەوە و هاوکـاریکردن دەگەڵ لایەنە کوردییەکان نین.

لە بارەی جێگە و پێگەی لایەنە کوردییەکان لە دوو هاوپێوەندیدا هەتا ئەو جێگایەی پێوەنـدی بە شۆڕای دێموکراسیخوازانەوە هەیە، تەنیا دوو لایەنی کوردی کە بریتین لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، تێیدا بەشدارن. کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای دامەزرانی ئەو یەکیەتییەوە وەک هێزێکی دامەزرێنەر دەوری بەرچاوی تێدا هەیە. لەمەڕ: هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران» کە دوو حەوتـوویە مەوجوودیەتی خۆی ڕاگەیانـدوە، چوار لایەنـی کوردسـتانی (حیزبـی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردسـتانی ئێـران» تێیـدا بەشـدارن. بێجگە لەو چـوار لایەنە کـوردییە، سێ لایەنـی سەربە نەتەوەکـانی دیکەی ئێران کە بـریتین لە عەرەب، بەلووچ و ئازەری سێ لایەنی سەرانسەریش بەشدارن و لایەنە کوردییەکان لەو نێوەشدا لایەنی سەرەکیی نێو یەکیەتییەن.

**کوردستان**: کورد و لە نێو کورددا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بەرە و هاوپەیمانییانەدا بەدوای چیدا دەگەڕێ؟

**خالید حەسەنپوور**: سروشتییە کە هەر لایەنێکی کوردی ڕۆژهەڵات ئامانج و بەرنامە و مەبەستی خۆی هەیە لە پێکهێنانی یەکیەتی دەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن. هەتا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، ئەو حیزبە هەم لە کۆنگرە و هەم لە کۆبوونەوەکـانی کـۆمیتەی ناوەندیـدا، پێـی لەسـەر ئەوە داگرتـووە کە پێویسـتە حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان لە ئاسـتی ئۆپۆزیسیۆندا چالاک و ئەکتیڤ بێ. سروشتییە بە سەرنجدان بەوەی کە بارودۆخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر دێ و بەرەو خراپـی زیـاتر دەچـێ، زەروورەت و پێویسـتی یەکیەتیـی بەکـردەوە لە نێـو ئۆپۆزیسـیۆندا دەبێـتە شـتێکی حاشاهەڵنەگر. بـێجگە لەوانە بە سەرنجدان بە جموجـۆڵە سیاسیەکانی نێـو ئۆپۆزیسـیۆن و بە تـایبەتی ئەو بەشـەی بـاوەڕی بە چارەسـەریی کێشـەی نەتەوایەتـی لە ئێراندا نییە و، بە دید و ڕوانگەیەکی تەواویەتخوازانەوە تەماشای قەزیەی شوناسی پێکهاتەکانی ئێران دەکا، پێویستیی هـاتنەگۆڕ و هـاتنە پێشـی بەدیلـی فیـدراڵیخواز لە ئاسـتی ئۆپۆزیسـیۆن گرینگییەکـی زۆری هەیە. بـۆ ئەوەی ڕێگـا لەوە بگـرین کە لایەنە تەواوییەتخوازەکان بەسەر کەشی سیاسیی ئێراندا زاڵ بن و شەقڵ لە ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان بدەن و بەو جۆرە دەنگی نەتەوەکان کپ کەن. بـۆیە گرینگیی ئەو هاوپێوەنـدییانە لەوە دایە کە لە لایەک نـاهێڵێ پارسـەنگی هێـز بەسـوودی ئەو بەدیلانە بگـۆڕدرێ کە هەوڵی کپکردنی مافی نەتەوەکـانی ئێران دەدەن و، لەلایەکی دیکەوە بە هێنـانی چەمکەکـانی وەک فیـدراڵی و فرەنەتەوەیـی بـۆ نێـو پەیماننامەکـان و بە ئیمـزا گەیانـدنیان لە لایەن لایەنە سەرانسـەرییەکان، تـابۆی تەواوییەتخـوازی لە ئێران دەشکێنن. ئەگەر لەو قۆناغەدا چەمکی فیـدراڵی و فرەنەتەوەیی نەهێنینە نێو ئەدەبیـاتی سیاسیی ئێرانەوە، سبەینێ کە ڕێـژیم ڕووخـا و چـووینەوە نێـو کۆمەڵگەی ئێران، لە ڕێگەی هەڵبژاردن و ئەڤەلییەت و ئەکسەرییەتەوە بەو ئامانجە ناگەین.

**کوردستان**: لە بنەڕەتدا ئایا کۆدەنگییەک لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەیە لەسەر گوتاری هاوبەش لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن، لەسەر فۆرمووڵەکردنی ویست و داخوازییەکانی کورد و لەسەر دەربەستیی ئەو هێز و لایەنانە؟

**خالید حەسەنپوور**: هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە پەیوەندی و هەڵسوکەوتی هەریەک لە لایەنەکانی کوردی ڕۆژهەڵات دەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە هەیە، هەر لایەنەی بەجیا پێوەندییەکانی خۆی دەگەڵ بەرامبەرەکەی تەنزیم دەکا. هەرچەند لە نێو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بەئیستیلاح سەرانسەریدا، حەساسیەتەکە بە نیسبەت ئەحزابی کوردییەوە ئەوەندە زۆرە، کە ڕەنگبێ کەم لایەنی کوردی هەبێ کە سەرەڕای ئەو حەساسییەتانە هەوڵ بدا بە هەموو قیمەتێک دەگەڵ لایەنەکان بەتایبەتی تەواوییەتخوازەکان پێوەندی دابمەزرێنێ. بەڵام بەو حاڵەش لێرە و لەوێ شاهیدی ئەوەین کە جاروبار لایەنێکی کوردی بەبێ پاراستنی پرەنسیپ و بەرژەوەندە گشتییەکان و تەنانەت هی خۆی دەگەڵ هێندێک لایەنی تەواوییەتخواز دادەنیشێ و، یان دیهەوێ بچێتە نێو سازوکارێکەوە کە هیچ یەک لە مافەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی بەڕەسمی نەناسیوە.

بەڵام هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە بوونی هێزە کوردییەکان لە نێو دوو یەکیەتییەکە دایە، بۆ پرسە سەرەکییەکان و سیاسەتە کەلانەکان هەتا ڕادەیەک هاوبیر و هاوبۆچوونین. بەڵام هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە کاری عەمەلی و دابەشکردنی دەسەڵات و نەخشەوە هەیە، هەر لایەنەی بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆی دەچێتە پێش. من پێموایە پێویستە لایەنەکانی کوردی ڕۆژهەڵات کە لە ناوەندی هێزەکانی کوردی دان، لەسەر هێندێک خاڵ کە پێوەندی بە بەرژەوەندییەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە، ڕێک بکەون و بەپێی ئەوە هیچ لایەنێک بۆی نەبێ کە بە کەیفی خۆی و بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەگەڵ لایەنە سەرانسەرییەکان ڕێک کەوێ.

**کوردستان**: کاک خالید سپاس بۆ بەشداریت لەم دیمانەیەدا.

**خالید حەسەنپوور**: سپاس بۆ ئێوەش شەونم خانم.

لە ژمارە ٧٤٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٩

-------------------------------------

## کامڕان باڵنوور:
## بەتیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران ئەتککردنی ڕێژیمی ئێران بوو



"پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بە قۆناغێکی تابلێی هەستیاردا تێدەپەڕێ. ئەمریکای ترامپ یەکلایەنە لە ڕێککەوتنی ئەتومی لەگەڵ ئێران (بەرجام) هاتۆتە دەرێ، یەکلایەنە گەمارۆ لاچووەکانی سەر ئێران لە سەردەمی باراک ئۆبامای بەسەر ئێراندا سەپاندۆتەوە، و دیسان یەکلایەنە سپای پاسداران، هێزی چەکداری کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناساندوە. ملبەملەکانی ئێران و ئەمریکا دەگەنە کوێ؟ کێ براوەیە و خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیونی ڕێژیمی ئیسلامی لە کوێی ئەم هاوکێشانەدا جێ دەگرن؟ ئەم بابەتانە و چەند پرس و پرسیارێکی دی تەوەری وتووێژی «کوردستان»ن لەگەڵ کامڕان باڵنوور، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا"

**کوردستان**: ترامپ چی لە گیانی ئێران دەوێ؟

**کامڕان باڵنوور**: ڕەنگە بۆ دەسپێکی باسەکەمان باشترین پرسیار بێ، چون من وەک خۆم پێموایە هیچ وڵاتێک لەسەر گۆی زەوی بە قەت ئێران لە وتار و تویتەکانی ترامپدا ناوی نەهاتوە و هێرشی نەکراوەتە سەر. بۆیە ئەوە زۆر گرینگە کە بزانین بۆچی فرێکانسی ناوی ئێران لە ئەدەبیاتی دۆناڵد ترامپدا ئەوندە زۆر و بەرچاوە.

ترامپ هەر لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، زۆر بە توندی ڕەخنەی لە کۆماری ئیسلامی گرت و بەتایبەتی جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ڕێککەوتننامەی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خراپترین ڕێککەوتننامەیەک بووە کە تا ئێستا ئەم وڵاتە بە خۆی بینیوە و هەڵی دەوەشێنێتەوە و دواجاریش بەکردەوە لەم پەیماننامەیە ناسراو بە بەرجام هاتە دەر. ئەگەر بمەوێ ئەم چەند ڕستەیەم بە زمانێکی ساکار لەگەڵ کەسایەتیی ترامپ گرێ بدەم دەبێ بڵێم کە ترامپ وەک کابرایەکی بیزینێسمەن هەموو هاوکێشەکان لەم ڕوانگەیەوە سەیر دەکا واتە بەرژەوەندی، بۆیە وەک سیاسەتمەدارەکانی بەر لە خۆی نازانێ بە پێچوپەنا بدوێ و بەرژەوەندی لە هەموو ڕەهەندەکانیدا قسەی یەکەم دەکا.

لە بیرمان نەچێ کاتێ ترامپ لە وتاری ساڵانەی خۆیدا لە کۆنگرە بە شێوەیەکی بێ وێنە گوتی کۆماری ئیسلامی "دیکتاتۆرییەکی گەندەڵ و گەورەترین پشتیوانی تێروریسم" لە دنیایە" دەبێ بەم ئاکامە بگەین کە مەبەستی ئیدارەی ترامپ تەنیا و تەنیا گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم نییە و ترامپ بەوەندە ڕازی نییە، ئەگەر تەنانەت ئەوەش ڕاستەوخۆ نەدرکێنێ، بۆیە ترامپ خەریکی کۆنترۆڵی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئیزۆلەکردنی ئێرانە لە ناوچە و ڕەنگە دواجار گۆڕینی ڕێژیمیشی مەبەست بێ!

بۆیە لە کۆتایی وەڵامی ئەم پرسیارە جیاواز و وردەی جەنابتدا ئیزنم بدە منیش جیاوازتر وڵام بدەمەوە تەنیا بە هێنانەوەی نموونەیەک: ٢٣ی ئۆکتۆبری ١٩٨٣ کاتێ لە بەیرووت مەقەڕی تفەنەگدارە ئەمریکاییەکان بە ماشێنی بۆمبڕێژاو هێرشی کرایە سەر و زیاتر لە ٢٤٠ سەربازی ئەم وڵاتە کوژران و تەنانەت دەنگۆی کوژرانی ١١ ئەندامی سیا هەبوو، ئەوە سەرەتای ئیعلانی شەڕی کۆماری ئیسلامی بوو بە دژی ئەمریکا و لەو کاتەوە ئەم دوژمنایەتییە تا هەنووکەش بەشێوەیەکی پڕاکسی و نیابەتی بەردەوامە و ئەمە یەکەم جارە سەرکۆمارێکی ئەم وڵاتە کەوتبێتە ئەندێشەی تۆڵەئەستاندنەوە.

**کوردستان**: باشە ئەوەی ترامپ بەدوویدا دەڕوا سیاسەتێکی نوێیە لە دژی ئێران، یان درێژەی ڕەوتێکە کە لەو قۆناغە و لەو بڕگەیەدا کەوتووەتە سەر شانی کابینەکەی ئەو؟

**کامران باڵنوور**: بێگومان ئەگەر وەک سیاسەتێکی نوێش سەیر نەکرێ دەبێ بڵێم کە سیاسەتێکی جیاوازترە بە نیسبەت ئیدارەکانی تر بۆ وێنە ئیدارەی ئۆباما. بەداخەوە سیاسەتەکانی ئۆباما و نەرمی کێشانی لە ڕادەبەدەری ئەو بوو بە هۆکاری سەرکێشیی زیاتری کۆماری ئیسلامی و لە ناوچە و ڕەنگە بەشی هەرەزۆری ئەو ناسەقامگیرییانەی ئێستای ڕۆژهەڵات نێوەڕاست کە کۆماری ئیسلامی هۆکاری سەرەکییەتی زۆر لەوە کەمتر بوایە. بۆیە دەکرێ بڵێم تیمی ئەمنییەتیی ئەمریکا کە کۆماریخوازە توندئاژۆکانی تێدایە هەروا بە ئاسانی دەسەر ئێرانەوە ناچن. دیارە تۆ دەتوانی نوسخەی ئەم سیاسەتانە لە ئەمریکای باشوور بۆ وێنە ڤێنزوێلا، بۆلیوی و نیکاراگوئە و... ببینیەوە واتە بە جۆرێ هاوپشتی و پاڵپشتی ئۆپۆزیسیۆن و خەڵک. ڕێک ئەوەی لە ئێران دیتمان. بۆ زانیاریتان ئێستا تێرم یان دەستەواژەی گوشاری لەڕادەبەدەر (maximum pressure) کە بۆتە یەکێ لە تێرمەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترامپ هەر بۆ ئێران نییە و بۆ وڵاتانی ئەمریکای باشووریش دەکار دەکرێ، تەنانەت ئەم گوشارانە بۆ کۆرەی باکووریش ڕەچاو کرا تا پێملی کەن بە داماڵینی چەکە ناوکییەکانی. دیارە خستنی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیش بۆ نێو لیستەی تیرۆری وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەش ئیتر ئەوپەڕی گوشار بوو بۆ سەر دەسەڵاتی سەرەڕۆی مەلایان، بۆ هەوسارکردنی ئەو سەرکێشییەی کە دەمێکە ساڵە بە هۆی ئێرانەوە ئەنجام دەدرێ. واتە ئەمە جگە لەوە کە دەبێ بە پەڵەیەکی شوورەیی بۆ سپای سەربازی وڵاتێک، لە ڕوانگەی سیستمی نێونەتەوەییشەوە لەنێوچوونی غروور و کەرامەتی وڵاتێکە.

بۆیە بەڵێ ڕاستە لەم قۆناغە زەمەنییەدا ئەو کابینەی ترامپە کە بەتەواوی ملی دەبەر ملی کۆماری ئیسلامی ناوە.

**کوردستان**: چەند کۆمەڵگەی ئەمریکا هاوڕایی ترامپ دەکەن، بە واتایەکی دی سیاسەتی ترامپ لەبەرامبەر ئێران چەندەی شەقامی ئەمریکا و بیروڕای گشتیی خەڵکی ئەم وڵاتەی لەگەڵە؟

**کامڕان بانوور**: پرسیارێکی زۆر چاکە، چون بۆ هەموو کێشەیەکی ئەمریکا لەگەڵ دنیای دەرەوە چینی مام ناوەنجی (Middle Class) ئەم وڵاتە هەڵوێستی تایبەت بە خۆیان هەیە و شەقام دەورووژێنن بۆ وێنە لە شەڕی ڤییەتنام بە دەیان جار هەڵوێستی خەڵکمان بینی بۆ دژایەتی ئەم شەڕە یان بە شێوەیەکی کاڵتر لە شەڕی کەنداو و شەڕی عێراق.
بەڵام سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ڕەنگە ئەو ناکۆکییە زۆر زۆر کەم بێ، خۆ دیارە لە هاوکێشە سیاسیی نێو پێکهاتەی دەوڵەت و کۆنگرەدا شەڕی نێوان کۆماریخوازەکان و دێموکراتەکانیش ڕەنگە جیاوازییان بە نیسبەت ئێرانەوە بۆ ساز بکا، بەڵام ئەم جیاوازییە ئەوەندە زۆر نییە کە لەسەر سیاسەتە گشتییەکان شوێندانەر بێ، هەرچەند ئێستا خەڵکانێک لە نێوخۆی ئەمریکا هەن کە بە تڕامپ دەڵێن divider not an uniter واتە کەسێک کە هۆکاری لەتکردنی کۆمەڵگەی ئەمریکییە نەک یەکیەتی، ئەمە ڕێک گوزارە لە واقعییەتەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دەکا، بەڵام زیاتر بۆ کێشە نێوخۆییەکانی وەک سیستمی تەندروستی و خوێندنی باڵا و پەروەردە و هەندێ جار سیاسەتەکانی کۆچبەرییە و زۆر خۆی لە کێشەکانی دەرەوەی ئەمریکادا مادام نەبۆتە شەڕ نابینێتەوە.

**کوردستان**: پێتان وایە سیاسەتی ئەمریکا بە نیسبەت ئێران چەندە واقعبینانەیە؟

**کامڕان بانوور**: من وەک خۆم ئەگەر ئەو پرسیارەم لێ بکرێ ڕەنگە ڕەخنەی تایبەت بە خۆم هەبێ لەسەر سیاسەتەکانی تڕامپ بەرامبەر بە زۆر دیاردە کە پێشتر باسم کرد کە ڕەخنەی هەرەزۆری خەڵکە، بەڵام نەک وەک کەسێک کە خۆی کوردە بەڵکوو وەک کەسێک کە بەدوای ئەوەیە کە بەڕاستی بزانێ هۆکاری سەرەکیی ئەم دۆخەی ئێستا وڵاتی ئێران و ناسەقامگیری ناوچەکە چییە. بۆم دەرکەوتووە کە دۆخی کارەساتباری خەڵک لە نێوخۆ سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامییە و لە هەموو شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕاستەوخۆ شوێنپەنجەی سپای قودس وەک بەڕێوبەری پرۆژەی هیلالی شیعە و ئەنجامدەری سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای تیرۆر، ئاژاوەنان و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی تر بە ڕاشکاوی دیارە. خۆ تۆ ئەگەر سەیری ڕابردوو بکەی بۆت دەردەکەوێ کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بە هۆی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت ئوروپایی - کە ئێمە خۆمان وەک کورد قوربانی سەرەکین - هەموو دنیا پێی زانیوە و بەڵام ئەو جۆرەی کە دەبێ کۆدنگی لێ ساز نەبووە، جگە لە تیرۆری شەهید دوکتور سەعید کە بە تیرۆری میکۆنووس بەناوبانگە، بۆیە ئەم سیاسەتەی ئەم دواییەی کابینەی تڕامپ بە نیسبەت ئێرانەوە، زۆر واقعبینانەترە لە سەرکۆمارەکانی پێش خۆی.

**کوردستان**: بەڵام ئەدی تڕامپ و سیاسەتەکانی بەرامبەر ئێران چەندەی ئامانجەکان پێکاوە؟ بەو هەمووە گوشارە چیی لە ئێران و ڕەفتار و سیاسەتەکانی گۆڕیوە؟

**کامڕان بانوور**: ئەمەش پرسیارێکی ورد و بە جێیە، ئەگەر لە بیرمان بێ خامنەیی ١٣ی ئاگۆستی ساڵی ٢٠١٨ لە تویتێکی خۆیدا پلانێکی هێناگۆڕێ کە بە No war, no negotiations واتە "نە شەڕ نە وتووێژ" دەناسرێ .ئەو مەبەستی ئەوە بوو دۆخەکەی ئێستای کۆماری ئیسلامی بە هەر جۆرێ بێ بپارێزێ و لەگەڵ تڕامپ نەکەونە کێشەوە، بۆیە هەندێ چاودێری سیاسی دەڵێن تەنانەت ئەوان چاوی هیوایان بڕیوەتەوە گەڕانەوەی دێموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماری ئەمریکا، ڕێک ئەو سیاسەتەی زەریف و تیمەکەی لەسەر کشانەوەی ئەمریکا لە بەرجام ڕەچاویان کردووە و پێیانوایە بەپێی ئەوە کە بەرجام بەرهەمی دانوستان

لەگەڵ دیموکراتەکان بوو دەبێ چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەوان بن، بۆیە لانیکەم سەرەڕای گەمارۆ و گوشارەکانی ئەمریکا لە پاش هاتنەدەری ئەمریکا لە ڕێکەوتننامەی ٥+١ تا ئێستا هەر بە کوشتی کات و خۆبواردن و تێوەگلانی جیددی لەگەڵ ئەمریکا سیاسەتی نە شەڕ نە وتووێژیان ڕەچاو کردووە و ئاڵۆگۆڕێکی ئەوتۆ لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەدی ناکرێ. بەڵام ڕەنگە ناساندنی سپای پاسدارانی کۆماری ئەسلامی وەک گرووپێکی چەکداری تیرۆریستی، ئەم وڵاتە تووشی قەیرانی جیددیتر بکا و دەبێ چاوەڕوان بین.

**کوردستان**: ئایا ترامپ و سیاسەتەکانی وەک گەڕانەوەی گەمارۆکان و بەڕەسمی ناسینی تیرۆریست بوونی سپای پاسداران نەبووەتە هۆی ئەوەی حاکمییەت لە ئێران یەکدەست و یەکدەنگ بن؟ وە ئایا ئەوە بە قازانجی گۆڕانکارییەکان دەبینن لە نێوخۆی وڵاتدا؟

**کامران باڵنوور**: دیارە لە ئاستی کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی سیاسی ڕەنگە هەر بە شێوەیەکی ڕووکەشیانە و فریودەرانە بۆ پڕۆپاگانداش بێ، هەندێ قسە و قسەلۆک بکەن، بۆ وێنە نوێنەرانی پارلمان جلی پاسدار دەبەر دەکەن و دەڵێن: ئێمەش پاسدارین. بەڵام ئەمە قەرەبووی دۆخی کارەساتباری ژیانی خەڵک لە هەموو بوارەکاندا لە نێوخۆدا ناکا. کۆماری ئیسلامی دەیان ساڵە تەواوی ئامار و داتاکانی ئەم وڵاتە بە پێچەوانە نیشانی خەڵکی خۆی و دەرەوەی وڵات دەدا. ئامارە دەسکردەکان دەڵێن ئەم وڵاتە بەهەشتی بەرینە کەچی داتا نێونەتەوەییەکان و ڕاستەقینەکان گوزارە لە جەهەننەمێک دەکەن کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو خراپتر بوون دەچێ. بۆیە وک گوتم حاکمییەت وەک کەمینەیەکی بچووکی نێو کۆمەڵگە ئەگەر بە ڕواڵەتیش یەکدەست بێ و هەڕەشە و گوڕەشەکانیان دەرخواردی کۆمەڵگەی نێوخۆ بدەن دیسان هیچ لە واقعییەتە تاڵەکانی ناخۆ ناگۆڕێ.
خۆ لەوە پێشتریش لە خۆپیشاندانەکانی خەڵک لەسەر شەقامەکان لە دیسامبری ٢٠١٧دا باڵە جۆربەجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بە دژی ویست و داخوازییەکانی خەڵک دەنگیان هەڵبڕێ، واتە دەمەوێ بڵێم پاڵوێکدانی ڕیفۆرمخواز و بنەماخوازەکان بەلای منەوە سەیر نییە. بۆیە بەپێچەوانەوە ئەگەر ترامپ لە درێژەی سەپاندنی گەمارۆ ئابوورییەکان و ئێستاش ئەتککردنی هێزی فەرمی وڵاتێک وەک سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، ئاوڕێکی جددیتر بداتەوە سەر ئۆپۆزیسیۆن و خەڵک بە بێگومان گۆڕانکارییەکان بە دژی کۆماری ئیسلامی ڕوو دەدەن. واتە یارمەتی ئۆپۆزیسیون بۆ بەرەوسازدانی گوتارێکی لە یەک نیزیک و هەروەها پشتیوانی کردەیی لە خەڵکی نێوخۆ بە کردەوە نەک بە قسە! لە بیرمان نەچێ ڕێک تیلێرسن وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا لە کاتی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران بەڵێنی ئینتێرنێتی خێرای دابوو بە خەڵک کە دواجار نەکرا. بۆیە من پێموایە ئەمە شتێک نییە کە ببێتە هۆی یەکڕیزییەکی نیشتیمانی، چون خەڵک دەمێکە نیشانیان داوە لە بەرەی دژ بە دەسەڵاتدان.

**کوردستان**: ئۆپۆزیسیونی ئێران، وە لە نێو ئەواندا ئۆپۆزیسیونی کورد لە کوێی ئەو هاوکێشەیە دان؟ لە کوێی بەرنامە و سیاسەتەکانی ترامپدا جێ دەگرن؟

**کامران باڵنوور**: بە داخەوە تا ئێستا پلانێکی ئەوتۆ بۆ دەوری ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بە گشتی و بەتایبەتی بۆ کورد دیاری نەکراوە، کە ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ئەمەش ئەوە بێ کە ئەمریکا متمانەی بە ئۆپۆزیسیونی ئێرانی نییە کە وەک ئاڵترناتیو دوارۆژی ئێران حیسابیان لەسەر بکا. پرشوبڵاوی تا ئاستی دژایەتیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی لەگەڵ یەک، دیار نەبوونی قورساییان لە سەر ساحەی سیاسیی نێوخۆ و زۆر هۆکاری دی لەوەدا ڕۆڵیان بووە.

دیارەبە نیسبەت کوردەوە، بەداخەوە کورد نەیتوانیوە لێرە لابییەکی بەهێز دروست بکا و خۆی وەک هێزێکی شوێندانەر لەسەر ساحەی سیاسیی ئێران بە دەرەوە بناسێنێ. هەرچەند لەم دواییانەدا بۆ وێنە زستانی ڕابردوو کە من بۆخۆشم لە یەکێ لە ساڵۆنەکانی کۆنگرێس وتارم هەبوو، چاوم بە دانا ڕۆهارباکێر، کۆنگرێسمەنی کۆماریخوازی کالیفۆرنیا کەوت و قسەم لەگەڵ کرد و دواتر ئەوان بۆ یەکەم جار لە بڕیارنامەکەیەکی کۆنگرێسدا زۆر بە ڕاشکاوی باسیان لە مافی کەمینە ئێتنیسییەکان کردبوو و ناوی نەتەوەی کورد وێڕای نەتەوەکانی تر ئاماژەی پێ کرابوو. قسەکانی سێناتۆر جان کێنێدی لە سێنای ئەمریکا بۆ پشتگیری و بەرگری لە کورد بۆ چوونە نێو پرۆژەیاسای S.1(پرۆژە یاسای بەهێزکردنی ئەمنیەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست) هەرچەند مایەی دڵگەرمی و خوشحاڵین بەڵام بەداخەوە هێشتا وەک کورد نەبووین بە لابی تەنانەت لە پارچەکانی تریش ئەو گرفتە هەیە. جا سەیرەکە لەوە دایە هەر لە ئێستاوە تاقمێ لە ئۆپۆزیسیونی ئێران دژایەتیی مافەکانی نەتەوەکانی تر دەکا و یەک لەوان کورد. دەمەوێ بڵێم تەواوی حەولەکانی ترامپ و تیمەکەی کاتێ دەتوانێ وڵامدەر بێ کە بیر لە ئاڵترناتیوێکی بەهێز بکاتەوە کە هەموو لایەنی سیاسییەکانی ئێرانی وەک ئۆپۆزیسیۆن تێدا کۆبێتەوە.
لەبارەی خۆشمان من وەک خۆم نەمدیوە کورد بە یەک گوتار و یەک دیسکۆرس بەرەوڕووی ئیدارەی ترامپ بوویێتەوە و هەرچەند حەولی تاکەکەسی بۆ چاوپێکەوتنی بەرپرسانی ئیدارەی ترامپ هەیە، بەڵام نەبوونی کۆدەنگی و یەکدەنگی کورد، بۆتە هۆکاری کەوتنە پەراوێزی کوردەوە. بۆیە بە کورتی من لانیکەم تا ئێرە دەورێک بۆ کورد نابینم، هەرچەند خستنی ناوی سپای پاسداران بۆ لیستی تیرۆر ئەگەری ئاڵوگۆڕی جیددی بۆ کورد و بەگشتی ئۆپۆزیسیۆن سازکردووە.

**کوردستان**: پێتان وایە ئەوەی ترامپ دەیکا و لەسەری دەڕوا دەرفەتە بۆ خەڵکی ئێران و بزووتنەوەی سیاسیی کورد؟

**کامڕان باڵنوور**: لە تەواوی وتەکانی ترامپدا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئەگەر سرنجت دابێ، خەڵکی ئەم وڵاتە دەکاتە بەردەنگی خۆی و باس لەوە دەکا کە دەوڵەتەکەی ئەو دەرفەتێکە بۆ خەڵکی ئێران، ئەو تا ئێستا سیاسەتێکی واقعبینانەتری بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردوە و هەرچەند باس لە گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم دەکا بەڵام وەک پێشتریش باسم لێوە کرد ئەگەر وەبیر خۆمانی بێنینەوە ١٢ شەرتەکەی مایک پۆمپێئۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ ئێران وەک سیاسەتی نوێی ئەمریکا لەهەمبەر ئێران، خۆ ئەگەر ئێران پێملیان بێ ئاداری بەسەر پاداری نامێنێتەوە. بۆیە من بە دەرفەتێکی باشی دەزانم بەو مەرجەی لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بە گشتی و بەتایبەتی کورد بقۆزرێتەوە، هەرچەند با ددانی پێدابێنم زۆر گەش بین نیم بە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری، بەڵام ڕەنگە هیوای ئەوە بخوازم کە کورد لانیکەم لەناو خۆیدا بە گوتارێکی هاوبەشەوە ڕوو بکاتە کۆشکی سپی!

**کوردستان**: سپاس بۆ بەشداریتان لەو وتوویژە دا

**کامڕان باڵنوور**: سپاس بۆ ئێوەش.

لە ژمارە ٧٤٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

# مستەفا مەولوودی:
# ڕێژیم لە بەرامبەر فشاری دەرەکی و نێوخۆییدا ناچارە پاشەکشە بکا



"ماوەی چەند مانگێکە پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران ئاراستەیەکی تری وەگرتوە. ئەمریکا سپای پاسدارانی خستووەتە لیستەی تێرۆر و ناوگانی سەربازیی خۆی لە ئاوەکانی نیزیک ئێران نیزیک کردۆتەوە. هاوکات بە گوشارە ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامیی خستووەتە تەنگانەوە. دوو لایەن سەرەڕای شیر و شمشیربەستنیان لە ڕوو لەدژی یەکتر، بەڵام لە دانوستان و سازانیش غافڵ نین. پرسیار ئەمەیە کە ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟ دوورەدیمەنی ئەم گۆڕانکارییانە چین و کاریگەرییان لەسەر پرسی کورد لە ئێران چین. ئەم بابەتە و چەند تەوەرێکی دی بیانووی وتووێژێکی "کوردستان" بوون لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان."

**کوردستان**: کاک مستەفا با بەو پرسیارە دەست پێبکەین کە ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟

**مستەفا مەولوودی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردایە. بۆیە دەکرێ هەموو گریمانەیەکی بۆ لەبەرچاو بگیرێ.

یەکەم ئەوەی بەربڵاو بوونی ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات و فشاری دەرەکی دەکرێ بە چۆکی دابێنێ. دووهەم ڕەنگبێ ڕێژیم بە بەردەوامیی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ لەسەر خەڵکی ئێران و پیلان بۆ ماوەیەکی دیکەش درێژە بە مانەوەی خۆی بدا. بەڵام بەگشتی ئەمن داهاتوویەکی ڕوون بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نابینم و لام وایە ناڕەزایەتیی نێوخۆیی و فشاری دەرەکی لە کۆتاییدا ئەو ڕێژیمە بەرەو گۆڕانی بنەڕەتی یان هەڵدێر و نەمان دەبەن.

ڕەنگبێ هیچ کات، تەنانەت کاتی شەڕ لەگەڵ عێراقیش هێندەی ئێستا گوشاری سیاسی و ئابووری لەسەر کۆماری ئیسلامی نەبووبێ، ڕێژیم چەندەی زەرفییەت هەیە بۆ خۆڕاگرتنەم گوشارانەدا؟ لە بەرامبەر ئەوە ڕاستە هیچ کات ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێندەی ئێستا گوشاری سیاسی و ئابووری و دەرەکی و کۆمەڵایەتی نێوخۆیی لەسەر نەبووە. کاربەدەستانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیش ئەوە

ناشارنەوە و حاشای لێ ناکەن. ئەمن پێم وایە هەرچەندە ڕێژیم هێندێک کارتی بەدەستەوەن، وەک ئەوەی نیزام و سیستمێکی ئیدۆلۆژیک و ناوەندگەرا توانای بڕیاردانی ئاسانتری هەیە، هێزی پۆشتەی سپای پاسداران و ناوەندی داپڵۆسێنەر و تۆقێنەری ئەمنییەتیی جۆراوجۆری هەیە کە هەم ئەزموون و هەم ئیرادەی سەرکوت و کۆنترۆڵی خەڵک و کۆمەڵگەیان هەیە، هەروەها سەرچاوە و ئیمکاناتی وڵات لە کاتی ئاوادا زۆرتر بۆ پاراستنی نیزامی سیاسی هەزینە دەکرێ؛ بەڵام بەو حاڵەش ئەمن پێموایە لە کۆتاییدا ئەو ڕێژیمە ناتوانێ خۆ لە بەرامبەر فشاری دەرەکی و نێوخۆیی خەڵکدا ڕابگرێ و بە چۆکدا دێ. جا چ بە ڕووخان بێ یان بە پاشەکشە کردن بێ لە سیاسەتەکانی، کە لە حاڵەتی ئاواشدا هەر پاشەکشە و شکستە بۆ ڕێژیم.

**کوردستان**: ئەگەر کەمێک وردتر چاو بە هێز و فاکتەرە دەورگێڕەکانی نێوخۆی ئێراندا بگێڕین، بالآنسی هێز لەنێوان ئەواندا چۆنە؟ ئێران بەرەو سیستمێکی داخراوتری سەربازی دەچێ، یان دیسانەکەش ڕیفۆرمخوازەکان بەفریای ڕێژیم دەکەونەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕێژیمی ئێران ناوەندگەرایە، بەڵام لەنێو نیزام و سیستمی تا ڕادەیەک «پیچیدە»ی کۆماری ئیسلامیدا جۆرێک دابەشکردنی کار و بەرپرسایەتی هەیە و تا گەیشتن بە بەیتی ڕێبەری چەند لایەی دەسەڵات هەن کە کارکردی لێکجیاوازیشیان لەگەڵ یەکتر هەیە کە ئەوە دەتوانێ لە هێندێک کاتی حەساسدا بە فریای ڕێژیم بکەوێ، بە تایبەت دەبێ قەبووڵمان بێ کە هەموو قۆڵەکانی نێو ڕێژیم لەسەر مانەوە و پاراستنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کۆک و یەکدەنگن، بۆیە هیچ دوور نییە بۆ کەمکردنەوەی فشاری دەرەکی لەسەر ڕێژیم و مەجال دان بە خەڵک بۆ ئەوەی لەو هەلومەرجە داخراوەدا کەمێک هەناسە بکێشن و، کۆمەڵە ڕیفۆرمێکی سنووردار بکەن کە ئەوە هەم دنیای دەرەوە پێشوازیی لێ بکا و هەمیش خەڵکی ئێران لەگەڵی ڕابێن.

**کوردستان**: بۆچوونێک هەیە کە هاتنی هێزی ئەمریکا بۆ کەنداو و زۆرترکردنی گوشارەکان بۆ ئەوەیە بالآنسی هێز لە نێو باڵەکانی حاکمییەتدا بگۆڕن. ئێوەش وا بیر دەکەنەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەوە دەتوانێ وەک گریمانەیەک سەیر بکرێ و تا ڕادەیەک ڕاستیش بێ. ڕاستە فشاری سیاسی و ئابووریی دەرەوە لەسەر ڕێژیمی ئێران هەتا ئێستاش بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئەو ڕێژیمەیە و، کاربەدەستانی ئەمریکا ئەمە ناشارنەوە. بە هەموو پێوانەیەک گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم تێچووەکەشی بۆ ئەوان لە ڕێگاکانی دی کەمترە و بۆ داهاتووش باشتر کۆنترۆڵی وەزعەکە دەکرێ و کارەکان چاکتر مودیرییەت دەکرێن. ئەمن باوەڕم وایە دنیای دەرەوە بە تایبەتی ئەمریکاییەکان لەسەر ئەوە بەئاشکرا و بەنهێنی کار دەکەن. بۆیە ئەو گوشارانە بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەتی. بەڵام هەموو گریمانەیەک دەکرێ لەسەر مێزی کاری بەرپرسانی ئەمریکادا ڕوو بکرێ. واتە ئەگەر ڕێژیمی ئێران لە کۆتاییدا نەیەوێ بێتە ڕەدایە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دابین نەبن، بژێرەی گۆڕینی ڕێژیمیش دەکرێ بخرێتە ڕۆژەڤەوە.

**کوردستان**: کاک مستەفا خەڵکی ئێران لە کوێی ئەم هاوکێشەیە دان؟ چ لە ڕوانگەی هێزەکانی گوشاری دەرەکی، چ لە گۆشەنیگای دەسەڵاتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕوونە خەڵکی ئێران پێی خۆش نییە وڵاتەکەی سێبەری شەڕ و گوشاری ئابووریی لەسەر بێ، چونکە باش دەزانن دووکەڵی ئەو فشارانە زۆرتر دەچێتە چاوی ئەوان و بە تایبەتی چینی هەژاری ئەو کۆمەڵگەیە پتری لێ زەرەرمەند دەبێ، هەروەها بەوەش ناڕەحەتن کە وڵاتەکەیان ئاوا کەوتۆتە بەر فشار و لۆمەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و، لەوەش تووڕەن کە ئەو هەموو ئیمکاناتە کە لە ئێراندا هەیە لە باتی ئەوەی لە ئاوەدانیی وڵات و خۆشبژێویی خەڵکدا خەرج بکرێ، دەبێتە تێچووی دەستێوەردانی نابەرپرسانەی ڕێژیم و دەسەڵات لە وڵاتانی دیکەدا. بەڵام سەرەڕای ئەو پێناخۆش بوونانە، خەڵکی ئێران دەزانن کە ئەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە چوار دەیەیە خەڵک و وڵاتی کردووەتە سپەری بەڵا و، هۆ و هۆکاری هەموو ئەم نەهامەتییانەیە و بەرپرسایەتیی ئەو بارودۆخە هەمووی دەخەنە ئەستۆی ڕێژیم. بۆیە ئەمن لام وایە خەڵکی ئێران گوشاری سیاسی دەرەکی دەکەنە دەرفەت بۆ بردنەپێشی بزوتنەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا بۆ گۆڕینی ئەو نیزامە و جێگیرکردنی نیزامێکی دێموکراتیک و خەڵکی.

**کوردستان**: ئەگەرچی گوشارە ئابوورییەکان لە دوو ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئێران زیاتر بووە، بەڵام وا دێتە بەرچاو کە بزووتنەوە ئێعترازییەکان لە ئاستی پێش دوو ساڵدا نین، هۆکارەکان چین؟

**مستەفا مەولوودی**: لە پێشدا دەبێ دان بەوەدا بنێین جارێ فشاری ئابووریی دەرەوە و کاریگەریی لەسەر خەڵک بەو ڕادەیە نە گەیشتووە کە بگاتە سەر ئێسقان و لێکەوتەی بەربڵاوی هەبێ. دووهەم خۆ پێش ئەو گوشارانەش خەڵکی ئێران لەو بوارەدا زۆریان چێشتووە، لە حەقیش دەرنەچین زۆربەی چین و توێژە کەم داهاتەکان هاواری خۆیان بەرز کردۆتەوە، تەنانەت لەو ڕێگایە ئەمنیەتی کاری و بژێوی ژیان و تەنانەت گیانی خۆشیان خستووەتە مەترسییەوە. پەیامەکەش بە گوێی هەمووان، لەوانە وڵاتان ودەوڵەتان و کاربەدەستانی حکوومەتیش گەیشتووە، بۆیە بەگشتی خەڵک کەمیان نەکردوە، بەڵام بەداخەوە نە گوێیان لێ گیراوە و نە بە هاوارایانەوە چوون. ئەوەش دەزانن کە خەڵک مەیدانی و بەکردەوە ڕادەی دڕندەیی و زەبری مۆرەکانی ڕێژیمیان لە سەرکوتدا چێشتووە. لە هەلومەرجی ئێستاشدا کە فشاری دەرەکی لە بواری سیاسی و بەتایبەتی ئابوورییەوە تەنگی بە ڕێژیم هەڵچنیوە، ئەمن پێموایە خەڵکی ئێران ڕەچاوی ئەوە دەکەن ناڕەزایيەتیەکانیان وا لێک بدرێتەوە کە هاودەستی لەگەڵ بێگانە دەکەن، وە ئەوەش ببێ بە بیانوو بۆ سەرکوت کردنی زیاتری خەڵک. بۆیە مولاحزەیەک دەکەن، بەڵام مەرج نییە ئەم حاڵەتەش دەوامی زۆری هەبێ. لەبەر ئەوە خەڵک نیازی زۆر زەروریان هەیە و ڕێژیم ڕوونە نە ئامادەیە داواکانیان جێبەجێ بکا و نە تواناشی هەیە. هەر بۆیە هاتنەسەر شەقامی خەڵک و پێداگرییان لەسەر مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان، ئەویش لە شێوەی ناڕەزایەتیدەربڕین شتێکی چاوەڕوانکراوە.

**کوردستان**: بارودۆخەکە لە کوردستان چۆنە؟

**مستەفا مەولوودی**: بارودۆخی کوردستانی ئێران بەگشتی جیا ناکرێتەوە لە سەرانسەری ئێران، بەو جیاوازییە کە فشار لەسەر خەڵکی کوردستان دووهێندە زیاترە بە بەراورد لەگەڵ هەموو خەڵکی ئێران. خەڵکی کوردستان کەمتر بەشداری دەستەڵاتی سیاسی و ئیداریی وڵات کراوە، کوردستان زۆر کەمتر ڕووی ئاوەدانی بەخۆیەوە دیوە. وە لەبەر ئەوەش خەڵکی کوردستان هەڵگری پەیام و خواستی

سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بووە، زۆرتر فشاری دەزگاکانی ئەمنیەتی و سپای پاسدارانی ئێرانی لەسەر بووە و کوردستان زۆرتر بە ئەمنیەتی کراوە و بەرپرسانی نیزام بە چاوی ئەمنیەتی دەڕواننە هەموو جموجۆڵێکی خەڵکی کوردستان، بەڵام خۆڕاگریی خەڵک و بوون و تێکۆشانی هێزە سیاسییەکان و جووڵەی مەدەنی، فەزایەکی تەواو سیاسی و لەسەرهەست بوونی لە کوردستاندا خوڵقاندوە، کە ئەوە بۆ ئێستای حکوومەتی کۆماری ئیسلامی چالشێکی گەورەیە و بۆ داهاتووی سیاسیی ئێران و کوردستان فاکتۆرێکی بەهێزە.

**کوردستان**: لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک باسی نوێ کەوتووەتە سەر زاری کاربەدەستانی ڕێژیم کە لە نێوەرۆکدا بۆ کورد گرینگن. بۆ نموونە خاتەمی باس لە فیدرالیزم دەکا، یان ڕۆحانی باس لە ڕێفراندۆم دەکا، خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ ئەم مژارانە چین؟

**مستەفا مەولوودی**: وڵاتی ئێران زۆر پان و بەرینە و خەڵکێکی زۆری بە جیاوازیی جۆراوجۆری نەتەوەیی، دینی، مەزهەبی و فەرهەنگی و کولتوورییەوە هەیە، بۆیە دروستە کە بۆ چارەسەری کێشەکان واقیعبینانە بیر بکرێتەوە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هەموو جیاوازییانە باشترین سیستەم، بە فیدرالی کردنی وڵاتی ئێرانە. ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی نەمر دوکتور قاسملوو ئەمەی بە ئاغای خومەینی گوتوە و ئەم حەقیقەتەی لەگەڵ باس کردوە. ئێستا کە لە نێو کاراکتەرەکانی ڕێژیمدا کەسانێک پەیدا دەبن باس لە فیدرالیزم دەکەن و تەنانەت باس لە ڕێفراندۆم دەکەن، - بەو مانایە کە بۆ دیاریکردنی نیزامی سیاسیی وڵات پرس بە خەڵک بکرێ - ئەمە لە نەوعی خۆیدا باش و قابیلی دەرکە، بەڵام بە مەرجێک کە ئەمە مافی هەموو پێکهاتەکانی وڵاتی ئێران دابین بکا و کۆتایی بە سیاسەتی هەڵاواردن و پەراویزخستنی نەتەوەکان لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵات بێنێ.

**کوردستان**: دەوری ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەو هاوکێشانەدا چۆن دەبینن؟ ئەوان لە چ پێگە و ستاتۆیەکدا جێیان گرتوە؟

**مستەفا مەولوودی**: زۆر باس لەوە کراوە کە یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە لاوازیی ئۆپۆزیسیۆن دایە. بە داخەوە ئێستاش ئەوە هەر ڕاستە. ئەمن پێم وایە ئەوەیە خەڵکی وڵات بە ناچاری ملیان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاکێشاوە و فشاری دەرەوەش هەر بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم هەر لە لاوازیی ئۆپۆزیسیۆنەوە سەرچاوە دەگرێ. لەبەر ئەوەی جێگرەوەیی ڕێژیم بۆ خەڵک و دنیای دەرەوە دیار نییە و شکڵی نەگرتوە و، نەبۆتە ئادرەس کە ئێستاش بە داخەوە هەر وایە.

**کوردستان**: ئەدی مەوقعیەتی ئۆپۆزیسیونی کورد لەم هەلومەرجەدا چۆنە؟ پێتان وایە ئامادەیی ڕۆڵ بینین لە گۆڕانکارییەکانیان هەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بەگشتی باشترە لە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری. لەو ماوەیەدا هێندێک هەنگاوی زیاتریشی هەڵگرتوە و وەک دەبینین، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی پێک هێناوە کە ئەمە لەجێدا کارێکی باش و پێویست بوو. بەڵام زۆر کار ماوە ئۆپۆزیسیۆنی کورد بیکا تا بتوانێ کاریگەریی زیاتری لە کوردستان و ئێران و ناوچەدا هەبێ.

**کوردستان**: وەک دوا پرسیار، لەم هەلومەرجەدا هێزە سیاسییەکانی کورد ئەوەی دەبێ بیکەن چین و ئەوەی دەبێ نەیکەن کامانەن؟

**مستەفا مەولوودی**: لەم هەلومەرجەدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئەوەی دەبێ بیکەن، یەکگرتن و داڕشتنی پلانی هاوبەشە بۆ ئێستا و داهاتووی کوردستان لە زۆر ئاست و بواردا. خەڵکی کوردستان و خۆیان ئامادە بکەن بۆ هەر ئەگەر و ڕووداوێک. ئەوەش کە دەبێ نەیکەن و خۆی لێ بەدوور بگرن، نایەکگرتوویی و پەرشوبڵاویی ڕیزەکانیانە.

**کوردستان**: زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیە دا.

**مستەفا مەولوودی**: ئێوەش ماندوو نەبن.

لە ژمارە ٧٥١ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٩

-----------------------------------------------

# کەسایەتیی شەهید د. قاسملوو لە ئیلهام بەخشین بە ژنانی نێو ڕیزەکانی شۆڕشدا

**دیمانە:**

**لە کەس شاراوە نییە یەکەم ڕێکخراو لە بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەییدا کە ڕێگەی بۆ بەشداریی ژنان لە کایە سیاسی و ڕێکخراوەییەکاندا کردەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە ٧٤ ساڵ پێش ئێستا بە دامەزراندنی «یەکیەتیی ژنانی دێموکرات» ئەم ڕچەشکێنییەی کرد.**
**باوەڕی حیزبی دێموکرات کە لە بەرنامە و پێڕەوی حیزبدا ڕەنگی داوەتەوە بە ڕوونی دەڵێ کە ژن و پیاو مافی وەک یەکیان هەیە. تەنانەت کاتێک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا باس لەوە کردوە کە «ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێردراندا مافیان وەک یەکە» کە، لە بەشێکی زۆری وڵاتانی پێشکەوتووی ئورووپایی، ژنان هێشتا مافی دەنگدانیان نەبووە!**

**مێعماری بەتوانای ئەم حیزبە بەو پێشەنگایەتییە، شەهید دوکتور عەبدولڕحمان قاسملووە کە دەڵێ: «لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئێمەدا، دەبێ جێگایەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان. وەک دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرابەریی تەاو لە گەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ. بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادەکردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان لە بەیندا هەیە. دەبێ ئەو مەودایە بەرەبەرە لەبەین بچێ. بە بیروڕای حیزبی ئێمە هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوترە و بزووتنەوەکە پێشکەوترە و شانسی سەرکەوتن نزیکترە».**

**لە ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوودا «کوردستان» ڕای چەند خاتوونێکی وەرگرتوە کە لە نیزیکەوە دوکتور قاسملوویان دیوە و وەک بۆ خۆیان دەڵێن بۆ ژیانی سیاسی و کاری ڕێکخراوەییان ئیلهامیان لێ وەرگرتوە:**



## هەڵاڵە قازی

**لە ژیانمدا چەندین جار شانس و شانازیی ئەوەم بووە کە لە نیزیکەوە د قاسملوو ببینم و کاری لەگەڵ بکەم. پیش شەڕی سەراسەری**

و فتوای خومەینی دژی گەلی کورد لە چەند شوێنێک کە میوان کرابوو دیتم. کەسایەتییەکی سەرنجڕاکیش، بەڕێز و شارستانیی هەبوو. کەسێک بوو کە لە قەیرانی ڕێبەریی شۆرشی ئێراندا دەیتوانی شوێنەواری بنەڕەتی لەسەر کۆمەڵگە دابنێ.

ئەو کاتەی لە تەشکیلاتی حیزبدا لە نیزیکەوە کارم لەگەڵ دەکرد، ئەرکێکی من تایپی «تێکۆشەر»، نامیلکەی نێوخۆیی حیزب بوو. هیندێک نووسراوە دەچوونەوە بەر دەستی بەڕێزیان و ئەم نووسراوانە دەبا من بردبام بۆ د قاسملوو.

حیزبی دێموکرات بەپێی تایبەتمەندیی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردەواری دەبوا زۆر کاری بنەڕەتی بکا و و د. قاسملوو بەتەنیا نەیدەتوانی هەمو ئاڵوگۆڕێک پێک بینی. بۆ نموونە لە بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبدا بەرابەریی ژن و پیاو هەبوو، یارمەتیی ماددیی پێشمەرگەی ژن و پیاویش وەک یەک بوو، بەڵام ئەمە هەلە و دەرفەتەی پیاوان هەیانبوو ژن نەیانبوو، بۆ نموونە پێشمەرگەی وەک زینەبە ڕەشمان هەبوو کە تانکی دەشکاند، کەچی پێشمەرگەکانی هاوڕێی کە پیاو بوون دەبوونە سەرپەل و، پیشمەرگە کچەکان هەر پێشمەرگە دەمانەوە.

لە بیرمە جارێک د. قاسملوو لە سەفەری دەرەوە ڕا هاتبوە و منیش بۆ بەخێرهێنانەوەی سەردانم کرد، وەک دیاری قەڵەمیک و عەترێکی دامی کە زۆر لە لام خۆشەویست بوو. دڵخۆش بووم کە ڕێبەری حیزبەکەم ڕێزی گرتووم و دیاریی تەنیا بۆ هاوکارە پیاوەکانی نەهیناوە. د. قاسملوو و د. سەعید ژن و منداڵیان لە لا نەبوو و لە تەنیشت پێشمەرگەکان و وەک ئەوان دەژیان. لە بیرمە هەر ئەو کات نیوەڕۆیەک لە دەفتەر بەرەو مەقەڕی خۆمان لە تەشکیلات دەچومەوە. د. شەرفکەندی دانیشتبوو لە نێو تەشتێکدا یەخەی کراسەکەی بە دوو قامکان گرتبوو و لێکی دەخشاند و دەیشوشت. لێی چوومە پیش و داوام کرد کە ئیجازە بدا من بۆی بشوم. گەڕاوە گوتی سپاست دەکەم، بەڵام قەت ئەو پیشنیارەی بە هیچ پێشمەرگەیەکی دیکە مەکە. با نەڵێن چونکی تۆ کچی دەبی ئەو کارانە بکەی... دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی ئەو جۆرە کەسایەتییانە بوون کە هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە لە ژنیان دەڕوانی.

دیدارەکانی دواتری من لەگەڵ د. قاسملوو لە کۆبونەوەکانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات بوو. ئەو کات کە لە دەرەوە بووم بۆم دەرکەوت بۆچی بە تایبەت د. قاسملوو کە بە چەند زمانی بیانی قسەی دەکرد دەبوا هاتوچۆی دەرەوە و کاری دیپلۆماسییان کردبا و کاری نێوخۆیی حیزبیان بە بەرپرسانی نێوخۆی وڵات سپاردبا. لە نامەیەکدا ئەو پیشنیار و داوایەم لێکرد کە وەڵامێکی کورتی بۆ ناردمەوە. ئەو نەوعە دێموکراسییەی د. قاسملوو باوەڕی پێی هەبوو لەگەڵ نێوەرۆکی نیزامی سیاسیی ئێران و تەنانەت کۆمەڵگەی کوردیش نەدەگونجا. ئەو زۆر لە پێش خەڵکەوە بوو.



## خەدیجە مەعزوور

دوکتور قاسملوو گەلێک خەسڵەت و ڕەفتاری جوان و ئەمرۆییانەی تێدا بوو کە مرۆڤ مەجزووبی ئەو ڕەفتارانەی دەبوو. ئەو ڕێبەرێکی زۆر بەفەرهەنگ و هەڵسوکەوت جوان بوو. دوکتور قاسملوو کاتی خۆی بەناچار بەشێکی زۆری تەمەنی لە وڵاتانی ئۆرووپایی بە تایبەت وڵاتی فەڕانسە بەسەر بردبوو، کولتوور و فەرهەنگێکی زۆری ئۆرووپایی گوڵبژێر کردبوو و وەسەریەکی نابوو و کردبووی بە تێشوو بۆ ژیانی داهاتووی گەلی کورد. بە هاتنەوەی بۆ نێو خاکی نیشتمان و دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزب، هەموو ئەو ئەزموون و فەرهەنگە جوان و بەکەڵکانەی ئۆرووپای ئاوێتەی فەرهەنگی کوردەواری دەکرد و لە ژیانی ڕۆژانەی حیزبایەتیدا لەگەڵ کەسانی دەورووبەری بەکاری دێنا. بۆ نموونە لە کات و سات، قەراردانان، کارکردن و... دا. بێ زیادەڕەویی دەڵێم: هەڵسوکەوت و ئاکارەکانی بۆ ئێمە کە لە دەوروبەری دەژیاین و یەکترمان دەدی وانە بوو، وانەیەکی بەنرخ، وانەی فێربوون، خۆڕاگری، متمانە و باوەر بەخۆبوون و ڕێز لە ژن گرتن و... دوکتور قاسملوو ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەتایبەت لە گەڵ ئێمە ژنان ئینسانی و پێشکەوتوو بوو. کە لەگەڵ ژنان قسەی دەکرد زۆر وشیارانە و بەوردی وشەکانی هەڵدەبژارد و دەیزانی لەگەڵ لایەنی بەرانبەری کە ژن بێ چی دەڵێ. بۆیە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین وشەی دەدۆزییەوە و بەکاری دێنا.

ئاخافتنەکانی لە ڕادەبەدەر گیرا و کاریگەر بوو لە سەر ئێمە ژنان، بە تایبەت لە سەر من. پێم خۆشە لەو پێوەندییەدا بیرەوەرییەک کە لەگەڵ دوکتور قاسملوو هەمە بگێڕمەوە.کە هەرگیز لە بیرم ناچێ:

ئاخروئۆخرەکانی ساڵی ١٣٥٩ و سەرەتای ساڵی ١٣٦٠ بوو. تازە لە شاری شنۆ بەرەو گوندی (شیوەجۆ) و دۆڵی دێمۆکڕات دەچووم کە بارەگای حیزبی دێمۆکڕاتی لێ جێگیر کرابوو. ئەمن زۆر شارەزاییم لە سەر ئەم دۆڵە و کەسانی نشتەجێ لەوێ نەبوو، هەموو شتێک بۆ من نامۆ و نائاشنا بوو. ئەو کات من پێشمەرگەیەکی زۆر شەرمێون بووم. نیوەڕۆ و کاتی نانخواردن هات و شوێنی نانخواردنیان پیشان دام. کە چووم بینیم شوێنێکە ١٥ میتر لە ٦ میتر دەبوو و کەم ڕووناکایی و سادە بوو. خەڵکەکە هەموو لەوێ بوون. دوکتور قاسملوو لە سەرەوە دانیشتبوو و فەرمووی: «خەجیج خانم بەخێر بێی، من لەگەڵ ئەو خانمە جوان و شیرینە نان دەخۆم، وەرە لە پەنام دانیشە.» منیش بە حوجب و شەرمەوە چوومە لای کاک دوکتور قاسملوو دانیشتم. زۆری تاریف کردم و قسەی خۆشی زۆری کرد. سفرە ڕاخرا و شتە پێویستەکان داندرا و خواردنەکە شۆرباو گۆشت بوو هات. کاک دوکتور فەرمووی خەجیج خانم گۆشت ناخوا و شۆرباوەکە دەخوا. ئەمنیش لەخۆڕا گوتم وایە و من تەنیا ئاوی گۆشتەکەی دەخۆم. زیاتر لە یەک مانگ ئەو بەزمە هەر درێژەی هەبوو

و منیش خەریک بووو بۆ گۆشت دڵم بتۆقێ. ڕۆژێکیان گوتیان گۆشتێکی زۆریان هێناوەتە چێشتخانە. وابزانم گورگ لە مەڕی حیزبی دابوو. کورتی کەمەوە نیوەڕۆیە برینج و گۆشتی سوورکراوە بوو، دیسان وەک هەمیشە کاک دوکتور فەرمووی خەجیج خانم گۆشت ناخوا و برینجەکەی دەخوا. کاک دوکتور قسەکەی تەواو نەکردبوو من بە دەنگێکی بەرزەوە گوتم: نا ئەمن گۆشت دەخۆم و گۆشتیشم زۆر پێ خۆشە! کاک دوکتور قاقایەکی لێدا و فەرمووی: ئافەرین ئەوەم دەوێ! لەمێژە چاوەڕوانی ئەم قسەیەم. ئاخر کاتێک تۆ ناتوانی دیفاع لە مافی خۆت کە من دەیخۆم بکەی چۆن دەتوانی دیفاع لە مافی میللەتێک بکەی. د. قاسملوو بەو شتە سادەیە فێری کردم کە ناحەقی لە کەس قبووڵ نەکەم.



## ماپەرە قەرەگۆلی

قاسملوو ئیمان و باوەڕی زۆری بە کورد و کوردایەتیی و حیزبی دێموکرات هەبوو. هەموو هەوڵی ئەو لە هەموو دەم و ساتێکدا ئەوە بوو کە کورد و پرسی ڕەوای کورد زیاتر بە دنیا بناسێنێ. د. قاسملوو هەمیشە ڕێزی بۆ بیروبۆچوونی خەڵکانی دەوروبەری دادەنا، کەسێکی خۆشئەخلاق، زانا، بە دیسپلین بوو و ڕێزی لە دەوروبەری خۆی دەگرت و ئامادە بوو ڕاوێژیان پێ بکا. بیروباوەڕی بەرز و خۆڕاگریی ئەو کاریگەریی زۆری لەسەر هاوسەنگەرانی هەبوو.

ئەو باوەڕێکی زۆری بە خەباتی ژنان هەبوو و هەمیشە دەیگوت ئەگەر بۆخۆتان نەیەنە مەیدان و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانتان نەدەن هیچ کەس ناتوانێ هەقی ئێوە وەدەست بێنێ و بتانداتێ.

شتێک کە قەت لەیادم ناچێتەوە ئەوەیە کە ساڵی ١٣٦٠ کاتێک دوای دەورەیەکی دەرمانی لە فەرانسە گەڕاینەوە، لەسەر داوای کاک دکتور چووینە ناوچەی ئالان کە دەفتەری سیاسیی حیزبیش لەوێ بوو. ڕۆژێک دواتر لە کاتی هاتنەوەدا قادری هاوسەرم پێی گوتم :»ئافرەت وەرە درەنگە با بڕۆین.» دوای ئەوە یەکسەر کاک دکتور بانگی کردمەوە و گوتی: جارێکی دیکە هەق بە کەس مەدە پێت بڵێ ئافرەت، ئافرەت بە مانای زەعیفە دێ و ژن زەعیفە نییە، ئەتۆش لەگەڵ پیاو هیچ جیاوازییەکت نییە و ژن زۆر لەوەی پیرۆزترە کە بە زەعیفە ناوی بێنن.



## ئەسمەر عەباسی

دوکتور قاسملوو لە بنەماڵەی ئێمەدا زۆر خۆشەویست بوو، ئەمن لە بیرمە زۆر جاران نەنکم، دایکم و پوورم لە مەڕاسیمەکانی بنەماڵەییدا یادیان دەکرد و ئاخیان هەڵ دەکیشا و دەیانگوت جیگای «بەبۆش» زۆر بەتاڵە. ناوی دکتور قاسملوو لە سەردەمیی منداڵییدا «بەبۆش» بوو.

زستانی ساڵی ١٣٥٧ لە تاران بووین کە پوورم بانگی کردین و گوتی ئەمشەو میوانمان دێ و کەس نابێ بچێتە شوێنێک. ئێمە نەماندەزانی چ باسە. هێشتا ڕێژیمی شا نەڕووخابوو. هەموومان دانیشتبووین کە دیتمان کەسێکی خۆشمەشرەف و جوانکەڵە هاتە ژوورێ. پوورم دەسبەجێ باوەشێ پێدا کرد و دەستی کرد بە گریان... ئەمە یەکەم دیداری ئەمن و دوکتور قاسملوو بوو کە خزمی نیزیکم بوو. دەریایەک لە زانست و بەئەخلاق و مەجلیس خۆش. دوای شۆڕشیش زۆرترم لە ماڵی خزمان دەدی. بەڵام ئەو زۆر پڕکار و ماندوو بوو بە کاری حیزبەوە.

شەڕ لە کوردستان دەستی پێکردبوو. ڕۆژێک میوانی ماڵی ئێمە بوو. لە خزمەتیدا دانیشتبووم کە لەپڕ ڕووی تێکردم و گوتی ئەتۆ لە ماڵێ چ دەکەی؟ بۆ نایەیە نێو حیزب. ئێمە دەمانەوێ بەشی ئازەریی ڕادیۆ وەڕێ بخەین و پێویستیمان بە وێژەر هەیە. ئەگەر بە دوومدا ناردی وەرە. کە من هاتمە نێو حیزب دەفتەری سیاسی لە شیوەجۆ بوو. پێشمەرگەیەکی زۆر لەو ناوچەیە بوو و د. قاسملوو نەزم و ئینزباتێکی سەیری لەوێ جێگیر کردبوو. هەر کەسە و کاری خۆی دەکرد. ئەمن دەمدی کە دوکتور قاسملوو لەگەڵ هەموو بلیمەتی و زانایی خۆی هیچ جیاوازییەکی نەدەکرد لە نێوان خۆی و پێشمەرگەکانی دیکەدا. لەگەڵ ئێمە نانی دەخوارد و لەگەڵمان دادەنیشت و باسی سیاسەت و حیزبایەتی و بارودۆخی ئێران و کوردستانی بۆ دەکردین. بەتایبەت ئێمەی ژنانی هان دەدا کە دەبێ بۆخۆمان لە فیکری ماف و ئازادییەکانی خۆماندا بین و نابێ چاوەڕوان بین ئەو مافانەمان بەبێ ڕەنج و ماندووبوونی خۆمان بدەنێ.

بیرەوەرییەکی خۆشم لە کاک دوکتور هەیە. باڵتۆیەکی هەبوو زۆر جار بە پێشمەرگەکاندا ناردبووی بۆی بدوورمەوە. دەمگوت خاڵە بۆ باڵتۆیەکی تازە ناکڕی؟ هەموو جارێ وەڵامەکەم ئەوە بوو: «ئەگەر بۆ هەموو پێشمەرگەکانمان کڕی ئەمنیش دانەیەکم بەردەکەوێ.»



## سەکینە حوسێنی

ڕەزبەری ١٣٦٠ی هەتاوی بوو کە دوای ئاشکرابوونی پێوەندیم بە حیزبەوە لە شاری سەردەشت هاتمە دەرێ و خۆم بە یەکەم بنکەی حیزب ناساند. دواتر بەپێی کاری پەروەردەییم پاش دیتنی یەکەم دەورەی مامۆستایی لە ئاوایی مووسالان و، دوای کۆنگرەی شەشەمی حیزب، لە سەر داوای کۆڕی پەروەردە ئەرکی مامۆستایەتیم لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبدا درێژە پێدا. ئەو کات بۆ یەکەم جار لە نیزیکەوە و بە ئاوەدنگی شەهید دوکتور قاسملوم دیت. سەردان و لێپرسین و لە ئیختیارنانی کەرەسەی پێویست و جێگاوڕێگا و بواری ئەمنییەتی و پشتیوانی و کەسایەتی پێدانی مامۆستا و قوتابیانی قوتابخانەی کوردی لە سایەی گرینگیپێدانی شەهید کاک دوکتور قاسملۆوە، حاشاهەڵنەگرە.

کاک دوکتور بەپێی دەرفەت و دەرەتان سەردانی خێوەتی دەرس تێداگووتنەوەی دەکردین. ئەو هەتا بڵێی بە گفت و لفت و قسەخۆش و مێهرەبان بوون دەگەڵمان. ڕاسپاردەی بەجیدیی بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکانی قوتابخانە بە ئۆرگانی پێوەندیدار دەدا. مامۆستایانی بنکەی دەفتەری سیاسی چەند ژن بووین کە لە سایەی سەری ڕێنوێنی و کاریگەری د. قاسملووەوە کەسایەتیی حەقیقی و حقوقیمان پارێزراو بوو و بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکراین. ژنان دەرەتانی نواندنی نەقش و چالاکییان لە هەموو کۆمیسیونەکاندا هەبوو، یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاون بە پشتیوانی و پشتگەرمیی کاک دوکتورەوە پتر ڕوو لە گەشەسەندن و دەورگێڕان بوون.

بەکورتی شەهید .ر قاسملوو ڕێبەرێکی بەوەج و لێهاتوو و زانای دێمۆکرات بوو، ئوتوریتە و پرستیژ و گەورەیی و دەنگ و ڕەنگی حیزب لە سایەی ڕێبەریی ئەودا سنوورەکانی بەزاند و پێشکەوتن و سەرکەوتنی بەشی پەروەردە و بارهێنانی حیزب، لە گرینگی پێدان و پشتیوانی گەرموگوڕی شەهید قاسملووی دەزانم.

وەک مامۆستایەک خۆم بە بەختیار دەزانم کە لە نەتیجەی پەروەردەکردنی چەندین ڕۆڵەی ئەو حیزبەدا کە بە پلەکانی دوکتورا و خوێندنی باڵا و تەنانەت خۆدیتنەوەی بەشێک لەو ئازیزانە لە ڕێبەریی حیزبدا و لە دەورانی پڕ لە شانازیی وجودی دوکتور قاسملووی ڕێبەردا نەخشم بووە.



## خەدیجە ڕۆستەمی

کاک د. قاسملوو باوەڕی تەواوی بە مافی ژنان هەبوو هەر بۆیەش هەر لە سەرەتای شورشدا لەنێو حیزبی دێموکراتدا ژنانیش توانییان بەشداریی چالاکەنەیان لەو شۆڕشەدا هەبێت. دوکتور قاسملوو هەر زۆر زوو کاریگەریی خۆی لەسەر دیاردەکانی کۆمەڵگە دانا و قەدەغەکردنی «ژن بە ژنە»، «گەورە بە بچووک» و ڕێگری لەوە پیاو دوو ژن بێنێ بۆ ئەم بەرنامە و سیاسەتانە دەگەڕێتەوە دوکتور قاسملوو دایڕشتبوون.

دوکتور قاسملوو هەمیشە دەیفەرموو ئەو کۆمەڵگەیە بەختەوەرە کە مافی ژنی تێدا دەستەبەر کراوە و، هیوادارم ڕۆژێک بێ ئەوە کۆمەڵگەی کوردەواریش بگرتەوە. وە بەحەق بۆ ئەوە هەوڵی دەدا و بووژاندنەوەی یەکیەتیی ژنان و مەیداندان بە ژنان لە کاری ڕێکخراوەیی بەشی زۆری بۆ هەوڵەکانی ئەو دەگەڕاوە. د. قاسملوو دەیفەرموو ئەرکی خوشکان زوور دژوارترە لە پیاوان، خوشکان دەبێ لە دوو بەرە و سەنگەردا خەبات بکەن، هەم بۆ ڕزگاریی گەلی کورد و هەم بۆ مافەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا کە دیارە ئەم دوو ئەرکە پێکەوە زور دژوارن، بۆیەش خوشکان دەبێ پشوودرێژ بن، باوەڕیان بە خۆیان هەبێ و نەترسانە هەوڵ بدەن بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا.

کاک د. قاسملوو هەوڵی دەدا کچان زیاتر بێنە مەیدانی خەبات و پێشمەرگایەتی، ئەگەرچی هەلومەرجی کۆمەڵگە و خەباتەکەش بۆ ئەوە زۆر گونجاو. بەڵام کاک د. قاسملوو سوور بۆو لەسەر ئەوەی کە ژنانیش سەرباری هەموو دژوارییەکان دەبێ بەشداربن لە شۆڕشدا.

ئەمن بۆخۆم یەکیک لەو کچانەم کە لە سەردەمی کاک د. قاسملوودا پێشمەرگە بووم و بیرەوەریی زۆر بەنرخم لەو سەردەمە هەیە. کاتی خۆی من لە هێزی پێشەوا بووم و پاش ماوەیەک بەهۆی بارودۆخی سەختی ناوچە بێ ئەوەی پێمخۆش بێ بەزۆر بەرێی شوێنەکانی دەورووبەری دەفتەری سیاسی کرام. ئەمن ئەو بریارەم پێناخۆش بوو، بۆیە هەر کە گەیشتمێ داوام کرد کە د. قاسملوو ببینم. فەرمووبووی با بێت. ئانوساتێکی یەکجار خۆش بوو کە دەمدی لە نیزیکە لە خزمەت کاک دوکتور دام. نەمدەزانی چۆن دەست پێبکەم. دواجار هاتمە قسە و گوتم باشە بۆ چی پێتان وایە کچان هەر دەبێ لە نەخۆشخانە و قوتابخانە و ئینتشاراتدا پێشمەرگایەتی بکەن؟ فەرمووی قەولت پێ دەدەم وا نامێنێ لە داهاتوودا. واش بوو. دوایە ڕێژەی کچان زیادی کرد و کاری مەیدانیی زیاتریان پێ سپێردرا.

ئەمن هەموو کاتێ خۆم بە ئەمەگداری قاسملوو و بە ڕێبواری ڕێباز و ئامانجەکانی دەزانم.

له ژماره ٧٥٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## ژنی کورد و خەباتەکەی لە دوو سەنگەری بەبایەخدا




بیانووی نووسینی ئەم بابەتە یادێکە لە شەهیدان سۆیلا قادری و نەسرین حەداد، دوو چالاکی سیاسیی کورد، دوو تێکۆشەری بواری یەکسانیخوازی، دوو سەرکردەی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، دوو لیدەری ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە ساڵی ڕابردوو لە هێرشە مووشەکییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر قەڵای دێموکرات شەهید بوون.

سۆیلا و نەسرین وەک دوو ژنی کۆمەڵگەی کوردستان لە دەست زوڵم و ستەم و چەوسانەوە ڕاپەڕیبوون، ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی ڕەگەزی؛ ستەمێک کە بە درێژایی مێژوو لە نەتەوەکەیان وەک کورد و لە خۆیان وەک ژن کراوە. ئەوان هەم چالاک و هەم پێشمەرگە و هەم سەرکردە لە کاروانی شۆڕش و جووڵانەوەیەک بوون کە بۆ نەهێشتنی ئەم ستەمانە بەڕێوەیە. ئەو دوو شۆڕەسوارە لەو مەسیرەدا گلان، گیانیان بەخت کرد، بەڵام خولیا و ئامانجە بەرزەکانیان؛ خولیا و باوەڕ و بەرنامەی ئێمەمانان و دەکرێ بڵێم هەموومانە.

سۆهەیلا و نەسرین کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوون، هاوکات دوو کەسی دیاری بزووتنەوەی ژنانی کوردستانیش بوون. لە یەک ساڵەی شەهیدبوونی ئەم دوو کەسایەتییە دیارەی بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتدا، کورتە باسێک دەکەین لە بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خاڵی هاوبەش و هاوکات جیاوازییەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا.

بزووتنەوەی ژنان تابعێکە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، هەلومەرجێک کە تێیدا ژن وەک مرۆڤێک دەگا بە ئاستێک لە تێگەیشتن و فامکردنی مافە سروشتی و مرۆییەکانی کە لێی زەوت کراوە، جا لایەنی زەوتکەر نیزامێکی کۆمەڵایەتیی پیاوسالار بووبێ، یان نیزامێکی سیاسیی دژەژن. لەو هەلومەرجەدا ژنان خۆیان ڕێک دەخەن، تواناکانیان لە کاری گرووپیدا دەنێنە سەر یەک و لە هەناوی کۆمەڵگەدا دەست دەکەن بە خەبات، نافەرمانی، وشیارکردنەوەی گشتی و هەوڵدان بۆ گۆڕان.

بزووتنەوەی ژنان لە ئێران مێژووەکەی بۆ شۆڕشی مەشرووتە لە ساڵی ١٩٠٦ی زایینی دەگەڕێتەوە و تێیدا ژنان دیارتر دەردەکەون و

ڕۆڵی بەرچاو لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەردەمدا دەگێڕن. بەڵام زۆر زوو زاڵبوونەوەی هەم نیزامی سیاسیی سەرکوت و هەم تۆخکردنەوەی بەها و بایەخەکانی کۆمەڵگەی نەریتی پاڵی بە ژنانەوە نا و تووشی وەستانی کرد، بەڵام ئەم وەستانە کۆڵدان و دەستەوەستانی نەبوو.

مێژووی خەباتی ژنانی کوردیش بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە تێیدا مەستوورەی ئەردەڵان دەبێتە یەکەم مێژوونووسی ژنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆ ئەو سەردەمەی ژنانێکی وەک ڕەوشەن بەدرخان، حەفسەخانی نەقیب و میناخانمەکان قوتابخانەی کچان دەکەنەوە و کچان بۆ خوێندن و فێربوونی زانست هان دەدەن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بزووتنەوەی ژنان مۆرکی تایبەت بە خۆی وەردەگرێ و بە دامەزرانی ڕێکخراوەی ژنان و کاری پەروەردەیی و فێرکاری و سیاسی قۆناغێکی دی لە خەبات و ژیانی سیاسیی ژنان دەنووسێتەوە. لە بڕگەیەکی دیکەی مێژوویيدا و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئیدی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی و مافخوازانەی ژنی کورد ئیتیکێتی تایبەتیی خۆی دەدرێتێ و ئیدی ناکرێ و ناتوانرێ ژنان پەراوێز بخرێن.

لە ئاستی ئێراندا بەشداری لە خۆپیشاندانی بەرینی ١٧ی ڕەشەممەی ١٣٥٧، ٢٠ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕش دژی ڕێژیمی پاشایەتی بۆ "ناگوتن" بە حیجابی زۆرەملێ و دواتر گوڵکردنی ژنانی کورد لە چالاکییە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستانی سەردەمی ڕووداوەکانی دوای شۆڕش؛ ئاماژەگەلێک بوون کە دەریان خست بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و کوردستان ڕچە و ڕێگەی خۆیان دیوەتەوە. سەلماندی کە ژنان ئیدی پەراوێز ناخرێن، وە ناکرێ نادیدە بگیرێن. خۆپیشاندانە مێژووییەکەی مەریوان و بەشداریی ژنان لە ڕیزەکانی هەرە پێشەوەی خۆپیشاندان و نارەزایەتییە سیاسییەکان، دروستبوونی کارگرووپە جۆراوجۆرەکان لە بواری بەشداری پێکردن بە ژنان و پەروەردە و فێرکردنیان و؛ هەروەها بەشداریی ژنان لە ڕیزی پێشمەرگانە و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەییدا کەسایەتیی تایبەتیی بە جووڵانەوەی ژنانی کورد بەخشی. ژنان لەو قۆناغە بەولاوە سەلماندوویانە کە بەهێزن، کە شوێندانەرن، کە بەفیکر و خەللاقن، کە ئازادخواز و شوناسویستن و ئامادەن باج و هەزینە و تێچووی خەباتگێڕیی خۆشیان بدەن.

هەڵبەت لەم بەشە لە خەباتی ژناندا ناکری ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەبەرچاو نەگیرێن و حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە بە بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەی خۆیان ڕۆڵی گرینگیان هەبووە لەو قەڵەمبازەی بزووتنەوەی ژناندا. ئەم پێناسە نوێیەی ژنان لە خەباتی نەتەوایەتی و خەبات بۆ یەکسانیی ڕەگەزی لە خۆیان کرد و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە پشتیان بوون، ڕێی لە زۆر بەرنامە و ئیدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی گرت و لەو پێوەندییەدا کوردستان ناوچەیەکی جیاواز بوو لە ئێران. بەمەش ڕەوتێک لە بزووتنەوەی ژنانی کورددا دەستی پێکرد کە تا ئێستاش لە گۆڕمی جۆراوجۆردا درێژەی هەیە.

ژنان ئەمڕۆکە لە هەموو نافەرمانییەکان، کایە سیاسی و مەدەنییەکان، چالاکییە ئەدەبی و ژینگەپارێزییەکان، بۆنە نەیەوەیی و نیشتمانییەکان، نافەرمانی و نارەزایەتییەکان ئەگەر پێشەنگیش نەبووبن، بەڵام شانبەشانی پیاوانی نیشتمانەکەیان لە سەنگەردان. جا هەر لێرەدا جێی خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ زارا محەممەدی کە ئێستا زیاتر لە سێ مانگە لە زیندانی ئیتلاعات دایە و چارەنووسی

ناڕوونە، بە کام تاوان؟ بە تاوانی خۆشویستنی نیشتمانەکەی، بە تاوانی فێرکردنی زمانی کوردی بە منداڵان، بە تاوانی پاراستنی ئەدەب و کولتووری نەتەوەکەی. وە ئەوانە میرات و سامانی مەعنەویی سۆیلا و نەسرینن کە زاراکانی نیشتمان بەبایەخەوە دەیپارێزن و بۆی تێدەکۆشن.

لەگەڵ ئەوەشدا دەرد و مەینەتییەکانی ژنی کورد لە ئێران، لە هەڵاواردنەکان و لە توندوتیژی و بێمافییەکان کەم نین و بەدەر لە هەڵاواردن و توندوتیژیی حکومەت و چەوسانەوە بەدەست قانوون و دەسەڵاتەوە، ژنان ستەمی میللی و نەتەوەییشیان لێدەکرێ. لە هەژاریدا هێشتنەوە و پشتگوێخستنی کوردستان لە گەشەی کۆمەڵایەتی و مرۆیی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەکرێ، بەشی سەرەکیی قوربانییەکانی ژنانن. با هەر دوو نموونە بێنمەوە: هیچمان تا ئێستا نەمانتوانیوە سووتانی کچانی شیناوێ لەبیر خۆمان ببەینەوە، کارەساتێک کە لە کوردستان چەند جاری دیکەش دووپات بۆتەوە. یان ئەگەر کۆڵبەرێک بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین لە بن پێیدا یان هەڵدێران دەکوژرێ یان نقوستان دەبێ، باری قورسایی ژیانی ئەم خێزانە دەکەوێتە سەر شانی ژنی ماڵ، بە هەموو ئەو مەینەتییانەی لەو سۆنگەیەوە بەسەری دێ. هەژاری و بێکاری، زۆربوونی تەڵاق، توشبوون بە مادە هۆشبەرەکان، پەرەسەندنی خۆکوشتنەکان و دەیان خەساری کۆمەڵایەتی هەموو لە سۆنگەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەسەر ژنانی کورد دێن.

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە کوردستان بۆ ئەوە نییە ژنان تواناسازییان تێدا بکرێ و قانوون پشتیان بگرێ و هاوبەش بن لە کایە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان؛ بەڵکوو هەموو سیاسەت و بەرنامەکانی حکومەت لە خزمەت سەرکوتی ژنان و مافەکانیانە. وە ئەوەش بڵێم کە تێچووی سەربزێوی و نافەرمانی و دەنگهەڵبڕین لە کوردستان بۆ ژنان زیاترە، بەڵام بەو حاڵەش بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان لە پێناو پساندنی ئەم کۆت و بەندانە و دەستەبەری مافە مرۆییەکانیان بەردەوامە.

کە دەڵێین بزووتنەوە، مەبەست مانا تایبەتە فمینیستییەکەی نییە، بەڵکوو لە وڵاتێکدا و لە سایەی دەسەڵاتی ڕێژیمێکدا کە ژنان تامی تاڵی هەموو هەڵاواردن و بێمافییەک بە گیان و دڵ دەچێژن، هەرچەشنە نارەزایەتییەک، هەر چەشنە جموجۆڵ و تەنانەت دەمەلاسکەی نەریت و بایەخەکانی ڕێژیم بە لەچکەفڕیدان یان دووچەرخەسواری و شاخەوانییەکیش لە ڕیزی بزووتنەوەدا جێ دەگرن.

لێرەدا جێی خۆیەتی کە باس لە ناحەقییەکیش بکەین کە لە چالاکانی ژنی کورد، لە زاراکان و ژنە تێکۆشەرەکانی دیکەی کورد دەکرێ و هەموو ئەو تاوانەش لە سۆنگەی کوردبوونی زاراکانە:

بەداخەوە ئەگەر ستەمی دەسەلات و سیستم لە ژنان چەندقاتە، کەچی ڕەنگدانەوەی ئەم سەرکوت و سڕینەوەیەی ژنانی کورد لە میدیاکانیشدا وەک یەک نییە، مەبەستم تەنانەت میدیاکانی ئۆپۆزیسیونی دژبەری ڕێژیمە. بۆ نموونە "نەسرین ستوودە" و "ئاتنا دایمی" دوو زیندانیی سیاسیی ژن لە ئێرانن کە کارەکانیان بەنرخ و بایەخە، بەڵام ئەوەندەی باس دەکرێن و لەلایەن میدیا و کۆڕ و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤەوە دەخوێندرێنەوە، نەک نیو ئەوەندە بەڵکوو سەتا یەکی ئەوان باسی زێنەب جەلالیان ناکرێ کە سزای ئەبەدی دراوەتێ، یان باسی زارا محەممەدی ناکرێ کە بە تاوانی وانەگوتنەوەی بە منداڵان بێسەروشوێن کراوە. ئەوانە هەمووی لە

سۆنگەی کوردبوونی زێنەب و زارایە و هەروەها دەربڕی یەک ڕاستیی گرینگیشە: ئەویش ئەوەی جووڵانەوەی ناوەندتەوەر قەت ناتوانێ هەڵگری خواست و گوتاری ژنانی نەتەوە نافارسەکان و یەک لەوان ژنانی کورد بێ.

ئەوە پێمان دەڵێ دەردی ژنی کورد و داڵغەی ژنی کورد و مافی ژنی کورد و گوتاری ژنی کورد جیاوازە لە ئی ژن لە ناوەند، لە تاران، لە ئیسفەهان و مەشهەد. پێمان دەڵێ ڕوانگەی ئەمنیەتیی زاڵ بەسەر کوردستان لە سەر چەندی و چۆنیی زەوتکردنی مافی ژنان، لەسەر سەرکوتی ژنان و نەدیتنی ژنانی کورد چەندەی کاریگەریی نەرێنی داناوە. وە شتێکی دیکەشمان پێدەڵێن. ئەویش ئەوەی خەباتی ژنان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتیدا و لە نێو ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتدا و، کۆبوونەوەیان لەبن چەتری گوفتومانی حیزب و یەکیەتیی ژناندا چەندە بەجێ و ڕەوا و لە هەمانکاتدا دەقیقە. چونکی بەشداریی ژنانی کورد لە ڕیزی جووڵانەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد و لە ڕیزی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژناندا نەک هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ خەباتی ئەوان بۆ یەکسانیی ڕەگەزی نییە، بەڵکوو باشترین سەنگەر و مەتەرێزیشە. سەنگەر و مەتەرێزێک کە سۆیلا قادری و نەسرین حەدادی پێشەنگ هەڵیان بژارد و لەو سەنگەرەشدا گیانیان دانا.

## دوا قسە:

ژنان لە ئێران و ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مافەکانیان دەستەبەر نابن، هەتا وەک نیوەی کۆمەڵ نەیەنە نێو مەیدانی بەکردەوە و بەشدارییان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان. هەڵبەت ڕوونە بەشداری و هاوبەشیی ژنان لە هەموو جومگە سیاسی و مەدەنییەکانی کۆمەڵگە کاتێک وەدی دێ کە ژنان و پیاوان مافی وەک یەکیان هەبن لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا، دامەزراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەبێ بۆ بەدواداچوونی ئامانج و مەبەستەکانیان، ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەش ئازادیی بەکردەوە و تێکۆشانی مەیدانییان هەبێ، ئەمنییەت هەبێ، ئازادی هەبێ، وە ئەوانەش کۆمەڵێک شتی بنەڕەتی و ساختارین کە لە بوونی کۆماری ئیسلامیدا وەدی نایەن... نە بۆ کۆمەڵگە و نە بۆ ژنان...

بۆیە لەو قۆناغەدا هەموومان دەبێ دەست لەنێو دەستی یەکتر و یەکریز و یەک مەبەست و یەک ئامانج، لەپێناو ڕووخان و نەمانی ئەم ڕێژیمەدا تێ بکۆشین و خەونی گەورەی شەهید سۆیلا و سۆیلاکان، شەهید نەسرین و نەسرینەکان وەدی بێنین.

لە ژمارە ٧٥٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------

# مستەفا مەولوودی: تاوانە پشتی ڕۆژاوا چۆڵ بکرێ



**مستەفا مەولوودی**: کورد لە ڕۆژئاوا لە پێناو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و ئەمنیەتی جیهانیدا شەڕی کردوە، ئەویش لەدژی تاریکترین بیری سەردەم؛ بۆیە تاوانە پشتیان چۆڵ بکرێ

ڕووداوەکانی ڕۆژاوای کوردستان لەم ڕۆژانەدا چەقی سەرنج و لێکدانەوەکان لە ناوچە و جیهانیشە. ئەم ڕووداوانەی کاریگەریی زۆری لەسەر ڕیزبەندیی سیاسی و هەڵوێست و هەروەها کاردانەوە جیاوازەکان لە زۆربەی شوێنەکان بەتایبەت لە کوردستان بووە. ڕۆژاوا بۆ گەیشتە ئەمرۆ؟ مەترسییەکان بۆسەر داهاتوو کورد چەندەن؟ کۆماری ئیسلامیی ئێران لەکوێی ئەم هاوکێشەیە دایە؟ بۆ تاوتوێی ئەم باسانە و وەستان لەسەر چەند تەوەرێکی دی، "کوردستان" دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە.

**کوردستان**: کاک مستەفا با بەو پرسیارە دەست پێبکەین کە لە ڕۆژاوای کوردستان چ دەگوزەرێ و ڕۆژاوا بۆ گەیشتە ئەم دۆخە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەوەی ئێستا لە ڕۆژاوا ڕادەبرێ، تڕامپ چەخماغەکەی لێدا. لەدوای پێوەندیی تەلەفوونیی تڕامپ بە ئەردۆغان و کشانەوەی هەڵنەسەنگێندراو و بە پەلە پـرووزەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاوای کوردستان، هێرشی بەربڵاوی هێزەکانی تورکیە بە هاوکاریی سپای ئازادی سووریە - کە وەک باس دەکەن تێکەڵییەکی سەیر و زۆر نامۆن - بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان دەستی پێکرد. هەرچەندە شەڕڤان و کچ و کوڕە خەباتکارانی ئەو دەڤەرە بەرگرییەکی کەموێنەیان کردوە، بەڵام لە شار و گوندەکانی ئەو دەڤەرە کە هێرشیان کراوەتە سەر، کارەساتی مرۆڤی ڕوو دەدا و خەڵکی سڤیل دەکوژرێ و شار و گوند و ماڵ و حاڵی دانیشتووانی وێران دەکرێ و خەڵک ئاوارە و پەڕیوەی هەندەران دەبن. بەپێی ئاماری نافەرمی تا ئێستا زیاتر لە سێسەد هەزار کەس ئاوارە بوون، بە سەدان کەس کوژراو و بریندار هەیە. ڕاپۆرتە نافەرمییەکانیش بە نیشاندانی برینـدارەکان گوزارشت لەوە دەدەن کە تەنانەت چەکی قەدەغەکراویش لەسەر خەڵکی سڤیل بەکار هێنراوە، دیارە وەک ڕاپۆرتەکان باس دەکەن بە دەیان سەربازی تورک و بەسەدان چەکداری سپای بەناو ئازادی سوورییە لەو شەڕەدا کوژراون و بەداخەوە دەیان شەڕڤانیش شەهید و سەدانیش بریندار بوون.

ئەوەی لە ڕۆژاوا ڕوو دەدا بەشی زۆری بۆ سازان و ڕێککەوتنی وڵاتانی خاوەن بەرژەوەند لە سووریە دەگەڕێتەوە کە بەداخەوە لەسەر حسێب و لەسەر خاک و بەرژەوەندییەکانی کورد دەکرێ، هەر ئەو کوردەی دەوری گرینگ و چارەنووسسازی لە شکستدانی داعش، وەک هەڕەشەیەک بۆسەر ئەمنیەتی جیهان و ناوچە هەبوو.

**کوردستان**: کەم نین ئەوانەی دەڵێن ئەوەی لە ڕۆژاوای کوردستان ڕوو دەدا دەرەنجامی کردەوەکانی کورد خۆیەتی، ئایا هەموو مەسەلەکە ئەوەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: من پێم وانییە، بۆ؟ یەکەم، دانیشتووانی ڕۆژاوای کوردستان بەپێی هەلومەرجی سیاسی - جوغرافیایی ناوچەکە لە دەرفەتێک کە لەو دەڤەرە هاتۆتە پێش، کەلکیان وەرگرتوە، ڕێکخستنی سیاسی و مەدەنییان دروست کردوە، هێزێکی باشی بەرگرییان لە کچان و کوڕانی ئەو بەشە لە کوردستان لە هەموو پێکهاتەکان پێک هێناوە، ئیدارە و خۆبەڕێوەبەریی خەڵکییان لە ناوچەکەیان دامەزراندوە، چەندساڵێکە لە بۆشایی دەستەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بەباشی ئەو بۆشاییەیان لە بەرژەوەندیی خەڵکی خۆیان پڕ کردۆتەوە و لە سۆنگەی هەموو ئەوانەوە، بەنیسبەت بەشەکانی دیکەی سووریە خەڵک زۆر کەمتر تووشی ئاوارەیی و شارەکان کەمتر تووشی وێرانی بوون. ئەوان لەگەڵ هاوپەیمانانی دژبە داعش مەترسییەکی گەورەیان لەکۆڵ مرۆڤایەتی کردەوە. لەڕاستیدا تێکشاندنی ئیرادەی مرۆڤکوژی و وێرانکاریی داعش لەسەر زەوی، لەسەر دەستی هێزی شەڕڤان لە سووریە و هێزی پێشمەرگە لە عێراق بوو کە بە هەیبەت و ئازایەتی و خوێن و قوربانیدان و گیانبەختکردنی زیاتر لە یازدە هەزار شەهید وەدی هاتوە. کورد لە ڕۆژئاوا سیاسەتیان بە نیسبەت دەوڵەتی ناوەندیش، مەدارا و دوورکەوتنەوە لە شەڕ و لێکدان بووە.

ڕاستە دەکری بەنیسبەت جۆری سیاسەت کردن و هەڵسوکەوتی «پەیەدە» لە ڕۆژاوای کوردستان سەرنج و تێبینیش هەبن، وەک ئەوەی پەیەدە مەیدانی ئەوەی نەدا کە هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژاوا دەوری خۆیان هەبێ و هەر بۆیە نەکراوە لە وزە و توانایی هەموو لایەنەکان وەک پێویست کەلک وەربگیردرێ. یان لەبارەی ئیلهام وەرگرتنی پەیەدە لە پ ک ک و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە کە تێبینیی جیددیمان بووە و لە دانیشتمان لەگەڵ هەڤاڵانمان لە پەیەدە، ڕوانگەی خۆمان و شوێنەواری ناموناسبی ئەو سیاسەتەشمان وەبیر هێناونەوە، هەر ئەو شتەی کە ئێستا بۆتە بیانووی تورکیە بۆ هێرش بۆسەر ڕۆژاوای کوردستان و سووریە؛ بەڵام ئەوانە هیچی پاساوی ئەم هێرش و دەستدرێژییەی تورکیە نین. بەسەرنجدان بە ئەزموونی ئیداری و خۆبەڕێوەبەریی پەیەدە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لە پێنج - شەش ساڵی ڕابردووشدا دەبینین کە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی کورد لەو ناوچەیەدا هیچ کێشەیەکی ئەمنیەتی بۆ تورکیە دروست نەکردوە، لەو هەرێمەوە هێرش نەکراوەتە سەر ئەم وڵاتە و کەسێکی ئەو وڵاتەش زیانی پێ نەگەیشتوە، تەنانەت یەک فیشەکیش لە سنووری وڵاتی سووریە کە پەیەدە دەستەڵاتی بەسەریدا بووە بە خاکی تورکیەدا نەتەقیوە. سنووری تورکیە لەو دەڤەرە سنوورێکی تەواو ئارام بووە، تەنانەت ئاوارەکانی کە ئێستا لە تورکیەن زۆر کەمیان هیی ئەو سنوورەن. بۆیە ئەوانەی وا دەڵێن یان زانیارییان نییە یان هەر پاساوێکی بێبنەمایە کە تورکیە کەلکی خراپی لێ وەردەگرێ.
لایەکی دیکەی ئەم بابەتە ڕاست بۆ سیاسەتەکانی ئێستای ئەمریکا و مەزنیخوازیی تورکیە و چەند فاکتۆرێکی دەرەکیی دی دەگەڕێتەوە کە لە ئیختیار و دەسەڵاتی کورد بەدوورن و سەرنجەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەو پێشهاتە دەبێ لەسەر ئەوانە بن.

**کوردستان**: بەرەنگارییەکی کەموێنە لە ڕۆژاوا دەکرێ. پێتان وایە مقاوەمەت و بەردەوامیی خۆڕاگریی کورد بتوانێ گۆڕان لە هاوکێشەکاندا دروست بکا؟ کورد چیی بەدەستەوەیە بۆ گۆڕینی هاوکێشەکە لە بەرژەوەندیی خۆیدا؟

**مستەفا مەولوودی**: هەر چەندە بەداخەوە هێزی دوو لایەنی شەڕەکە زۆر نابەرامبەرە. دەوڵەتی هێرشکەر سپاکەی بە هەموو کەرەسەیەکی نیزامی تەیارە و، ئەرتەشی بەناو ئازادی سووریەش کە بۆ تورکیە شەڕ دەکەن لەلایەن تورکیەوە تەیار و پڕچەک کراون؛ بەڵام ئەو هێزەی دیفاع لە خاک و خەڵکەکەی خۆی دەکا و ئازایانە لە بەرامبەر ئەو هێرشە زاڵمانەدا ڕاوەستاوە، چەکی دەستیان تەنیا دەستکەوتەکانی شەڕی داعشە، بەڵام بە ئیرادەیەکی قایم و پۆڵایین خۆیان ڕاگرتووە و دیفاع دەکەن. تا ئێستا ئەو خۆڕاگرییەی کە بۆ پاراستنی خاک و خەڵک لە خۆیانی نیشان دەدن ئۆگرییەکی زۆری لە شەقام و لەنێو خەڵک و کەسایەتی و تەنانەت دەوڵەتانیش بۆ ڕاکێشاون.

ئەمن پێم وایە ئەگەر تا چەند ڕۆژێکی دیکە هەر ئاوا ئازایانە خۆ ڕابگرن، ئیمکانی هەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار بێ هەنگاوێکی پێشگیرانە هەڵبێنێ، دەنا کارەساتی گەورەی مرۆیی زیاتر ڕوو دەدا. زیانەکانیش دیارە کە چین. ژمارەیەکی زۆرتر لە باشترین شەڕڤانەکان کە لەسەر زەوی داعشی تێک شکاندوە لەدەست دەچن، سنووری یاسایی وڵاتێک پێشێل دەکرێ و بەشێکی ئەو وڵاتە داگیر دەکرێ، بەپێی لێدوانی کاربەدەستانی پلەبەرزی تورکیە خەڵکی شوێنی دیکە لەو ناوچانە نیشتەجێ دەکرێن و دێموگرافیی ئەو ناوچەیە بە تەواوی دەگۆڕدرێ، کە ئەوە دەبێتە هۆی دروستکردن و سەرهەڵدانی کێشەی زیاتری دیکە لەو ناوچە هەستیارە کە دەتوانێ لە کۆتاییدا شەڕ وماڵوێرانیی زیاتری بەدوودا بێ. بۆیە پێم وایە مقاوەمەت دەتوانێ حەقانییەت و ڕەسەنایەتیی ئەو خەڵکە لەو دەڤەرە بۆ چەندەمین جار بسەلمێنێتەوە و ویژدانی مرۆڤایەتیش بەخەبەر بێنێ و، کارێکی کردەیی بکرێ بۆ بەربەست دانان لەبەردەم ئەو هێرشە ناڕەوایە و پێشگیری لە کارەساتی مرۆیی زیاتر.

**کوردستان**: کاک مستەفا ئەو ڕۆژانە زۆر قسە لەوە دەکرێ کە کورد جارێکی دیکەش خیانەتی لێ کرا، مەبەست ئەمریکاشە. ئێوە چۆن چاو لە چەمکی بەرژەوەندی و هەروەها ئەمەگ و خیانەت لە سیاسەتدا و لە نێوان پێوەندییەکانی چەند لایەندا دەکەن؟

**مستەفا مەولوودی**: بە خوێندنەوە و تەفسیرێک، بەڵێ ئەوە ڕاستە کە وڵاتان لەگەڵ یەکتر یان لایەنێک هاوپەیمانی پێک دێنن، ئەگەر خۆیان بە ئامانجی تایبەتیی خۆیان گەیشتن پشت لە هاوپەیمانەکانیان دەکەن، کە ئاکامی ئەو پشت تێکردنە شەڕ و ئاوارەیی خەڵکە و کارەساتی مرۆیی لێ دەکەوێتەوە. وەک ئەوەی ئێستا لە ڕۆژاوا لە ئارادایە. بەڵام لە سیاسەتدا دەڵێین نە دۆست و نە دوژمن هەتا سەر نییە، بەڵکوو بەرژەوەندیی هاوبەش هەیە. دەکرێ ئەوە بە زەمان و مەکان و ئامانجیش گۆڕانی بەسەردا بێ، بەڵام ئەوە لەسەر ڕۆژاوا و لە پێوەندی لەگەڵ دۆزی کورددا بە هیچ جۆرێک دروست نییە. بۆ؟ لەبەر ئەوە ئەوانە خەباتکاری نەتەوەیەکن کە بۆ مافی نەتەوەیی گەلێکی بندەست خەبات دەکەن و چاویان لە ماف و خاک و بەربەست کردنی ئازادیی هیچ گەل و نەتەوەیەک تەنانەت کەمایەتییەک نییە. هەر بەپێی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئامانجی ئەوان تەبایە لەگەڵ ئامانجی مرۆڤدۆستانە و مافویستانە بەبێ پێشێلکردنی مافی کەسانی دیکە. جیا لەوەش کوردەکان ئەندام و بەشدار بوون لە هاوپەیمانیی دژی داعش، یانی شەڕیان بۆ پاراستنی بەشەرییەت و کەرامەتی ئینسانی کردوە لەگەڵ تاریکترین بیر و ئەندێشەی سەردەم. بە واتایەکی دی یانی شەڕی ئەوان بۆ

گرووپێکی ئەتنیکی و تایفی نەبووە، بۆ مرۆڤایەتی و ئاسوودەیی ئینسان بووە. بۆیە ئەوانە خەباتکاری مەیدانی شوناسخوازی و پاراستنی کەرامەتی ئینسانی بوون. ڕوونە هەر هێز و لایەنێک لە تەنگانەدا ئەوانە بە تەنیا بەجێ بهێڵێ و بە شێوەیەک لە شێوەکان بە گورگان خواردوویان بدا، ئەوە جیا خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتی و دەروەستی ناکرێ ناوی دیکەی جگە لە خیانەت لەسەر دابندرێ. بۆیە لەو شێوە لە سیاسەت کردنە کە بەرژەوەندیی هەموو لایەک نەپارێزرا و خەیانەت و پشت تێکردن ڕووی دا، ئەمە لێکەوتەیەکی خراپی دەبێ. بۆیە لە سیاسەتیشدا دەبێ حیساب بۆ ئەخلاق و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی بکرێ.

**کوردستان**: پێتان وا نییە ئەو مەترسییە هەر لەسەر ڕۆژاوا نییە، بەڵکوو باشووری کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەگرێتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: هەر چەندە لە لێدوانی هێندێک لە بەرپرسانی تورکیەدا وا دەخوێندرێتەوە کە ئەگەر پیلانەکەیان لە ڕۆژئاوا سەر بگرێ، مەترسی دەکەوێتە سەر باشووری کوردستانیش، بەڵام من وا بیر ناکەمەوە، لەبەر ئەوەی جیاوازیی ئەو دوو بەشەی کوردستان بەیەکەوە زۆرە. یەکەم هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی سیاسی و ئیدارییە کە دەستووری عێراق دانی پێداناوە و وڵاتانی دەرەوەش تەنانەت حکوومەتی تورکیەش بەشێوەی دیفاکتۆ ئیعترافی پێ کردوە. هاوکات هەر ئێستا پێوەندییەکی قووڵی سیاسی و بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی تورکیەدا هەیە. پاشان بەدوای ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی سێپتامبری ٢٠١٧ کە لەگەڵ ئەوەدا تورکیە زۆر دژایەتیی ئەم بڕیارەی باشووری دەکرد و کۆمەڵێک فشار و تەحریمیشی خستە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام بۆ ئەوە نەچوو کە ئەو هەرێمە داگیر بکا. جیا لەوەش جۆری پێوەندیی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیە لەگەڵ ڕۆژاوای کوردستان زۆر جیاوازە، لەو سۆنگەیەوە ئەمن پێموانییە حاڵەتێکی وا ڕوو بدا.

**کوردستان**: ئێران لە کوێی هاوکێشەکە دایە؟ ئایا ئەوەی لە ڕۆژاوا ڕادەبرێ لە بەرژەوەندیی ئێراندایە؟

**مستەفا مەولوودی**: هەر چەندە خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژاوا هیچ بەرژەوەندییەکی حکوومەتی ئێرانی لە ناوچەدا وەمەترسی نەخستوە و، ئێرانیش بەڕواڵەت وانیشان نادا کە لەدژی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا بێ، بەڵام هەر ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکشێنەوە و دەستئاوەڵایی زیاتر بۆ ئێران دروست دەبێ، ئەمە خۆی بە قازانجی حکوومەتی ئێرانە. سروشتییە کە هەر شکان و نسکۆیەکی بزووتنەوەی کورد لەهەر بەشێکی کوردستان بەدڵی ڕێژیمی ئێرانە. جیا لەوەش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا یارمەتی بە جێبەجێ کردنی پیلانی تورکیە کردوە کە بەگشتی دەبێتە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی کوردەکان لەو سنوورە و گەڕانەوەی هێزەکانی حکوومەتی سووریە کە هاوپەیمانی حکومەتی ئێرانە و جێبەجێ کردنی سیاسەت و ستراتێژیی ڕووسیە کە هەموویان لە ڕاستای سیاسەتی ئێران و لە بەرژەوەندیی سیاسیی حکوومەتی ئێراندایە.

**کوردستان**: ئێران بەڕەسمی هێرش و پەلامارەکەی تورکیەی مەحکووم کردوە، بەڵام لە زۆر شوێن ڕێگەی لە خۆپیشاندانی خەڵک گرتوە و نیزیک بە ١٠٠ کەس لە چالاکانی مەدەنیی کوردستانی بەهۆی بەشدارییان لە مەحکوومکردنی دەستدرێژییەکەی دەوڵەتی تورکیە دەسبەسەر کردوە. ئەم سیاسەتە دوو فاقەیە بۆ کام مەبەستە و لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەمن پێم وایە مەحکووم کردنی هێرشەکەی حکوومەتی تورکیە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە لە سێناریۆیەک زیاتر نییە. بۆیە تا ئێستا حکوومەتی ئێران و خەڵکی ئێران هیچ هەڵوێستێکی جیدی و کاردانەوەیەکی بەرچاویان نەبووە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەستێکی نەتەوایەتیی بەهێزیان هەیە، کە دەزانن بەشێک لە نەتەوەی کورد ئاوا زاڵمانە هێرشی دەکرێتە سەر و قەلاچۆ دەکرێ، ناتوانێ بێتەفاوەت بێ؛ بۆیە وا بێباکانە دێتە سەرشەقام و هێرشی حکوومەتی تورکیە مەحکووم دەکا و هاوسۆزی بۆ خەڵکی ڕۆژاوا دەردەبڕێ، کە بەگشتی دەبێتە هەوێنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و دروستکردنی فەزای سیاسیی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حکوومەتی ئێران چاوی دیتنی ئەو خرۆشانەی نییە. لەبەر ئەوە دەیهەوێ بە فشار و تۆقاندن و قۆڵبەست کردن خەڵکی ڕۆژهەڵات چاوترسێن بکا، غافڵ لەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدایم لەسەر ڕووداوەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لەسەر هەست و خاوەن هەڵوێست بوون و؛ بێباکانە و بێترس فشاری حکوومەتیان تەحەمول کردوە. خەڵکی ئێمە لەمێژە تێچووی ئەم جۆرە هەڵوێستە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەکانیان دەدەن.

**کوردستان**: لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕووداوی گرینگ و چارەنووسساز ڕووی داوە لە ناوچە و لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورددا، وەک ڕووداوەکانی دوای ڕێفراندۆم و لە دەستدانی کەرکووک و کۆمەڵێک ناوچەی زۆری دیکەی کوردستانی، وەک ئەوەی ئێستا لە ڕۆژاوا ڕوو دەدا. بەڵام وێناچێ ئەوانە کاریگەریی بنەڕەتییان کردبێتە سەر بەخۆداچوونەوەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆ؟

**مستەفا مەولوودی**: وانییە کە بڵێی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندنەوە بۆ ئەو ڕووداوانە نەکەن و لەبەرچاویان نەگرن. بێگومان ئەو بابەتانە هەمیشە بە گرینگی و هەستیارییەوە سەیر دەکرێن. بۆیە ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەو مەسەلانەمان زۆر تاوتوێ کردوە، تەنانەت لەگەڵ هێزەکانی دیکەش لەسەر ئەو ڕووداوانە قسە دەکەین و بۆخۆشمان وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندنەوەیان بۆ دەکەین و، لە هەر بارێکەوە تاوتوێیان دەکەین. زۆر بەوردی باس لە خاڵە نێگەتیڤ و پۆزیتیڤەکانیشیان دەکەین، بە مەبەستی ئەزموون لێوەرگرتن. بەڵام ئەوەی ڕاست بێ هەموو ئەو ڕووداوە تراژێدییانە کە ڕوویان داوە و لە خوێندنەوە و تاوتوێ کردنی ڕووداوەکان باس لە دەرس و ئەزموونەکانیان ئێمەیان وەک هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهێناوەتە سەر ئەو بڕوایە، کە ئەوە دەکرێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕوو بدا و ئێمە تووشی کارەساتی چاوەڕواننەکراو بکا. بۆیە ڕاستە و دەبێ و پێویستە لەسەر پلان و ستراتێژییەکی هاوبەش و ڕوون ساغ ببینەوە و کاری بۆ بکەین.

**کوردستان**: وەک دوا پرسیار، ئەو هەڕەشە و مەترسییانە کورد چۆن دەتوانێ لەسەر خۆیانی لابدا و بیکا بە دەرفەت؟ مەبەستم کورد بە گشتییە لە هەر بەشێکی کوردستان.

**مستەفا مەولوودی**: لە ڕاستیدا ئەو هەڕەشە و مەترسییانە دەبێ بۆ ئێمە جێگای ئەزموون و دەرس لێوەرگرتنی زیاتر بێ، لە سیاسەت کردن، لە بەستنی هاوپەیمانی و چەند و چۆنیی داواکان، وەک داوای سیاسی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوەدا پێویستە لە خەبات و تێکۆشان شێلگیرترمان بکا؛ بەڵام دەبێ لە هەموو دەرفەتەکان بەباشی کەلک وەربگیرێ، لە هەموو شێوەکانی خەبات باشتر سوود وەربگرین. لەگەڵ ئەوەدا نەتەوەی کورد مافی سیاسی و ئینسانیی خۆیەتی خاوەن دەوڵەت و کیانی سیاسیی خۆی بێ. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش قەبووڵ بکەین سەردەمەکە لە ئێستادا هەر ئەوە دەخوازێ کە کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان لەگەڵ گەلانی ئەو

وڵاتـانە و لە چوارچێـوەی ئەو واحیـدی جوغرافیـاییە دانپێـدانراوەدا کـار بکـا و خەبـات بکـا بـۆ دابینکردنـی دێموکراسـی لەو وڵاتە و، جێگیرکردنی حقووق و مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان و پێکهێنـانی حکوومەتی هەرێمی لە چوارچێوەی وڵاتـی خۆی لە ناوچەکەدا.

**کوردستان**: سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا

**مستەفا مەولوودی**: سپاس بۆ ئێوەش

لە ژمارە ٧٦٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## ژنان و خۆدیتنەوەیان لە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا



خاوەنڕایانی بواری زانستی سیاسەت لەسەر ئەو بڕوایەن کە، کۆمەڵگەی سیاسی لە چەندین گرووپی جیاواز پێک دێ کە هەرکام لەوانە ڕۆڵی تایبەت بەخۆیان لە بەشداریی سیاسیی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەگێڕن. بوونی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکاندا پرس و بابەتێکی گرینگی کۆمەڵگەی هەر وڵاتێکە.

ژنانی کورد پێویستە ئاگاداری گرینگیی حزووری سیاسیی خۆیان بن و لەم پێناوەدا و بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان بێوچان حەول بدەن و مێشکیان بە بیری سیاسی و وشیاریی ڕەگەزی پڕچەک بکەن. ژنان دەبێ لەو شوێنەی کە بڕیاریان لەسەر دەدرێ حزووری چالاکیان هەبێ و لە بڕیاردانەکاندا بەشدار بن.

بەخۆشییەوە ئەمڕۆ کە دەبینین ژنی کورد توانیویەتی وەکوو توێژێک لە کۆمەڵگە خۆی بناسێ و بە دامەزراندنی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە، وەکوو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی پێناسە بکا، هەرچەندە کولتووری چەند هەزار ساڵەی پیاوسالار لەمپەرێکی گەورەیە و، لەم نێوەدا تێپەڕ نەکردنی قۆناغی ڕزگاری نەتەوەیی تا ڕادەیەک ژنانی کوردستانی خستۆتە پەراوێزەوە.

بزووتنەوەی ژنان وەک توێژێکی کارا، چالاک و ئەکتیڤ لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا قۆناغی جۆراو جۆریان تێپەڕ کردووە، ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە کار و چالاکیی ژنان چ لەنێو حیزبە کوردییەکان و چ وەکوو ڕێکخراوی سەربەخۆ لە کۆمەڵگە کاریگەریی خۆی هەیە. بۆ وێنە ئەگەر بڕوانینە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبینین کە ڕادەی ژنانی خوێندەوار لە یەک دوو دەیەی ڕابردوو گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و، ئاستی وشیاریی کۆمەڵگە بە گشتی لەمەڕ پرسی ژن و مافی ژنان ڕوو لە گەشە بووە.

بەم مەبەستە ئەگەر ئاوڕێکی کورت لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بدەینەوە، دەبینین کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان، وردە وردە هەست بە بەتاڵیی بوونی ژنان لە بواری سیاسەتدا کرا و هەر بەم بۆنەیەوە و لەسەر ویست و پێشنیاری جەنابی پێشەوا، یەکەم ڕێکخراوی فەرمیی ژنان

لەم بەشە لە کوردستان لەژێر ناوی «یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان» بە مەبەستی بەشداریی چروپڕتری ژنان و هاتنە دەرەوە لە ماڵ و تێکەڵ بوون بە کاروباری سیاسی و، هاتنە نێو کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردەواری، هەرچەندە بە شێوەیەکی مەحدوود دامەزرا. ئەمە یەکەمین هەوڵی جدی لە پێناو هێنان یان هاتنە مەیدانی سیاسەتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

لێرەدا نامانەوێ باس لە سەرکەوتوو بوون یان نەبوونی ئەم هەنگاوە گرینگە بکەین، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە وەک میراتێکی بەرز و بەنرخ لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ماوە و بەپێی توانا و هەلومەرج لەم بوارەدا حەولی زۆر دراوە و، وەک یادگارێکی شیرین و پیرۆز لە کۆمارەوە گەیشتووەتە دەستی ئێمە لەمڕۆدا.

دەتوانین لێرەدا وەک دیارترین بەرهەمەکانی ئەم ڕەوتە ئاماژە بە ژنانێکی سەرکەوتوو و ئیلهامبەخش بکەین، کە لە دژوارترین قۆناغەکانی خەباتدا و لەژێر ڕەهێڵەی بۆمب و شەستیر و ئاوارەیی و شاخەوشاخ کردن توانیان بە بەهرە وەرگرتن لەو دەرفەتانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆیانی ڕەخساندبوو، خۆیان پێ بگەیەنن و هەتا هەتایە لە بیر و مێشکی ئێمەدا زیندوو بمێننەوە. شەهیدان مامۆستا نەسرین و شەهید سۆهەیلا قادری، لە ڕیزی دوو کەسایەتیی هەرە دیاری ژنانی سەرکەوتووی گەلی کورد بوون، کە بەداخەوە جێگایان بەتاڵە و یادی فڕینیان هەمیشە سەوزە.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم دوو مامۆستا خۆشەویستە بە کۆچی کوتوپڕ و ناوادەی خۆیان، ئێمەیان تاسەبار کرد، بەڵام بە هەوڵ و ماندوویی چەندین ساڵەی نێو خەباتی خۆیان؛ کەسانی لێهاتوو و خاوەنبەهرەیان پێگەیاند.

ئێستا و لەدوای ئاکامی کۆنگرەی حەڤدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەبینین هێزێکی بەوەرە و سیماگەلێکی نوێتر کە لە ساڵانی دوور و نزیکدا قوتابیی ئەو مامۆستا شەهیدانە بوون؛ ڕیزەکانی خەباتی ڕەگەزی و نەتەوایەتیی حیزبی دێموکراتیان پڕ کردۆتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە کورد قەوارەیەکی نایەکگرتووە، هەروەها نەبوونی ناسنامەی تەواو، جوغرافیایەکی پارچە پارچە کراو بەسەر چەند وڵاتی داگیرکەر بە چەندەها داب و نەریت و سیاسەتی جیاوازەوە، کە یەکێک لە ئاڵۆزی و هۆکارە سەرەکییەکانی دنیای مۆدێرنیتەیە، ئەمانە هۆکارێکن کە کاریگەریی خراپیان لەسەر تاک تاکی کۆمەڵگە داناوە و ژنان زیاتر لە هەر تاکێک قوربانیی ئەم کێشە و گرفتانەن. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نەریت و بەرنامەی هەمیشەیی و گرینگی پێدان بە ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە دەسەڵات و بڕیار داندا، هەوڵی داوە بە داڕشتن و پەسەند کردنی چەندین بڕیارنامە و گەڵاڵەنامە زیاتر مەیدان بە ژنان بدا و بەشدارییان لە کایەی سیاسیدا بە گرینگ بزانێ. لەم پێوەندییەشدا ژنان تا ڕادەیەک توانیویانە بەسەر کێشە و گرفت و لەمپەرەکاندا زاڵ بن و وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگە هەوڵ بدەن ڕۆڵیان لە ڕیفۆرمخوازی و چاکسازیی کۆمەڵگەدا هەبێ. بۆ ئەو مەبەستەش ژنان کە وەک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تاوەکوو ئێستا هاتووە توانیویانە خەباتی خۆیان لە دوو سەنگەری نەتەوەیی و ڕەگەزیدا درێژە پێ بدەن.

کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش کە لەژێر دروشمی (یەکڕیزی و تێکۆشان و هیوا بە دواڕۆژ، زامنی سەرکەوتنمانن) بەڕێوە چوو، تیایدا ژنان بە بەشداری کردنیان توانیان ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕەوشی ژنان لە کۆنگرەدا بخەنە بەر باس.

ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدارییان لە کۆنگرەدا کرد، توانییان ڕاوسەرنج و بۆچوونی خۆیان بگەیەنن، لە زۆر بەرنامە و کاری کۆنگرە لە بەڕێوە بردن و باس کردن لە کێشە و گرفتەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵات و، بەشدارییان لە لێژنە و کارەکانی تری تایبەت بە کۆنگرە، دیار بن.

لە دوای کۆنگرەی چواردەی حیزبی دێموکراتەوە لە بەڵگەنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی ژنان لە ئۆرگانەکانی ڕێبەریدا گرینگی و بایەخی تایبەتیی پێدراوە. بە کردەوەش کارهاسانی کراوە بۆ ئەوەی ژنان و لاوان بێنە نێو ڕێبەریی حیزب و لە بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبیدا دیار و بەشدار بن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خەبات و پێگەی دیاری ژنان لە بزووتنەوەی مافخوازیدا، بێگومان ئەوەندە حزوورەی ژنان لە ڕێبەری و پۆستەکانی حیزبدا زۆر نییە و حیزبی ئێمە ئەرکێکی زۆرتری لەو پێوەندییەدا دەکەوێتە ئەستۆ. ئێمە نابێ ئەم کەمایەسییە بەوە پاساو بدەینەوە کە ژنان لەنێو ڕیزەکانی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبدا کەمترن، هەر بۆیە سروشتییە کە لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەرییشدا کەمتر بن؛ بەڵکوو ئێمە دەبێ بەدوای ئەوەدا بگەڕێین کە بۆچی ژنان کەمتر لە پیاوان ڕوو دەکەنە حیزب و، دەبێ چ بکەین بۆ ئەوەی ژنان پتر لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خۆیان ببیننەوە و لە ڕەدە و ئاستە جۆراوجۆرەکانیدا دیار بن؟

لە ژمارە ٧٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

------------------------------------------

## مەیدانداریی ژنان و ترسی ڕێژیم لە گۆڕانی کلێشەکان



لەمێژ ساڵە بزووتنەوەی مافخوازیی ژنان لە ئێران چ لە چوارچێوەی تاک و سەربەخۆ و هەم لە شێوەی ڕێکخراو و کەمپەیندا ئەمری واقعە و لە ڕاستیدا وەک هێزێکی شوێنداری کۆمەڵایەتی خۆی دەردەخا. ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە بەهێزە لە خۆپیشاندانە سەرانسەرییەکانی خەزەڵوەریشدا دیار و شوێندار بوو، بە خەسڵەتێکی دیارترەوە، ئەویش بوێری و ئازایەتی لە ڕێکخستن و لیدێر بووندا.

ژنان لە ئێران لە هەموو ڕەهەندەکاندا ستاتویەکی سەرکوتکراویان هەیە، بەو مانایە ئەگەر لە هەموو بزاوتە سیاسی، نەتەوەیی، مەدەنی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت وەرزشییەکاندا هەن و ڕۆڵ دەبینن، بەڵام لە بێبەشی لە ماف و هەڵاواردنەکان ئەویش لە سۆنگەی ژنبوونەوە غەدریان لێدەکرێ و سەرکوت کراون.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لە زۆر بواردا تەنگی بە بەشداریی ژنان هەڵچنی، لە بواری سەپاندنی پۆشتەبوون، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خۆدیتنەوە لە کایە سیاسی و ئابوورییەکاندا. ئەو قۆرغکردنە سیستماتیک، واتە بەپێی یاسای نووسراو و نەنووسراو بوو بە کلێشەیەک و لادان لەوان تابۆشکێنییەک کە تێچووی زۆری بۆ ژنانی لادەر و تابۆشکێن هەبوو.

بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دەسەڵات لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان و ژنانی چالاک - وەک ئەوەی لە کوردستان لە دژی «زینەب جەلالیان»ەکان و لە گەورە شارەکان لە دژی «نازەنین» و «سپیدە قلیان»ەکان دەکرێ - لە گۆرەپانە جۆراوجۆرەکان دەربڕی ترسی قووڵی ڕێژیمە لە گۆڕانی کلێشەکان. ئەو کلێشەیەی کە دەسەڵاتی سیاسی ژن تەنیا لە شێوەی کابانی ماڵێ و ئامرازی زاوزێ و گیانلەبەرێکی لاوازی حەوجێ بە پاراستن وێنا دەکا و نایەوێ ژن ڕۆڵی تاکایەتی و هەروەها شوێندانەری خۆی لە کۆمەڵگەدا بگێڕێ.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زراوی چووە لەوەی بەهۆی پێشەنگایەتیی ژنانەوە و مەیدانداریی لیدێر و کەسایەتییە دیارەکانی بزاوتی ژنانەوە، ماتەوزەی شاراوە و نووستووی نیوەی کۆمەڵگە ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکارییەکان.

ژنان لە خەزەڵوەردا بە بەشداریی بەرینیان لە خۆپیشاندانەکاندا دەریان خست کە ترسی ڕێژیم لەخۆڕا نییە، چونکی ژنان نەک وەخۆ هاتوون؛ بەڵکوو هاوار دەکەن کە چیدی قایل بەو پێناسەیە نین دەسەڵات بۆی کردوون و ماف و داوای خۆیان هەیە و ئامادەن باج و تێچووشی بۆ بدەن. ئەوان بە سووکایەتی بە شعووری خۆیانی دەزانن کە لەلایەن دەسەڵاتەوە و لە ڕوانگەی کلێشە ئایینی و چوارچێوە قانوونییەکانەوە وەک ڕەگەزی لاواز بناسرێن کە توانای بڕیاردان لەسەر چارەنووس و ڕاوەستان لەسەر لاقی خۆیانیان نییە. ئەوان نایانەوێ چیدی ڕەگەزی دووهەم، هاووڵاتیی پلە چەندەم و نوقستان لەڕووی عەقڵ و ڕامانەوە بن! ئەم دەنگ هەڵبڕینە و ئەم هاتنە مەیدانە بەرهەمی چوار دەیە سەرکوت و پاشگوێخستنە، لێکەوتەی چوار دەیە هەڵاواردن و نەدیتنە و ئەوان پشکۆی گەشاوەی بن خۆڵەمێشی بیرچوونەوەی دەیان ساڵەن. ژنانی نێو گۆرەپانی ناڕەزایەتییەکان فریوخواردووی وڵاتانی بیانی نین، بەڵکوو گڕکانی وەڕێکەوتووی چوار دەیە کپکراوی مافویستیی نیوەی کۆمەڵن.

ئەم ڕەوتە لە کوردستان هەم لە مێژە دەستی پێکردوە و هەم ژنانی کورد ڕچەشکێنی زۆر لەو تابۆشکێنییانەن. لەمێژ ساڵە ژنان لە کوردستان بەشێکی دانەبڕاو لە چالاکییە مەدەنی، فەرهەنگی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکانن و لە ڕێکخستنی بۆنە و ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان، لە گرینگیدان بە خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی دیار و تەنانەت لە هەندێ بواردا پێشەنگن. «زارا محەممەدی و فریشتە چراغی»یەکان لەمێژە سەلماندوویانە کە شوناسخواز و مافویستن و لە مەیدانی کردەوەشدا خاوەن کەسێتیی بەهێز و شوێندانەر و بەفیکر و خەللاقن.

ژنانی کورد و ژنان لە ئاستی بزووتنەوە سەرانسەرییەکاندا پیشانیان دا کە گوشاری لە ڕادە بەدەر و هەڵاواردنی سیستماتیک و پێشێلکردنی ڕەهای مافی ژنان ناتوانێ لە پەنا و پەسیویان باوێ و پاسیڤیان بکا. وەک چۆن پێچەوانە ئەوانی کردووەتە پێشەنگی خەبات و ناڕەزایەتی دەربڕین لە دژی دواکەوتووترین و سەرکوتگەرترین ڕێژیمی سیاسی.

ئەمڕۆکە ماتەوزەی پەنگخواردووی ٤٠ ساڵ سەرکوتی ژنان خراوەتە ڕێرەوی گۆڕانکارییەکان بە ئاراستەی بەرگژە دروستکردن بۆ ڕێژیمێک کە تا سەر ئێسقان دژی ژن و مافەکانیەتی. ژنان لێ براون کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە گۆڕینی چارەنووسی خۆیان و ئێراندا هەبی و لەم مەیدانەشدا براوە و سەرکەوتوو دەبن.


لە ژمارە ٧٦٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------

# کیژی شۆڕش، گوڵی سەنگەر

## (لە٤٠ ساڵەی پێشمەرگایەتیی شەنگەکچێکی نیشتماندا)



**دیمانە لە گەڵ خەج مەعزووری**

لە ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵدا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نەریتی ساڵانی ڕابردوو بەپێدانی ڕێزنامە ڕێزی گرت لە پۆلێک پێشمەرگەی بەڕابردووی خۆنەویست کە بە بیر و باوەڕی چیایی و کۆڵنەدانی بەردەوام ماوەی زیاتر لە بیست ساڵە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا خەبات دەکەن و ئاڵای خۆڕاگریی نەتەوەکەیان بەرز و شەکاوە ڕاگرتوە.

لەنێو ئەو پۆلە شۆڕشگێڕەی دێموکراتدا کە ئەمساڵ تاجی سەربەرزی و سەروەرییان لە سەر نرا، خاتوونێکی بە بیروباوەڕ هەبوو کە زیاتر لە چوار دەیەیە لەو ڕێبازە بەردەوامە و بووەتە یەکێک لە سیمبولەکانی خەبات و خەباتگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ئەم خاتوونە، خەج مەعزووری، سیما ناسراوەکەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان و دەنگی شۆڕشی گەلی کوردە و، "کوردستان" پێی باش بوو لە دیمانەیەکدا چەند ڕەهەندێکی ژیانی تایبەتی و خەباتگێڕیی بەڕێزیان هەڵداتەوە.

**کوردستان**: یای خەج جەنابت لە ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵدا، ڕێزنامەی ٤٠ ساڵ پێشمەرگایەتیت وەرگرت. سەرەتا لەلایەن بەڕێوەبەریی "کوردستان"ەوە پیرۆزباییت پێدەڵێین. بفەرموو لەو ڕۆژەدا حەزت دەکرد لە بەرانبەر ئەو ڕێزگرتنەدا چیت گوتبا؟

**خەج مەعزووری**: چ هەستێک لەوە خۆشتر کە منی خەج، بڕوانامەی ٤٠ ساڵ بەردەوامی و خەبات لە پێناو ئازادیم بدرێتێ و ڕێکوردی زۆر مانەوە و بەردەوام مانەوە لە گۆڕەپانی بزووتنەوەدا بە ناوی خۆم تۆمار بکەم. ئەوەی لەو ڕۆژەدا لە بەرۆکم درا، بەنرخترین میدالیای خۆڕاگری، شێلگیری، پشوودرێژی و وەفاداری بە ڕێگا و ڕێبازی شەهیدان بوو.

ڕاستە لەم ڕێیەدا تەمەنی جوانیم دانا، کەزیەکانم سپی سپی هۆنیەوە، وەک مۆم وردە وەردە سووتام و لە پێناو ئامانجەکانی گەلەکەمدا تواموە و هەر لەو ڕێگایەدا لەگەڵ گەلێک چەرمەسەری و ناخۆشی، نەهامەتی و بێبەشی بەرەوڕوو بووم؛ بەڵام ئەو شانازییەی لەم سۆنگەیەوە پێم بڕاوە گەلێ زیاتر و زۆرتر لەوەندەیە. ئارەزووش دەکەم حیزبەکەم بەردەوام لە گەشەکردندا بێ و بتوانێ ئامانجی شەهیدانی ئەم ڕێبازە وەدی بێ.

**کوردستان**: با بگەڕێینەوە بۆ چوار دەیە لەوە پێش، چۆن بوو هاتیتە ریزی شۆڕش؟ چۆن بوو حیزبی دێموکراتی کوردستانت هەڵبژارد؟

**خەج مەعزووری**: هاتنی من بۆ ریزی شۆڕش بە تایبەت حیزبی دێموکرات بە هەڵکەوت نەبوو، بەڵکوو ڕابردوویەکی بنەماڵەیی لە پشت بوو. باب و خاڵم لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەستەی لاوان بوون و ژمارەیەک لە خزمەکانمان لە دامودەزگای کۆماری کوردستاندا کاریان دەکرد، کاتێک خزم و کەس شەوانی سەختی زستان لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە، خەریکی قسەوباس و گێڕانەوەی سەربردە دەبوون. هەر لەو قسەوباسانەدا بابم و خاڵم بە حەسرەتەوە باسی کۆماری کوردستان و شوێنەواری کۆمار لەسەر خەڵک و لەسەر ناوچەکانی کوردستان، باسی سروودەکانی سەردەمی کۆمار بەتایبەت (خوایە وەتەن ئاواکەی ) شانۆ و پیشمەرگەیان دەکرد. هەر ئەو قسەوباسانە گەرای نەتەوەخۆشەویستی لە مێشکی منی مێرمنداڵدا دروست کرد، بۆ من سەیر بوو کورد لە بڕگەیەک لە مێژووی خۆیدا و لە پارچەیەک لە کوردستان خاوەنی کیان و دامودەزگای ئیداری و هێزی پێشمەرگە بووە، سەرکۆماری خۆی بووە. ئەوانە هەمووی بۆ من سەیر و نامۆ بوون. لە هەمووی سەیرتر بابم هەمیشە لە بن گوێی دەچرپاندم ڕۆڵە! ئەو شتانەی باسی دەکەین پێوەندییان بە دەرەوەی ماڵەوە نییە، ئەو تەئکید کردنەوانەی زیاتر سەرنجی منی ڕادەکێشا و بۆ من ببوون بە پرسیار.

پاش چەند ساڵ دەرگای دانیشسەرای بنەڕەتیی کچانی مەهاباد بەسەر مندا کراوە و لەوێ بووم کە ئێعتراز و خۆپێشاندانەکان دژی ڕێژیمی پەهلەوی دەستی پێکرد. ئەمن وێڕای کچانی دانیشسەرا لە خۆپێشاندانەکاندا بەشداریم کرد. لە یەکەم خۆپێشاندانداندا کە بە دروشمدان بەرەو مەیدانی چواچرا دەڕۆیشتین لە ناکاو گوێم لە دروشمێک بوو: "بژی حیزبی دێموکرات، نیشاندەری ڕێی خەبات". بە بیستنی ئەم دروشمە سەرسام بووم و خۆم پێ ڕانەگیرا بۆلای ئەو پۆلە کچە ڕاکێشرام کە ئەو دروشمەیان دەدا.

بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم لەو ڕۆژ و لەو ساڵەوە دێموکرات لە دڵمدا هێلانەی کرد و نەمتوانی ئەو هێلانەیە خرا کەم و، لەو کاتەوە تا ئێستا ئاوێتە و دەستەملانی حیزبی دێموکرات بووم .

**کوردستان**: ناوی جەنابت و دەنگە بلاوێنەکەت کە ئاوێتەی مێژووی ڕادیۆی شۆڕش، ڕادیۆی دەنگی کوردستانە، ئێستاش هێمنی و ئارامی بە گوێگران و ناسیاوانت و ئەویندارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدا. چۆن بوو چوویە ڕادیۆ؟

**خەج مەعزووری**: چوونی من بۆ دەنگی کوردستان دڵخواز نەبوو، چیرۆکێکی دوورودرێژی هەیە. بە کورتی من لە یەکەم دەورەی سیاسیدا بەشدار بووم کە حیزب لە ناوچەی مەهاباد لە گوندی خرەجۆ، دۆڵی گوێزان کردبوەوە. یادی بە خێر کاک تەها عەتیقی

لەنێو بەشدارانی دەورە لە وێژەر دەگەڕا. لە گەڵ من قسەی کرد بۆ ئەوەی تەنیا گوێی لە تۆنی دەنگەم بێ. وا دیار بوو بەلایەوە خۆش بوو. کاک تەها جارێکی دیکەش گوێی لە دەنگی من بۆوە، ئەویش لە کاتی خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی ژنان بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان کە بە بێسیم بە زیندوویی دەنێردرایە ڕادیو دەنگی کوردستان. هەر دوای بڵاوبوونەوەی دەنگی من داوایان کرد بچمە ڕادیۆ، بەڵام من وڵامی رەدم داوە.

پاش ماوەیەک کاک مستەفا هیجری و کاک حوسێن مەدەنی بۆ مەئمووریەتێکی یەک مانگە هاتنە شنۆ تا لەوێڕا بەرەو شیمالی کوردستان برۆن. بانگیان کردم و داوایان کرد تا گەڕانەوەیان بابەتێک بە دوو زمانی کوردی و فارسی لەسەر کاسێتێک زەبت بکەم تا لەگەڵ خۆیان بیبەنەوە دەنگی کوردستان. کاسێتەکان بە دەنگی کوردستان گەیشتن. وادیار بوو دەنگی منیان پێخۆش ببوو، ئەوە بوو کە دواتر لە ڕێگای کۆمیتەی شارستانەوە داوایان کردم و چووم.

**کوردستان**: ئەو بەرنامانەی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان بەڕێوەت بردوون و بە دەنگی جەنابت بڵاو بوونەتەوە چی بوون؟

**خەج مەعزووری**: دیارە سەرەتاکان ئەمن تەنیا وێژەریم دەکرد، بەڵام پاشان هەم دەمنووسی و هەم وێژەریەکەشەم دەکرد وەک: ژیاننامەی شەهیدان، بۆ بەختیاری کۆمەڵ، وەڵامی نامەی گوێگرەکان، وتووێژ لەگەڵ بەرپرسی ئۆرگانەکانی حیزب، وتووێژ لەگەڵ فریوخواردووەکانی ڕێژیم. بێجگە لەم بەرنامانە وێژەریم بۆ بەرنامەی کۆلکەزێرینە دەکرد کە بەرنامەیەکی ئەدەبی و هونەری بوو؛ هەروەها تەفسیری سیاسی کە هەموو ڕۆژێ بێجگە لە ڕۆژانی هەینی بڵاو دەبۆوە و ڕاگەیاندراو و بەیاننامەکانیشم دەخوێندەوە.

**کوردستان**: ئێوە لەو کەسانە بوون لە سەرەتاوە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان بوون، ئەم ڕادیۆیە خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بوو. پێمان خۆشە لە زمان کەسایەتییە دیار و بەرچاوەکانی ڕادیۆ بناسین و بفەرموو ژیانی پێشمەرگانەی ئێوە لەو ژینگەیەدا چۆن بوو؟

**خەج مەعزووری**: کەسایەتیی زۆر بەرز لەگەڵ "دەنگی کوردستان" و لە پشت ئەم مێدیایەی حیزب بوون، کەسایەتیی وەک دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر شەرەفکەندی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کاک مستەفا شەلماشی، کاک فەتاح کاویان، کاک تەها عەتیقی و کاک حەسەن شەرەفی. کەسێکی وەک کاک تەها عەتیقی ڕادیۆی بەڕێوە دەبرد و هەر ئەو بۆخۆی کۆڵەکەی بەهێزی ڕادیۆ بوو. ڕادیۆ دەنگی کوردستان هەروەها کەسانێکی وەک ئەحمەد شێربەگی، بێهروز کورد ئەحمەدی، هەیاس کاردۆ، ڕەزا شیرازی، سیامەک قەوی‌پەنجە، عەبدوڵلا حیجاب، دوکتۆر خەلیقی و دەیان کادری بەرجەستەی دیکەی هەبوو کە هەم دەیاننووسی و هەم تەرجوومەیان دەکرد و هەم بەڕێوەبەر بوون؛ هەڵبەت ئەوە ئی ئەو سەردەمە کە بنکەی ڕادیۆ لە شاخ بوو.

ئێمە ژیانێکی زۆر ئاسوودە و دڵخوازی خۆمان نەبوو. هەمووی ستریس و نیگەرانی بوو، زۆر کار و بەرنامەمان لەسەر ڕیتمێکی جێکەوتوو بوو. لە حەوتوودا یەک ڕۆژ لە دەوری یەک کۆ دەبووینەوە و کەشێکی خۆش و دۆستانە و هاوڕێیانەمان پێک دەهێنا.
ژیانمان خۆش نەبوو، بەڵام ئەوەی ئێمەی بەورە ڕاگرتبوو، ئیمان و باوەڕێکی بەهێز و پۆڵایین بوو بە خەبات و نیشتمان.

**کوردستان**: جەنابت بەهۆی نیزیکایەتی ڕادیۆ لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە نیزیکەوە لەگەڵ دوو ڕێبەری بلیمەتی کورد، شەهیدان د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی ژیاوی. هاوڕێیەتی و هاوسەنگەریی ئەم دوو زاتە چ شوێنێکی لە ژیانی سیاسیی جەنابتدا دانا؟

**خەج مەعزووری**: بێگومان بوونی ئەو ڕێبەرە بلیمەتانە بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تایبەت بە خۆیان لە نزیک ئێمە، نەک هەر کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر ژیانی ئاسایی و سیاسیی ئێمە هەبووە، بەڵکوو دڵگەرمییەکی زیاتر بووە بۆ مانەوە و خۆڕاگری و فێربوون. ئەو ڕێبەرانە قوتابخانەی گەورەی لێفێربوون بوون لە هەموو بوارێکدا. ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان ئینسانی و پێشکەوتوانە بوون. ڕازی مانەوە و بەردەوامیی ئێمەمانان لە کردەوە و بۆچوونەکانی ئەو ڕێبەرانەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەوان دەسمایەی فیکری و شتی بەنرخ و باشیان بۆ ئێمە ڕادەگواست و ئێمەش وەرمان دەگرت و دەمانکردن بە توێشووی بەردەوامیی کار و تێکۆشان.

دەنگی جەنابت دەنگی شۆڕش و دەنگی بزووتنەوەیەک بوو. بزووتنەوەیەک کە حەماسەی دەخوڵقاند و شەهیدی دەدا. کەمێک لەو ڕۆژانە بۆمان بدوێ کە ڕووداوە گرینگەکانی شۆڕش دەهاتنەوە لای ئێوە. شتی خۆش و ناخۆش.

لە شۆڕشدا نوقل و نەبات نابەشنەوە، شۆڕشە و ناوی خۆی بەخۆوەیە. کاتێک لە شۆڕشدا بەشداری دەکەی و دەتهەوێ ئاڵوگۆڕ لە وڵاتدا پێک بێنی و گەلەکەت بەختەوەر بێ، سووک و هاسان بە ئاکامی دڵخواز ناگەی. ئێمە ئەوە ٤٠ ساڵە لە پێناو ئازادیدا قوربانی دەدەین. ئێمە ئەوکات کە لە دەنگی کوردستان بووین بەردەوام چاوەڕوانی هەواڵی ناخۆش و دڵتەزێن بووین تا هەواڵی خۆش. لە بیرمە هەر کە کاکی بێسیمچیمان دەهات، دڵمان دادەخورپا، نیگەران دەبووین کە پێشمەرگە لە ناوچەدا چیی بەسەر هاتوە. دیارە پێشمەرگە بە زۆری لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمدا شانازییان دەخوڵقاند، بەڵام چەند پێشمەرگەیەک یا شەهید دەبوون یان بریندار، ئەوە ئێمەی دەشلەژاند. دیارە زۆر جاریش پیشمەرگە لە بۆسەی زۆر مەترسیدار ڕزگاری دەبوو و بەو بۆنەوە دەمانکردە خۆشی و شادی.

یان قەتم لەبیر ناچێ کە کاتێک کەرکوک لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە ڕزگار کرا، کاک دکتۆر سەعید تەقەی خۆشیی کرد و کاتێک لێمان پرسی ئەوە چۆن بوو؟ فەرمووی ناکرێ بۆ ڕۆژێکی لە چەشنی ئەمڕۆ تەقەی خۆشی نەکەین.

**کوردستان**: کەم نەبوون و نین ئەو کچ و ژنانەی هاتوونەتە ڕیزی شۆڕشە، بەڵام تا ئێستا کەس وەک جەنابت نەیتوانیوە بێ دابڕان ماوەی ٤٠ ساڵ لە ڕیزی شۆڕشدا بمێنێتەوە و بەردەوام بێ. ڕازی ئەم مانەوەیە چییە؟

**خەج مەعزووری**: ڕازی مانەوەم ئیمان و باوەڕی قایم بەو ڕێبازەیە کە هەڵم بژاردووە، ڕێز و حورمەت دانان بەو پێشمەرگە و هاوسەنگەرانەیە کە بۆ ئەو ڕێبازە شەهید بوون و سەریان داناوە. سووربوونم لەسەر ئەو مافانەیە کە هەوڵی بۆ دەدەم وەک مافی نەتەوایەتی و مافی خۆم وەک ژن، تا دەمێنم بۆ وەدەستهێنانیان هەوڵ دەدەم و قورس و قایم دەمێنمەوە و مەیدان چۆڵ ناکەم.

**کوردستان**: ڕوانگەی جەنابت بۆ بەشداریی ژنان، بۆ جێگە و پێگەی ژنان لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێراندا چییە؟

**خەج مەعزووری**: لەو هەلومەرجە حەساسەدا بەو جۆرەی کە چاوەڕوان دەکرێ جێگە و پێگەی ژنان لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی دیار نین بەداخەوە بەشێکی زۆر لە ژنان بەرامبەر کێشەکانیان کەمتەرخەم و لاپرەسەنن. بەرانبەر ئەو ڕووداوە ناخۆش و دڵتەزێنانەی ڕۆژانە لە پەنایان دا ڕوودەدەن وەک ئیعدام، گرتن بە تایبەت دەسبەسەر کردنی کۆمەڵێک ژن و کوشتنی کۆلبەر و بە شێوەی جۆراوجۆر بێ حورمەتی کردن بە ژنان و بە نەتەوەکەیان هەڵوێستیان نییە و چالاک و لەسەر خەت نین.

ژنانی کورد نە تەنیا دەبێ مەسەلەی نەتەوایەتی و هۆوییەت و شوناسی نەتەوایەتی بەهێز بکەن و بۆی تێبکۆشن، دەبێ بۆ کێشەکانی خۆشیان هەوڵ بدەن.

ژنان دەبێ لەو هەلومەرجەدا کە ئێران و کوردستان شلەژاوە دیار بن، لەسەر ڕووداوەکان کاریگەرییان هەبێ و هەلەکان بقۆزنەوە، ئەگەر بە وشیاری و ئاگاهی لەگەڵ بەرامبەرەکەیان بێنە مەیدان هەم شۆڕشێک دەخوڵقێنن هەم بزووتنەوە سەر دەخەن.

**کوردستان**: سپاس لەوەی کاتت پێدایین بۆ ئەم دیمانە کورتە

**خەج مەعزووری**: سپاس بۆ ئێوەش کە منتان بەسەر کردەوە.

لە ژمارە ٧٦٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێویری ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

## خەڵکی ئێران و دوژمنەکەی!

ئابووری کۆڵەکەی هەر یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی بژێوی ژیانیش لە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی هەر مرۆڤێکە، سروشتییە هەر مرۆڤێکیش بۆ مانەوە و بەردەوامیی لە ژیان و گوزەرانی باشدا پێویستە لە ڕووی ئابوورییەوە دڵنیا و بێ گرفت بێ. بەهێزی سیستەمی ئابووریی هەر وڵاتێکیش کە گرێدراوی چییەتی نیزامی سیاسی و چۆنیەتیی ڕوانینی دەسەڵات بۆ دیاردە ئابووری و سیاسییەکانی وڵاتە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هەڵکشان یان داکشانی ئاستی خۆشبژێوی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە.

خۆ ئەگەر لە سیستمە دێموکراتیکەکاندا کە شەرعییەت لە ئیرادەی خەڵک وەردەگرن و خەڵک و داواکانیشیان تەوەری سەرەکیی سیاسەت و دنیابینیی ئەم حکوومەتانەیە، خەڵک بەشێکی زۆر لە مافەکانیان و یەک لەوان مافە ئابوورییەکانیان دەستەبەر کراوە؛ بەڵام لە وڵات و نیزامە توتالیتێر و نادێموکراتیکەکاندا ئەوەی گرینگیی دەدرێتێ خەڵک و چۆنیەتیی ژیان و مافەکانیان نییە، بەڵکوو چەند و چۆنیی مانەوەی نیزامی سیاسی و بەرژەوەندەیی دەسەڵاتە کە گرینگە و لە سەرووی هەموو شتێکە. کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک لەو نیزامە توتالیتێر و نادێموکراتیکانەیە کە خەڵکی وڵاتی بەبارمتە گرتوە و کردوونی بە قەڵغان و بەڵاگیرەوە.

وڵاتی ئێران لە سۆنگەی سیاسەتە چەوتەکانی کە دروستکردنی بشێوی و نائەمنییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەبەر ئەوەی دژی هەموو بایەخ و پرەنسیپەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتییە، هەم لە ڕووی سیاسییەوە ئیزۆلە کراوە و هەم لە ڕووی ئابوورییەوە گەمارۆی توندی خراوەتە سەر. لە سۆنگەی ئەم گەمارۆیانە و هەروەها بەهۆی گەندەڵیی سیستماتیک لە بازنەی دەسەڵات و حاکمییەتدا و نەخوێندنەوەی خەڵک و ماف و بەرژەوەندییەکانیان، ئەمە هەر خەڵک و ئەویش توێژی ئاتاج و دەستکورتی کۆمەڵگەن کە دەبێ باج و تێچووی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە بدەن.

کەڵەکەبوونی ماف و داوا سەرکوتکراوەکان و چوار دەیە پەراوێزخستن و بەهیند نەگرتنەکان کۆمەڵگەی ئێرانی بە تەواوی پشووسوار کردوە، بۆیەش دەبینین هەر دەرفەتێک دەبێتە بیانوو بۆ تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکان، کە گرانکردنی نرخی بێنزین تازەترین نموونە بوو کە چەخماخەی ڕاپەڕینێکی جەماوەریی دیکەی لە کۆتایی خەزەڵوەری ئەمساڵدا لێدا.

بەرینبوونی جوغرافیای خۆپیشاندانەکان - بەپێی قسەی نوێنەری کەرەج لە ٧١٩ شوێنی وڵات - و بەرزکردنەوەی دروشمی ڕادیکاڵ و تێپەڕین لە هەموو هێڵەسوورەکانی کۆماری ئیسلامی دەریدەخەن کە خەڵکی ئێران ئیدی گەیوەتە ئێسکانیان و چی نەماوە لەدەستی بدەن، بۆیەش سەرەڕای سەرکوتی خوێناویی دەسەڵات ئامادە نین دەستبەرداری ویست و داواکانیان بن.

بێئۆقرەیی و ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بە گرانکردنی نرخی بێنیزن کە خەڵتانی خوێن کرا بێهۆ نەبوو، چونکی هێشتا مانگێک

بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێنەپەڕی کە کاریگەرییەکانی پتر لە هەر کاتێک لە ژیانی خەڵکی هەژار و داماوی وڵاتدا وەدەر کەوتن و هەموو پانتاییەکنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی - خۆراک، پۆشاک، گواستنەوە، نیشتەجێبوون، پەروەردە، بێهداشت و... - گرتەوە.

ئابووریی وڵاتی ئێران بەو هەمووە دەوڵەمەندی و بەو پاشخانە بەهێزەی لە نەوت و کانزا و سامانە سروشتییەکان هەیەتی لە ئێستادا بەتەواوی دارماوە، چونکی گەندەڵیی هەوساریپچڕاو تیشەی لە ڕیشەی وەبەرهێنان داوە، هەڵلووشینە دەیان و سەدان میلیارد تمەنییەکانی بازنەی دەسەڵات هیچ ئاهێکی بەبەر ئابووریی وڵاتدا نەهێشتۆتەوە. بەشی زۆری داهاتی وڵات و ئەوەی لە گەندەڵیی بەرپرسان و تێچووی سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیم و کۆک و پۆشتە و تەیارکردنی میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکانی داردەستی ڕێژیم لە ناوچە بمێنێتەوە، خەرجی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم ئەویش بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکانی خەڵک دەکرێ.

هەر چاوخشاندنێکی کورت بەسەر لایحەی بودجەی ساڵی ۱۳۹۹ پێمان دەڵێ کە خەڵک لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە لەکوێی هاوکێشەکاندان؟ کاتێک میسباحی یەزدی، بەرپرسی بنیاتی خومەینی گاڵتەی بە هەژاری و برسێتیی خەڵک دێ و ئەوە بە تاقیکردنەوەی خوا لەسەر عەبدەکانی دادەنێ؛ بەڵام بنیاتەکەت خۆی ١٤٠ میلیاردی لە بودجەی ساڵانە پێدەبڕێ، دەردەکەوێ لە ڕوانگەی ئەوانەوە خەڵک لەکوێ جێ دەگرن و چیشیان دەکەوێ!

با چاو بە چەند ئامارێکی رەسمیدا بخشێنین: لە ئێستادا مووچە و حەقدەستی مانگانەی کرێکاران - کە جاری وایە هەتا شەش مانگیش دوا دەکەوێ - یەک لە سێی خەرجی و بەرێچوونی مانگانەیانە. بەهۆی گرانیی داودەرمان و مزی پزیشک لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئاماری سەردانکەرانی نەخۆشخانە و نۆرینگە و کلینیکەکان سەتا ۳۰ کەمی کردوە. زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و بەهۆی داخرانی کارگە و یەکە پیشەییەکان لە سۆنگەی گەمارۆکانەوە بێکاریش هەر دێ و ڕووی لە زیادبوون دەکا و بەوەش بێداهاتی و هەژاریش پتر پەرە دەستێنێ.

گرانبوونی بەنزین بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی زیاتر لە نیوەی کاڵاکان و لە سەد کاڵای پێویست نیوەیان نرخەکانیان هەتا پێنج لەسەد زیادی کردوە و...

هەموو ئەو بارودۆخەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمنیەتی نیشتمانیی خەڵکی ئێرانی بە سوخرە گرتوە و لە پشت قەڵغانی خەڵکەوە شەڕی بەرژەوەندەییەکانی خۆی دەکا. بەڵام ئەمڕۆ خەڵک ئیدی هەموو دەزانن کە دوژمنی ئەوان نەک ئەمریکا و هێزە دەرەکییەکان، بەڵکوو خودی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە، بۆیە لە هەر دەرفەت و بوارێکدا لەدژی دێنە مەیدانەوە.

لە ژمارە ٧٦٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠٢٠

# هەڵسەنگاندنی دۆخی ژنان لە وتوویژ لەگەڵ سکرتێری یەکیەتیی ژناندا



**دیمانە لەگەڵ شلێر مەحموودی**

**شلێر مەحموودی**: پێشەنگایەتیی ژنان لە نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانەدا پرستیژ و ئێعتباری زیاتری بە بزووتنەوەی ژنان بەخشیوە هەتا دێ ژنی کورد لە ڕەوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی کۆمەڵگەدا پتر دیار و شوێندانەر دەبن. ژنانی کورد بە پێناسەیەکی نوێ لە بوونگەرایی خۆیان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارن و سەرەڕای هێزمەندیی کۆمەڵگەی پیاوسالاری کوردستان و تێپەڕنەکردنی قۆناغی ڕزگاری نەتەوەیی، بەڵام توانیویانە شوێنپەنجەی بە سەر زۆر لە گۆڕانکارییەکانەوە دیار بێ. "کوردستان" لە بارودۆخی ئێستای ئێران و تەقینەوەی نارەزایەتییە گشتییەکان بە ڕووی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ زیاتر باسکردن لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ژنان و چەندی و چۆنیی بەشدارییان لەو بزووتنەوانەدا وتووێژێکی لەگەڵ خاتوو شلێر مەحموودی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە.

**شەونم هەمزەیی**: **سەرەتا با بەو پرسیارە دەست پێ بکەم، ژنان ئەمڕۆ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغێکی گرینگ لە گەشە و پێشکەوتندان، وەک دەبینین لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانەشدا نەک دیار و بەرچاو، لە ڕیزی پێشەوەشن؛ ئایا ئەمە هۆکاری تایبەتیی هەیە؟**

**شلێر مەحموودی**: بۆ وڵامی ئەو پرسیارە دەبێ هۆکاری نارەزایەتییەکان بزانین چین. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر خۆپێشاندانەکان زوو بە زوو سەر هەڵدەدەن و بەشداریکردنی ژنان جار لەگەڵ جار ڕوو لە هەڵکشانە. ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ مێژوو، لەساڵی ١٣٥٧دا و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، تەنها دوو حەوتوو دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، نووسینگەی خومەینی بڕیاری هەڵپەساردنی قانوونی پاراستنی خێزان و سەپاندنی حیجابی زۆرەملیی دەرکرد. ڕۆژی پێش ڕووداوە مێژووییەکەی ١٧ی ڕەشەمە خومەینی لە قسەکردنی لە قوتابخانەی "ڕیفاه"دا ڕایگەیاند کە ژنانی فەرمانبەر لە ئیدارەکانی

حکوومەتدا بە مەبەستی پاراستنی ئابرووبیان پێویستە حیجابی ئیسلامی بپۆشن. هەر ڕۆژی دوای ئەو قسانە ژنانێک کە بەبێ سەرپۆش هاتبوون بۆ شوێنی کاریان ڕێگەیان پێنەدرا بچنە سەر کارەکانیان. ئەوە بووە هۆی ئەوەی هەزاران ژن لە دامودەزگا ئیدارییە جیاوازەکان لە تاران خۆپیشاندان بکەن و، لەسەر مافی خۆیان وەجواب بێن. ئەوە بەو مانایە دێ کە ژنان یەکەمین توێژی کۆمەڵگەن کە لەدژی دەسەڵات و قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەم سیستمە دژیگەلییە ڕاپەڕیون.

بۆیە دەمەوێ بڵێم کە بەشداریی بەرچاوتری ژنان لە ئێستادا هەر لە درێژەی هەڵوێستی بوێرانە و پێشەنگایەتیی ئەوانەوە دێ کە لە هەر دەرفەتێکدا بوونی خۆیان سەلماندوە و وەک بەشێک لە کۆمەڵگە ڕۆڵی خۆیان دەبینن و کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕووداوەکان بەجێ دێڵن.

**شەونم هەمزەیی**: ئەوەندەی ژنان پێشەنگن و لە بەرگی ڕێکخەر و بزوێنەری ناڕەزایەتییەکاندا دەردەکەون، ئەوەندەش دەسەڵات دەیەوێ ڕۆڵی ژنان بە کەم بگرێ، تەنانەت سووکایەتیی ئەوەیان پێدەکا کە ژنان ئیرادەیان نییە و ئامرازن بە دەست لایەنە دەرەکییەکان. وەک ئەو دانانە زۆرەملێیەش کە لە فاتمە دادوەند بڵاویان کردەوە کە گوایە هەڵفریواوە و حیزبە سیاسییەکان بەمەبەست بەکاریان هێناوە. ترسی ڕێژیم لە بەشداریی ژنان لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەمجۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا؟

**شلێر مەحموودی**: هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە دژ بە نیزامی کۆماری ئیسلامی بجووڵێتەوە، ڕێژیم هەم بە کەمیان دادەنێ، هەم تۆمەتی بەستراوەیی بە ئۆپۆزیسیۆن و لایەنە بیانییەکانیان دەداتە پاڵ. هەروەک لە باسی فاتمە دادوەندا کە خۆتان ئاماژەتان پێ کردوە و زۆر حاڵەتی تر، مەبەست لەوەش پەروەندەسازییە و بۆ ئەوەیە ئاسانتر بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی لە دژی حکوومەت سەرکوتیان بکا. کۆماری ئیسلامی هەموو کات ترسی لە هاتنە مەیدانی ژنان بووە، چونکی دەزانێ ژنان نیوەی کۆمەڵگەن و ئەگەر ئەم نیوەیەی کۆمەڵ بجووڵێ و بێتە ڕیزی خۆپیشاندەران و ناڕەزایەتییەکان؛ بەهۆی کاریگەریی ژنان لە بزواندنی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە ناتوانێ بەرهەڵستی ناڕەزایەتییەکان بێتەوە. بۆیە لەلایەک بە کەمیان دەگرێ و لەلایەک بە داردەست و ئامرازیان ناو دەبا و نایەوێ دان بەو ماتەوزە هەراوەی ژنان دابنێ کە بە ئاراستەی گۆڕانکارییەکان ئەویش لە دژی ئایدۆلۆژی و بەرژەوندییەکانی ڕێژیم دەچێتە پێشێ.

کۆماری ئیسلامی بە سیستمی سیاسی، بە بیانووی دین و شەریعەت، بە قانوون و لە ڕێگەی هەموو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی و دابو نەریتەکانەوە ژنانی سەرکوت کردوە، بەڵام ژنان دەستیان بەر نەداوەتەوە و پێملی ئەو چارەنووسە نەبوون کە ڕێژیم بۆیانی دیاری کردوە. بۆیە بەرتەسکترین دەلاقە و چووکترین دەرفەتەکان دەقۆزنەوە هەتا بوونی خۆیان بسەلمێنن و بڵێن کە چوار دەیە سیاسەتی سەرکوتگەریی ڕێژیم نەیتوانیوە ئەوان لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان داببڕێ.

**شەونم هەمزەیی**: ئەوەندە کە ژنان پتر لە بزووتنەوەکەدا بەشدارن، ئایا ئەوەندەش بزووتنەوە ئێعترازییەکانی ئەم دواییانە توانیویەتی گۆڕان لە دۆخی ژنان و لە بزاوتی مافخوازیی ژناندا پێک دێنێ؟

**شلێر مەحمودی**: بێگومان بێدەسکەوت نەبوون. ژنان لە ئێران کۆمەڵێک داب و نەریت و یاسا و ڕێسای کۆمەڵگەیان شکاندوە کە ناتەبان لەگەڵ ئەو بەها و بایەخانەی کۆماری ئیسلامی بانگەشیان بۆ دەکا. ئەوەش ئێعتباری زیاتری بە بزووتنەوەی مافخوازیی ژنان بەخشیوە. دیارە ئەگەرچی دەستکەوتەکان زۆر و بارتەقای تێچووەکان نین، بەڵام هەر ئەوەی کە ژنان بەردەوامن لە خەبات و تێکۆشانیان ئەوە پرستیژێکی دیکەی بە مەوقعییەتی ژنان داوە. لەبیرمان نەچێ کە بەشێکی زۆری وزەی خەباتگێڕیی ژنان لە قۆناغی ئێستای نارەزایەتییەکاندا لە خزمەت پرسە گشتییەکاندایە،

ئەمن گومانم نییە کە ئەگەر ژنان هەوڵەکانیان تەنیا بۆ دەستەبەر کردنی مافە تایبەتییەکانی خۆیان بێت، دەسکەوتی زیاتریان دەبێ.

**شەونم هەمزەیی**: زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە ژنان بەپێی پێویست و بارتەقای ئەم زوڵمەی لێیان دەکرێ و ئەو مافانەی لێیان زەوت کراوە لە مەیدانەکەدا نین؛ ئەم چاوەڕوانییانە چەندە لە جێی خۆیاندان؟ یان بوێریی کچان و ژنانێکی وەک زارا محەممەدی و سپیدە قولیان بۆ دەبێ وەبەر چاو نەیە؟

**شلێر مەحمودی**: کۆماری ئیسلامی بەهۆی دەسەڵاتی سەرکوت و سیستمی دژەژن بوونی مەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ ژنانی زۆر بەرتەسک کردووە، هەروەها تێچووی چالاکیی سیاسی و بەرهەڵست بوونی بۆ ژنان زۆر بردووەتە سەرێ، ئەمە هۆکارێک بووە کە زەبروزەنگەکە بۆ ژنان دوو قات و تەنانەت چەند قات بێ.

لەبیرمان نەچێ کە کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی سوننەتیشە، کۆماری ئیسلامیش بەردەوام هەوڵی داوە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی نەریتی لە بەرژەوندیی مەرامەکانی خۆی بەکار بێنێ، کە یەک لەوان ئەم کۆت و بەندانەن لە کۆمەڵگەدا بەدژی ژنان هەیە. ئەوانە هەمووی بارگرانیی زیاتر بوون لەبەردەوام بزووتنەوەی مافخوازیی ژناندا. بۆیە ئینساف نییە بەشداریی ژنان، قوربانیدانی ژنان و هەموو ئەو تێچووانەی ژنانی چالاک لەپێناو سەرخستنی بزووتنەوە گشتییەکان و جووڵانەوەی ژناندا دەیدەن بە کەم بگیردرێ. ژنان بۆ شکاندنی تابۆکان و بەرەوپێشچوونی زیاتر پێویستییان بە پاڵپشتی و هاوکاریی چین توێژەکانی تری کۆمەڵگەیە. هەروەها پێویستییەکی دی یەکریزی و بەیەکەوە وەدەنگ هاتن و یەکتر داپۆشینی چین و توێژەکانە بۆوەی نارەزایەتییەکان ئاکامی بەرهەستتری لێ بکەویتەوە.

بۆ وێنە جەنابت ناوی "زارا" و "سپیدە"ی هێنا. ئەم دوو کەسە هیچیان لەسەر چالاکیی تایبەت بە ژنان دەسبەسەر نەکراون و لە سۆنگەی چالاکیی بەرچاویان لە حەوزەی گشتیی ماف و داخوازییەکان گیراون؛ بۆیە دەبێ زۆر بە ڕێزەوە چاویان لێ بکرێ و بەهیند وەربگێرێن کە بە خۆشییەوە واش بووە. زارا و سپیدەکانیش لە هەناوی کۆمەڵگەدا کەم نین، نموونەی ئەو ژنە بوێر و بەجەرگانەمان زۆر دیوە لە نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانەدا. هەروەها لە نێو ئەو ژنانەدا کە ڕۆڵە و ئازیزەکانیان لەدەست دا، بەڵام بە حەماسەت و بە بوێرییەوە دەرکەوتوون و لەسەر داخوازی ڕۆڵەکانیان کە داخوازی ئەوانیشە سوورن.

**شەونم هەمزەیی:** بەڵام کە دروشمەکانیش دەبینین، دەبینین لە نێو خۆپیشاندانەکاندا دروشمی وامان بەر گوێ ناکەوێ کە تەعبیر لە بەشداریی هەراوی ژنان و خواستی ژنان بکا، ئەمەیان بۆ؟

**شلێر مەحموودی:** ئەمەیان تایبەتە بە قۆناغی گرینگ و چارەنووسسازی ناڕەزایەتییەکان لە ئێستادا. سەرچاوەی هەموو مەینەتی و هەموو بێمافی و هەموو چارەڕەشییەکانی خەڵک و کۆمەڵگە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. دەی سروشتییە کە لە ئێستادا کە ناڕەزایەتییەکان گشتین و ڕوو لە دەسەڵاتن، هەموو وزە و توانای کۆمەڵگە بەو ئاراستەیەدا بڕوا.

دەزانین کە ناڕەزایەتییەکان ئێستا لە سۆنگەی قەیرانی ئابووری و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی پێوەندیدار بە بژیوی خەڵکن، پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگەش کاریگەریی خۆیان لەسەر شکڵگرتنی ناڕەزایەتییەکان هەیە. ناڕەزایەتییەکانی ئێستا ئی چین و توێژێکی تایبەتی کۆمەڵ نین کە لە دروشمەکانیاندا بیانناسینەوە. ناڕەزایەتییەکان گشتین و لە هەناوی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵیون و هەموو چین و تویژەکان تێیدا بەشدارن، بۆیە دروشمەکانیش گشتین و هەموویان ڕوویان لە دەسەڵات و ڕێژیمە.

**شەونم هەمزەیی:** ئەگەر بە تایبەتی باس لە کوردستان بکەین، ژنان لە کوردستاندا بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری ئێران زیاتر لە چالاکییە ئەدەبی و فەرهەنگی و مەدەنییەکان بەشدارن، هۆکاری دیاربوونی زیاتری ژنان لەم مەیدان و بوارانەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا ئەوە تەعبیر لە دۆخی تایبەتیی ژنانی کورد دەکا و هەروەها پەیامێک لەلایەن ئەوانەوە؟

**شلێر مەحموودی:** ئەگەر ژنی فارس جارێک قوربانیی ئەو دەسەڵاتە و کولتوور و ئایدۆلۆژییەکەی بێ، ژنی کورد دوو جار، یەک لەڕووی نەتەوەییەوە چونکی کوردە، دوو لە ڕووی ڕەگەزییەوە کە گشتییە. هەم توندوتیژیی دەسەڵات و هەم کاریگەریی نەریتەکانی کۆمەڵگە وەک پێشووتر باسمان کرد وای کردوە کە تێچووی چالاکیی سیاسی بۆ ژنان بە گشتی و بە تایبەت بۆ ژنی کورد لە ئێراندا زۆر قورس بێ، ئەوەش وا دەکا ژنان زیاتر لە حەوزەی چالاکییە مەدەنی، ئەدەبی و فەرهەنگییەکاندا ڕۆڵیان هەبێ کە دیارە هەموو ئەو بوارانەش هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندیی خەباتی نەتەوەیی و شوناسخوازین.

چالاکیی سیاسی بەئاشکرا ئەویش لە فۆڕمی ئەندامەتیی حیزبە سیاسییەکان - کە دیارە کەم نین ئەو کچ و ژنانەی لەو ئاست و بوارەشدا بەشدارن - ژنان و ژیانیان دەخاتە مەوقعییەتی دی هەم لە خێزانەکەیاندا و هەم لە ئەگەری ئاشکرابوونی چالاکییەکانیان. بۆیە لەبەر ئەوەی دەرەتانی ئەم هەڵبژاردنە بۆ ژنان سنووردارە، ئەوان لە کایەکانی دیکەی خەباتی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و مەدەنی و ژینگەپارێزیدا خۆیان دەبیننەوە کە هەر وەک باسم کرد هەڵگری توخم و ڕەگەزەکانی نەتەوەیی و خەباتگێڕی و شوناسخوازین.

**شەونم هەمزەیی:** ئەگەر ئاکامگیرییەک لەو باسەمان هەتا ئێستا بکەین، دەمەوێ بزانم دەسکەوتی ژنان لەو ساڵانەدا چی بووە؟ هەروەها کۆسپی بەردەم بەرەو پێشچوونی زیاتری بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و کوردستان چییە؟

**شلێر مەحموودی:** بە بڕوای من دەسکەوتەکان زۆر نین، چونکە سیاسەت، یاسا و شەریعەتی ئیسلام و لە هەمان کاتدا دابونەریتە باوە

دژەژنەکان کۆسپ بوون لە بەردەم بەرەوپێشچوونی زیاتری ژنان لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستاندا. پێموایە ژنان کاتێک دەتوانن خاوەن دەسکەوت و مافی ژنانەیان بن ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە کۆمەڵگەی ئێراندا بێتە ئاراوە و لە هەموو بواره سیاسیی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەبێ جیاوازی و هەڵاواردنی ڕەگەزی وەک هەر تاکێک بەشداربن.

بەڵام دیسانیش ناکرێت دیاربوونی ژنان لە جموجۆڵ و چالاکییەکانی ئەم دواییانەدا لەبەرچاو نەگرین، بە تایبەت لە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکاندا کە زۆربەی کات پێشەنگ، ڕێکخەر بوون و لەم پێناوەشدا قوربانیان داوە.

تەنانەت لە خۆپێشاندانەکانی خەزەڵوەری ئەمساڵدا ژنان زۆر ئازایانە دیار و بەرچاو بوون، لە مەیدانەکەدا بوون و بە دروشم و تایبەتمەندیی خۆیانەوە دژی کۆماری ئیسلامی وەستاونەوە و بەڕاگەیەندراوی ڕەسمی داوای دەستلە کارکێشانەوەی ڕێبەری ڕێژیمیشیان کرد و تێکۆشاون نەریتە دژە ژنەکان تا ڕادەیەک بشکێنن و بیسەلمێنن کە ژنان لە ئێراندا پێیان ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان.

بۆیە دەکرێ ئەمانە سەرجەمیان وەک دەسکەوتێکی گەورە بۆ ژنان بە گشتی و بە تایبەتی ژنی کورد لە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرو پڕ لە هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی ئێران ببینین.

**شەونم هەمزەیی**: ڕێکخراوەکانی ژنان، بەتایبەت لە کوردستان لە کوێی بزووتنەوەی ژناندا جێ دەگرن؟ ئەم ڕێکخراوانە لە ئێستادا دەتوانن بەرعۆدەی چ چەشنە ئەرک و بەرپرسایەتییەک بن جیا لەو ڕۆڵەی لە پەنا حیزبە سیاسییەکان دەیبینن و بۆیان دیاری کراوە؟

**شلێر مەحموودی**: ئەگەر باس لە ڕێکخراوەکەی خۆمان "یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان" بکەم، بە شانازییەوە دەتوانم بڵێم کە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە کاریگەریی گەورەی لەسەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە هەبووە.

بێگومان ڕێکخراوەکانی تری ژنانیش هەر یەک لە جێی خۆیان و بەپێی توانا و زەرفییەتەکانی خۆیان توانیویانە ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر دۆخی ژنان لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستاندا هەبێت، لە ڕێگەی کاری تەشکیلاتی و پێوەندییەکانیان لەگەڵ ژنانی نێوخۆ، هەروها هەوڵەکانیان لە ڕێکخراودا بۆ وشیارکردنەوەی ژنان لە سەر مافەکانیان و یاسا داڕێژراوە دژەژنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بۆ ئەو مەبەستەش ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی ئێران بۆ گشتگیربوونی کارەکان و زیاتر یەکدەنگ بوونیان سەبارەت بە ڕووداو و پێشهاتەکان، ناوەندێکیان پێک هێناوە و تێکۆشاون بە یەکەوە لە ڕێگەی یەکخستنی گوتار و پەیامەکانیان، وەرێخستنی کەمپەین و بەڕێوەبردنی سیمینار و گردبوونەوە و نارەزایەتی دەربڕین کاریگەریی زیاتریان هەبێت.

بەڵام ڕاستیەکی تاڵ هەیە کە ناتوانم بیشارمەوە و باسی نەکەم، ئەویش دووربوونمان لە مەیدانی ئەسڵی خەباتەکەمان، تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگر بووە لە بەرەوپێشچوونی کارەکانمان.

**شەونم هەمزەیی**: بۆچی هەتا ئێستا هەڵوێستی یەکیەتیی ژنان بەنیسبەت هەڵبژاردنەکانی مەجلیس ڕوون نییە، لە حاڵێکدا کەمتر لە مانگ و نیوێکی بۆ هەڵبژاردنەکان ماوە و لە کاتێکدا بەشداری و بەشداری نەبوونی ژنانیش لە هەڵبژاردنەکاندا چارەنووس سازە؟

**شێر مەحموودی**: هەڵبژاردنەکان لە چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و بە گشتی مەجلیس هەتا ئێستا قەت لە بەرژەوەندیی ژنان نەبوون و مەجلیس قەت شوێنێک نەبووە بۆ بەرجەستەکردنەوەی ویست و ماف و داواکانی ژنان. بۆیە ڕوانگە و ڕوانینی ئێمە بۆ هەڵبژاردنەکان ڕوونە و لامان وایە ئەگەچی لە کۆماری ئیسلامیدا مافەکانی ژنان بەر لە هەموو شتێک بە "قانوون" پێشێل کراون و مەجلیس شوێنی گۆڕین و دانانی قانوونە، بەڵام لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا مەجلیس نە ئەو پێگەیەی هەیە و نە ئەوانەش کە ڕێیان دەکەوێتە مەجلیس لەو کەسانەن باوەڕیان بەو مافانە هەبێ.

بەو حاڵەش قسە و پەیامی خۆمان هەیە و لە چاوچێوەی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتدا و بەمزووانە هەڵوێستی خۆمان ڕادەگەیەنین.

**شەونم هەمزەیی**: سپاس بۆ ئەوەی کاتت دانا بۆ ئەم وتووێژە

**شێر مەحموودی**: ئێوەش ماندوو نەبن

لە ژمارە ٧٦٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠٢٠

-----------------------------------------

# ژنان و پتر لە چل ساڵ دەسەڵاتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران لەگەڵ دامەزران و پاوانکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش کەوتە قەڵتوبڕی حیزبە سیاسییە نەیارەکان و زاڵکردنی کەشی سەرکوت و خەفەقان بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی خەڵک. ئێستا و پاش تێپەڕینی زیاتر لە ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەم ڕێژیمە جیا لە سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردن هیچ دیارییەکی بۆ خەڵک بە تایبەت بۆ ژنانی ئێرانی بە دیاری نەهێناوە. پێ بە پێی سیاسەتی سەرکوت و حاشای ڕێژیم لە مافەکانی ژنان و پلانی سیستماتیکی دەسەڵات بۆ پاڵپێوەنانی ژنان بۆ کونجی ماڵێ، بەڵام خۆڕاگری و بەربەرەکانیی سیاسەتە دژەژنییەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ژنانی ئازادیخوازەوە بەردەوام بووە.

هەر لەگەڵ هێرشی بەرینی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان، بە سەدان ژنی کورد بۆ بەرگری لە خاک و نیشتمانەکەیان بەرگی پێشمەرگایەتییان لەبەر کرد و، لەم ڕێگایەشدا کەم نەبوون ئەو کچ و ژنانەی گیانی خۆیان بەختی ڕێگای ئازادیی نەتەوەکەیان کرد. لە هەمان کاتدا کە بەشداری لە خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەکەیان دەکەن، بەربەرەکانیی ئەوان لەگەڵ زۆر داب و نەریتی نادروستی کۆمەڵگەش بەردەوامە و لەم ڕێگایەشدا هەم لە لایەن کۆمەڵگە و هەمیش لە لایەن دەسەڵاتی سەرکوتکەری ئیسلامیی ئێرانەوە، بەردەوام گرفتیان بۆ دروست دەبێ و لەمپەریان بۆ دادەنرێ. لەو ماوەیەدا بە سەدان ژنی کورد لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە تۆمەتی یەکسانیخوازی و چالاکی بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان گیراون و، حوکمی زیندانی درێژماوەیان بەسەردا سەپاوە و هێندێکیشیان پەتی سێدارەی زوڵم و نابەرابەری گیانی لێ ستاندوون.

کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنە سەرکاریەوە بە سیاسەتی هەڵاواردن دژی ژنان دەستی پێکرد. کاتێک لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، هەر لە مانگی ڕەشەمەی ئەو ساڵەدا کۆمەڵێک بڕیاریان دا کە هەموو پێچەوانەی ئامانجەکانی شۆڕش و تێکڕای لە دژی دژە ژنان بوو. ڕێژیم لە ٦ی ڕەشەمەدا یاسای پشتیوانی لە بنەماڵەی هەڵوەشاندەوە، لە ١٢ی ڕەشەمەی هەمان ساڵدا بە بڕیارێک مافی دادوەری لە ژنان ستێندرا و لە ١٥ی ڕەشەمەشدا یاسای چوونە سەربازیی ژنان و چەندین ئەرک و چالاکیی تریان لە لایەن دەسەڵاتەوە فەرمانی ڕاگیرانی بۆ دەرکرا. هەروەها لە ١٦ی ڕەشەمەدا بە دەستووری خومەینی ڕێبەری ئەوکاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران یاسای حیجابی زۆرەملی بەسەر ژناندا سەپێنرا. ئەمانە و چەندین یاسای کۆنەپەرستانەی تری دژە ژن پەسەند کران و تاوەکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ لە دانانی یاسای دیکە کە هەڵاواردن لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا دەردەخا، بەردەوامن.

بۆ نموونە بە ڕەگەزی کردنی ناوەندەکانی پەروەردە و فێرگەکان و بێبەشکردنی ژنان لە بەشداری لە زۆر ڕشتەی خوێندن - چونکە بەرزبوونەوەی ڕادەی قەبوڵیی کچان لە زانستگەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو مەترسییەک سەیر دەکرێ- هەر بۆیە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ڕێگەی گەڵاڵەی جیاکردنەوەی ڕەگەزی و بێبەشکردنی کچان لە هێندێک لە ڕشتەکان

هەوڵ دەدەن پێش بە چوونی کچان بۆ زانستگەکان بگرن و هێندێک ڕشتەی خوێندن، تاک ڕەگەزی دەکەن بەم واتایە کە لەم بوارانەدا ژنان ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن.

دەسەڵات بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ فەرهەنگە باشەکانی خەڵک بەربەرەکانیی کردوە و ڕوانینی دواکەوتووانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ ژن و یاسای حیجابی ئیجباری، بووەتە هۆی ئەوەی کە چالاکی نواندنی ژنان لە زۆربەی بوارەکاندا ئاستەنگی تێ بکەوێ، ڕەنگە بەرچاوترینیان بواری وەرزش بێ کە کچان و ژنان لە ئێران ناتوانن لە وەرزشگەکان بۆ دیتنی کێبەرکێ وەرزشییەکان وەکوو پیاوان بەشدار بن، لە بەشداری لە زۆربەی ڕشتە وەرزشییەکانیش لە ئاستی نێوخۆ و جیهانیدا بێبەشن. ئەمانەی کە باس کران بەشێک لەو کێشانەیە کە لەسەر ڕێی وەرزشی ژناندایە، دەنا لە بوارەکانی تریشدا ژنانی ئێران بەرەوڕووی زۆر لەمپەر دەبنەوە؛ لە بوارە کۆمەڵایەتییەکانیشدا لە ماوەی چەندساڵی ڕابردوو پۆلیس لەژێر سێبەری تەرحی "ئەمنیەتی ئەخلاقی"! پۆل پۆل ژنان و کچان دەستبەسەر دەکا و بەرێ دەکرێنە گرتنگەکان.

لە لایەکی تریشەوە ئەو ئاستەنگانەی کە لەسەر ڕێی هونەری ژنان بەتایبەت گۆرانیبێژان و ئەکتەران داندراون زۆر بەرچاوە. بۆ نموونە ڕێگری کردن لە بەڕێوەبردنی کۆنسێرتەکان و هەڵوەشاندەنەوەی بەشی زۆر لە چالاکییەکانیان و هاوکاری نەکردنیان هۆکار بووە کە چالاکیی هونەریی ژنان وەک زۆر یەک لە چالاکییەکانی تر لە نێوخۆ سنوردار ببێتەوە و بەشی زۆریان دەسبەرداری خولیا و ئارەزووەکانیان بن و بە دەیان ژنی هونەرمەند و دیار بەناچاری وڵاتی خۆیان جێ بهێڵن. هەروەها لە ئاستی کاری ڕێکخراوەیی ژنان، لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەسەڵات لە هیچ کارێک بۆ داخستن و لەکارخستنیان خۆی نەپاراستوە، بەداخەوە ئێستا دەبینین لە نێوخۆی ئێران ڕادە و ژماری ڕێکخراوەکانی چالاک لە بواری ژنان لە ڤامکەکانی دەست تێپەڕ نابن و، گۆڤارەکانی تایبەت بە ژنان کە لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەوە چاپ و بڵاو دەکرانەوە تووشی داخران بوون.

لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا پێگەی ژن لە مەیدانی سیاسیشدا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، ڕاستە ژنان مافی خۆپاڵاوتنیان هەیە، بەڵام دەبێ بە ژێر تیغی شۆڕای نیگەهباندا تێپەڕن کە کەمترین باوەڕی بە توانای ژن هەیە و بەشی زۆریان حەزف دەکرێن و، بێجگە لەوەش ژنان بە پێی یاساکانی ئەو ڕێژیمە ناتوانن سەرکۆمار، ڕێبەر و تەنانەت وەزیریش بن.

لە لایەکی تریشەوە ئاشکرایە کە ژنان لەژێر دەسەڵات و پەروەردەی ئەو ڕێژیمەدا وەک چەکێکی دەستی پیاوان بەکار هێنراون و لە هەر چەشنە پێشکەوتنێک ڕێگرییان لێکراوە، کار و پیشەیان لە چوارچێوەی ماڵدا بۆ خزمەت کردنی پیاو و وەچە خستنەوە و کاروباری نێو ماڵ دیاری کراوە و توندوتیژییان دەرهەق کراوە، هیچ پشتیوانییەکی ڤانوونیشیان لەم بارەوە لێ نەکراوە و تەنانەت بەپێچەوانەوە توندوتیژی دژبە ژنان ڕێگە پێدراوە، ئەم لە ژوور دابەستنەش وای کردوە ڕێژەی بەشداریی ژنان لە کارکردن لە کۆمەڵگەدا کەم بێ و لە ڕووی ئابوورییەوە نەتوانن سەربەخۆ بن و هەروەک دەشزانین کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژنان داناوە و، ئەوانی لە ڕووی ئابووری و تەنانەت دەروونیشەوە بە پیاوان بەستۆتەوە و؛ لە هەمان کاتیشدا لە هەموو لایەکەوە دەچەوسێنەوە و لە هەر چەشنە مافێکی بیمە و پشتیوانیی ڤانوونیی دوای ڕووداوەکان بێبەشن.

ئەمانە و چەندین پێشێلکاریی تر دیارییەکانی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ژنان بووە، کە لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەدا هەر هەنگاوێکی هەڵیان هێناوەتەوە لەگەڵ بەربەستێکی بەهێز ڕووبەڕوو بۆتەوە کە لەمپەر بووە لە بەردەم پێشکەوتن و گەشە و گەیشتن بە مافەکانیان.

لە ژمارە ٧٦٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٠

------------------------------------------------------------

## مافی ژن، مافی مرۆڤە.

**ئەمڕۆ ٨ی مارس لە "چاپەمەنی"ئۆرگانی کاری حیزبیمان،هاوڕێ و هاوکارە پیاوەکان وەک ڕێزێک لە ڕۆژی ژنان و ئێمەی هاوکاریان ڕێوڕەسمێکی خنجیلانەیان پێکهێنا...**



**ئەم کورتە نووسینەو ئەو ڕێوڕەسمە خنجیلانە دیاری ئەم هاوڕێ ئازیزانەمان بوو...**

بەو هیوایە پیاوان بە بیروباوەڕێکی یەکسانیخواز هاوڕێ و هاوکاری ژنان بن، بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو...

"ئێمە لێرە لەگەڵ بەشێک لە ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز، ئازادیخواز و مافویست کە هاوڕێ و هاوسەنگەر و هاوکارین یادی ڕۆژی ڕزگاریی ژنانمان بەرز ڕاگرت."

بەداخەوە هەشتی مارسی ئەمساڵیشمان بەبێ ئەوەی کە بە دەسکەوتێکی بەرچاو لەم پێوەندییەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی و، ڕووگەی خەباتی ئێمە واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی گەیشتبێتین، بەڕێ کرد.

هێشتاکەش لەم بەشە لە خاکی کوردستان کە خوشکان و هاوڕێیانی ئێمە لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر دەبەن، نەیانتوانیوە جلی دەسکەوتێکی بەرهەست بەبەر داواکارییەکانی خۆیاندا بکەن، ئەمە بەو واتایە نییە کە هیچ هەوڵێک نەدرابێ بەڵکوو هەنگاوی جددییش هەڵهێنراوەتەوە، بەڵام مخابن لە ئێران پرسی ژن هەر ئەمنیەتییە و، لەم سۆنگەیەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەڕواننە داواکانیان و دەستەبەر کردنی مافی ژنان هاووتا لەگەڵ پاشەکشەی یەکجارەکیی خۆیان دەبینن و وەک هێڵێکی سوور سەیری دەکرێ.

بەڵام ئەوە کە جێی خۆشحاڵی و ڕەزایەتمەندییە، ئاستی ئاگایی و تێگەیشتنی ژنانی کوردە لەم سەردەمەدا، ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنانی ئاسایی کۆمەڵگە کەوتوونەتە خۆ و هەست بە مافخوازیی خۆیان دەکەن و، چیتر ناکرێ لەژێر هەر ناوێکی پیرۆز و ناپیرۆزدا مافەکانیان لەبەرچاو نەگیرێ و پشگوێ بخرێ.

ژنانی ئاسایی لێرەدا مەبەست ئەو ئافرەتانەن کە چیرۆکی ئازاری ژیانیان لە چوارچێوەی دڵ و مێشکی چەوسێنراوی خۆیاندا و یان ئەوپەڕەکەی بنەماڵەکەیاندا ماوەتەوە و، هیچ پێنووسێک نەینووسیوەتەوە و هیچ لاپەڕەیەک بە زووخاوی دەروونیان ڕەش نەبووتەوە و، هیچ چاپەمەنییەک کۆڕستەیەکیشی لێ بڵاو نەکردووەتەوە.

ئەوەی کە لەم ڕۆژەدا ئاماژەیەکی بەربڵاو بە ناو و بەرهەمی ژنانی سەرکەوتوو دەکرێ و وەک نموونەیەکی باش دەهێندرێنەوە، ڕێک بە پێچەوانەی بنەما ڕاستەقینەکەی ئەم ڕۆژە واتە ڕزگاریی ژنان لە واتا گشتییەکەیدایە. ژنانی سەرکەوتوو دەتوانن ئیلهام بن، بەڵام ئەو کەسانە لە گەشبینانەترین حاڵەتدا هەر تایبەتن و دەتوانین بڵێین حاڵەتن و چەمکی سەرکەوتن نەبووەتە دیاردەیەک لە نێویاندا و، ڕاست لێرەدایە کە خەباتی ئێمە مانایەکی بنەڕەتی و دەشکرێ بڵێین نوێ دەدۆزێتەوە لە نێو ئاڵۆزیی بازاڕی ڕوانینەکاندا لەم بارەیەوە.

ڕووی خەباتمان لە ژنانی چەوساوە و بندەست و بەتوانای نادیارە کە دەبێ هەوڵ بدەن دیار بن و، ماتەوزەیان بە ئیرادەی خۆیان وەگەڕ بخەن.

------

ئێمە لێرە لەگەڵ بەشێک لە ئافرەتان و پیاوانی یەکسانیخواز، ئازادیخواز و مافویست کە هاوڕێ و هاوسەنگەر و هاوکارین یادی ڕۆژی ڕزگاریی ژنانمان بەرز ڕاگرت.

بە پێویست دەزاندرێ گەرمترین پیرۆزباییمان ئاراستەی دایکان و خوشکانی شۆڕشگێڕمان بکەین، بەرزترین سڵاوەکان بنێرین بۆ چەکی شانی ژن و کچە پێشمەرگەکانی کوردستان، دایک و خوشک و هاوسەری زیندانییانی سیاسی، ئافرەتانی زیندانی لە کۆمەڵگە و بەندیخانەکانیشدا، پێنووسی چالاکانی مەدەنی و ژنە شاعیر و ڕۆماننووس و هەست ناسکەکانی نیشتمانەکەمان، ژنانی کرێکار و زەحمەتکێشی کارگە و مووچە و مەزراکان و...

بەو هیوایەی هەتا گەیشتن بە مافە مرۆییەکانیان دەست لە هەوڵ و تێکۆشان هەڵنەگرن.

مافی ژن، مافی مرۆڤە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠٢٠

# بزووتنەوەی ژنان و دینامیزمی دەسەڵات لە ئێراندا



## دیمانە

نیوەی دووهەمی مانگی ڕەشەممە دوو بۆنەی تێدا کە بۆ باس لەسەر پرسی ژنان گرینگن. ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان و ٢٤ی ڕەشەممە، ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان. ئەم بۆنە مێژووییانە هەم دەرفەت و هەم بیانوون بۆ ئەوەی پرسی ژنان و چەندیوچۆنیی ڕەوتی مافخوازیی ئەوان هەڵسەنگاندنیان بۆ کرێ. کە باس لە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران، یان تایبەت کە باس لە بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ئێران دەکەین، چاومان دەچێتە سەر ئەو قۆناغگەلەی بزاوتی ژنان بڕیویەتی.



حەلیمە ڕەسووڵی، سکرتیری پێشووی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەڵێ؛

لە ئێراندا و لە پێش مەشرووتەوە ژنان بە شێوەی تاکەکەسی لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەدا حزووریان هەبووە. لە بزووتنەوەی مەشرووتەدا ئەم حزوورە لەئاستی تاکەکەسی دێتە دەرەوە و گشتگیرتر دەبێ، لە دەورانی پەهلەویی دووم ڕەوتێکی گشتگیرتر و ڕادیکاڵتر بەخۆیەوە دەگرێ و لە سەرەتاکانی دەیەی شەستی هەتاویدا بە لووتکەی خۆی دەگا. پاش شۆڕشی ١٣٥٧ و

بەهۆی سەرکوتی هەمەلایەنەی هێزە سیاسییەکان و دروستبوونی فەزای وەحشەت و هەروەها شەڕی ئێران و عێراق، بزووتنەوەی ژنانیش تووشی نسکۆ دەبێ و بەشێکی زۆر لە ژنان خانەنشین دەکرێن یان تووشی زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام دەبن، کۆمەڵێکیش ناچار دەبن وڵات بەجێ بهێڵن و پەڕیوەی هەندەران بن. لە دەوڵەتی دووهەمی ڕەفسەنجانی بەهۆی پەرەگرتنی نرخی نەوت و سیاسەتی "دەرگای کراوەی ئابووری" لە لایەن دەوڵەتەوە، بزووتنەوەی ژنان جارێکی دیکە پەرە دەگرێ و، مەحفەڵە نهێنییەکانی ژنان لە هەبوونی یەکتر ئاگادار دەبنەوە و پێکەوە پێوەندی دەگرنەوە. ئەم پێوەندییە بووە هۆی ئەوەی کە بتوانن لە دەورانی ئیسلاحات جارێکی دیکە ببنە چینێکی شوێندانەر لە کۆمەڵگە و بە دروستکردنی سەدان ڕێکخراوەی ناحکومی و بڵاوکردنەوەی دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە، لە ماوەیەکی زەمانی کورتخایەندا هێز و توانای خۆیان بە دەسەڵات بسەلمێنن. بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی بناژۆخوازی ئەحمەدینەژاد چالاکیی ژنان جارێکی دیکە تووشی نسکۆ بوو، بەشێکی هەرەزۆری ڕێکخراوەکان و چالاکییەکانی ژنان ڕاگیرا، تەرحی تەفکیکی جنسییەتی و گەشتی ئیرشاد فەزای بۆ حزووری ژنان لە عەرسەی کۆمەڵگە لە جاران سەختتر کرد و وەستانی ئابووری، گەشەی هەژاری، بێکاری و هەڵاوسان لە دەورانی ڕۆحانی ڕەوشی چالاکییەکانی ژنانی خراپتر لە جاران کرد. لە کوردستانیش لە دەورانی قەدیمەوە لە سەرتاسەری کوردستان حکومەتگەلی خۆجێیی لەسەر کار بوون کە بە پێچەوانەی نەتەوەکانی دراوسێ، شوێنپێی ژنان هەمیشە لە دەسەڵاتداری و سیاسەتدا دیار بووە، تەنانەت لە هێندێک شوێنیش دەبینین ژنان بە پۆستی حوکمڕانی گەیشتوون کە حوکمڕانی گەورە شاری حەڵب لە لایەن "زیغە خاتوون" و حوکمڕانی شاری ڕوانسەر لە لایەن "حەمیدە خانی ئەردەڵان" جێی ئاماژەیە. لە جیهانی هاوچەرخدا و بە هاتنی مۆدێرنیتە، ژنانی کوردیش لە قافڵەی دنیای نوێ بەجێ نەماون. یەکەمین ڕێکخراوی ژنان لە ساڵی ١٩١٩ لە لایەن کۆمەڵەی کوردانی تەبعیدی لە ئیستەنبوڵ دامەزرا و پاش ئەوە لە ساڵی ١٩٢٠ لە سەردەمی حکومەتی خودموختاری شێخ مەحموودەوە، "حەفسەخانم" ڕێکخرواى ژنانی بونیات نا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە ساڵ ١٣٢٤دا، پاش دامەزراندنی کۆماری کوردستان، "یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان" دادەمەزرێ. پاش کۆماری کوردستان لە ڕاستیدا بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان تابعێک بوو لە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران، هاوکات لەگەڵ کرانەوەی فەزای سیاسی لە ئێران بزووتنەوەی ژنانیش پەرەی گرتوە و بە داخرانی فەزای سیاسی بزووتنەوەی ژنانیش تووشی نسکۆ بووە.

**پرسیار: ئەگەر دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بە دەسپێکی قۆناغی کاری ڕێکخراوەیی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەمەبنا وەربگرین، هەر لەجێدا ئەم پرسیارە دەگوورێ کە بەستێن و زەروورەتی دامەزرانی ئەم ڕێکخراوەیە چی بوو؟**



عیسمەت نستانی، یەکێکی دیکە لە سکرتێرەکانی پێشووتری ئەم ڕێکخراوەیە دەڵێ:

کە باس لە دامەزرانی یەکیەتیی ژنان دەکەین، دەبێ بگەڕێینەوە سەردەمی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان، چونکی ئەو ڕێکخراوەیە ڕاستەوخۆ لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە و دامەزرا. بۆیە هەمان ئەو زەرووەرەتەی لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی کوردستاندا بۆ دامەزرانی حیزبی دێموکرات هەبوو، سەبارەت بە ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانیش هەبوون. لەو سەردەمەدا واتە ٧٤ ساڵ بەر لە ئێستا کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و ڕۆژهەلاتی کوردستانیش وەک بەشێک لە ئێران کۆمەڵگەیەکی سوننەتی و نەخوێندەوار و گەشەنەسەندوو بوو، لەو نێوەدا دۆخی ژنان خراپتریش بوو. ژنان بە هیچ شێوەیەک ئاگایان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و ئەو پێشکەوتنانە نەبوو کە لە بزووتنەوەکانی ژناندا لە گۆڕێ بوو و تا ڕادەیەک توانیبوویان بەشێک لە مافەکانیان دەستەبەر بکەن. لە وەها بارودۆخێکدا ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و بە تایبەت قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان دەستپێشخەری دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە ژنان دەکا بۆ ئەوەی ژنانی کورد بە مافەکانیان ئاشنا بن و پەیوەست بن بە کاروبارەکانی نێو کۆمەڵگە. ئەو دەستپێشخەری و پشتگیرییەی پێشەوا وای کرد زۆر زوو ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە دەوری یەک کۆ ببنەوە و بە هیممەتی ژمارەیەک لە ژنانی تێگەیشتوو و خوێندەواری وەک خەدیجە حەیدەری، یاوەیلەمەی سەیدیان و مینا خانمی قازی و... هتد تەمرینی کاری ڕێکخراوەیی بکەن. ئەورۆکە لە دوای ٧٤ ساڵ چاو لەو مێژووە دەکەین دەبینین ئەو ئەزموونە بەنرخە تا چ ڕادەیەک کاریگەریی لەسەر ژنی کورد داناوە.

**پرسیار**: دەپرسم دیارە بێگومان کارێکی وەها گرینگ هەم بایەخی مێژوویی و هەم کارکردی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شوێندانەری بووە. بەڵام لەگەڵ ڕووخانی کۆماری کوردستان ئەم ڕێکخراوەیەش نەیتوانی درێژە بە ژیانی خۆی بدا، هەتا دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ی گەلانی ئێران. بۆچی ژیان و جووڵەی ئەم ڕێکخراوەیە گرێدراوی حیزبی دێموکرات و هەلومەرجی خەباتی ئەم حیزبە بووە؟

**خاتوو عیسمەت لە وەڵامدا دەڵێ**: ئەوە ڕاستە کە هەرکات خەباتی حیزبی دێموکرات ڕووەوپێش و لە گەشەکردندا بووبێ، ئەوە یەکیەتیی ژنانیش بەرەوپێش چووە و پێچەوانەکەشی هەر وایە. دیارە هەندێ قۆناغ لە مێژووی حیزبدا هەبووە کە چۆتەوە نێو کۆمەڵانی خەڵک و لاپەڕەی زێڕینی خستۆتە سەر مێژووی خۆی، بەڵام دەرفەتی هاتنە مەیدانی یەکیەتیی ژنان نەبووە. بۆ نموونە لە ساڵانی جووڵانەوەی ٤٦ و ٤٧ی هەتاویی حیزبدا کە لەو قۆناغە لە چالاکیی حیزبی دێموکراتدا دەرفەتی ڕێکخستنەوەی یەکیەتیی ژنان نەهاتە گۆڕێ. بەڵام دەبینین هاوکات لەگەڵ زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب و پاش سەرکەوتنی شۆڕش، دەسبەجێ ژنان وەخۆ دەکەون و قۆناغێکی نوێ لە خەباتی خۆیان دەست پێدەکەن. دەمەوێ بڵێم یەکیەیی ژنان هەرگیز وەک ڕێکخراوێک دەرنەکەوتووە کە تەنیا ئەولەویەتی بە یەکسانیخوازیی ڕەگەزی دابێ، لە بەر ئەوەی هاوکات لەگەڵ ستەمی ڕەگەزی بەرەورووی ستەمی نەتەوەییش بۆتەوە. واتە هەم ژن بووە و هەم کورد، ئەوەش وای کردوە هەوڵ بدا بۆ پاراستنی کەرامەتی "ژنبوون" و "کوردبوون"ی خۆی. ئەو ئەرکەشی هەم لە سەردەمی حوزوور لە ناو شار و نیشتمانی خۆیدا و هەمیش لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەستۆ بووە و هەموو تواناکانی خۆی بۆ تەرخان کردوە.

**پرسیار**: کەم نین ئەو دەنگانە کە دەڵێن بەگشتی چ لە ئێران و چ لە کوردستان ژنان ئەم هێزە دیارە نین، یان ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە تۆخ و شوێندانەرە نین. ئایا ژنان بێهیوان و دەستیان بەرداوەتەوە؟



**شلێر مەحموودی، سکرتێری پێشووی یەکیەتیی ژنان**

ڕای وایە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا و بەنیسبەت دژایەتیی مافەکانی ژنان هەمیشە شمشێری لەڕوو بەستوە، بەڵام ژنان قەت مەیدانیان چۆڵ نەکردوە. ئەوەش کە دەگوترێ ژنان لە ئێستادا دەنگێکی دیار نین یا ناتوانن هێزێکی کۆمەڵایەتی تۆخ و شوێندانەر نین، من لام وایە کە وا نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین بەڕێکخراوە نەبوونی ژنان لە ئێران و کوردستان و دواتر ئەولەویەتدان بە هەندێ پرسی دیکەی کۆمەڵگە ئەو پەراوێزەی ساز کردوە. هۆکارێکی دیکەش نیزامی سیاسی و یاسایی کۆماری ئیسلامییە کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سەرکوتی مافخوازیی ژنانی داوە. هەرکاتێک کە ژنان هاتوونەتە سەرشەقام بە توندترین شێوە دژیان وەستاوەتەوە و سەرکووتی کردوون، ئەگەرچی سەرەڕای هەموو ئەوانەش ژنان دەستیان بەرنەداوەتەوە.

"**حەلیمە ڕەسووڵی**"ش وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە کە ئەوپەڕی زەخت و سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی وای کردوە ژنان نەتوانن بارتەقای قورسایی و پێگەی خۆیان ڕۆڵ ببینن، بەڵام بێکاریی هۆکارێکی دی ئەم بارودۆخەیە. بێکاریی ژنان و خانەنشین کردنیان بەهۆی زەختی ئابووری لە ساڵانی ڕابردوو یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی کاڵبوونەوەی چالاکیی ژنانە، بەڵام لە هەمان کاتدا سەرەڕای ئەم کۆسپ و تەنگەژەیە ژنان هەنگاوی باشیشیان هەڵگرتوە. کچانی شەقامی ئینقلاب، دایکانی پارکی لالە، دایکانی خاوەران و هەروەها دایکانی ئاشتی لە کوردستان، ژنانی چالاکیی ژینگەپارێز و بەشدارانی خۆپێشاندانەکانی زستانی ٩٦ و پاییزی ٩٨ بەشێکی بەرچاو لە شوێندانەری ژنان لە کۆمەڵگەن. هەرچەند کە ئەم چالاکییانە ڕاستەوخۆ تابۆکان و پرسی ڕەگەزی بەخۆوە ناگرن، بەڵام بەوحاڵەش بوونەتە هۆی زیندوومانەوە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ژنان.

**پرسیار: ڕاستە کاری مەیدانی لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بۆ ژنان سەختە، بەڵام بەوحاڵەش دەگوترێ ئەو مێتۆدانەی چالاکانی بواری مافەکانی ژنان یان تەنانەت بڵێین بزووتنەوەی ژنان بۆ مافخوازی دەکاریان دەکەن وەڵامدەر نین. بە واتایەکی دی بزووتنەوەی ژنان بە دروستکردنی کەمپینەکان، چالاکییە جارناجارەکان و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراو بەیاننامەکان نەیتوانیوە ببێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری. نەیتوانیوە بچێتە نێو کەڕەک و کۆڵان و ماڵانەوە و ژنان بۆ مافخوازی ڕێک بخا.**



**موژگان عەلیپوور، سکرتێری ئێستای یەکیەتیی ژنان؛**

**لەو بارەوە ڕای وایە بەردی بناغەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر پێشێلکاری مافەکانی ژنان دانراوە و، هیچ کات ئیزن بە ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە ژنان نەدراوە کە ئازادانە ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز کۆبکاتەوە و بە دیاریکراوی کار بۆ بەدواداچوونی کێشەکان بکا و هەوڵی چارەسەرییان بدا. ئەوەی کراویشە لەبەر ئەوەی سازماندراو و بە هەماهەنگی نەبووە نەیتوانیوە وڵامدەر بێ. ئەو شێوازە چالاکییانەی کە لە نێوخۆ لە ئارادایە گشتگیرە و تەنها بەشێکی خزمەت بەو پرسە دەکا و ڕاستە دەبێ میتۆدەکانی کار و چالاکی لە ڕاستای پرسی ژناندا بێ و بۆ شوێندانەری هەنگاوەکان دەبێ زیاتر لەو پێناوەدا هەڵبگیرێن. ئێمە دەبینین کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لەسەر بناغەی دێموکراسی ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر دەبێ و دەبێتە مەترسی بۆسەر دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئێران کە ژنانیش لە بەرەوپێشچوونی جێ پەنجەیان دیارە. کەواتە پێویستە لەم ڕاستانە هەوڵی چالاکانی بواری مافەکانی ژنان زیاتر بۆ ئەوە بێ کە پرسی ژنانیش وێرای پرسە گشتییەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگە بچێتە پێش و نەکەوێتە پەراوێزەوە. واقعییەت ئەوەیە سەختە تۆ ژن بی و لە وڵاتێکدا بژی کە کەمترین مافی بە ژنان دابێ و بە یاسا لە زۆربەی بوارەکان بەربەستی بۆ دانابێ، بەوحاڵەش بتوانێ لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و ژینگە پارێزی... هتد تا ئەو ئاستە چالاک بێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە چیدی پێویست ناکا بیر لە شێوازی دیکەی کاروچالاکی دیکە بکرێتەوە!**

**شلێر مەحموودی بەڵام ڕایەکی جیاوازی هەیە. ئەو دەڵێ مێتۆدەکانی چالاکی لە بواری مافەکانی مرۆڤ یان بزووتنەوەی ژنان کە بۆ مافخوازی دەکار دەکرێن، نەک بێ‌وڵام نەبوون بەڵکوو کاریگەریی باشیشیان لەسەر کۆمەڵگەی ئێران داناوە. بەتایبەت لە ڕووی وشیارکردنەوەی ژنان سەبارەت بەمافەکانی خۆیان بە هەموو ئەو شێوازانەی کە دەیبینین. ئەوەی من وەک کێشە یان گرفت باسی دەکەم، مەسەلەی گوتاری هاوبەش لە بزووتنەوەی ژنانە. ئێمە دەبینین لە ئێران لە دەیەی شەست ژنان سێ جۆر گوفتمانیان هەبووە، گوفتمانی چەپ، ئیسلامگەرا و لیبراڵەکان بەهەموو جیاوازییەکانی نێوانیان کە دوایە دەبینین دەسەڵات پاشەکشە بە هەموو ڕەوتێکی ئازادیخوازیی ژنان دەکا. کە دێینە دەیەی حەفتادا و لەسەردەمی ئیسلاحاتدا ئەنجومەنەکان پەیدا بوون و بەشێوەیەکی بەرفراوانتر چوونە نێو کۆمەڵگەی ئێرانەوە. واتە چالاکییە فەردییەکان بوونە گرووپی و لە دەیەی ٩٠ دا "کەمپینەکان" و "کچانی ئینقلاب" و بەشداریی بەرینی ژنان لە خۆپێشاندانەکانن کە بەر چاو دەکەون. ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستانیش بە هەمان شێوە و لەو ڕێگایانەوە یا بەو مێتۆدانەوە کاریان کردوە کە خۆتان باستان کردوون. بەڕای من پێویست بە مێتۆدی تازەش دەکرێ و ئەم مێتۆدە**

دەبێ زیندوو بێ و کار لەسەر سازماندەیی و بەڕێکخراوبوونی ژنان بکا. هەڵبەت دووریی ڕێکخراوەکانی ژنان لە ژینگەی سەرەکی و مەیدانی خەباتی خۆیان گرفتێکە کە حاشای لێناکری.

**پرسیار**: بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ شتێکمان نییە بەناوی بزووتنەوەی ژنان. دەشپرسێ کە ئەگەر وەها بزووتنەوەیەک هەیە، ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان چۆن پێناسە دەکا؟ گوتاری چییە؟ خەسڵەتەکانی چین؟ ئێمە لەکوێ ئەم بزووتنەوەیە ببینین؟ لە شەقامەکاندا؟ لەنێو ڕۆژنامە و کتێبەکاندا؟ لە زانکۆ و کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنی و ڕووناکبیرییەکاندا؟ لەکوێدا؟

**حەلیمە ڕەسووڵی دەڵێ**: بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حاشاهەڵنەگرە و، ناتوانین هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەیەکی وشکدا فۆڕمولە بکەین، بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە دیتوە، بەگشتی دەتوانین بە چالاکیی ژنان لە ژێر چەند گوتاردا ئاماژە بکەین کە کۆی گشتی ئەوانە دەبنە بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵات.

**یەکەم**: ژنانی دێموکرات و نەتەوەیی. ئەوان بەشێک لە ژنانن کە لەباری فیکرییەوە بە حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان نیزیکن و لەباری ڕێکخراوەییەوە خاوەن ڕێکخراوەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتن کە یەکێک لە کۆنترین ڕێکخراوەکانی ژنان لە ئێرانە. ئەم بەشە لە بزووتنەوەی ژنان باوەڕی بە پێوەرە کانی مافی مرۆڤ بە نیسبەتی ژنانەوە هەیە و لە تەنیشت خەبات بۆ دەستەبەربوونی یەکسانی ڕەگەزی و مافی ژنان، خوازیاری دەستەبەربوونی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کوردە.

**دووهەم**: لایەنگەرانی چینی کرێکار و فیمینیستە سۆسیالیستەکانن کە هاوکات لەگەڵ خەباتی ڕەگەزی بایەخی تایبەت دەدا بە خەباتی چینایەتی و ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی.

**سێهەم**: توێژیش چالاکانی ژنانی ڕیفۆرمخوازن کە باوەڕیان بە ڕیفورم لە ساختاری سیاسی، کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی حاکمەدا هەیە و هەوڵ دەدەن لە ڕێی دامەزراوە قانوونییەکانی نێوخۆ خۆیان بە ڕێکخستن بکەن.

**چوارەم**: توێژ، نئومارکسیستەکان و چالاکانی سەربەخۆن کە بەشێک لە چالاکانی پێشووی بزووتنەوەی ژنانی چەپ و نەتەوەیین کە بەو قەناعەتە گەیشتوون ئەو ڕێکخراوەگەلە چیتر توانای دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنانیان نییە و ئەولەویتیان تەنیاوتەنیا خەبات بۆ یەکسانیی ڕەگەزی و دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنانە.

**پێنجەم**: بەش ئەو چالاکییەکانیان مەوردییانەن کە بەپێی هەلومەرج ڕوو دەدەن وەکوو دایکانی ئاشتی، ئەنجومەنە ئەدەبی وەرزشییەکان، ژینگەپارێزەکان، تەعاونییەکانی ژنان. هەرچەند ئەم چەشنە لە چالاکییەکان ڕاستەوخۆ ناچێتە خانەی خەباتی ژنانەوە بەڵام بەهۆی بەشدارکردنی ژنان لە عەرسەی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی بەهێزترکردنی بزووتنەوەی ژنانی کوردستان.

**شلێر مەحموودی**: لەو پێوەندییەدا ڕای وایە کە بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا سەرەڕای هەموو ئەو کۆت و بەندانەی کە لە بەردەمیەتی

کۆڵی نەداوە و بەجێ نەماوە و لە ئێستادا ژنان بەشێکی گرینگ لە کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران و کوردستان پێکدەهێنن. لانیکەم لە دوو دەیەی ڕابردوودا ژنان توانیویانە سەدان کۆڕو کۆمەڵەی مەدەنی و ڕێکخراوی ناحکومی لە ئێراندا پێک بهێنن و لە بواری میدیا و ڕاگەیاندندا و لە پێناو ڕۆشنگەریدا چالاک و لە مەیداندا بن، ئیدعا نییە ئەگەر بڵێین ژنان لە کوردستان لە حەوزەی پراکتیکدا زۆر چالاکتر بوون لە ژنان بەگشتی لە ئێراندا. کاتێک کە خامنەیی فەتوای حەرام بوونی دوچەرخەسواریی ژنانی دەرکرد، سەدان ژنی کورد لە مەریوان و سنە بە دوچەرخەوە هاتنە دەرەوە تا بیسەلمێنن کە ملکەچی زوڵم و زۆرداری نابن، لە مانگرتنە گشتییەکان و بۆنە ئیعترازییەکاندا ژنانی کورد لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی جەماوەریی کوردستانن. وە یەکەم ڕێکخراوەکانی ژنان لە دڵی بزووتنەی نەتەوەییدا سەری هەڵدا و لەو بەستێنەدا ژنانی چالاک لە حیزبە سیاسییەکانی کورددا ڕەچەشکێن بوون. کەواتە دەتوانم بڵێم بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و کوردستان هەیە و بەڕوونیش لە چالاکییە مەدەنی، کۆمەلایەتی و سیاسییەکاندا خۆی پێناسە کردوە.

**پرسیار**: ژنان لە ئێران پێ بەپێی قۆناغەکانی دەسەڵات و تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەسەر زۆر هەلومەرج بارودۆخدا کەوتوون. پرسیار ئەوەیە کە گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران و هەڵبژاردنەکان و گۆڕینی کابینەکان لە ماوەی چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا چ دەسکەوتێکی بۆ ژنان بووە. خەبات و بزووتنەوەی ژنان لە سایەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا دەسکەوتیان چی بووە.

**مۆژگان عەلیپوور**، لەو بارەوە دەڵێ زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و گۆڕانکارییەکان لە کابینەکان و هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و سەرۆککۆماریش هیچیان دەسکەوتی ئەوتۆی بۆ ژنان بە تایبەتی ژنی کورد نەبووە. ئەگەریش ژنان لەو ماوەیەدا دەسکەوتێکی بچووکیشیان لە خەباتی مافخوازانەیاندا دەستەبەر کردبێ، ئەوە بەری ڕەنج و ماندووبوون و قوربانیدانی خویان بووە. ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی جۆری بزووتنەوەکە و بارودۆخ و ژینگەی چالاکی و جۆری دەسەڵاتی ئەو وڵاتە دەبێ هەڵسەنگاندن بۆ دەسکەوتەکانی بکەین. لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەرفەتەکان زۆر بەرتەسکن و لە هێندێک بواری وەک "سیاسی"دا هەر دەرفەتی چالاکی بۆ ژنان نییە. لە ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ژنان توانیویانە لەهەر هەل و دەرفەتێک کە بەرهەمی گۆڕانکارییەکان لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا بووبێ، کەلک وەربگرن و ئەمە بە قازانجی بردنە پێشی پرسەکان بقۆزنەوە. بۆ نموونە لابردنی جۆرێک لە جلوبەرگی داسەپاوی ئەو ڕێژیمە، هەوڵدان بۆ چوونە یاریگا وەرزشییەکان، پڕکردنەوەی کورسی زانکۆکان تا ئاستێکی بەرچاو و سەربەخۆیی ئابووری و سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی ژنان لە بواری وەرزشی بەشێک لەو دەسکەوتانەن. ژنی کوردیش لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە لە پێناو بەدەستەوەگرتنی شوناسی خۆی وەک میللەتی کورد زۆرترین هەوڵی داوە و لەم پێوەندییەشدا توانیویانە تا ئاستێکی باش ئەو شوناسە بپارێزن و ساڵ لە دوای ساڵ هەماهەنگتر و بە ڕێکخراوتر ئەو ڕەوتە بەرەو پێش بەرن. یەکێک لە نموونە بەرچاوەکان پاراستنی زمانە کە یەک لە شوناسەکانی نەتەوەیە، ژنان خۆبەخشانە و ماندووبینەناسانە کاریان کردوە و شاربەشار و گوند بە گوند وانەی کوردیی دەڵێنەوە و لەم پێوەندییەشدا دەتوانین ئاماژە بە زارا محەممەدی بکەین کە بە تاوانی وتنەوەی زمانی دایکی شەش مانگ دەسبەسەرکرا و پاشان بە بارمتەی قورسی چەند سەد میلیۆن تمەنی ئازادکرا. کەواتە ژنانی ئێمە دەسکەوتەکانیان بە قوربانیدان و بە قیمەتی گیانیان بەدەست هێناوە نەک بە چاکە و پیاوەتی دەسەڵاتی حاکم لە ئێران.



**شەهێن زادنەحمەد، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات؛**

لەو بارەیەوە ڕای جیاوازی هەیە. ئەو پێی وایە ژنان لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا چوار قۆناغیان بڕیوە.

**قۆناغی یەکەم؛** شۆڕشی گەلانی ئێران تا دوا دەورەی ڕەفسەنجانی و تەرحی سازەندەگی ناوبراو و شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق لەسەر یەک بۆ ژنانی سێکۆلار و جیابیر دەسکەوتی نەبوو هیچ، لەو ماوەیەدا سەربزێوانی ئەم پرسە بەتوندیش سەرکوت دەکران.

**قۆناغی دووەم؛** دوو دەورەی دەوڵەتی خاتەمییە کە دروشمی دیالۆگ و چاکسازیی هەڵگرتبوو. ئەو کات بە چەند هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی فەزای داخراوی سیاسیی نێوخۆیی وڵات چرژی تێکەوت کە چالاکانی مەدەنی و مافخواز قۆستیانەوە. بەمجۆرە خێرا کۆمەڵگە لە بواری فەرهەنگی، ئەدەبی، هونەری و چاپەمەنی جموجۆڵێکی نسبی بەخۆیەوە بینی و لەو بارووخەدا ژنانیش تا ڕادەیەکی باش توانیان دووبارە بێنەوە مەیدان و خۆیان ڕێک خەنەوە، بەتایبەت ژنانی کورد لەم قۆناغەدا لە ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان، لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و لە خوێندنگاکان گەشەی باشیان کرد و لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی ئێرانیش تا ئاستێکی بەرچاو هەماهەنگ بوون.

**قۆناغی سێیەم؛** دوو دەورە سەرکۆماریی ئەحمەدینژادە کە بۆ بزووتنەوەی سێکۆلاری ژنان لە ئێران و کوردستان هیچ دەسکەوتێکی نەبوو. بۆنموونە لە سیستمی حکومەت و کابینەی ڕەئیس جمهوور و لە بەشی وەزاەت و بەشی ڕاوێژکاری حکومەتی بایەخ بە ژنان لە توێژی بناژۆخوازی نێو حاکمییەت دەدرێ، بەڵام لە بەرانبەردا بزووتنەوەی ژنانی سێکۆلار و جیابیر لەم دەورە مێژوویییە کە هاوکاتە لەگەڵ پەرەسەندنی خێرای زانست و تێکنۆلۆژیی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، دەبینین کە چالاکانی ژن بەتوندی سەرکوت دەکرێن. بە باوەڕی من لەو دەورەیەدا هەرچەند بزووتنەوەی ژنان بەرەوڕووی خەسارێکی گەورە دەبێتەوە بەڵام ئەساسی ئەو بزووتنەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی فاکتی سەردەمیانە و ئاڵوگۆڕەکان لە بافتی کۆمەڵگە و لە بیروڕای گشتی نێوخۆی وڵاتدا ئاسەواری فەرهەنگی و زەمینەی ذهنی نەهادینە دەکا. لە دەرەوەی وڵاتیش ئەم ڕەوتە، ژنانی تاراوگەش لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و بە شێوەی سازمانی پەیوەندییەکانی دەرەوە و نێوخۆ بۆ ئەم پرسە سەرنج ڕاکێشتر و کاریگەرتر دەکا بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان و پەرەپێدانی

تەشکیلاتی.

**قۆناغی چوارەم**، سەردەمی سەرۆککۆماریی حەسەن ڕوحانییە کە پێچەوانەی ئەوەی خەڵک و ژنانیش چاوەڕێی ئاڵوگۆڕی مەخمەلی بوون، دەرکەوت کە ئەویش هیچ ئاوڕێک لە گرفتەکانی کۆمەڵگە و خەڵک ناداتەوە. دیارە لەم قۆناغەدا بزووتنەوی ژنان پێیوەندییەکانی لەگەڵ نێوخۆ چڕو پڕتر دەکاتەوە، باشتر و مونەزەمتر لە پێشوو لەسەر خەت دەمێنێتەوە و بە ئامرازەکانی تێکنۆلۆژی دەتوانێ بەشدار و هاندەری زۆربەی ناڕەزایەتییەکان بێ.

لە ئاکامیگیریی ڕەوتی مافخوازیی ژنان لەو چوار قۆناغەدا دەبینین کە سەرەڕای توندترین شێوەی سەرکوب، ژنان لە پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی خۆیان کەم و زۆر هەر دەگێڕن و، زۆر جاریش لە ناڕەزایەتییەکاندا پێشەنگیشن.

**پرسیار**: باسێکی گرینگی دیکە قورسایی ڕەوەندی ژنانە لە دەرەوەی وڵات. لە ئێستادا ئەگەرچی حەشیمەتێکی دەیان هەزار کەسیی ژنی کورد نیشتەجێی وڵاتە ئازاد و دێموکراتیکەکانی دەرەوەی وڵاتن، بەڵام هەتا ئێستا "ژنی کورد" کە هەڵگری گوتاری بزووتنەوەی کورد و ژنان بێ لە دەرەوە چێ نەبووە.

**شەهێن زادەحەمەد دەڵێ**، تاوتوێی ئەو بابەتە کاری ئەو پسپۆڕانەیە کە بەپێی لێکدانەوەکانی کاری لێکۆڵینەوە لە بواری زەمینەی موبارەزاتی و مەوقەعییەت و بافتی کۆمەڵایەتی نەتەوەیەکی بندەستە و داگیرکراو لە بەرانبەر نیزامێکی سیاسیی داگیرکەر و توتالیتێر چالاکن. بەڵام خۆم ڕام وایە ئەمە ڕاستە و بەپێی ڕێژەی بەرچاوی ئەم ژنانە کەچی کاریگەرییان لەسەر گوتار و کارکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کاڵ و کەم دیارە. هەروەک دەزانن بزووتنەوەکان لە بەرانبەر هۆکارەکانی گشتیی نەتەوەیەک یان کێشەکانی تایبەت بە کۆمەڵگەدا سەر هەڵدەدەن، ژنی کورد لەم بوارەدا جیا لە ئەرکی نەتەوەیی ئەرکی پرسێکی گرینگی کۆمەڵایەتیشی لەسەر شانە. لێرەدایە کە پرسیارەکە بەراوەژوو دەبێتەوە. ئایا بزووتنەوەی کورد و گوتار و بەرنامەکانی ئەم حیزب و گرووپانە کە لە ڕاستای پرسی نەتەوایەتی و پرسی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی سەرەکییان لە بزووتنەوەکاندا هەیە چەندە توانیویانە ژنان وەک نیوەی حەشیمەتی نەتەوە و توێژێکی ستەم لێکراوی کولتووری مەزهەبی زاڵ لە کۆمەڵگە و سیستمی دیکتاتۆری داگیرکەر بە لەبەر چاوگرتنی کۆسپەکانی سەر ڕێگەیان کە هەر لە بنەماڵەوە دەست پێ دەکا تا سیستم یارمەتیدەریان بن، یان هێزی ژن لە قەوارە و ساختاری حیزب و گرووپەکانی بزووتنەوە ڕەنگدانەوەی پێویستیان هەبووبێ، چەندە توانیویانە سەرنجی ژن وەک هێزێکی کاریگەر لەبەرچاو بگرن تا بەرنامەکانیان لەسەر ئەم واقعیەتە دابڕێژنەوە، دەمهەوێ زۆر ڕاستگۆیانە بڵێم ئەگەر یەکێک لە مەرجەکانی سەرەکیی بەرنامە و پرۆژەی هەر جەریانێک بەگشتی زەمینەی ئەم فەرهەنگسازیە بێ کە جەزابیەتی ڕێژەیی ژنان و پیاوانی لێ بکەوێتەوە، بەداخەوە ئەم تەعادولە لە بواری جەزب یان پەیوەست بوونی ڕێژەیی ژنان لە دەوری ئەم بزووتنەوانەدا هەروا کزولاواز دەمێنێتەوە، سەرەڕای ئەم گرفت و کەموکوڕیانە ژنانی دەرەوە بە ڕادەی نیسبی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەشدارن، چ بە شێوەی تاکەکەسی، چ بەشێوەی گرووپی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، چ بەشێوەی ڕێکخراوەیی لە دوو بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بزووتنەوەی کورددا بەشداریان هەیە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە حەدی پێویست و مەتلووبدا نییە، هیوادارم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەگشتی، ئەحزابە سیاسی و مەدەنییەکان کاریگەریی هێز و توانای ژنان وەک پێویست لەبەرچاو بگرن. ژنانیش بە

لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی حەساسی ئێستا بۆ وەدیهاتنی دەسکەوتەکانی موبارەزاتی بەهەر شێوەیەک کە مومکینە بە میکانیزمی موناسب و سەردەمیانە هێز و توانایان، خۆیان لە پلان و گوتاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا ببینەوە.

لە ژمارەی ٧٧٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

## نەورۆزی کوردەواری

نەورۆز هاوواتای ژیانەوە و ڕۆژی نوێیە. لەگەڵ هاتنی ئەم ڕۆژە و دەسپێکی وەرزی بەهار بەفری چیا و پێدەشتان دەتوێنەوە، خونچە دەپشکوێ، دیمەنی سروشت دەڕازێتەوە و هیوا لە دڵی مرۆڤەکانیشدا گەشە دەکا. بە هاتنی نەورۆز پێویستە ئێمەش بە چاولێکەری لە سروشت خەم و خەفەت و ناخۆشییەکانی ساڵی پارمان بسڕینەوە و بەرگی کەسک و سووری شادی و خۆشی بەبەریاندا بکەین و، بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی ڕووناک گەشبین بین.

نەتەوەی کورد و نەورۆز ئاوەڵدووانەن، گەلی کورد هیوای بە داهاتوو گەشتر دەبێ ئاسۆی ڕوانینی زیاتر دەگەشێتەوە. جێژنی نەورۆز یەکێک لەو جێژنانەیە کە نیشانەی هاوپێوەندی و هەستی هاوبەشیی نەتەوەی ئێمەیە، کە بە نێو هەزاران ڕووداوی مێژووییدا تێپەڕیوە و ڕێگەیەکی پڕ لە کەند و لەندی بڕیوە و گەیشتۆتە ئێرە و بۆتە لاپەڕەیەکی پڕشنگدار لە کولتووری نەتەوایەتییمان.

گەلانی ئاریایی لە کۆنەوە زۆر جێژنی جۆراوجۆریان هەبووە کە گرینگترینیان جێژنی نەورۆز واتە شۆڕشی سروشت و سەرهەڵدان و جموجۆڵی بوونەوەران و سەرەتای وەرزی گەرما.
لە بارەی چۆنیەتیی پەیدابوونی جێژنی نەورۆزەوە، سەرچاوە مێژووییەکان بیر و ڕای جیاوازیان تۆمار کردوە و هەندێک ڕووداوی مێژوویی و ئەفسانەیی کراونەتە سەرەتای پەیدابوونی نەورۆز.

نەورۆز کە واتای ڕۆژی نوێ لەخۆ دەگرێ، ڕۆژی یەکەمی خاکەلێوەیە کە هەتاو لە سەرەتای بورجی حەمەلە، واتە ڕاست لە دەسپێکی بەهاردایە. بە بڕوای هەندێک لە خاوەن ڕایان خودا لەو ڕۆژەدا دنیای بەدی هێناوە و هێندێکی دیکە دەڵێن: چونکە خودا لەم ڕۆژەدا ئادەمی خولقاندوە، بۆیە ناوی نراوە نەورۆز. کەسانێکی تریش پێیان وایە ئەو ڕۆژەی کە جەمشید چۆتە سەر تەخت، ڕۆژی شەشی خاکەلێوە بووە کە بە نەورۆزی تایبەتی ناودێر کراوە.

لە دەقە ئەفسانەییەکاندا هاتوە کە یەکەمین شەممەی مانگی یەکەمی ساڵی ١٧٦٧ی پێش زایین، حەزرەتی زەردەشت لەدایک بووە، بۆیە ئەو ڕۆژەیان بە نەورۆز ناودێر کردوە، هەروەها بە پێی دەقێکی ئەفسانەیی دیکە کە لە شانامەی فیردەوسیدا هاتوە، نەورۆز ڕۆژێکە کە کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکدا سەرکەوت و خەڵک بە هەڵکردنی ئاور ئەو ڕۆژەیان کردە جێژن، یان دەڵێن نەورۆز، ڕۆژێکە کە ئاور دۆزراوەتەوە و؛ یان ئەو ڕۆژەیە کە شەو و ڕۆژ پێکەوە بەرابەرن.

هەر لە سەردەمی کۆندا، خەڵک کاتێک لە چنگ سەرماوسۆڵی زستان ڕزگاریان دەبوو، جێژنیان دەگرت و پاشان ئەو جێژنە گەیشتە لای میر و حاکمەکان و دواتریش دەوڵەت و دەسەڵاتەکان ئەم ڕۆژەیان کردە بنەمایەک بۆ جێژن گرتن.

نەورۆز لەگەڵ هاتنی کۆمەڵێک دابونەریتی کۆنی کوردەوارییش زیندوو دەکاتەوە و کەشی پێوەندییەکان لە نێوان خەڵکدا دەگۆڕێ. مرۆڤەکان لەم ڕۆژەدا هەست دەکەن کە دەبێ ئاڵوگۆڕ و نوێبوونەوەیەک لە ژیانیاندا هەبێ و زۆربەی خێزانەکان هەر بەم بۆنەیەوە ماڵ خاوێن دەکەنەوە، سەردانی نەخۆش و ئەو بنەماڵانە دەکەن کە کەسێکیان لەدەست داوە و، هەروەها سەردانی گۆڕی شەهیدان و مردووەکانیان دەکەن و دەیانهەوێ هەر تایبەتمەندییەکی خراپ و دڵچڵکنییەک بە هاتنی ئەم ڕۆژە نوێیە وەلا بنێن و ژیانێکی نوێ دەست پێبکەن.

یەکێکی تر لە نەریتەکان ئەوەیە زۆربەی ماڵەکان سفرەی حەوت سین ڕادەخەن کە حەوت شتی تێدایە و ناوی هەموویان بە پیتی سین دەست پێدەکا. گەورەساڵان دیاری و نەورۆزانە بە چکۆلەکان دەدەن، یان ئەوەی ئەوان بۆ خۆیان بۆ نەورۆزانە دەگەڕێن و کاتێک بۆ ماڵێک دەچن ئەم هەڵبەستە کۆنانە دەڵێنەوە:

هەلاوە مەلاوە

کچتان بووک

کوڕتان زاوا،

هەلاوە مەلاوە

شتێکمان بۆ بخەنە نێو تاوە،

هەلاوە مەلاوە

یەک هێلکە تەواوە،

هەنگوینی شانە شانە

خانمی سەر باڵەخانە

کوا بەشم نەورۆزانە و ...

خاوەن ماڵیش هەر شتێک کە شک بەرێ وەک: هێلکە، شیرینی، سنجوو، پووڵ و هتد دەیدا بە منداڵەکان و زۆر بە ڕووی خۆشەوە بەڕێیان دەکا. کاتێک کە شەو دادێ، واتە شەوی ڕۆژی نەورۆز، نۆبە دەگاتە گەورەکان و کوڕان و پیاوان دەگەڕێن، لە کولانکە و بەر هەیوانەوە، سەتڵی پڕ لە عەتر و شانە و ئاوێنە و گەنم دەخەنە خوارێ و خاوەن ماڵ نەورۆزانەیان پێدەدا.

ئێمە هەموومان دەبێ هەوڵ بدەین کە لە نەورۆزدا بەرەو ژیانێکی نوێ هەنگاو هەڵێنین و بە هەموو توانامانەوە لەدژی ناحەزان و کەسانی ڤین لە دڵ کە دەیانهەوێ نکۆڵی لەو جێژنە مێژووییەی نەتەوەکەمان بکەن بوەستین و، هەموو ساڵێک بە گڕ و تینێکی زیاتر لە ساڵانی پێشوو نەورۆزی کوردەواری بکەین بە جێژن.
ڕاستە نەورۆزی ئەمساڵمان بەداخەوە لەگەڵ هاتنی ئەم پەتا گشتگیرە هاوکات بوو، بەڵام کچ و کوڕان و منداڵان و پیرەکانمان لە هەموو کوردستان بە مانەوە لە ماڵەکانیان ئەم جێژنە پیرۆزەیان بەرز ڕاگرت و یادی نەورۆزیان بە زیندوویی هێشتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٠

## ژینۆسایدی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ژینۆساید دەستەواژەیەکی یۆنانییە و بە واتای لەنێو بردن یان پاکتاوی ڕەگەزی دێت، دەکرێ هۆکاری ئایینی، نەتەوەیی یان بیری ڕەگەزپەرستانەی لەپشت بێ. ئەم دەستەواژەیە بۆ یەکەمین جار لەلایەن "ڕافائیل لیمکین" شارەزای بواری یاسا لە کۆنفرانسێکدا لە ساڵی ١٩٣٣ کە لە شاری مادرید گیرابوو، بەکار هێنراوە و لە ساڵی ١٩٤٢ بە نووسین تۆماری کردوە. ئەم یاساناسە یەکێک لەو کەسانە بووە کە تەواوی خێزانەکەی بە دەستی ئاڵمانییەکان لەنێو براون. دواتر لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٩ی دێسامبری ١٩٤٨ بە بڕیاری ٢٦٠ لە پاریس بە تاوان ناسێنرا.

ژینۆساید بابەتێکی جیهانییە و زۆربەی خەڵکی وڵاتانی جیهان کەم و زۆر لە بوارە جیاوازەکاندا ژینۆساید کراون. بەڵام کاتێک باس لە کوردستان دەکرێ بابەتەکە جیاوازترە، لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە (ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە) کێشەی کورد تا ئێستا لەم وڵاتانە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە و دابەشکردن و لەنێو بردنی ئەم گەلە هەر بەردەوامە. بۆیە گەلی کورد لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا تا گەیشتن بە ئێستا وەکوو نەتەوەیەکی ژێردەستە کەوتووەتە بەر مەترسیی گەورەی لەنێو بردن و سڕینەوەی مێژوو، کولتوور، ئابووری و شوناس و... بە جۆرێک کە ڕۆژ بە ڕۆژ هەوڵی زیاتری تێکدانی تایبەتمەندییەکانی دەدرێ.

سیاسەتی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بریتییە لە لەنێو بردنی شارستانیەت و کولتوور، شێواندنی مێژوو کە هەمیشە هەوڵیان داوە ڕاستییە مێژووییەکان بشارنەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش گەلی کورد بە تایبەتی لە مێژووی هاوچەرخدا چەندین سیاسەتی توندوتیژانە بە مەبەستی سڕینەوەی شوناس و کولتوور و لەنێوبردنی ئەم نەتەوەیە لەسەر تاقی کراوەتەوە. لێرەدا بە باس کردن لە جۆرەکانی ژینۆساید و هەوڵی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بۆ ژینۆسایدی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم باسە درێژە پێدەدەین.

**ژینۆسایدی فیزیکی یان جەستەیی**: کوشتن و لەنێو بردنی تاکەکانی کۆمەڵ، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، وەک گوللە باران کردن، زیندەبەچاڵ کردن، کۆمەڵکوژی، بێسەروشوێن کردن و لە سێدارەدان و...، لە چوارچێوەی ژینۆسایدی جەستەییدا پێناسە دەکرێن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەسەڵاتی ناوەندی چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام لە ڕێگەی "گۆڕینی دێموگرافیی کوردستان"، "قەدەغەکردن بە مەبەستی تواندنەوەی زمانی کوردی، "کوچی زۆرەملێ"، "بە تاڵانبردنی سامانی نەتەوەیی کورد" و "شێواندنی مێژوو" و دەیان بەرنامەو پلانی دیکە، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە کورد لە نیو نەتەوەی سەردەستدا

بتوێننەوە و نیشتمانەکەی داگیر بکەن؛ یان هۆوییەت و شوناسی نەتەوەیی خۆی بەتاڵی بکەنەوە. بۆ نموونە هەر مێژووی هاوچەرخ و هەر لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانین ئاماژە بە کوشتاری نەورۆزی خوێناویی سنە، کۆمەڵکوژییەکانی قارنێ، قەڵاتان، وسووکەند، ئیندرقاش، سۆفییان و چەندین گوندی دیکە و ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد بکەین.

ئەم سیاسەتی دژەکوردییە لە ماوەی ٤ دەیە لە دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەتا ئێستاش لە گرتن، بەند کردن، لەسێدارەدان و بێسەروشوێن کردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورددا هەر بەردەوامە.

**ژینۆسایدی کولتووری**: بە مانای قەدەغەکردنی بەکار هێنان و فێربوون و خوێندنی زمانی دایک، شێواندنی مێژوو و کولتوور، سڕینەوەی شوێنەوار و ئاسەوارە مێژوویی و شارستانییەکان.

لە ئێراندا لە ماوی نێوان دوو شەڕی جیهانی، دەسەڵاتی تاران سیاسەتێکی توندوتیژانەی دژبە گەلی کورد گرتە بەر و، بەشێکی ئەم سیاسەتە بریتی بوو لە قەدەغە کردنی لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی و بەکارهێنانی زمانی کوردی و هەروەها ڕاگواستنیان بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێران، کە پێشتریش و لەلایەن حکوومەتی سەفەوییەکانەوە ئەم هەوڵە درابوو. هەر لە ساڵی ١٣١٦ی هەتاویدا بەشێکی زۆر لە هۆزەکانی " گەڵواخ، جەلالی و پیرانی" بۆ شیراز و کرمان ڕاگوێزران، سیاسەتی ڕێژیمی پاشایەتی دانی بە بوونی کورد وەک نەتەوەیەک نەدەنا و کوردیان بە یەکێک لە هۆزەکانی ئێران پێناسە دەکرد و زمانی کوردییش بە یەکێک لە بنزاراوەکانی زمانی فارسی ئەژمێردرا.

ئەم سیاسەت و ڕوانگە دژەکوردییە بۆ لەنێو بردنی شوناسی کورد تا ئێستاش هەر بەردەوامە و ڕێگە نادرێ نەتەوە بندەستەکان، بۆ نموونە گەلی کورد بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن، لە کاتێکدا لە ئەسڵی پازدەی یاسای بنەڕەتیی ئەم وڵاتەدا هاتوە کە هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە لە تەنیشت زمانی فەرمیی وڵات بە زمانی خۆی بخوێنێ.
ساڵانە بەردەوام گوێبیسی هەواڵگەلێک لە لەنێو بردنی شوێنە مێژووییەکانی کوردستان و بەتاڵان بردنیان دەبین، هەوڵ دەدرێ مێژووی کورد بە گێڕانەوەی بێبنەما بشێوێنن و ڕێگری بکەن لە بەڕێوە بردنی بۆنە و ڕێوڕەسمە کولتووری و مێژووییەکانی کورد، وەک بۆنەی نەتەوەیی نەورۆز و چەندین بۆنەی ئایینیی تایبەت بە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان.

لە ئێستادا دەبینین ئەرکی پاراستنی شوناس، ژینگە، زمان و مێژوو و کولتووری کورد کەوتووەتە ئەستۆی بەشێک لە چالاکانی ڕێکخراوە مەدەنی، ئەدەبی و فەرهەنگییەکان و هەوڵ دەدەن لەم ڕێگەیەوە بەربەرەکانی لەگەڵ سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتداران بکەن و لەم پێوەندییەشدا قوربانییان داوە و زۆر لەو مافخوازانە ئێستا لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەسەر دەبەن.

**ژینۆسایدی ئابووری**: برسی کردنی خەڵک، لەنێو بردنی سەرچاوە ئاوییەکان، تێکدانی ژینگە، نەبوونی هەلی کار و نەڕەخساندنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، بەشێکن لەم جۆرەی ژینۆساید.

کاتێک باس لە دۆخی ئابووری لە ئێران دەکرێ، سەرەڕای بوونی هەموو جۆرە سەرچاوەیەکی گرینگ و بەهێزی ئابووری، بەڵام دۆخی ژیانی خەڵک لەوپەڕی خراپیدایە و لە کوردستانیش چەند قاتە.
ڕەوشی ژیانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دۆخێکی خراپدا تێدەپەڕێ و لەم چەند ساڵەی دواییشدا بە هۆی گەمارۆکانی ئەمریکا و دەستێوەردانی ئێران لە وڵاتانی ناوچە و بەکارهێنانی داهات و سامانی وڵاتەکەی لە خزمەت تێرۆر و بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی و هاتنە دەرەوەی لە بەشێک لە گرێبەستە جیهانییەکان، ئابووریی ئەم وڵاتەی بە تەواوی بەرەو داڕمان بردوە.

بەڵام جیا لە سیاسەتی خراپ و بێبەرنامەیی ژێرخانی ئابووری لە ئێراندا بە نسبەت کوردستان بابەتەکە جیاوازترە، هەموو کات دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکان هەوڵی برسی کردنی خەڵکی کوردستانیان داوە، خەڵکی کوردستان زۆر کەمتر هەلی کاریان بۆ دەڕەخسێ و تەنانەت بەشی زۆری خەڵک لە نەبوونی کار ناچارن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان ڕێگەی پڕمەترسی وەک کۆڵبەری و دوورکەوتنەوە و ڕۆیشتن بۆ شارەکانی ناوەند بگرنە بەر. دەبینین بەشی زۆری زەوییە کشتوکاڵییەکان دەستیان بەسەردا گیراوە و بۆ مەبەستی پڕۆژەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنن، لە لایەکی تریشەوە بەشێکیان ئێستاش باخچەی مین و تەقەمەنییەکانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقن و تا ئێستا هەڵنەگیراونەتەوە، یان لە زۆر نموونەدا بە هۆکار و بیانووی جیاواز دەسووتێنرێن و خەڵک ناتوانێ بەکاریان بێنێ. ئەوەی کە ژینگەی کوردستان بە تایبەتی لە کوێستانەکانی زاگرۆس لەنێو دەبردرێن، خەسارێکی گران لە ئابووریی خەڵکی ئەم ناوچانە دەدا کە زیاتر بە کاری ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵن و یا لە جۆری گیا و دار و دەوەنەکانی ئەم شوێنانە بە مەبەستی پزیشکی کەڵک وەردەگرن و لەم ڕێگەیەوە بژێوی ژیانی خۆیان دابین دەکەن.

ئەمە بێجگە لەوەی کە نەمانی دار لەم دارستانانە بە وتەی کارناسان لە هەستانی لافاوەکەی نەورۆزی پارەکەدا کاریگەر بوو و، ئەوەش خۆی زەرەر و زیانی گیانی و ماڵییەکی زۆری بە خەڵکی پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام و لوڕستان گەیاند.
دزین و ڕاگواستنی سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان بۆ ناوچە فارس نشینەکان سیاسەتێکی تری ئەم ڕێژیمەیە کە وایکردووە دۆخی ژیانی خەڵک لە ڕووی ئابوورییەوە بەرەو ئاقارێکی خراپ بڕوا.

**ژینۆسایدی بیۆلۆژیک**: بە ڕێگرتن لە وەچە نانەوە و زۆربوون و گەشەسەندنی کۆمەڵە مرۆڤێکی یەک ڕەگەز بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، ژینۆسایدی بیۆلۆژیک دەگوترێ. کاتێک لە کۆمەڵگەیەکدا بەردەوام هەوڵی کوشتن، زیندانی کردن، برسی کردن و تێکدانی دۆخی ئابووری و شوێنی ژیانی گەلێک بدرێ، هۆکار دەبێ لە بەردەم گەشە و زۆربوونی ئەو نەتەوەیە. کە دەکرێ دەرئەنجامی ئەمانە جۆرێکی دیکەی ژینۆسایدی لێبکەوێتەوە و ئەویش ژینۆسایدی دەروونییە. هەرچەند تا ئێستا بە ڕەسمی وەک جۆرێک لە جۆرەکانی ژینۆساید نەناسراوە، بەڵام دەکرێ پڕمەترسیترین جۆریان بێ کە خەمۆکی، بێهیوایی، خۆکوژی و تووشبوون بە مادە هۆشبەرەکان و چەندین دیاردەی خراپی دیکەی کۆمەڵایەتیی لێدەکەوێتەوە و کۆمەڵگە بەرەو لەنێو چوون پاڵ پێوە دەنێ.

لە ژمارەی ٧٧١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٢٠

## ڕێکخراوی لاوان هەر ڕێکخراوێکی سادە نەبوو، بەڵکوو ئیرادەیەکی ئینقلابی و نەتەوەیی بوو



**دیمانە لەگەڵ پێشەوا عەلیپوور**

**پێشەوا عەلیپوور**: ئێمە پێمان وایە قۆناغی لاوی، قەرزە لەسەر شانمان و دەبێ ئەو قەرزە بە تێکۆشان بە خاک و خەڵک بدەینەوە...

ڕۆژی ٢٢ی خاکەلێوە، ساڵوەگەری دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەم ڕێکخراوەیە کە مێژوویەکی دووردرێژی لە خەبات و تێکۆشاندا هەیە، توانیویەتی وەک توێژێکی چالاک کاریگەریی بەربڵاوی لەسەر بزووتنەوەی مافخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێ. لە یادی ئەم ڕۆژە مێژووییەدا ماڵپەڕی "کوردستان و کورد" وتووێژێکی لەگەڵ پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە.

**کوردستان و کورد**: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لەو ڕێکخراوانەیە کە مێژوویەکی دووردرێژی هەیە و بە مێژووی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەستراوەتەوە، دەکرێ سەرەتا بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو باسێک لە مێژووی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان بکەن؟

**پێشەوا عەلیپوور**: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ساڵی ١٣٢٢ بەناوی سازمانی جەوانانی کورد لە شاری مەهاباد لەلایەن پۆلێک جەوان و ڕۆشنبیری ئەو سەردەم بە ئیلهام وەرگرتن لە لاوانی کۆمۆنیستی شۆڕەوی دامەزرا، تەنیا ڕێکخراوێکی سادەی لاوان نەبوو، بەڵکوو ئیرادەیەکی ئینقلابی و نەتەوەیی بوو کە خەونی گەورەی ڕزگاریی هەبوو و تێدەکۆشا لەو مەیدانەدا لاوان لەگەڵ پرسە نەتەوەییەکان ئاشنا بکا و هاوکات بە مەبەستی پێشەنگایەتیی خەباتی نەتەوەیی پەروەردەیان بکا. لەو نێوەدا تووشی تەنگ و چەڵەمەش هاتووە، لە قۆناغێکدا سازمانی جەوانانی کورد تێکۆشانی خۆی تێکەڵ بە کۆمەڵەی ژێ کاف دەکات و ئیتر لەو سەردەم تا ئێستاش بەشێکی دانەبڕاوی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتە لەنێو لاواندا و شانبەشانی ئەو حیزبە بۆ ڕزگاری خەبات دەکا و

لە جەریانی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر خەڵک و هەروەها حیزبی دێموکرات، ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە داکۆکیکاری خاک و خەڵک بوون و تێچووشیان داوە.

**کوردستان و کورد**: توێژی لاوان بە هۆی تایبەتمەندیی قۆناغیی تەمەنیان دینامیکترین و ڕادیکاڵترین توێژی کۆمەڵگەن، زۆرترین توانای بردنە ژێر پرسیار و گۆڕانخوازییان هەیە، بە ڕای ئێوە لاوان لە ئێران و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چەند توانیویانە لەم چوارچێوەیەدا خۆیان پێناسە بکەن؟

**پێشەوا عەلیپوور**: هەروەک ئاماژەتان پێکرد لاوان توێژێکی ئەکتیڤ و هێزێکی تایبەتن لە گۆڕانکارییەکاندا و بە دڵنیاییەوە بە درێژایی مێژوو لاوان دەوریان هەبووە لە ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، نموونەی بەرچاوی ئەم کاریگەرییەی لاوان لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان دەر دەکەوێ کە ڕێبەرانی کۆمار لەسێدارە دەدرێن، بەڵام ئەوە لاوانی گۆشکراوی بیری کۆمارن دێن و جارێکی دیکە سازمان و ئۆرگانیزمی حیزبی دروست دەکەنەوە و درێژە بە تێکۆشان دەدەن، لە قۆناغێکی دیکەدا ئەوە هەر لاوانن کە بە وەرێخستنی بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ١٣٤٧ فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵات لە پەسیڤ بوون دەرباز دەکەن و ماوەی ١٨ مانگ گۆمی مەندی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەشڵەقێنن.

بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامییش لاوانی کورد لە هەموو سەنگەرەکاندا پێشمەرگانە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی وەستاونەتەوە و بە ژینگەپارێزی و زمانپارێزی ناسنامەی کوردیان پاراستوە؛ کەواتە توانیویانە خۆیان پێناسە بکەن و لە بەهێزکردنی هۆوییەتدا باش چوونەتە پێشێ تا ئەو جێیە کە تازە کەس نەتەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵات پێ ئینکار نەکرێ.

**کوردستان و کورد**: دەگوترێ لاوان وەک توێژێکی چالاک و پڕ ئێنێرژی کە دەتوانن زۆرترین کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکارییەکان هەبێ، بەڵام جموجۆڵ و چالاکیی لاوان لە ئاستی پێویست و چاوەڕوانییەکان نییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئایا ئێوەش وا بیر دەکەنەوە، ئەگەر بەم جۆرەیە بۆچی؟

**پێشەوا عەلیپوور**: ئەمڕۆکە لاوان لە ڕۆژهەڵات بە پێکهێنانی کەمپەینی جۆراوجۆر توانیویانە لە ئاست سانسۆری میدیایی دەسەڵاتی ناوەندگەرا بوەستنەوە، ئەوەتا دەبینین پەتای کۆرۆنا کە تەواوی دنیای داگرتووە و ئێرانیش وەک وڵاتێکی دواکەوتوو لە کەرتی تەندروستی، کوردستانی هەڵاواردووە؛ ئەوە لاوانی کوردن کە ڕووبەڕووی هەڵاواردنی نەتەوەییش بوونەوە و هەروەها دەستیان داوەتە دەستی یەک بۆ پاراستنی ژیانی هاونیشتمانییان و شەقامەکان پاکژ دەکەنەوە و هەڵمەتی هۆشیاری بۆ خۆپارێزی لە کۆرۆنا بەڕێوە دەبەن، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی کەمپەینەکانەوە یارمەتیی خەڵکی کەمداهات و بێداهات دەدەن. ئەمە زەقترین تێکۆشانی لاوانی کوردە لەم سەردەمەدا کە دەوڵەتان بەدەست پەتای کۆرۆناوە دەناڵێنن.

**کوردستان و کورد**: ئێوە وەک ڕێکخراوێک کە خاوەن مێژوویەکی دەیان ساڵەن، چەندە توانیوتانە لە پێوەندی لەگەڵ لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوێندانەر بن و چییتان بۆ لاوان لە کوردستان کردوە؟

**پێشەوا عەلیپوور**: ئێمە لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشاوین لە ڕێگەی دەزگای میدیایی و دنیای مەجازییەوە لاوانی کورد ئاشنا بکەین بە خەباتی خۆمان و هەروەها لە ڕێگەی تەشکیلاتەوە هاندەر و پاڵپشتی ئەو ناسیۆنالیزمە مەدەنییە بین کە شکڵی گرتوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نووکە ڕمبەکەشی بەدڵنیاییەوە لاوانن.

**کوردستان و کورد**: ئێوە وەک یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چەند توانیوتانە پرسی لاوانی کورد بە تایبەت لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ساڵانە ڕووبەڕووی چەندین کێشە و گرفت و زوڵم و زۆری لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبنەوە بگەیەننە کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێکخراوە جیهانییەکان ؟ ئایا تا چەند پەیامەکەیان وەرگرتوە؟

**پێشەوا عەلیپوور**: لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵات لە جەریانی خەباتی خۆیاندا تووشی تەنگ و چەڵەمە دەبنەوە و ئەمەش دەچێتە خانەی نرخ بۆ ئازادی، بەڵام ئەو ئامانژانەی ئێمە لە هەڵاواردنی نەتەوەیی و ڕوانینی ئەمنیەتیی ناوەند بۆسەر کوردستانی دەبینین و لاوانی کوردی تووشی کەند و کۆسپی زیاتر کردوە، بێگومان ئەرک دەخاتە سەر شانی ئێمە. ئێمە بە ئەرکی خۆمان زانیوە ببینە دەنگی لاوانی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا و هەوڵمان داوە پرسی کۆڵبەران و قوربانییانی مین و مەوادی موخەدیر کە سیستماتیک بەسەر جەوانانی کورددا دەسەپێنرێ بهێنینە گۆڕێ، کەیسی مافی مرۆڤ و زیندانییانی سیاسی و دۆخی ژنانیش ئەو پرسانەن کە لێیان خافڵ نەبووین و لە هەر مەیدانێکی نێونەتەوەیی بۆمان کرابێ هێناومانەتە گۆڕێ و نوێترینیان ناردنی قەتعنامەیەکە لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کۆنگرەی داهاتووی لاوانی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست کە لەوێ زیاتر باسی ڕەوشی کورد و لاوانی کورد لە ئێران دەکرێت و بەخۆشییەوە تا ئێستا پشتیوانی و ئیجماعێکی نێونەتەوەیی لاوانی وڵاتانی دیکەی لەسەرە و ئەوان هەنگاوێکیش لە ئێمە زیاتر داوای پشتیوانی بۆ لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و لەم بارەوە داوای چاودێری و بەدواداچوونی ڕاستەوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە بۆ پرسەکانی کورد و لاوانی کورد.

**کوردستان و کورد**: پێتان وایە لاوان بۆ زیاتر کاریگەری و شوێندانەرییان لە کۆمەڵگە دەبێ چیی بکەن و هەروەها ئێوە وەک ڕێکخراوی لاوان لەم پێوندییەدا چ ئەرکێکتان لەسەر شانە؟

**پێشەوا عەلیپوور**: ئیمە پێمان وایە قۆناغی لاوی، قەرزە لەسەر شانمان و دەبێ ئەو قەرزە بە تیکۆشان بە خاک و خەڵک بدەینەوە و لاوانی ڕۆژهەڵات کەمیان لەخۆ مایە دانەناوە و لەم بارەوە بۆ لێ فێربوون دەبن و توانیویانە کاریگەرییان هەبێ لەسەر گەشەی شعووری نەتەوەیی و ئاگاهیی نەتەوەیی، ئێمەش بەڵێن دەدەین تێبکۆشین لە پێناو بەنێونەتەوەیی کردنی تێکۆشان و بەنێونەتەوەیی کردنی ڕەنج و مەینەتییەکانیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

# پرسی ژنان و ڕۆڵی میدیا



**تروسکە سادقی**: ئەرکی میدیاکاران بۆ پرسی ژن زۆر سەختترە، ئەوە ڕۆژنامەوانان و میدیاکارانن دەتوانن دەرک بە سەختییەکانی ژنان بکەن، پاڵپشتیان بن، دۆسییەکانیان بەهەر شێوازێک بۆیان دەلوێ بە میدیایی بکەن.

ڕاگەیاندن دنیایەکی زۆر فراوانە بەڕووی گەیاندنی زانیاری بە هەموو جیهاندا. تێگەیشتنە لە ڕووداوەکانی دەوروبەرو جیهان، ئێستاش کۆمەڵێک ژن هەن کە خولیایان ڕاگەیاندنە و لەم بوارەدا کار دەکەن، بۆ زیاتر دەور و ڕۆڵی ژنان لە ڕاگەیاندنداو چۆنییەتی کەڵک وەرگرتن لەم بوارە ماڵپەڕی "کوردستان و کورد" وتوێژێکی لەگەڵ میدیاکار و ڕۆژنامەنووس خاتوو "تروسکە سادقی" پێکهێناوە.

**کوردستان و کورد**: وەک ڕاگەیەندکارێک دەستپێکی کاری ڕاگەیاندنت بۆ کەی دەگەڕێتەوە و چۆن بوو ئەم بوارەت هەڵبژارد؟

**تروسکە سادقی**: بەر لەوەی باس لەوە بکەم کە چۆن چوومەتە کاری ڕاگەیاندنەوە دەبێ بڕێک بۆ زووتر بگەڕێمەوە، ئەو کاتەی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان منداڵ بووم و لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و کۆڕە شێعرییەکاندا بەشدار دەبووم و تەنانەت چەند جارێکیش ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆڕە شێعر و فستیڤاڵەکانم وەک پێشکەشکار پێ ئەسپێدراوە.

ڕەنگە ئەو کەشەی کە لە منداڵیمەوە لە لایەن خێزانەکەمەوە بۆم دروست کراوە وهانیان داوم بەردەوام لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بم هەر ئەوە هۆکار بن بۆ ئەوەی حەزی کاری میدیایی لەمندا بەم شێوەیە گەشە بکات.

ڕێک ساڵی ٢٠١٠ بوو چوومە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی عێراق، بەو پێیەی لە هەولێر دادەنیشین و لەوێوە وەک هەواڵساز و بێژەر دەستم بە کاری میدیایی کرد و بۆ ئەو قۆناغەش بە دیاریکراوی دایکم پاڵپشت و هاندەرم بوو ئەوەش بەهۆی ئەوەیکە خۆی خانمێکی

لێهاتوویە لە بواری ڕاگەیاندندا و ساڵانێکی زۆر کار و ئەزموونی هەیە و لەو بوارەدا ناسراوە.

**کوردستان و کورد**: ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە ڕاگەیاندندا چۆن دەبینی، ئایا ژنان توانیویانە بە باشی کەڵک لەم بوارە وەربگرن و تێیدا سەرکەوتوو بن؟

**تروسکە سادقی**: حاشا هەڵنەگرە لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست هیچ کات و لە هیچ بوارێکدا ئەو دەرفەتە بە ژن نەدراوە بەو جۆرەی کە پێویستە و دەبێ کەڵک لە تواناییەکانیان وەرگیرێ، ئەوە شتێکی ئاساییە ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەمووی لە نێوان پیاواندا بووە و هەموو کاتێکیش ئەوان ئەو مافەیان داوە بەخۆیان یاسا بە حەزی خۆیان دابڕێژنەوە، ئەوە لە گەلی کوردیش هیچ کات بەدوور نەبووە، هەرچەندە لە مێژووی ئێمەدا ژنان زۆر هەوڵیانداوە و وێڕای هەموو بەربەستەکان خۆیان گەیاندۆتە پێگە گرنگەکان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڵام بەداخەوە ئەوەندە زۆر نەبوونە.

بۆ کاری میدیاییش هەر وایە، من وەک خۆم پێموایە کارکردن لە بواری میدیا بەگشتی جیا لەو شێوازە مۆدێرن و پرۆفیشنالەی کە لە سەردەمی ئێستادا باسی لێوەدەکرێ بە گشتی بۆ نەتەوەی ئێمە زۆر شتێکی تازەیە، ئێمە هێشتا لە ئاستی پیاوەکانیشدا نەگەیشتووینەتە وڵاتانی پێشکەوتوو لە پەروەردەکردنی میدیاکاری لێهاتوو، هۆکارەکەش ڕوونە ئێمە وەک نەتەوەیەک لەمپەری سیاسی زۆرمان لەبەردەمە و دوژمنی ئێمە هەوڵی داوە لە ڕێچکەی ئاسایی ژیان دوورمان بخاتەوە، چ بگا بەوەی ئێمە بمانهەوێ لە بوارێکدا کە دیکتاتۆرەکان زۆری حەز پێناکەن خۆمانی تێدا بەهێز بکەین.

بۆیە لێرەدا دەبێ لە وەڵامی جەنابتدا بڵێم بەداخەوە ڕۆڵی ژن لە بواری میدیاییدا لاوازە و کەمترین هەوڵ بۆ خۆپێگەیاندن و بە جورئەتیشەوە دەڵێم کەمترین دەرفەت بە ژن دەدرێ لەو بوارەدا.

**کوردستان و کورد**: ئاستی ژنان لە بوارە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆژهەڵات چۆن دەبینی؟ ژنانی ڕۆژهەڵات تا چەند توانیویانە لەم بوارە کەلک وەربگرن؟

**تروسکە سادقی**: دۆخی ڕۆژهەلاتی کوردستان تەواو جیاوازە، ئەو کەشە سیاسییە ئەمنییەی لە لایەن دوژمنەوە بەسەر ڕۆژهەلاتی کوردستاندا سەپاوە هەمیشە لە هەوڵ دابووە دەنگی هەر ناڕازییەک کپ بکا چ بگا بەوەی کەسێک بیهەوێ لە بواری ڕاگەیاندن و میدیادا لەوێ کار بکا، با لە خۆمان بپرسین ئەرێ کۆماری ئیسلامیی ئێران باوەڕی بە مافی مرۆڤ هەیە تا بڕوای بە ئازادی ڕادەبرین و چاپەمەنی هەبێ؟! بۆیە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبێ لەو پرسە مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ بکرێت. ئەگەرچی لە ساڵانی ڕابردوودا و بەهۆی بەردەست بوونی ئامێرەکانی گواستنەوە خەڵکێکی زۆر هەوڵیان داوە دەنگی ڕۆژهەلاتی کوردستان و ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەوێ بگوازنەوە بەڵام ئەوە ناکرێ لە چوارچێوەی میدیایی پیشەییدا حیسابی بۆ بکرێت، بەلام ئەوەندەی دەبینم ئەو ڕۆژهەڵاتییانەی بە ناچاری وڵاتیان جێ هێشتووە یان توانیویانە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا جێی خۆیان بکەنەوە پێموایە بە نسبەت ئەو هەموو ڕێگە

پێنەدان و سەرکوتکارییەی لەوێ هەیە لە ئاستی خۆیان یەکجار باش و پیشەیی مامەڵە دەکەن ئەوە جیا لەوەی کە ڕاگەیاندنەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش هەر کامە و بە پێی توانایی خۆیان لایەکی ئەو کەلێنەیان پڕ کردۆتەوە.

بۆیە ناتوانم بە دیاری کراوی بڵێم ئاستی ژنان لە بواری کاری میدیاییدا لە ڕۆژهەلاتی کوردستان چۆنە، لە دوورەوە قەزاوەت ناکرێ و ئەو بەستەرە ئازادەش بۆ ئەوان هیچکات هەڵنەکەوتووە، بەڵام لە بوارەکانی دیکەدا ژن لە ڕۆژهەلاتی کوردستان تا ئاستێکی باش توانیویەتی خۆی پێبگەیەنێت و ئەوەش جێگەی دەستخۆشییە، ناتوانین بڵێین کیفایەت دەکا بەڵام لە نێو ئەو هەموو بەربەستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا باشە.

**کوردستان و کورد:** ڕاگەیاندن توانیویەتی ڕەخنە بکاتە هەموو کون و کەلەبەرێک، ئێوە وەک ڕاگەیەندکارێک چەندە توانیوتانە بە کەلک وەرگرتن لەم ڕێگەیە دەنگ و ڕەنگی کوردی ڕۆژهەڵات و بە تایبەت ژنان بن؟

**تروسکە سادقی:** دنیای ڕاگەیاندن دنیایەکی ئاڵۆز و پڕ ڕووداوی جیاوازە. بۆ ئێمەی ژن کە لە میدیادا کار دەکەین هەمیشە بەشێک لە تونایی و سەرنجەکانمان لەسەر خودی ژنانە، لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست ژنان گەورەترین قوربانی ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئایینیەکانن، بۆ ئێمەش کە سوور دەزانین ڕۆژهەڵات چەندە بێ کەسە و ژنانیش لە چەند ڕووەوە گوشاریان لەسەرە هەمیشە هەوڵمداوە بە پێی توانا پرسەکانی ژنان لە قالبی ڕاپۆرتە هەواڵدا بخەمە بەر باس یان وەک خۆم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بیانخەمە بەر باس.

هەرچەندە ئەوە یەکجار کەمە و ئێمە پێویستیمان بە هێزێکی زۆری کاری و بەستەرێکی باشە بۆ ئەوەی دۆخی ژنی کورد بە گشتی و ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتیتر بخەینە بەر باس. ئێمە بۆ ئەوە پێویستیمان بە دامەزراوەی چالاکی و ئەکتیڤی ژنان هەیە، دامەزراوە گەلێک کە دوور لە خۆ بەستنەوە بە لایەنێکی سیاسی چڕ بێتەوە لەسەر پرسی ژن و ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە ژنان دەکرێت. پێویستیمان بە دامەزراوە گەلێک هەیە کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ نێوەندە نێودەوڵەتییە داکۆکیکارەکانی ژنان بەهێز بێت و ئێمە دۆسیەکانی ژنانمان بە خێرایی بە نێودەوڵەتی بکەین، پێویستیمان بە یەکگرتوویی خۆمانە وەک ژن لەو بوارەدا و پێوسیتیمان بە پەروەردەی بنەڕەتی هەیە لەو بوارەدا بۆیە ئەرکەکە بەڕاستی قورسە و کەموکورییەکان زۆرن.

**کوردستان و کورد:** زۆرجار دەگوترێ ڕاگەیاندن چەندە دەتوانێ خزمەت بکات و کەڵکی باشی لێ وەربگیردرێت، زۆرجاریش دەتوانێ سەرچاوەی کێشە و نەهامەتییەکان بە تایبەت بۆ ژنان بێ، لەم پێوەندەییەدا سەرنجتان چییە؟

**تروسکە سادقی:** دەبێ دۆخی کورد لە مامەڵە کردن لەگەڵ میدیا جیاوازبێ، ئەوە سەرنجی منە وەک تروسکە خەڵکی دیکە دەتوانن جۆری دیکە بیر بکەنەوە بەڵام من پێموایە ئێمە وەک نەتەوەیەک کە تا ئێستاش خاوەنی هیچ کییان و قەوارەیەکی سەربەخۆ نین چۆن دەتوانین میدیا لە دەرەوەی گەیاندنی ڕاستییەکان لەسەر نەتەوەی خۆمان، چۆن دەتوانین میدیا وەک کەرەستەیەک بۆ شەڕی نێوخۆیی، چۆن دەتوانین میدیا وەک ئامرازێک بۆ لێدانی یەکتر بە مەرامی سیاسیی دوژمنانەوە بەکار بێنین! پێم وایە لە هەر

چوارپارچەی کوردستان زۆرمان ماوە بگەیەنە ئەو ئاستەی کە نەتەوە، گەل، خاک و یەکبوونمان بخەینە پێشی کێشە سیاسی و حیزبییەکانمانەوە.

ئەوە ئەو پێویستییەیە کە میدیا و میدیاکاری کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دەیهەوێ، ئەو پێویستییەیە کە ئێمە بەر لە هەر شتێک داخوازییە بنچینەییە نەتەوەییەکانمان بخەینە بەر باس، بەڵێ ئەگەر خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ بووین دەتوانین بچینە سەر ئەو باسانە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئێمە وەک نەتەوە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی میدیا ئەوەش هۆکاری جیاوازی هەیە، پرش و بڵاوی نێو ماڵی کورد بە گشتی هۆکاری سەرەکییە و کێشەش بەر لە هەر شتێک هەر لە خۆمانە. ئەڵبەتە دەمهەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ناکرێ چاوپۆشی لەوە بکەین کە چونکە ئێمە لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازیداین دەبێ چاوپۆشی لە کەموکوڕییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتووریەکانمان بکەین و بە ئاسانی بەسەریاندا تێپەڕین چونکە دواتر هەر ئەوانە دەبنەوە لەمپەر و لە دنیای مۆدێرنێتە و ڕاهێنانی بە دێموکراسی کردنی کایەکانی ژیان دوورمان دەخاتەوە.

**کوردستان و کورد**: بەڵام بۆ ئەوەی کە میدیا بۆتە سەرچاوەی نەهامەتی بۆ ژن بە هیچ شێوەیەک ئەوە ڕاست نییە، میدیا چۆن دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی نەهامەتی بۆ ژنی کورد غەیری ئەوەی بۆتە تەنیا دەریچەیەک بۆ ژنان کە ئەگەر ڕووبەڕووی زوڵم و زەبر و زەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە دەنگیان دەگەیەنێتە دنیا؟!

**تروسکە سادقی**: پێشتریش وتم میدیا دنیایەکی ئاڵۆزە و لەگەڵ کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد بە سەختی توانیویەتی خۆی بگونجێنێ، بەهۆی ئەوەی نەتەوەی کورد لە دۆخێکی نۆرماڵدا نییە بەڵام بەو حاڵەشەوە ئەوە کوڕان و کچانی کوردن لە کاری میدیایی پیشەییانەدا لەم ساڵانەی دواییدا توانییان کێشە و خۆشی و ناخۆشی و نەهامەتی و زوڵم و زۆریەکانی سەر گەلی کورد بە جیهان بگەیەنن.

**کوردستان و کورد**: پێتان وایە ژنان تا چەند دەتوانن لە ڕێگەی ڕاگەیاندن کە پڕ بەردەنگترین ڕێگەی سەردەمە، داواکارییەکانیان بگەیەنن؟

**تروسکە سادقی**: بەهۆی بەردەستبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، تا ڕادەیەک زەمینەی گەیاندنی دەنگی ناڕازی ڕەخساوە، پێویستە ژنان و کچانی ئێمە هەرکات ڕووبەڕووی هەرجۆرە توندوتیژییەک دەبنەوە لەو ئامرازانە کەڵک وەرگرن بۆ بەرزکردنەوەی دەنگیان، بۆ گەیاندنی ئەو کێشەیە بە من و تۆ. نکۆڵی لەوە ناکرێ ژنی کورد هەمیشە لەژێر گوشارێکی توند دایە بەڵام ئەرکی میدیاکاران بۆ ئەو پرسە زۆر سەختترە، ئەوە ڕۆژنامەوانان و میدیاکارانن دەتوانن دەرک بە سەختییەکانی ژنان بکەن، پاڵپشتیان بن، دۆسییەکانیان بەهەر شێوازێک بۆیان دەلوێ بە میدیایی بکەن، وە دڵنیاشم لەگەڵ هەموو بەربەستە نێرینەکانی بەردەم ژنان بەتایەت لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا هەر خودی ژنانن دەتوانن پاڵپشت و هاوکاری یەکتر بن. ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە لەهەموو جێیەکی جیهان تا ڕادەیەکی زۆر هاوبەشن، بۆیە هەر خودی ژنانیش دەتوانن بە پاڵپشتی یەکتری ئامرازەکانی چارەسەر کردنی

کێشەکان بدۆزنەوە و ڕاستیی کێشەکانیش وەک خۆی بۆ بەردەنگی دەسەڵاتدار و دژە ژن باس بکات و ڕووبەڕووی پرسیاریان بکەنەوە و داوای وەڵام و چارەسەریان لێ بکات.

***

**تروسکە سادقی**:

* ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی لە شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە.

* بەهۆی نیشتمانپەروەریی بنەماڵەکەی، هەر لە منداڵییەوە ئاوێتەی کوردایەتی و گەلدۆستی بووە و بەهۆی گوشاری بەردەوامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر بنەماڵەکەی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی بە ناچاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان جێ هێشتووە و لە باشوری کوردستان گیرساونەتەوە.

* ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان بووە بەشداریی چەندین چالاکی جۆراوجۆری ئەدەبیی کردوە و خەڵاتی لە فیستیڤاڵەکاندا وەرگرتوە.

* چوار کتێبی منداڵانی لە زمانی ئینگلیسیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و کتێبی تریشی لەژێر چاپدان.

* بە هاوکاری دایکی دێتە دنیای ڕاگەیاندنەوە و لە زۆر ماڵپەڕ و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دیار کاری کردوە.

* وەک ژنێکی سەرکەوتوو لە بواری میدیادا ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنفرانسێکی هاوبەشی حکومەتی بەریتانیا و کەنەدا لەسەر "ڕۆڵی میدیا و ئازادیی ڕاگەیاندن" بانگهێشت کراوە.

* ئێستا لە دەزگای ڕاگەیاندنی کوردستان ٢٤ وەک پێشکەشکار کار دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠٢٠

--------------------------------------------

# مۆتەکەی بێکاری لە وەیشوومەی کۆرۆنادا

بێکـاری وەک دیـاردەیەک لە زۆربەی کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی لە کـۆنەوە تـاوەکوو ئێسـتا هەبـووە، لە سیسـتمی ئـابووریی سـەردەم وا دەردەکەوێ کە بەشی زۆری خولی ئابووریی چالاک بەبێ هـاتنە ئـارای دیـاردەی بێکـاری سەر نـاگرێ. ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئابووریی نێوخۆ و نێونەتەوەیی دەبێ و کار دەکاتە سەر بوارەکـانی گەشـەکردن، بـووژانەوە و پەرەپێـدان کە دەبێـتە هۆی دابینکردنی هەلی کاری جۆراوجۆر و دواتریش کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاران لە کۆمەڵگەدا.

بێکاری یەکێک لە دیارترین گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی تاک و حکوومەتە کە کێشە و گرفتی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە. بـۆیە زۆربەی وڵاتان لە جیهانی هاوچەرخ بە بەردەوامی هەوڵـی لێکـۆڵینەوە و دەرەنجامەکـانی لەسـەر کـۆمەڵگە دەدەن و دەیـانەوێ ژمـارەی بێکاران و کێشەی بێکاری کە لە نەبوونی هەلی کاری گونجاو سەر هەڵدەدا، چارەسەر بکەن.

بێکـاری لەو کێشـانەیە کە سیاسەتمەدار و بڕیاربەدەستانی سـەرقاڵ کـردوە و هەوڵـی دانـانی پـلان و پرۆگرامی داڕێـژراو دەدەن، ئەم گرینگی دانەش لەوەوە دێ کە دیاردەی بێکـاری شـوێنەواری گەورە بەدوای خۆیـدا دێنـێ و بە تـایبەتی کـاریگەر دەبێ لەسـەر ژێرخـانی کـۆمەڵایەتیی وڵاتـان. بێکـاری نیشـانەیەکە بـۆ بـوونی جیـاوازی لە نێـوان بـڕی خستنەڕووی کـار و بـڕی کـاری بەگەڕخـراو، تێکـڕای بێکارییش جیاوازە لە نێوان پیشە و چالاکییە ئـابوورییە جۆراوجۆرەکـان، هەروەهـا لە نێـوان نـاوچەی جوغرافیـایی و تـوێژ و تەمەنە جیاوازەکانیشدا.

لێـرەدا کاتێـک دەبینـین زۆربەی وڵاتـانی جیهـان و بە تـایبەت وڵاتـانی پێشـکەوتوو لە هەوڵـی چارەسـەری ئەم کێشـەیەدان، ئـاخۆ کاربەدەستانی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران تـا چەنـد لە هەوڵـی چارەسـەرکردنی ئەم کێشـەیە بە تـایبەت بـۆ چینـی هەژار و کەمداهـاتی کۆمەڵگە وەک کرێکاران، بازاڕیان و دەستفرۆشاندان؟

کرێکاران و کاسبکاران لە ئێران زیاتر لەهەر چین و تـوێژێکی کـۆمەڵگە مافیـان پێشـێل دەکـرێ و دەچەوسـێنرێنەوە، ئەوان لە بـوونی کاری هەمیشەیی، حەقدەست و مووچەی پێویست، ئەمنیەتـی کـار و بیمەی کـۆمەڵایەتیی گونجـاو و سـتاندارد بێبەشـن و لەژێـر هێڵـی هەژارییدا دەژین. هەر بەم هۆکارانەش ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانیان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەردەوامە. سـاڵانە زۆر یەک لە چالاکانی کرێکاری لە شار و بەشە جیاوازەکانی ئێران دەسبەسەر دەکرێن و زینـدانیی درێژماوەیـان بەسـەردا دەسـەپێ. لە بـواری نـائەمنبوونی دۆخـی کاریشـیان دەبـێ بڵێین بە پێـی ئـامارە فەرمییەکـان هەر لە سـەرەتای سـاڵی ٩٩ەوە تـا ئێسـتا نزیـک بە ١٠٠ کرێکار بوونەتە قوربـانیی ڕووداوی کار و هەروەها لە ساڵی ڕابردووشدا نزیکەی ١٨٠ کرێکار و بە سـەدان کرێکـاریش لە مـافی پێـدانی مووچە بێبەشن و کارەکانیان لەدەست داوە و یان لەسەر کار وەلا نراون.

دیاردەی بێکاری چەندین هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی لە پشتە، بەرچاوترینی ئەوانە بریتین لە؛ بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووان، زیادبوونی ڕێژەی دەرچووانی زانستگەکان، بێتوانایی سیستمی ئابووریی نێوخۆ لە کەڵەکەبوونی سەرمایەی پێویست بۆ وەبەرهێنان و بارودۆخی ئابووریی جیهانی کە دوچاری بارگۆڕانی ئابووریی ناوبەناو دەبێتەوە و هەروەها کاریگەریی ڕووداو و کارەساتە سروشتییە نێوخۆیی و جیهانییەکان کە دەبێتە هۆی تەنگەژەی ئابووری.
لە ئێستادا دۆخی قەیراناویی ئێران چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهان کە بە دۆخێکی خراپی ئابووریدا تێدەپەڕێ، بە هۆی خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە ئابوورییە نێوخۆییەکان و خەرجکردنی لە بوارە جیاوازەکانی وەک پەرەپێدان بە تێرۆریزم و دەستوەردان لە وڵاتانی ناوچە، پشتگوێخستنی ماف و خۆشبژێویی خەڵک لە کۆمەڵگەی لێکەوتووەتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دۆخی دارایی خەڵک و بە تایبەت چینی کرێکار و کەمداهاتی کۆمەڵگە بەرەو خراپیی زیاتر دەچێ.

ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە لایەن ئەمریکاوە گەمارۆی خراوەتە سەر و لە چەندین ڕێککەوتنی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی جیهان هاتووەتە دەرەوە و لە لایەکی تریشەوە پەتای بەربڵاوی کۆرۆنا کە بەشی زۆری جومگە ئابوورییەکانی ئێرانی لە کار خستوە، ئایا بەرپرسانی ئەم وڵاتە تا چەند توانیویانە پشت و پەنای خەڵک بن و لەم دۆخە قەیراناوییەدا یارمەتیدەریان بن؟
دەیبینین دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڤیرووسە و تەشەنەسەندنی بە هەموو شارەکانی ئێراندا کە داوا لە خەڵک کرا بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری لە ماڵەکانیان بمێننەوە، چینی کرێکار و هەژاری کۆمەڵگە زیاتر لەهەر کەسێک گوشاریان لەسەرە و بێکار ماونەتەوە و دەسەڵاتدارانیش ئەوەی بە لایانەوە گرینگ نییە ژیان و کار و گوزەرانی ئەوانە.

لە کاتێکدا کە لە وڵاتێک بارگۆڕانی ئابووری ڕوو دەدا و کارەساتێکی سروشتی ڕوو لەم وڵاتە دەکا، هەر زۆر زوو دامودەزگاکانی وڵات دەکەونە خۆ کە کێشەی بێکاری و ژیانی خەڵک چارەسەر بکەن، بەڵام دەبینین لە ئێراندا بە هۆی کەمتەرخەمیی کاربەدەستانی ڕێژیم لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی کۆرۆنا خەڵک زیاتر لەگەڵ نەهامەتییەکان بەرەوڕوو دەبنەوە و کرێکاران و کاسبکاران نەک ئەوەی بژیوی ژیانیان بۆ دابین ناکرێ بەڵکوو بەشی زۆریان کارەکانیان لەدەست داوە.

هەر لەم پێوەندییەدا لە کاتی قەرەنتینەکردنی شارەکان چەندین جار کرێکاران و کاسبکاران کە ناچار بوون لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە بۆ پەیداکردنی پارووە نانێک لەگەڵ توندوتیژیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوونەوە.

لە لایەکی تریش ئەم چینە داماوەی کۆمەڵگە چەندین داواکاری و نارەزایەتییان ڕوو لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی خستوەتە ڕوو، وەک ئەوەی کە بەشێک لە کرێکان لە نامەیەکدا بۆ حەسەن ڕۆحانی، بە ئاماژەدان بە بەرزبوونەوەی شەش بەرامبەری نرخی کەلوپەلەکان نووسیویانە: "توانای کڕینی ئەو کەلوپەلانەمان نییە، بە هۆی ئێوەوە و دەوڵەتەکانی پێش لە ئێوەش، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەژارتر بووین و توانای کڕینی پێویستییەکانمان دابەزیوە". هەروەها بە ئاماژەدان بە بیمەی بێکاریی سەردەمی کۆرۆنا بۆ شۆفیران، کرێکارانی بیناسازی، دەستفرۆشان، زۆربەک لە بێکاران و کەسانێک کە داهاتی ڕۆژانەیان لەسەر شەقامەکان پەیدا دەکەن، ڕوو لە سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێن: "دەکرێ بە خەڵک بڵێی لە ماڵ بمێننەوە بەڵام چینی هەژار لەبەر چاو نەگیرێ؟" هەر لەم

پێوەندییەدا و لە کەمپەینێکیشدا کە لە لایەن کرێکاران و کاسبکارانەوە وەڕێخرابوو لەژێر دروشمی "قەرەنتینەکردن بەبێ بژێوی ژیان واتە برسیەتی"؛ نارەزایەتیی خۆیان لەم دۆخە دەربڕیبوو.

هەروەها کێشەیەکی تری ئەم کرێکارانە ئەوەیە کە لەگەڵ پەیدابوونی ئەم پەتایە بەشێک لەم کرێکارانە کارەکانیان لەدەست داوە کە هەر لەم پێوەندییەدا "عەلیرەزا مەحجووب" بەرپرسی فراکسیۆنی کرێکاران لە مەجلیسی ئێران ئاماژەی بەوە داوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی کۆرۆنا بەشی زۆری کرێکارەکان کارەکانیان لەدەست داوە و دۆخی دارایی ژیانیان خراپە.
ئەمە لە کاتێکدایە کە بە پێی بڕیاری دەرکراو لە لایەن شۆڕای باڵای کار، مووچەی کرێکاران بۆ ساڵی ١٣٩٩ بە یەک میلیۆن و ٨٣٥ هەزار تمەن پەسەند کراوە کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشوو تەنیا ٣١٨ هەزار تمەن بەرز بووەتەوە، لە کاتێکدا نرخەکان ٤٢% بەرز بوونەتەوە بەڵام حقووقی کرێکاران ٢١% زیادی کردوە. ئەمە لە کاتێکدایە نوێنەرانی کرێکاری لەم شۆڕایەدا، داواکاری بەرزبوونەوەی لانیکەم ٤٥%ی مووچەکانیان بوون، بەڵام لایەنی بەرامبەر تەنیا ٢١%یان پەسەند کرد.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی دانیشتنی سێقۆڵیی نوێنەرانی دەوڵەت، کارفەرماکان و نوێنەرانی کرێکاراندا ئەم گەڵاڵەیە لە لایەن کرێکارانەوە واژۆ نەکرا. هەموو ساڵێک لە مانگی ڕەشەمەدا ئەم دانیشتنە بەڕێوە دەچێ - کە بە پێچەوانەوە ئەمساڵ لە مانگی خاکەلێوەدا بەڕێوە چوو -. نوێنەرانی هەر سێ چینەکە بە لەبەر چاو گرتنی دوو پێوەری؛ نرخی هەڵاوسانی ساڵانە و سەبەدی بژێوی کرێکاران، نرخی مووچەی کرێکاران لە ساڵی داهاتوو یا بەردەمدا دیاری دەکرێ. ئەوەی کە لە لایەن کارناسانی سەربەخۆوە ڕاگەیەندراوە تێچووی سەبەدی بژێوی کرێکاران بۆ خانەوارێکی ٢، ٣ یا ٤ کەسی لە نێوان ٥ میلیۆن بۆ ٨ میلیۆن تمەن مەزەندە دەکرێ؛ کە نیشان دەدا ئەم تێچووە لەگەڵ ڕادەی بناغەیی مووچەی کرێکاران چ جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە.


سەرەڕای هەموو ئەمانەی کە باس کرا، زۆربەی کرێکاران لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان لە نەبوونی ماڵ، پاشەکەوت، بیمەی بێکاری دەناڵێنن و بە پێی هەندێک لە ئامارەکان ٧٠٪یان لەژێر هێڵی هەژارییدا دەژین. بێجگە لەوەش کرێکاران بە تایبەت لە کوردستان بە هۆی نەبوونی کارگەکانی بەرهەمهێنان و کەمیی دەرفەتی کار، بە کرێکارانێکی وەرزی دەژمێردرێن و لە گەشبینانەترین حاڵەتدا ٣-٦ مانگ لە ساڵدا هەلی کاری سەقامگیریان بۆ دەرەخسێ.

دەرەنجامی ئەم بێکارییە چەندین کاریگەریی خراپی ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونیی لێدەکەوێتەوە، لە ڕووی ئابوورییەوە کرێکاری دەست بەتاڵ توانای بەدەستهێنانی داهاتێکی نییە، واتا توانای بۆ کڕین کەمە یان هەر نییەتی، ئەمەش کاریگەریی لەسەر قەبارەی خەرجی گشتی هەیە و، وا دەکا خواستی گشتی کەم بێتەوە خودی ئەمەش کار دەکاتە سەر داکشان و بێبزاوتیی ئابووری. هەروەها لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییشەوە دەبێتە هۆی ئەوەی تاک هەست بە دارمان و باوەڕبەخۆ نەبوون بکا و هەروەها، پێبەندی بە ژیان لاواز دەکا و چەندین دیاردەی تاوان و دزی و لادانە کۆمەڵایەتییەکان، دڵەڕاوکێ، نائارامی، خۆکوژی و جێگیرنەبوونی ڕامیاریی وڵاتی لێدەکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٠



**سڵاو و ڕێز لە بنەماڵەی پێشمەرگە و تێکۆشەری خاتوو شەونەم هەمزەیی**





باوکی زەحمەتکێش و ڕەنجدیتووم...

پێشمەرگەو هاوڕێ و هاوڕێبازی ڕێبەرانمان قاسملوو و شەڕەفکەندی...

ئەو کەسەی هەموو ژیانی لە ڕێگای ئازادی نیشتمان دانا.



کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێکەوت: بانەمەڕی ٢٧٢٠ی کوردی - ئەپریلی ٢٠٢٠ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe




ئەگەر کچی بنەماڵەیەکی پڕ لە سەروەری هەزاران شەهیدی وەک دیمۆکڕات نەبام.

ئەگەرکچی باوکێکی پێشمەرگەی دەیان ساڵ لە خەبات نەبام.

ئەگەر کچی دایکێکی خۆراگرو پشت و پەنا نەبام.

تۆ بڵێی خاوەنی ئەو هەموو شانازیە بام...

شەونم هەمزەیی